الاربعين النواوية

روونكردنەوەی

چل حەدیسەکەی

پێغەمبەر ﷺ

عبدالله عبدالعزيز هەرتەلی

ڕوونکردنەوەی

چل حەدیسەکەی پێغەمبەر ﷺ

ناسراو بە

(اَلأَرْبَعِينَ النَّوَاوِيَّة)

للإمام النَّوَاوِي

داناني

عبدالله عبدالعزيز هەرتەلی

چاپی هەشتەم

ذي‌القعدة (١٤٣٣)ی کۆچی

ڕەزبەر (٢٧١٢)ی کوردی

أيلول (٢٠١٢)ی زایینی

کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی لە هەولێر، چاپی کردۆتەوە

ناوی کتاب: ڕوونکردنەوەی چل حەدیسەکەی پێغەمبەرﷺ.
بابەت: فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ.
دانەر: عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی.
نۆبەتی چاپ: هەشتەم.
بەرواری چاپ: (١٤٣٣)کوچی –(٢٧١٢)کوردی –(٢٠١٢)زایینی.
تیراژ: (٢٠٠٠) دانە.
بڵاوکەرەوە: کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، لە هەولێر.
چاپخانە: حاجی هاشم – هەولێر.

چاپی **یەکەم:** ٥٠٠٠ دانە لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری/ هەولێر –(١٩٩٣).
چاپی **دووەم:** ٢٠٠٠ دانە لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر –(١٩٩٦).
چاپی **سێیەم:** ١٠٠٠ دانە لە چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین/ هەولێر –(١٩٩٩).
چاپی **چوارەم:** ٢٠٠٠ دانە لە چاپخای وەزارەتی ڕۆشنبیری/ هەولێر –(٢٠٠٢).
چاپی **پێنجەم:** ٢٠٠٠ دانە لە چاپخانەی نەوا/ هەولێر –(٢٠٠٦).
چاپی **شەشەم:** ٢٠٠٠ دانە لە چاپخانەی نەوا/ هەولێر –(٢٠٠٨).
چاپی **حەفتەم:** ٢٠٠٠ دانە لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر –(٢٠١٠).

دانراوەکانی تری دانەر:

١- ڕوونکردنەوەی (**متن فتح القریب**).
٢- ڕوونکردنەوەی (**العَقیدَة الطَحاویة**).
٣- **عەقیدەی ئیسلامی لە سەر ڕاڕەوی (أهل السنة والجماعة).**
٤- **مۆنراوەی (ئیمان و ئیسلام).**
٥- **چەند گوڵێك لە (گوڵزاری ئیسلام).**
٦- ڕوونکردنەوەی (**منهاج الطالبین**).
٧- ڕوونکردنەوەی (**قطر العارض فی علم الفرائض**).
٨- **چۆنیەتی (حەج و عومرە).**
٩- **﴿مێرگ و گوڵزاری بەهار* ژیانی پێغەمبەری ڕێزدارﷺ﴾.**

بسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيمِ

اَلْحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، وَالصَّلاةُ وَالسَّلامُ عَلَى سَيِّدنا مُحَمَّد وَآلِه وَصَحْبِه أَجْمَعِين.

ئینجا له دوای سوپاسی خوداو درود له سەر پێغەمبەرﷺ، ئەی موسوڵمانی بەڕێز: هەروەك ئاشكرایه دوژمنانی ئیسلام بە هەموو جۆرێك ئەیانەوێ لاوەكانمان لە ئایینی ئیسلام دوور بخەنەوەو لە ڕەوشتی باش بێبەشیان بكەن:

جارێك بە زوڕنالێدانی كۆنەپەرستی، جارێك بە دەهۆڵ لێدانی ماف نەدانی ئافرەتو داننەهێنان بە مافی نەتەوایەتی، بەم جۆرە ژەهر ئەكەنە ناو هەنگوینو دەرخواردی لاوی كوردی ئەدەنو ئەیكەنە دوژمنی ئیسلام.

بەڵام -سوپاس بۆ خوای گەورە- وا بە چاوی خۆمان ئەبینین بەچكە شێرانی سەلاحەددینی ئەییوبی ئەم ژەهرەیان دۆزیەوەو زانییان سەركەوتنو پێشكەوتنو ڕزگاری‌ی كوردستان هەر بە دەست پێوەگرتنی ئایینی ئیسلام ئەبێ، چونكە كوردستانێك: میوانداری (حەزرەتی نوح پێغەمبەری ﷺ) كردبێو پێغەمبەرێكی وەك (حەزرەتی ئیبراهیم خەلیلی بتشكێنی ﷺ) گەورە كردبێو پاڵەوانێكی وەك (سەلاحەددینی ئەییوبی)ی لێ‌هەڵكەوتبێ، چۆن دوژمنانی ئیسلام ڕێگە ئەدەن ڕزگار ببێو ببێتەوە یەك پارچەو سەربەخۆ بێ؟.

ئینجا لە بەر ئەوەی هەستێكی ئایینی زۆر گەرم لە ناو لاوەكانی كوردستاندا بڵاو بۆتەوەو زۆربەی مزگەوتەكانی كوردستان قورئانی‌پیرۆزو فەرموودەكانی پێغەمبەری خۆشەویستی ﷺ تێدا ئەخوێندرێ، وە بۆ ئەوەی منیش لە كاروانی ئەم لاوانە بەشدار بم، بڕیارمدا: ئەو چل حەدیسەی ئیمامی (نەواوی) كۆی كردۆتەوەو ناسراوە بە (ئەربەعینەی نەواوی)، بە زمانی كوردی ڕوونی بكەمەوەو چۆنیەتی ڕوون كردنەوەم بەم شێوەیە بێ:

پێناسەی ئەو شتانەی تێدا بێ: كە پێویستن، وەك سەحابەو زانایانی حەدیس...هتد هەروەها: ووشەو ڕستەكان وەربگێڕمو مەبەستەكەش دیاری بكەم؛ وە بڕیاری شەریعەتی ئیسلام لەو بابەتە چی‌یە؟ بینوسم.

ئینجا ئەی موسوڵمانی بەڕێز: ئەگەر لە شتێكدا -كە من نووسیومە- گومانت لێ‌پەیدا بوو، بۆ ئەوەی دڵنیابی تەماشای كتێبی (فتح المبين) بكە كە شەرحی (ئەربەعینەی نەواوی‌یە) لەگەڵ حاشیەی (المدابغي) كە لەگەڵی‌دایە، هەروەها تەماشای (تحفة المحتاج) بكە، كە شەرحی (منهاج)ی نەواوی‌یە، لەگەڵ حاشیەی (الشرواني) كە لەگەڵی‌دایە، چونكە بە زۆری زانستی ئەم ڕوون كردنەوەم لەم سەرچاوانە هەڵێنجاوە، ئیتر دوعام بۆ بكە خوا یارمەتیم بدا بۆ خزمەتی ئایینی‌ئیسلام، وە ئەگەر كەمو كوڕیەكت بینی، یان هەڵەیەكت بەرچاو كەوت، بۆم ڕاست بكەوە، خوا پاداشتت بنووسێ، خوا یاریدەدەری هەموومان بێ، آمین.

عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی

مانگی مەولودی پێغەمبەرﷺ- ساڵی(١٤١٣)ی كۆچی

هەولێر- كوردستان

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

اَلْحَمْدُ لِلّٰه رَبِّ الْعَالَمِينَ، قَيُّومِ السَّمواتِ وَالأَرَضِينَ، مُدَبِّرِ الْخَلائِقِ أَجْمَعِينَ باعِثِ الرُّسُلِ –صلواتُ الله وَسلامُهُ عليهم– إِلَى الْمُكَلَّفِينَ لِهِدايَتِهِم، وَبَيانِ شَرائِعِ الدِّينِ بِالدَّلائِلِ الْقَطْعِيَّةِ، وَواضِحاتِ البَراهِينِ،

﴿پێناسەی ئیمامی (النواوی)﴾

ئیمامی (النواوي) ناوی (یحیی) کوڕی (شرف)ی نەواویە، لە مانگی (محرم)ی ساڵی (٦٣١)ی کۆچی لە گوندی (نەوا) لە (جۆلان)ی سەر بە (دیمشق) لە دایك بووە، هەر لە گوندەکەی خۆی لە سەردەمی منداڵیدا قورئانی پیرۆزی لەبەر کردوە، لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا باوکی ناردی بۆ (دیمشق) لەوێش لە لای زۆر کەس خوێندویەتی، یەکێك لە مامۆستایەکانی ناوی (سالار)ی کوردی بوو، یەکێکیتر ناوی (عزالدین)ی هەولێری بوو.

ئیمامی (النواوي) دانراوی زۆری هەنە بە تایبەتی لە (حدیث)و (شرع): وەکو (ریاض الصالحین)و (الأذكار)و (شرح صحیح مسلم)و (منهاج الطالبین)و (الأربعین النواویة)–کە ئێمە ئێستا خزمەتی ئەکەین– جگە لە مانەش.

ئیمامی (النواوي) یەکێکە لە زانا هەرە بەرزەکانی چینی (خَلَف)، لە حەدیس و شەرع دەستێکی باڵای هەبوو، لە سەر ڕاڕەوی ئیمامی (شافعی) بوو، لەگەڵ ئەوەشدا جێگەی باوەڕی زانایانی هەر چوار مەزهەبەکانەو ڕێز لە فەرموودەکانی ئەنێن.

ئیمامی (النواوي) لە (٢٤)ی (رجب)ی ساڵی (٦٧٦)ی کۆچی لە گوندی (نَوا) وەفاتی کردوە، خوا لێی ڕازی بێو ڕەحمەتو بەرەکەتی خوا برژێ بە سەر گۆڕیدا. آمین

﴿پێشەکی ئیمامی (النواوی)﴾

ئیمامی (النواوی) ئەفەرموێ: (بِسمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ) بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان دەست بە کۆکردنەوەی ئەم چل حەدیسە ئەکەم (الْحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) سوپاس بۆ ئەو خوایەی پەروەردگاری هەموو دروستکراوێکە (قَيُّومِ السَّمواتِ وَالأَرَضِينَ) ئەو خوایەی ئاگادارو هەڵسوڕێنەری ئاسمانەکانو زەمینەکانە (مُدبِّرِ الْخَلائِقِ أَجْمَعِينَ) ئەو خودایەی بەجێهێنەرو بەڕێوەبەری کاروباری هەموو دروستکراوێکە بە گشتی (باعِثِ الرُّسُلِ صَلَواتُ اللهِ وَسَلامُهُ عَلَيْهِمْ) هەموو پێغەمبەرێك ئەو ناردوویەتی صَلّى اللهُ عَلَيهِمْ أجْمَعِين (إِلَى الْمُكَلَّفِينَ) بۆ لای ئەوانەی داوای خوا ئەیانگرێتەوە–(ئەوانەی بیروهۆشیان تەواوەو لە قۆناغی منداڵی تێپەڕ بوینە)– (لِهِدايَتِهِمْ) بۆ ئەوەی ڕێگەی ڕاست بۆ ئەو داوا لێکراوانە ڕوون بکەنەوەو شارەزایان بکەن (وَبَيانِ شَرائِعِ الدِّينِ) هەروەها بۆ ئەوەی یاسایەکانی ئایینی خۆیان بۆ دیاری بکەن، (بِالدَّلائِلِ الْقَطْعِيَّةِ) بە بەڵگەی وا: گومانی تێدا نەبێ، (وَواضِحاتِ البَراهِينِ) ئەو بەڵگانەی زۆر ئاشکران.

أَحْمَدُهُ عَلَى جَمِيعِ نِعَمِه، وَأَسْأَلُهُ الْمَزِيدَ مِنْ فَضْلِه وَكَرَمِه، وَأَشْهَدُ أَن لاَّإِلَهَ إِلاَّاللهُ الْواحِدُ الْقَهَّارُ الْكَرِيمُ الْغَفَّارُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ وَحَبِيبُهُ وَخَلِيلُهُ أَفْضَلُ الْمَخْلُوقِينَ الْمُكَرَّمُ بِالْقُرْآنِ الْعَزِيزِ الْمُعْجِزَةِ الْمُسْتَمِرَّةِ عَلَى تَعاقُبِ السِّنِينَ وَبِالسُّنَنِ الْمُسْتَنِيرَةِ لِلْمُسْتَرْشِدِينَ الْمَخْصُوصُ بِجَوامِعِ الكَلِمِ وَسَماحَةِ الدِّينِ، صَلَواتُ اللهِ وَسَلامُهُ عَلَيْهِ وَعَلَى سائِرِ النَّبِيِّينَ وَالْمُرْسَلِينَ وَآلِ كُلٍّ وَسائِرِ الصَّالِحِينَ.

أَمَّا بَعْدُ: فَقَدْ رَوَيْنا عَنْ عَلِيِّ بن أَبِي‌طالِب وَعَبْدِاللهِ بنِ مَسْعُود، وَمُعاذِ بنِ جَبَلٍ، وَأَبِي‌الدَّرْداءِ، وَابْنِ عُمَرَ، وَابنِ عَبَّاسٍ، وَأَنَسِ بن مالِك، وَأَبِي‌هُرَيْرَةَ، وَأَبِي‌سَعِيدٍ الْخُدْرِي- رَضِيَ اللهُ تَعالى عَنْهُمْ- مِنْ طُرُقٍ كَثِيراتٍ بِرِواياتٍ مُتَنَوِّعاتٍ:

(أَحْمَدُهُ) سوپاسی خوا ئەکەم (عَلَى جَمِيعِ نِعَمِه) لە سەر هەموو ئەو چاکانەی لەگەڵ ئێمەی کردوە (وَأَسْأَلُهُ الْمَزِيدَ مِنْ فَضْلِه وَكَرَمِه) داوا لە خوا ئەکەم کە لە بەر گەورەیی خۆیو بەخشینی خۆی زیاترمان بداتێ (وَأَشْهَدُ أَن لاإِلَهَ إِلاَّاللهُ) بە دڵو بە زوبان ئەڵێمو گومانم نی‌یە، جگە لە زاتی (الله) هیچ خوایەك نی‌یە (الواحِدُ) یەك خودایە (القَهَّارُ) دەستەڵاتی تەواوی هەیە (الْكَرِيمُ) چاکەی نابڕێتەوە (الغَفَّارُ) تاوانی بەندەکانی خۆی دائەپۆشێ (وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ) هەروەها: بە دڵو بە زوبان ئەڵێم گومانم نی‌یە کەوا محمد ﷺ بەندەو پێغەمبەری خوایە (وَحَبِيبُهُ وَخَلِيلُهُ) خۆشەویستو دۆستی خوایە (أَفْضَلُ الْمَخْلُوقِينَ) لە هەموو خەڵکی گەورەترە (الْمُكَرَّمُ) لە لای خوا ڕێزی لێندراوە (بِالْقُرْآنِ العَزِيزِ) کە لە لای خوا قورئانی ئازیزی پێدراوە (الْمُعْجِزَةِ الْمُسْتَمِرَّةِ) ئەو قورئانە پیرۆزە بەڵگەی بەردەوامی پێغەمبەرە ﷺ کەس ناتوانێ قورئانێکی وا ڕێك بخا (عَلَى تَعاقُبِ السِّنِينَ) ئەم قورئانە پیرۆزەی ساڵەهای ساڵ هەر دەمێنێ (وَبِالسُّنَنِ الْمُسْتَنِيرَةِ) هەروەها لە لای خوا ڕێزی لێندراوە بە فەرموودەو کردەوە ڕۆشنەکانی (لِلْمُسْتَرْشِدِينَ) بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ سوود لە فەرموودەکانی وەربگرن (الْمَخْصُوصِ بِجَوامِعِ الكَلِمِ) تاکە پێغەمبەرێکە کە فەرموودەی کورتو پڕ مانای پێ‌بەخشراوە (وَسَماحَةِ الدِّينِ) ئایینێکی ئاسانی پێ‌بەخشراوە (صَلَواتُ اللهِ وَسَلامُهُ عَلَيْهِ وَعَلَى سائِرِ النَّبِيِّينَ وَالْمُرْسَلِينَ) دروودو سڵاوی خوای گەورە بڕژێ بە سەر ئەو پێغەمبەرەو هەموو پێغەمبەرانی تر (وَآلِ كُلِّ) بۆ سەر ماڵو خێزانی هەموانیان (وَسائِرِ الصَّالِحِينَ) بۆ سەر هەموو پیاوچاکان.

(أَمَّا بَعْدُ) لە پاش سوپاسو دروودی خوا بۆ سەر پێغەمبەران، بزانە: ئەوەی بۆت ئەڵێم (فَقَدْ رَوَيْنا عَنْ) فەرموودەیەکی پێغەمبەرمان ﷺ پێ‌گەیشتوە: لە (عَلِيِّ بن أَبِي طالِب، وَعَبْدِاللهِ بن مَسْعُودٍ، وَمُعاذِ بن جَبَلٍ، وَأَبِي‌الدَّرْداءِ، وَإبنِ عُمَرَ، وَإبنِ عَبَّاسٍ، وَأَنَسِ بن مالِكٍ، وَأَبِي‌هُرَيْرَةَ، وَأَبِي‌سَعِيدِالْخُدْرِي) لەو سەحابە بەڕێزانە (رَضِيَ اللهُ تَعالَى عَنْهُمْ) خوا لێیان ڕازی بێ (مِنْ طُرُقٍ كَثِيراتٍ) لە چەند ڕێگای زۆر (بِرِواياتٍ مُتَنَوِّعاتٍ) بە گێڕانەوەی جۆراوجۆر، ئەم

أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قالَ: (مَنْ حفظَ عَلَى أُمَّتي أَرْبَعينَ حَديثاً منْ أَمْرِ دينها بَعَثَهُ اللهُ تَعالَى يَوْمَ الْقيامَة في زُمْرَةِ الْفُقَهاء وَالْعُلَماء). وَفي روايَة: (بَعَثَهُ اللهُ تَعالَى فَقيهاً عالماً). وَفي روايَة أَبي الدَّرْداء رضي الله عنه: (كُنْتُ لَهُ يَوْمَ الْقيامَة شافعاً وَشَهيداً). وَفي روايَة ابْنِ مَسْعُود رضي الله عنه: (قيلَ لَهُ ادْخُلْ مِنْ أَيِّ أَبْواب الْجَنَّة شئْتَ). وَفي روايَة ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما: (كُتبَ في زُمْرَة الْعُلَماء وَحُشرَ في زُمْرَة الشُّهَداء).

وَاتَّفَقَ الْحُفَّاظُ عَلَى أَنَّهُ حَديثٌ ضَعيفٌ وَإِنْ كَثُرَتْ طُرُقُه. وَقَدْ صَنَّفَ الْعُلَماءُ في هَذَا الْباب ما لاَ يُحْصَى منَ الْمُصَنَّفات، فَأَوَّلُ مَنْ عَلمْتُهُ صَنَّفَ فيه: عَبْدُالله بن الْمُبارَك، ثُمَّ مُحَمَّد بن أسلم الطُّوسي الْعَالم الرَّبَّاني، ثُمَّ الْحَسَن بن سُفْيان النَّسَوي، وَأَبوبَكْر الآجُرِي، وَأَبوبَكْر مُحَمَّد بن إبْراهيم الأَصْفَهانيّ، وَالدَّارَقُطْني، وَالْحاكم، وَأَبونَعيم، وَأَبوعَبْدالرَّحْمَن السُّلَميُّ،

فەرموودەمان پێگەیشتوە: (أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قالَ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ﴿مَنْ حَفظَ عَلَى أُمَّتي أَرْبَعينَ حَديثاً منْ أَمْرِ دينها بَعَثَهُ اللهُ تَعالَى يَوْمَ الْقيامَة في زُمْرَة الْفُقَهاء وَالْعُلَماء﴾ هەر کەسێك بیگەیەنێتە ئوممەتی من چل حەدیسی من لە کاروباری ئایینی ئیسلام، خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت زیندووی ئەکاتەوە لەگەڵ کۆمەڵی زانایانی ئایینی.

(وَ) بە چەند شێوەیەکی تریش ئەم فەرموودەیە هاتوە: **یەکەم:** (في روايَة: بَعَثَهُ اللهُ تَعالَى فَقيهاً عالماً) لە گێڕانەوەیەکدا: (خوای گەورە زیندووی ئەکاتەوەو پلەی زانایەکی تەواوی ئەداتێ).

دووەم: (وَفي روايَة أَبي الدَّرْداء رضي الله عنه: كُنْتُ لَهُ يَوْمَ الْقيامَة شافعاً وَشَهيداً) لە ڕێگەی (أبي الدرداء رضي الله عنه) ئەفەرموێ: (خۆم تکای بۆ ئەکەم لە لای خوای گەورە تا لێی ببورێ و بیباتە بەهەشت). **سێیەم:** (وَفي روايَة ابْنِ مَسْعُود رضي الله عنه: قيلَ لَهُ ادْخُلْ منْ أَيِّ أَبْواب الْجَنَّة شئْتَ) لە ڕێگەی ئیبن مسعود ئەفەرموێ: (لە ڕۆژی دوایی پێی ئەڵێن: بچۆ بۆ بەهەشت لەکام دەرگاوە ئەتەوێ). **چوارەم:** (وَفي روايَة ابنِ عُمَرَ رضي الله عنهما: كُتبَ في زُمْرَة الْعُلَماء وَحُشرَ في زُمْرَة الشُّهَداء) لە ڕێگەی ئیبن عمر ئەفەرموێ: (لەگەڵ کۆمەڵی زانایانی ئایینی ئەنووسرێ و لەگەڵ کۆمەڵی شەهیدان حەشر ئەکرێ).

(وَاتَّفَقَ الْحُفَّاظُ) زانایانی حەدیس یەکدەنگن (عَلَى أَنَّهُ حَديثٌ ضَعيفٌ، وَإِنْ كَثُرَتْ طُرُقُه) لە سەر ئەوەی ئەم حەدیسە بێهێزە هەرچەندە ڕێگەشی زۆر بن.

(وَقَدْ صَنَّفَ الْعُلَماءُ في هَذَا الباب مالاَ يُحْصَى منَ الْمُصَنَّفات) زانایانی حەدیس لەم بابەتە زۆریان نووسیوەو نایەنە ژمار (فَأَوَّلُ مَنْ عَلمْتُهُ صَنَّفَ فيه: عَبْدُالله بن الْمُبارَك) یەکەم زانا: کە لەم بابەتە چل حەدیسی کۆ کردبێتەوە-وەکو زانیومە- ئیمام (عبدالله) کوڕی (موبارەك) بووە (ثُمَّ) لە دوای ئەویش چەند زانایەکی تر: وەکو ئیمام (مُحَمَّدُ بن أسلم الطُّوسي العالمُ الرَّبَّاني، ثُمَّ الْحَسَنُ بن سُفْيانَ النَّسَوي، وَأَبُوبَكْر الآجُري، وَأَبُوبَكْر مُحَمَّد بن إبْراهيم الأَصْفَهانيّ، وَالدَّارَقُطْني، وَالْحاكم، وَأَبُونَعيم، وَأَبُوعَبْدالرَّحْمَن السُّلَميّ،

وَأَبُوسَعيدالْمالِينى، وَأَبُوعُثْمان الصَّابُونى، وَمُحَمَّد بن عَبْدالله الأَنْصـارى، وَأَبُـوبَكْرالبَيْهقى، وَخَلائِقُ لاَ يُحْصَوْنَ من الْمُتَقَدِّمينَ وَالْمُتَأَخِّرين، وَقَدْ استَخَرْتُ الله تَعالَى فى جَمْـعِ أَرْبَعِـين حَديثاً، اقْتداءاً بهؤُلاء الأَئمَّة الأَعْلام وَحُفَّاظ الإسْلام، وَقَدْ إتَّفق الْعُلَماءُ عَلَى جَـواز الْعَمَـل بالْحَديث الضَّعيف فى فَضائِل الأَعْمال، وَمَعَ هَذا فَلَيْس إعْتمادى عَلَى هَذا الْحَديث، بَلْ عَلى قَوْلهِ ﷺ فى الأَحادث الصَّـحيحَة: ﴿لِيُبَلِّـغ الشَّـاهدُ مِـنْكُمُ الْغائِـب﴾. وَقَوْلـهِ ﷺ: ﴿نَضَّرَ اللهُ امْرءاً سَمِعَ مَقالَتى فَوَعاهَا فادَّاها كَمَا سَمِعَها﴾. ثُمَّ من الْعُلَماء مَنْ جَمَعَ الأَرْبَعِـين فِى أُصول الدِّين، وَبَعْضُهُمْ فى الْفُرُوع، وَبَعْضُهُمْ فِى الْجِهاد، وَبَعْضُهُمْ فِى الزُّهْد، وَبَعْضُـهُمْ فِى الآداب، وَبَعْضُهُمْ فِى الْخُطَب، وَكُلُّها مَقاصِدُ صالحَةٌ رَضِيَ اللهُ عَنْ قاصديها،

وَأَبُوسَعيدالْمالِينى، وَأَبُوعُثْمـان الصَّـابُونى، وَمُحَمَّدْ بـن عَبْـدالله الأَنْصـارى، وَأَبُـوبَكْرالبَيْهَقى، وَخَلائِقُ لاَ يُحْصَوْنَ منَ الْمُتَقَدِّمينَ وَالْمُتَأَخِّرِينَ) جگه لەو زانایانە چەند کەسێکی تـر کـە نایەنـە ژمار، لە زانایانی پێشوو و دوایی، چل فەرموودەی پێغەمبەریان ﷺ کۆ کردۆتەوە.

(وَقَدْ اسْتَخَرْتُ اللهُ تَعالَى فِى جَمْعِ أَرْبَعِينَ حَديثاً) ئیمامی (النواوی) ئەفەرموێ: منیش نوێژی ئیسـتیخارەم کـرد بـۆ ئـەوەی خـوا یارمـەتیم بـدا بـۆ کۆکردنـەوەی چـل فـەرموودەی پێغەمبەر ﷺ (اقْتداءاً بِهؤُلاء الأَئمَّة الأَعْلامِ وَحُفَّاظ الإِسْلاَمِ) لـەم کـارەدا شـوێنکەوتەی ئـەو زانا بەرزانەی ئیسلام بوم: کە وەکو ئاڵای بەرز دیارنو پارێزەری ئایینی ئیسلامن.

(وَقَدْ إتَّفَقَ الْعُلَمـاءُ عَلَـى جَـوازِ الْعَمَـلِ بِالْحَـديث الضَّـعيف فـى فَضـائِل الأَعْمـال) زانایانیئیسـلام یەکدەنگن: کە دروستە بۆ کاروباری چاکە ئیش بە فـەرموودەی بێهێز بکرێ، بـەڵام بـۆ حـەرامو حەڵاڵ ئەبی فەرموودەکە بەهێز بێ (وَمَعَ هَذا فَلَيْس إعْتمادى عَلَى هَذا الْحَديث) لەگەڵ ئەوەشدا مـن پاڵم نەداوەتە سەر ئەم فەرموودە بێهێزە (بَلْ عَلَى قَوْلِه ﷺ: فى الأَحاديث الصَّحيحة) تـەنها بـۆ نووسـینی ئـەم چـل حەدیسـە پـاڵم داوەتـە سـەر فـەرموودەکانی ڕاسـت، وەکـو فـەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: ﴿لِيُبَلِّغِ الشَّاهِدُ مِنْكُمُ الْغائِب﴾ رواهُ البخاري ومُسْلم، بـا فـەرموودەکانی مـن ئـەوەی لێرەیـە، بگەیـەنێ بـەوەی لێـرە نیـە. (وَقَوْلـه ﷺ) هـەروەها وەك فـەرموودەی پێغەمبـەر ﷺ: ﴿نَضَّرَ اللهُ امْرأً سَمِعَ مَقالَتى فَوَعاهَا فأَدَّاها كَمَا سَمِعَها﴾ رواهُ الترمذي، خوا ڕووی ئـەو کەسـە جـوان بکا: کە گوێی لە فەرموودەکانی منەو هەڵیئەگرێ جا بە تەواوی ئەیگەیەنێتە موسوڵمانان.

(ثُمَّ منَ الْعُلَماء مَنْ جَمَعَ الأَرْبَعِينَ فِى أُصُول الدِّين، وَبَعْضُهُمْ فِى الفُرُوع، وبَعْضُهُمْ فِى الجِهاد، وبَعْضُهُمْ فِى الزُّهْد، وبَعْضُهُمْ فِى الآداب، وبَعْضُهُمْ فِى الْخُطَبِ) ئینجا هەندێ لەو زانایانە ئـەم چل حەدیسەیان کۆ کردۆتەوە لەو جۆرەی بناغەی ئایینە، وە هەندێك لەوانەی لقی ئایینـە، وە هەنـدێك لـە جیهـاد، هەنـدێك لـە واز هێنـانی دونیـا، هەنـدێك لـە ڕەوشـت، هەنـدێك لـە ووتارەکانی پێغەمبەر ﷺ (وَكُلُّها مَقاصِدُ صالِحَةَ رَضِىَ اللهُ عَنْ قاصِديها) کاری ئەم بەڕێزانـە بە کاری باش دائەنرێن، خوا لێیان ڕازی بێ.

وَقَدْ رَأَيْتُ جَمْعَ أَرْبَعِينَ أَهَمَّ مِنْ هَذا كُلِّه، وَهِيَ أَرْبَعُونَ حَدِيثاً مُشْتَمِلَةً عَلَى جَمِيعِ ذَلِكَ، وَكُلُّ حَدِيثٍ مِنْها قَاعِدَةٌ عَظِيمَةٌ مِنْ قَواعِدِ الدِّينِ، فَقَدْ وَصَفَهُ الْعُلَماءُ: بِأَنَّ مَدارَ الإِسْلامِ عَلَيْه، أَوْ هُوَ نِصْفُ الإِسْلامِ، أَوْ ثُلُثُهُ أَوْ نَحْوُ ذَلِكَ، ثُمَّ الْتَزِمُ مِنْ هَذه الأَرْبَعِينَ أَنْ تَكُونَ صَحِيحَةً، وَمُعْظَمُها فِي صَحِيحَيِ الْبُخارِى وَمُسْلِم-رضي الله عنهما- وَأَذْكُرُهَا مَحْذُوفَةَ الأَسانِيد، لِيَسْهُلَ حِفْظُها، وَيَعُمَّ الإِنْتِفاعُ بِها إِنْ شاءَ اللهُ تَعالَى، ثُمَّ أَتْبَعُها بِبابٍ فِي ضَبْطِ خَفِيِّ أَلْفاظِها، وَيَنْبَغِي لِكُلِّ راغِبٍ فِي الآخِرَةِ أَنْ يَعْرِفَ هَذه الأَحادِيثَ لِما اشْتَمَلَتْ عَلَيْه مِنَ الْمُهِمَّاتِ، وَاحْتَوَتْ عَلَيْه مِنَ التَّنْبِيهِ عَلَى جَمِيعِ الطَّاعاتِ، وَذَلِكَ لِمَنْ تَدَبَّرَهُ، وَعَلَى اللهِ إِعْتِمادِي وَإِلَيْه تَفْوِيضِي وَإِسْتِنادِي،

(وَقَدْ رَأَيْتُ جَمْعَ أَرْبَعِينَ) بەڕاستی منیش بە باشم زانی: چل حەدیس کۆ بکەمەوە (أَهَمَّ مِنْ هَذا كُلِّه) لە هەمووی ئەوان گرنگتر بێ (وَهِيَ أَرْبَعُونَ حَدِيثاً مُشْتَمِلَةً عَلَى جَمِيعِ ذَلِكَ) ئەوەی کۆم کردۆتەوە، چل حەدیسە، کە بریتی‌یە لە هەندێك ئەوان بە گشتی (وَكُلُّ حَدِيثٍ مِنْها قَاعِدَةٌ عَظِيمَةٌ مِنْ قَواعِدِ الدِّينِ) هەر حەدیسێکی من هێناومە لەو چل حەدیسە، بنکەیەکی گەورەیە لە بنکەی ئایین (فَقَدْ وَصَفَهُ العُلَماءُ: بِأَنَّ مَدارَ الإِسْلامِ عَلَيْه) هەر حەدیسێك لەو چلە، زانایان ئەڵێن: کاروباری ئیسلامی لە سەر ئەخولێتەوە (أَوْ هُوَ نِصْفُ الإِسْلامِ، أَوْ ثُلُثُهُ أَوْ نَحْوُ ذَلِكَ) یان ئەڵێن: نیوەی ئایینە، یان سێیەکی ئایینە، یان چوارێکە.
(ثُمَّ الْتَزِمُ مِنْ هَذه الأَرْبَعِينَ أَنْ تَكُونَ صَحِيحَةً) وا ئەخەمە سەر شانی خۆم، ئەم چل حەدیسە هەمووی ڕاست بێ (وَمُعْظَمُها فِي صَحِيحَيِ البُخارِى وَمُسْلِم رضي الله عنهما) زۆربەی ئەم حەدیسانەم وەرگرتوە لە کتێبی ئیمامی (بوخاری)و ئیمامی (موسلیم)، خوا لێیان ڕازی بێ. کە لە هەموو کتێبی داندراو ڕاستترن.
(وَأَذْكُرُهَا مَحْذُوفَةَ الأَسانِيد لِيَسْهُلَ حِفْظُها وَيَعُمَّ الإِنْتِفاعُ بِها إِنْ شاءَ اللهُ تَعالَى) بە شێوەیەکی کورت ئەم حەدیسانە ئەنوسمەوە، ناوی ئەو کەسانەی گێڕاویەتیانەوە نانووسم بۆ ئەوەی زوو لەبەری بکەن‌و کەڵکی لێوەربگرن، إِنْ شاءَ اللهُ تَعالَى (ثُمَّ اتبعُها بِبابٍ) لە دوای ئەمەش کە حەدیسەکان ئەڵێم، چەند ووشەیەك ئەنووسم (فِي ضَبْطِ خَفِيِّ أَلْفاظِها) بۆ ئەوەی ووشە گرانەکان ڕوون بکەمەوە. جا بزانە: ئێمە ئەو ووشانە نانوسین چونکە حەدیس نین.
(وَيَنْبَغِي لِكُلِّ راغِبٍ فِي الآخِرَةِ) پێویستە لە سەر هەموو کەسێك کە ڕۆژی دواییان بوێ (أَنْ يَعْرِفَ هَذه الأَحادِيثَ) ئەم چل حەدیسە بزانێ (لِما اشْتَمَلَتْ عَلَيْه مِنَ الْمُهِمَّاتِ) چونکە هەموو شتێکی گرنگیان تێدایە (وَاحْتَوَتْ عَلَيْه مِنَ التَّنْبِيهِ عَلَى جَمِيعِ الطَّاعاتِ) هەروەها هەموو ئاگاداری‌یەکی خواپەرستییان تێدایە (وَذَلِكَ لِمَنْ تَدَبَّرَهُ) ئەم سوودە بە کەسێك ئەگا کە بە ووردی بیری لێبکاتەوە (وَعَلَى اللهِ إِعْتِمادِي) پشتی خۆم هەر بە خوا ئەبەستم (وَإِلَيْه تَفْوِيضِي وَإِسْتِنادِي) هەموو کارێکی خۆم هەر بە خوا ئەسپێرم، هەر ئەو پاڵپشتمە

(وَلَهُ الْحَمْدُ وَالنِّعْمَةُ) سوپاس هەر شایانی ئەو خودایەیەو هەر ئەو چاکەی بە سەر ئێمەدا هەیە (وَبِه التَّوْفيقُ وَالْعِصْمَةُ) توانای خواپەرستی هەر بە دەست ئەوەو خۆپاراستن لە گوناه هەر بە دەست ئەوە، خوایە یارمەتیمان بدە بۆ خواپەرستیو بۆ وازهێنان لە تاوانەکان آمین.

لێرەدا پێشەکیی ئیمامی (النواوي)–کە کۆکەرەوەی ئەم چل حەدیسەیە– کۆتایی هات.

﴿ چەند زانستێکی حەدیس ﴾

١- **پێناسەی حەدیس:** (حديث): یان فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ، یان کرداریپێغەمبەرە ﷺ، یان ڕازیبوونیپێغەمبەرە ﷺ: بە کرداری، یان بە گوفتاری کەسێکیتر.

٢- **بزانە:** هەروەك پێویستە موسوڵمان ڕەفتار بە قورئان بکا: وەهاش پێویستە ڕەفتار بە حەدیس بکا، بەڵام بەو مەرجەی حەدیسەکە: یان (صحيح) بێ، یان (حسن) بێ.

٣- **حەدیسی (حسن):** زانایانی (علوم الحديث) فەرموویانە: حەدیسی (حسن) دوو جۆرە:

یەکەم: (حسن لذاته)، کە ئەوەیە: نە لە (سند)و نە لە (متن)ی حەدیسەکەدا هیچ نیشانەی (ضعيف) بێهێزی نەبێ.

دووەم: (حسن لغيره) کە ئەوەیە: (سند)ی حەدیسەکە (ضعيف) بێ، بەڵام: یان لە زۆر ڕێگاوە ئەم حەدیسە هاتبێ، وەکو حەدیسی (لاَ ضَرَرَ وَلاَ ضِرَارَ) بڕوانە حەدیسی (٣٢)، یان (متن)ی حەدیسەکە لەگەڵ حەدیسێکی تری (صحيح)دا تێك بکاتەوە: وەکو حەدیسی (مَنْ زارَ قَبْرِي وَجَبَتْ لَهُ شَفَاعَتِي). ئیمامی (النواوي) بە بێهێزی داناوە، بەڵام (متن)ی ئەم حەدیسە تێك ئەکاتەوە لەگەڵ حەدیسی (كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيارَةِ الْقُبُورِ فَزُورُوها فَإِنَّها تُذَكِّرُ الآخِرَةَ) رواهُ مُسْلِم، کەوابوو: ئەبێتە (حَسَن لغيره)و بەکار دێ.

٤- **حەدیسی (ضَعيف) بێهێز:**

- ئیمامی (شافعي) ئەفەرموێ: حەدیسی (ضعيف) بەکار دێ بۆ بڕیارەکانی شەرعی ئەگەر پێشەوایانی ئایین بە تێکڕایی پێی ڕازی بنو قبوڵی بکەن.
- ئیمامی (أحمد) ئەفەرموێ: حەدیسی (ضعيف) بەلای منەوە خۆشەویسترە لە بیروڕای خاوەن ڕایەك، بەو مەرجەش بەکار دێ: کە دژایەتی نەبێ. واتە: لەگەڵ قورئانو حەدیسێکیتری (صحيح)، یان (حسن).
- ئیمامی (النواوي) ئەفەرموێ: زانایانی شەرعو حەدیس فەرموویانە: دروستە حەدیسی (ضعيف) بەکار بێ، بۆ کاری چاکە. واتە: نەك بۆ (واجب)و (حلال)و (حرام).
- (ابن حجر الهيتمي) ئەفەرموێ: ئەگەر کەسێك دیتی: پێشەوایەکی حەدیس زان، حەدیسێکی بە (صحيح)، یان بە (حسن) داناوە، دروستە شوێنکەوتەی بیو بۆخۆی کار بەم حەدیسە بکا.

(اَلْحَدِيثُ الأَوَّلُ: فِي الإِخْلَاصِ)

﴿ عَنْ أَمِيرِالْمُؤمِنِين عُمَرَ بنِ الْخَطَّـابِ رضي الله عنه قَـالَ: سَـمِعْتُ رَسُـولَ اللهِ ﷺ يَقُـولُ: إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى،

٥- **حەدیسی (موضوع)، واتـە:** داندراو، بەو حەدیسە ئەگوترێ: کە یەکێك لەخۆیەوە دایبنابێو بە درۆ نیسبەتی بداتە لای پێغەمبەر ﷺ.

ئینجا بزانە: نووسینو گێڕانەوەی حەدیسی (موضوع) دروست نیە، تەنها بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی خەڵك نەبێ: لەم درۆیانە، تاکو خۆیان لێی بپارێزن.

﴿ حەدیسییەکەم: بێگەردی لە خواپەرستندا ﴾

(عَنْ أَمِيرِالْمُؤْمِنِين) گێڕدراوەتەوە لە فەرمانڕەوای موسوڵمانان (عُمَرَ بنِ الْخَطَّابِ رضي الله عنه) حەزرەتی (عومەر)ی کوڕی (خەتتاب)، جگە لەم ناوە، پێغەمبەر ﷺ ناوی ناوە: بە (الفاروق)، بە سێزدە ساڵ لە دوای لە دایکبوونی پێغەمبەر ﷺ، لە (مکة)ی پیرۆز لە دایك بووە، هەر لە (مکة) لە تەمەنی (٣٣) ساڵیدا لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ موسوڵمان بووە، ئینجا لە (مکة) کۆچی کردوە بۆ (مدینة)، ئینجا لە ڕۆژی وەفاتی حەزرەتی (أبوبکرالصدیق)-خوا لێی ڕازی بێ- کرایە جێنیشی پێغەمبەر ﷺ، یەکەم کەس بوو ناویان نا بە (أمیرالمؤمنین)، لە (٢٦)ی (ذیالحجة) ساڵی (٢٣)ی کۆچی بە دەستی دیانێکی فارس کە ناوی (فەیرۆز) ئەبولوئلوئە بوو، شەهید کرا، لە تەنیشت پێغەمبەر ﷺ نێژراوە، تەمەنی (٦٣) ساڵ بوو، (١٠) ساڵو نیو فەرمانڕەوایی موسوڵمانانی کردوە.

ئەم بەڕێزە ئەفەرموێ: (سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ) گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو ئەیفەرموو: (إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ) کاروکردەوەکانی ئادەمیزاد بە نیازو خواستی ناو دڵی نەبێ دانامەزرێ (وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى) هەموو کەسێك هەر پاداشو سزای نیازو خواستی ناو دڵیخۆی پێئەگا.

بزانــە: (نِيَّة) ئەوەیە: نیازی ناو دڵت -لەو ئیشەی ئەیکەی- بۆ خوا بێ.

هەروەها بزانە: مەبەست بەو کردەوەی نیەتی ئەوێ: کردەوەی خواپەرستییە، کەوابوو: ئەگەر خواردن بخۆی بۆ بەهێزبوون بۆ خواپەرستی: ئەوەش خواپەرستییە.

جا لە کاروباری خواپەرستیدا بۆیێ نیەت پێویستە، تاکو لە کاروباریتری ڕۆژانەو جارجارەمان جیا ببێتەوە.

واتە: شۆرینی خۆت ئەگەر بۆ پاککردنەوە بێو بەس: ئەمە خواپەرستی تێدا نیە چونکە ئەوەی موسوڵمانیش نیە ئەو کارە ئەکا، بەڵام ئەگەر بۆ خواپەرستی بێ، بەو نیازە لەویتر جیا ئەبێتەوەو ئەبێتە خواپەرستی، کەوابوو: ئەبی بۆ خۆشۆرین لە جەنابەت نیەت بهێنێ.

هــەروەها بزانــە: مەبەست بە (نیەت) نیازی ناو دڵە، زوبان هیچ پەیوەندیی بە دروستبوونیەوە نیە، بەڵام ئیمامی (النواوي) ئەفەرموێ: سوننەتە بە زوبانیش نیەت بێنێ تاکو یارمەتی دڵ بدا.

هەروەها بزانە: هەرچی وازلێهێنان بێ، بۆ دروستبوونی نیەتی ناوێ: وەکو شۆرینی پیساییو وازهێنان لە خراپە، بەڵام ئەگەر پاداشتی لای خوات بوێ، ئەبی نیەتی بۆ بێنی، هەروەها: هەر خواپەرستیەك بە نیازی دونیا بیکەی پاداشتی لای خوات لە دەست ئەچێ، وەکو جیهاد: ئەگەر تەنها بۆ سوپاسی خەڵك بێ، یان بۆ وەدەستهێنانی پلەیەك بێ، ئەمە بۆ خوا نیەو پاداشتت بۆ نانووسرێ.

ئینجا کە ئەمەت زانی، بۆت روون بۆوە ئەبی بۆ نوێژو زەکاتو ڕۆژوو و حەج، نیەت بێنی، جگە لەمانەش هەرچی لای خواپەرستیی تێدابێ، نیەتی ئەوێ: وەکو بەخشینی شتێك ئەگەر بۆ خوا بێ جیایە، ئەگەر بۆ دونیا بێ جیایە. بە پێی نیەتەکەت بۆت ئەنووسرێ.

(فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَىاللهِ وَرَسُولِهِ) هەرکەسێك کۆچکردنی لە شوێنێك بۆ شوێنێکیتر، بۆ ڕازیبوونی خواو پێغەمبەرﷺ بێ (فَهِجْرَتُهُ إِلَىاللهِ وَرَسُولِهِ) ئەوە کۆچکردنەکەی لە لای خواو پێغەمبەرﷺ ڕەوایەو خوا پاداشتی کۆچکردنەکەی بە تەواوی بۆ ئەنووسێ.

جــا بزانــە: مەبەست لە کۆچکردن: بەجێهێشتنی وڵاتێکی کافرنشینەو بچێتە وڵاتی ئیسلام، ئینجا ئەگەر موسوڵمان ئەیتوانی لە ناو وڵاتیکوفر، ئایینیئیسلام ئاشکرا بکاو بە خەڵکی ڕابگەیەنێ، ئەوە مانەوەی باشترە لە کۆچکردن، بەڵام ئەگەر نەیئەتوانی ئایینی خۆی ئاشکرا بکاو بە خەڵکی ڕابگەیەنێ، ئەوە پێویستە کۆچ بکا، جا ئەگەر لەگەڵ ئەوەشدا مانەوەی لەوێ سوودێکی بۆ ئیسلام تێدا بوو، دیسان مانەوەی باشترەو با خواپەرستی بە نهێنی بکا، هەروەها لە وڵاتیئیسلامیش: ئەگەر خواپەرستی ڕاستەقینەی بۆ نەئەکرا، یان زۆرداریو بێئەخلاقیو گوناهکردن بە ئاشکرا بوو، یان حوکم بە قورئانی پیرۆز نەئەکرا، دیسان کۆچکردن واجبە بۆ شوێنێکی باش، ئەگەر هەبێ.

بەڵام ئەگەر هاتوو یەکێکی لێهاتوو ڕاپەڕیو داوای حوکمی قورئانی ئەکردو بۆمان ڕوون بۆوە: کە ڕاست ئەکا، ئەبی یارمەتی بدەینو تێبکۆشین بۆ گەڕاندنەوەی حوکمی قورئانو نەهێشتنی زۆرداریو بەدڕەوشتی، جا ئەگەر کەس لەگەڵی ڕانەپەڕی هەموویان تاوانبار ئەبن، کەوابوو: کۆچکردن واجب ئەبێ وەکو گوتمان ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: لاَ هِجْرَةَ بَعْدَ الْفَتْحِ وَلَكِنْ جِهَادٌ وَنِيَّةٌ، وَإِذَا اسْتُنْفِرْتُمْ فَانْفِرُوا﴾ رواهُ الشّيخان، واتە: لەمەودوا کۆچکردن لە مەککە واجب نیە، چونکە بووەتە (دارُ الإِسْلام)، بەڵام

وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا، أَوْ إِمْرَأَة يَنْكحُهَا فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ ﴾ رواهُ إماما الْمُحَدِّثين: أَبُوعَبدالله محمدُ بنُ إسماعيل بن إبراهيمَ بن الْمُغيرة بن بَرْدِزْبَه البخاري، وَأَبوالْحُسَين مُسلم بن الْحَجَّاج بن مسلم الْقُشَيْرِيّ النيسابوريّ، في صَحِيحيهِما اللّذَيْنِ هُما أصحُّ الْكُتُب الْمُصَنَّفَة.

تێکۆشان به دڵێکی بێگەرد بۆ بەرزی ئیسلام هەر بەردەوامە، جا ئەگەر داوای ڕاپەڕینتان لێکرا بۆ جیهاد، ئێوەش ڕاپەڕن.

(وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا) بەڵام هەرکەسێك کۆچکردنی بۆ وەدەستهێنانی کەلوپەلی دونیا بێ (أَوْ إِمْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا) یان کۆچکردنی بۆ مارەکردنی ژنێك بێ (فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ) ئەوە کۆچکردنەکەی هەر بۆ دونیاو ژن هێنانە، خێری بۆ نانووسرێ.

جا ئەی موسوڵمانی بەڕێز: لە هەموو کارو کردەوەیەکت نیازت هەر خودا بێ، ئەگەر وولاتی خۆت بەجێ هێشت بۆ قازانجی دونیا، مەڵێ: بۆ خودا کۆچم کردوە. چونکە ئەوە لە لای خوا بە تاوان ئەنووسرێ.

(رواهُ إماما الْمُحَدِّثين) ئەم حەدیسە دوو پێشەوای حەدیس گێڕاویەتیانەوە:

١- **ئیمامی بوخاری** کە پێی ئەگوترا (أَبُوعبدالله)، ناوی خۆی (محمدُ بنُ اسماعيلَ بن إبراهيمَ بن الْمُغيرة بن بردِزْبه) بوو، (البخاري) خەڵکی (بوخارا) بوو: کە شارێکە لە (ئۆزبەکستان)، لە ساڵی (١٩٤)ی کۆچی لە دایك بووە، لە ساڵی (٢٥٦)ی کۆچی شەوی جەژنی ڕەمەزان لە گوندی (خرتەنگ) کۆچی دوایی کردوە.

٢- **ئیمامی موسلیم** کە پێی ئەگوترا (أبوالحسَين) ناوی خۆی (مُسلم بن الْحَجَّاج بن مسلم القشيريّ النّيسابوريّ) بوو، (نەیسابور) شارێك بووە لە خوراسان ئێستا وێرانە، لە ساڵی (٢٠٤)ی کۆچی لە (نەیسابور) لە دایك بووە، لە (٢٦١)دا، کۆچیدوایی کردوە لە (نەیسابور).

(فِي صَحِيحيهِما اللّذَيْنِ) هەردووکیان ئەم حەدیسەیان گێڕاوەتەوە لە هەردوو کتێبە ڕاستەکەیخۆیان: کە (هُما أصحُّ الكُتب الْمُصَنَّفَة) کتێبەکەی ئیمامی(بوخاری)و کتێبەکەی ئیمام (موسلیم) لە هەموو کتێبێك ڕاسترن لە پاش قورئانی پیرۆز.

ئینجا بزانە: (البخاري)و (مسلم) لە زاراوەی حەدیسدا، پێیان ئەگوترێ: (الشيخان)، واتە: کە ئەڵێن: (رواه الشيخان) مەبەست ئەم دوو بەڕێزەنە.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّات): هەرکەسێك بە دڵ نیازی هەبوو چاکەیەك بکا، بەڵام کۆسپ هاتە ڕێیو پێی نەکرا: ئەوە پاداشتی چاکەکەی هەر بۆ ئەنووسرێ، بۆ نموونە: پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَا مِن امْرِئٍ تَكُونُ لَهُ صَلاَةٌ بِلَيْلٍ يَغْلِبُهُ عَلَيْهَا نَوْمٌ إلاَّ كُتِبَ لَهُ

(اَلْحَدِيثُ الثَّاني: في مَراتب الدِّين: اَلإسْلاَم، اَلإيمان، اَلإحْسان)

﴿عَنْ عُمَرَ بن الْخطَّابِ رضي الله عنه قَالَ بَيْنَمَا نَحْنُ عنْدَ رَسُول اللهِ ﷺ ذَاتَ يَوْم، إذْ طَلَعَ عَلَيْنَا رَجُلٌ شَديدُ بَياض الثِّياب شَديدُ سَواد الشَّعَر لا يُرَى عَلَيْه أَثَرُ السَّفَر وَلاَ يَعْرِفُهُ منَّا أَحَدٌ حَتَّى جلَس إلَى النَّبيّ ﷺ، فَأَسْنَدَ رُكْبَتَيْه إلَى رُكْبَتَيْه وَوَضَعَ كَفَّيْه عَلَى فَخذَيْه، وَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ أَخْبرْني عَن الإسْلاَم؟

أَجْرُ صَلاَته﴾ رواهُ أبوداود والنَّسائي، هەرکەسێك شەونوێژی کردبوە عادەتیخۆیو خەو بە سەریدا زاڵ بوو و پێی نەکرا شەونوێژەکەی بکا، خوای گەورە خێری شەونوێژەکەی بۆ ئەنووسێ بە هۆی نیازە باشەکەی.

٢- (وَإنَّمَا لكُلِّ امْرئٍ مَا نَوى): وا ئەگەیەنێ: کە نیازی ناو دڵ کار ئەکاتە سەر حەرامو حەلاڵ، بۆ نموونە: تەماشاکردنی ئافرەتی بێگانە بۆ لەزەت وەرگرتن حەرامە، بەلام بە نیازی داخوازیو مارەکردن خێرە، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکردوە.

٣- (فَهجْرَتُهُ إلَى مَا هَاجَرَ إلَيْه): وا ئەگەیەنێ: هەر کەسێك بە نیازی تاوانکاریەك بڕواتە شوێنێك، ئەوە کۆچکردنو سەفەرەکەشی تاوانە، کەوابوو: تەیەمموم و قەسرو جەمعی نوێژو شکاندنی ڕۆژووی ڕەمەوزان: هیچی بۆ دروست نیە.

﴿حەدیسی دووەم: پلەکانی ئایین: ئیسلام، ئیمان، چاکە﴾

(عَنْ عُمَرَ بن الْخَطَّابِ رضي الله عنه قَالَ) گێڕدراوەتەوە لە ئیمامی (عومەر)، ئەفەرموێ: (بَيْنَمَا نَحْنُ عنْدَ رَسُول اللهِ ﷺ) جارێك لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ دانیشتبوین (ذَاتَ يَوْمٍ) ڕۆژێك لە ڕۆژان (إذْ طَلَعَ عَلَيْنَا رَجُلٌ) لە ناکاو پیاوێکمان هاتە بەرچاو (شَديدُ بَيَاضِ الثِّيَاب) جلو بەرگی زۆر سپی بوو (شَديدُ سَوَادِ الشَّعَر) مووی ڕیشی زۆر ڕەش بوو (لاَ يُرَى عَلَيْه أَثَرُ السَّفَر) نیشانەی ڕێبواریی لێنەئەبینرا (ولاَ يَعْرِفُهُ منَّا أَحَدٌ) هیچ کەس لە ئێمە نەیئەناسی (حَتَّى جَلَسَ إلَى النَّبيِّ ﷺ) تا لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ دانیشت (فَأَسْنَدَ رُكْبَتَيْه إلَى رُكْبَتَيْه) هەردوو ئەژنۆی خۆی بە هەردوو ئەژنۆی پێغەمبەر ﷺ نوساند (وَوَضَعَ كَفَّيْه عَلَى فَخذَيْه) هەردوو دەستەکانی خۆی دانا سەر هەردوو ڕانەکانی خۆی، وەکو قوتابی لە بەردەم مامۆستادا.

ئەی موسوڵمان: تۆش ئەوها جلو بەرگت خاوێن بێو ڕوخسارت ڕێك بێو لە بەردەم زانایانی ئایینی بە ئەدەب دانیشە، لە پرسیار کردن شەرم مەکە.

(وَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ ﷺ) ئەو پیاوە نەناسراوە گوتی: ئەی محمد (أَخْبرْني عَنِ الإسْلاَم) پێم بڵێ ئایینی ئیسلام لە چەند شت پێك هاتوە؟.

ئینجا بزانە: بانگ کردنی پێغەمبەر ﷺ بە ناوی خۆی، یان ناوهێنانی بە ناوی خۆی، دروست نیە، تەنها بۆ خوداو مەلائیکە دروستە، بۆیێ حەزرەتیجوبرائیل لێرەدا بانگی کرد بە (محمد)، بەلام ئەبی ئێمەی ئادەمیزاد بە پێغەمبەرایەتی ناوی بلێین.

فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: اَلإِسْلاَمُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لاَإِلَهَ إِلاَّاللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَّسُولُ الله، وَتُقِيمَ الصَّلاَةَ، وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ،

(فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ) پێغەمبەر ﷺ لە وەلاما فەرمووی (اَلإِسْلاَمُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لاَإِلَهَ إِلاَّاللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَّسُولُ اللهِ) یەکەم شت لە ئیسلامدا ئەوەیە: بە دڵ باوەڕت هەبێو بە زوبان بڵێی: جگە لە زاتی(الله) هیچ خودایەك نیەو (محمد) نێردراویخودایە، ئەو پێغەمبەری هەموو دونیایە.

بزانە: پێویستە بۆ دروستبوونی ئیسلامەتی: ووشەی (أَشْهَدُ) دووبارە بکرێتەوەو بگوترێ: ﴿أَشْهَدُ أَنْ لاَإِلَهَ إِلاَّاللهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًارَّسُولُ اللهِ﴾. ئەبی (أَنْ لاَ) بە (أَلاَّ) بخوێندرێتەوە.

هەروەها دروستە: هەرکەس بە زمانی خۆی شادەو ئیمان بێنێو مەرج نیە بە عەرەبی بێ، بەلاّم پێویستە لە هەموو زمانێك ووشەکانی شەهادە بە دوای یەکدا بێن، بەو جۆرەی نووسیومانە.

بزانە: دووبارەکردنەوەی (أَشْهَدُ) لە بانگدان پێویستە، لە تەحیاتی نوێژدا پێویست نیە، بەلاّم (وَ)=پیتی واو لە بانگدا نابێ هەبێو لە تەحیاتا پێویستە هەبێ، ئەمە پوختەی فەرموودە بەهێزەکانی مەزهەبی (شافعی)یە خوا لێی ڕازی بێ.

(وَتُقِيمَ الصَّلاَةَ) دووەم شت لە ئیسلامدا ئەوەیە: هەر پێنج نوێژەکان بە هەموو مەرجەکانەوە بکەی لە کاتیخۆیاندا، ئەگەر کاتی خۆیشی تێپەڕی، ئەبی هەر بیکەی، بە جۆرێکی وا: ئەگەر چەند ساڵ نوێژت نەکردبێ، ئەبی هەموویان بگەڕێنیەوەو قەزایان بکەیەوە.

جا بزانە: زۆر لە زانایانیئیسلام فەرموویانە: نوێژنەکەر کافرە. بەلاّم کۆمەڵی زۆرتر لە زانایان ئەفەرموون: کافر نیە، بەڵکو (فاسق)ە ئەگەر باوەڕی بە نوێژ هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، هەردوو لا ئەفەرموون: ئەبێ نوێژنەکەر بکوژرێ.

(وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ) سێیەم شت لە ئیسلامدا: ئەبی زەکات بدەی، زەکات ئەمەیە: مرۆڤی هەبووی نەختێك ماڵیخۆی ئەداتە مرۆڤی نەبووی، ساڵێ یەکجار، بە مەرجێ بگاتە ڕادەی زەکات: ئەگەر پارەی هەبوو نرخی(١٤٠) میسقالی زیو زەکاتی تێدایە: لە چل بەش: یەك بەش زەکاتە، واتە: لە سەدا دووو نیو، ماڵی بازرگانیش هەروەهایە.

لە دانەوێڵە: لە چل تەنەکە بە تەنەکەی نەوت چوار تەنەکە زەکاتە. لە ڕەشەووڵاغ لە سی سەر: یەك گوێلکی نێری یەك ساڵە، وە لە چل سەر: یەك گوێلکی مێی دوو ساڵە. لە مەڕو بزن لە چل سەر: یەك بزنە، یان یەك مەڕە، لە (١٢١): دوو، لە (٢٠١): سێ، لە (٤٠٠): چوار.

هەروەها سەرفیترەی ڕەمەزان لە جیاتی خۆتو ژنو منداڵت، دوو کیلۆ دانەوێڵە، یان نرخەکەی ئەبی بیدەی بە هەژار، لە سەر فەرموودەی ئیمام (أبوحنیفه رضي الله عنه).

وَتَصُومَ رَمَضَانَ، وَتَحُجَّ الْبَيْتَ إِن اسْتَطَعْتَ إِلَيْهِ سَبِيلاً. قَالَ: صَدَقْتَ. قَالَ: فَعَجِبْنَا لَهُ يَسْأَلُهُ وَيُصَدِّقُهُ. قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ الإِيمَانِ؟ قَالَﷺ: أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ،

(وَتَصُومَ رَمَضَانَ) چوارەم شت لە ئیسلامدا: بە ڕۆژوو بوونی مانگی ڕەمەزانە، ڕۆژوو لە ئیسلامدا ئەوەیە: لە بەرە بەیانەوە تا ڕۆژئاوابوون خۆت قەدەغە بکەی لە خواردنو خواردنەوەو خۆ ڕشاندنەوەو دەستبازی کردن لەگەڵ ئافرەتو لەشی خۆت، بەم جۆرە شتانە ڕۆژوو لە دەست ئەچێ، بەڵام بە جوێن دانو گفتوگۆی پڕوپووچو باسکردنی خەڵك بە خراپەو بە درۆ کردن، خێری کەم ئەبێتەوە.

(وَتَحُجَّ الْبَيْتَ) پێنجەم شت لە ئیسلامدا: حەج کردنە (إِنِ اسْتَطَعْتَ إِلَيْهِ سَبِيلاً) ئەگەر توانای چوونو گەڕانەوەت هەبێ، واتە: ئەبی خانوو و خواردەمەنی منداڵو ژنەکەت دابین بکەی تا ئەگەڕێیتەوە، قەرزی خەڵك بدەیەوە. حەج کردن لە ئیسلامدا ئەمەیە: لە تەمەن یەکجار بچیتە ماڵیخوا، لە (مەککە)ی پیرۆز، لەوێ چەند جۆرە خواپەرستییەك هەیە بیکەی، ئەبی بەر لە چوونە حەج، لە گوناهەکانت تۆبە بکەیت، ئەگەر مافی خەڵکت لە سەر بێ، ئەبی بیاندەیەوە، یان ڕازییان بکەی، لە دوای گەڕانەوەت دەست بە گوناه کردن نەکەیەوە.

جا کە چووی بۆ حەج، بە تایبەتی بڕۆ (مەدینە)ی پیرۆز بۆ سەردانی گۆڕی حەزرەتی رسول اللهﷺ لە مزگەوتی پێغەمبەرﷺ نوێژ بکەو لە خوا بپاڕێوە: تا لە تاوانی خۆتو دایكو باوکت خۆش بێو لە ئوممەتی پێغەمبەرﷺ جیات نەکاتەوە. ئینجا سەلام لە ئیمامی (أبوبکر)و ئیمامی (عمر) بکە، هەردووکیان لە تەنیشت پێغەمبەرﷺ نێژراون.

ئەم پێنجانە پێیان ئەگوترێ: پێنج ڕوکنی ئیسلام. هەرکەسێك باوەڕی نەبێ بە واجببوونی یەکێك لەم پێنجانە، کافر ئەبێ.

(قَالَ: صَدَقْتَ) ئەم پیاوە نەناسراوە گوتیە پێغەمبەرﷺ ڕاست ئەکەی (قَالَ: فَعَجِبْنَا لَهُ يَسْأَلُهُ وَيُصَدِّقُهُ) ئیمامی (عمر) فەرمووی: پێمان سەیر بوو: ئەو پیاوە پرسیاری لێئەکاو پێشی ئەڵێ: ڕاست ئەکەی!. (قَالَ) دووبارە پیاوە نەناسراوەکە پرسیاری کردو گوتی (فَأَخْبِرْنِي عَنِ الإِيمَانِ) پێم بڵێ ئیمان چییە؟

بزانە: ئیمان بیروباوەڕی ناو دڵە بەو شەش ڕوکنانەی پێغەمبەرﷺ لە وەڵامدا ژماردونی، هەر کەسێك بە یەکێك لەو شەشانە باوەڕی نەبێ ئەوە کافر ئەبێ.

(قَالَ) پێغەمبەرﷺ لە وەڵامدا فەرمووی: (أَنْ تُؤْمِنَ) ڕوکنییەکەمی ئیمان ئەوەیە: باوەڕت هەبێ (بِاللهِ) بە هەبوونی خوا، کە هەر هەبووەو هەر دەمێنێ، زیندووەو نامرێ، هەموو شت دەزانێ: چ نهێنی چ ئاشکرا، دەبیسیو دەبینێ، لە تاریكو ڕووناکی، توانای هەموو شتێکی هەیە بیکا، هەرچی بیەوێ دەیکا، گفتوگۆی هەیە بێ پیتو دەنگ، لە هیچ شوێنێ نیشتەجێ نیە، هیچ شتێك وێنەی خودا نیەو خودا وەك هیچ شتێك نیە، پێویستی بە هیچ

شتێك نیه، هەموو شتێك ئەو دروستی كردوەو هەر ئەو دروستی ئەكا، ژیانو مردنو خۆشیو ناخۆشیو بوونیو هەژاری، هەمووی بە دەست ئەو خودایەیە.

(وَمَلائكَته) رووكنیدووەمی ئیمان: باوەڕهێنانە بە هەبوونی فریشتەیخوا لە ئاسمانو زەمین.

پێناسە: ئەو فریشتانە چینێكن خوایگەورە لە رووناكی دروستی كردون، ئەتوانن بە هەموو شێوەیەك خۆیان بنوێنن، نە نێرن نە مێنن، خەو و خواردنیان نیە، لە فەرمانی خوا دەرناچن. لەو فریشتانە چواریان پلەی بەرزیان هەیە:

یەكەم: (جُبْرائیل) وەحی ئەهێنێ بۆ پێغەمبەرانﷺ. **دووەم:** (میكائیل) بارانو ڕزق جێبەجێ ئەكا. **سێیەم:** (عزرائیل) گیانی گیانلەبەر وەرئەگرێ. **چوارەم:** (إسرافیل) چاوەڕوانی دونیا تێكدان ئەكا.

جگە لەمانە: فریشتەی خوا لە بەهەشتیش هەن: گەورەكەیان ناوی (رِضْوان)ە. هەروەها دوو فریشتەیتر بە ناوی (مونكەرو نەكیر) پرسیار لە مردوو ئەكەن، (كِرامٌ كاتبین) كردەوەی ئادەمیزاد ئەنوسن، نۆزدە فریشتەیتر كارگێڕی جەهەننەمن پێیان ئەگوترێ: (زَبانِیَّة). گەورەكەیان ناوی (مالِك)ە، جگە لەمانەش، فریشتە زۆرن هەر خودا بەخۆی ئەزانێ ژمارەیان چەندە.

(وكُتُبِه) ڕوكنیسێیەمی ئیمان ئەوەیە: باوەڕت هەبێ بەو كتێبانەی بۆ پێغەمبەران-علیهم الصلاة والسلام- هاتون لە لای خوا، كە هەموویان فەرموودەی خودان، وەكو سوحوفی حەزرەتی (ئیبراهیم) پێغەمبەر، تەوڕاتی حەزرەتی(موسى) پێغەمبەر، زەبووری حەزرەتی(داود) پێغەمبەر، ئینجیلی حەزرەتی(عیسى) پێغەمبەر-علیهم الصلاة والسلام-. ئینجا قورئانیپیرۆز بۆ پێغەمبەری ئاخیر زەمان حەزرەتی(محمدالمصطفىﷺ)، بە هاتنی قورئانی پیرۆزو ئەوانیتر هەموو (نەسخ)=بێكار بون، چونكە جگە لە قورئان هەموو دەستكارییان تێدا كراوە.

(وَرُسُله) ڕوكنیچوارەمی ئیمان ئەمەیە: باوەڕت هەبێ بە هەموو پێغەمبەرانی خوا-علیهم الصلاة والسلام- كە ئەوانیش پیاونو ڕاستگۆو ژیرو نەترسن، هەرچی خودا بفەرمووێ بە خەڵكی ڕائەگەیەنن. ژمارەیان (١٢٤٠٠٠) سەدو بیستو چوار هەزار پێغەمبەرە-علیهم الصلاة والسلام-، هەروەكو (ابن حبان)و (حاكم) لە (أبوذر) گێڕاویەتیانەوە.

پێناسە: پێغەمبەر پیاوێكە خوا ناردویەتی بۆ ئەوەی بەرنامەی خوا بە ئادەمیزادان ڕابگەیەنێو بە خۆیشی ڕەفتاری پێبكا، ئەمە پێی ئەگوترێ (رَسُول) هەم (نَبِیّ).

بەڵام ئەگەر فەرمانی پێنەكرابو بە خەڵكی ڕابگەیەنێ، ئەمە تەنها پێی ئەگوترێ (نَبِیّ).

ئینجا لەو هەموانە (٣١٥) بە (رَسُول) ناو ئەبرێن. واتە: نێردراو، چونكە كتێبی تایبەتییان لە لای خوا بۆ هاتوەو فەرمانی ڕاگەیاندنیان پێكراوە.

وَالْيَوْمِ الآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ. قَالَ: صَدَقْتَ. قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ الإِحْسَانِ؟ قَالَ ﷺ: أَنْ تَعْبُدَ اللهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ

ئینجا لەوانەش پێنجیان زۆر بەرێزن‌و بە (أُولُوالْعَزْم) ناو ئەبرێن: حەزرەتی (نوح)و (ابراهیم)و (موسى)و (عیسى)و (محمد)ﷺ وعليهم، سەرداری هەموویان حەزرەتی (محمدالمصطفى)یەﷺ، ئەو پێغەمبەری ئاخیر زەمانە، هیچ پێغەمبەرێك لە دوای ئەو نایێ، بەلام نابێ دەمارگیری بمانگرێ، ئەبی باوەڕمان بە هەموانیان هەبێ: کە پێغەمبەری خودانە. تەنها ئەوەندە هەیە بە یاسای ئیسلام، یاسای ئەوان لەکار کەوتوە، بەلام ئەو شەش ڕوکنەی ئیمان هەموو پێغەمبەران وەکو یەکتری بە ئوممەتیخۆیان ڕاگەیاندوە، کەوابوو: ئایینی هەموویان هەر یەکە، یاسایان جیایە.

(وَالْيَوْمِ الآخِرِ) پێنجەم ڕوکنیئیمان: باوەڕهێنانە بە ڕۆژی دوایی، کە لە مردنەوە دەست پێئەکا، ئینجا لە دوای مردن زیندوو ئەکرێنەوە، پاش ئەوەی ئەم دونیایە گشتی تێك ئەدرێ: بە فوو لێکردنی حەزرەتی ئیسرافیل، جارێکی تریش، فوو لە (صور) ئەکاتەوەو هەموو گیانلەبەرێك زیندوو ئەبێتەوەو بەرەو گۆڕەپانی مەحشەر ئەکەونە ڕێ، ئینجا پرسیارو وەلاممان لێئەکرێ. دەربارەی کردەوەی دونیا، ئینجا دەفتەری کردەوەمان –کە لە دونیا نووسراوە– دەماندرێتەوە، ئینجا چاکەو خراپە بە تەرازوو ئەکێشرێ: ئەگەر چاکەت گرانتر بوو ئەچیتە بەهەشت، ئەگەر خراپەت گرانتر بوو ئەچیتە جەهەننەم، ئینجا کە دادگای مەحشەر کۆتایی هات لە سەر جەهەننەم پردێك دائەندرێ: ئەبی هەموو کەس بە سەریدا تێپەڕێ، مرۆڤی چاك ڕزگاری ئەبێ، بەلام مرۆڤی خراپ لەوێ ئەکەوێتە خوارەوە بۆ ناو جەهەننەم، خوا بمانپارێزێ.

(وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ) شەشەم ڕوکنی ئیمان ئەوەیە: باوەڕ بهێنی بە قەزاو قەدەر: چاکە، یان خراپە. ئەی موسوڵمان: هەرچی لەم دونیایە ڕووئەدا: لە هەبوونی‌و هەژاریو خۆشیو مردن‌و کوشتن‌و غەمناکیو هەموو بەسەرهاتێکیتر، هەمووی بە ویست‌و زانستی خوا نووسراوەو کات‌و شوێن‌و چەندایەتیو چۆنیەتیی بۆ داندراوەو بەم جۆرە دێتە جێ. بەلام وا تێمەگە: کە ئەوها نووسراوە بە زۆر ئەو ئیشەت پێئەکەن، بەلکو خوا توانای چاکەو خراپەی داوەتە تۆ، بە کەیفی خۆتە، ئەگەر توانایەکەت لە چاکە بە کار بێنی، پاداشتت ئەدرێتێ، ئەگەر توانایەکەت لە خراپە بە کار بێنی سزا ئەدرێی.

ئینجا کە پێغەمبەرﷺ ئەو شەش ڕوکنانەی فەرموون (قَالَ: صَدَقْتَ) پیاوە نەناسراوەکە گوتی: ڕاست ئەکەی. (قَالَ) دیسان پیاوەکە گوتی: (فَأَخْبِرْنِي عَنِ الإِحْسَانِ) پێم بڵێ: چاکە چییە؟ (قَالَ) پێغەمبەرﷺ فەرمووی (أَنْ تَعْبُدَ اللهَ) چاکە ئەوەیە: خوا بپەرستی (كَأَنَّكَ تَرَاهُ) وەك بە چاو ببیبینی لە کاتیپەرستنیدا (فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ) جا ئەگەر نەتتوانی وەها

فَإِنَّهُ يَرَاكَ. قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ السَّاعَةِ؟ قَالَ ﷺ: مَا الْمَسْئُولُ عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ. قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنْ أَمَارَاتِهَا؟ قَالَ ﷺ: أَنْ تَلِدَ الأَمَةُ رَبَّتَهَا، وَأَنْ تَرَى الْحُفَاةَ الْعُرَاةَ الْعَالَةَ رِعَاءَ الشَّاءِ يَتَطَاوَلُونَ فِي الْبُنْيَانِ.

بپەرستی کە ئەتۆ خوا ئەبینی (فَإِنَّهُ يَرَاكَ) وا بپەرستە کە بێگومان خوا ئەتۆ ئەبینێ.
مەبەست ئەوەیە: ئەوەندە بە ترسو بە بێگەردی خوا بپەرستی: وەك لە بەرچاوت بێ، یان تەماشات بکا.
بۆ نموونە: کرێکارێك لە بەردەم وەستایەك کار بکا، بێگومان کە وەستایەکەی لە بەرچاو بێ باشتر کار ئەکا، هەروەها ئەگەر لە بەر چاویشی نەبێ، بەڵام چاودێریی بکا، دیسان ئیشەکەی هەر بە باشی ئەکا.
بزانـــە: پێغەمبەر ﷺ لە شەوی میعراج بە چاوی‌خۆی خوای‌گەورەی دیتـوە. هەروەها: هەموو خاوەن باوەڕێك لە بەهەشتدا بە چاوی‌خۆی خوای‌گەورەی ئەبینێ، خوای‌گەورە ئەفەرموێ: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾ چەند ڕوخسارێك لە ڕۆژی قیامەت ئەدرەوشێنەوەو تەماشای خوای خۆیان ئەکەن.
(قَالَ) دیسان پیاوەکە گوتی: (فَأَخْبِرْنِي عَنِ السَّاعَةِ) پێم بڵێ: کەینێ دونیا وێران ئەبێ؟
(قَالَ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی (مَا الْمَسْئُولُ عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ) ئەوەی پرسیاری لێ‌ئەکرێ زاناتر نیە لەوەی پرسیار ئەکا، چونکە پێنج شتی پەنهان‌و نەزاندراو هەنە تەنها خوا بە خۆی ئەیانزانێ، هەروەك فەرموویەتی: ﴿إِنَّ اللهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الأَرْحَامِ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَدًا وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ إِنَّ اللهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ لەم ئایەتە پیرۆزەدا پێنج شتی پەنهان‌و نەزاندراو هەنە جگە لە خودای گەورە کەس نایانزانێ: **یەکەم:** کاتی دونیا وێرانبوون. **دووەم:** کاتی هاتنی بارانی سودبەخش. **سێیەم:** بەسەرهاتی کۆرپەی ناو منداڵدانە. **چوارەم:** کەس نازانێ بەیانی چی ئەکا. **پێنجەم:** کەس نازانێ لە کوێ ئەمرێ.
(قَالَ) پیاوەکە گوتی (فَأَخْبِرْنِي عَنْ أَمَارَاتِهَا) پێم بڵێ: نیشانەکانی دونیا وێرانبوون چی‌یە؟
(قَالَ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی (أَنْ تَلِدَ الأَمَةُ رَبَّتَهَا) یەك لە نیشانەکان ئەوەیە: دایك ببێتە خزمەتکاری کیژەکەی خۆی، واتە: ئەوەندە بێ‌ڕێزی بڵاو ئەبێتەوە: کچ جوێن بە دایکی ئەداو فەرمانی بە سەردا ئەکاو خزمەتی‌خۆی پێ‌ئەکا (وَأَنْ تَرَى الْحُفَاةَ) نیشانەیەکی‌تر ئەوەیە: دەبینی پێ‌خواسەکان‌و (الْعُرَاةَ) بێ‌بەرگەکان‌و (الْعَالَةَ) هەژارەکان‌و (رِعَاءَ الشَّاءِ) شوانەکان (يَتَطَاوَلُونَ فِي الْبُنْيَانِ) هەموویان شانازی لە سەر یەکتری ئەکەن بە بەرزی‌و جوانی کۆشك‌و تەلارەکانیان، **مەبەست ئەوەیە:** ناکەس بەچەو لێنەهاتووەکان کاروباری خەڵکی ئەگرنە دەست‌و پیاوماقوڵان ئەکەونە ژێر دەستی ئەوان.

ثُــمَّ انْطَلَــقَ، فَلَبِثْــتُ مَلِيًّــا، ثُــمَّ قَــالَﷺ: يَــا عُمَــرُ أَتَــدْرِى مَــنِ السَّــائِلُ؟ قُلْتُ: اَللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَﷺ: فَإِنَّهُ جِبْرِيلُ أَتَاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِينَكُمْ ﴾ رواه مسلم.

جـا ئەوانــە تــەنها دوو نیشــانەی بچـووکی دونیــاوێرانبوونن، بــەڵام نیشــانەیتر زۆرن بـە تایبـەتی هــی گــەورە: وەك هــاتنی دەجـال، هاتنــەخوارەوەی عیســی پێغەمبــەرﷺ، گەڕانەوەی ڕۆژ لە لای ڕۆژئاواوە...هتد.

(ثُمَّ انْطَلَقَ) ئینجا پیاوەکە ڕۆیشت (فَلَبِثْتُ مَلِيًّا) ئیمامی(عومـەر) فـەرمووی: مـاوەی سـێ شـەو مامەوە، پاش ڕۆیشتنی پیاوەکە (ثُمَّ قَـالَ: يَـا عُمَـرُ) ئینجـا چـوومەوە خزمـەت پێغەمبـەرﷺو فەرمووی: ئەی عومەر (أَتَدْرِى مَنِ السَّائِلُ؟) ئایا ئەزانی ئەوە کێ بوو پرسیاری لێکردم؟ (قُلْتُ) منیش گوتم (اَللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَـمُ) خـواو پێغەمبـەری خـواﷺ زانـاترن‌و ئـەزانن، من نـازانم (قَـالَ) پێغەمبەرﷺ فەرمووی (فَإِنَّهُ جِبْرِيلُ) ئـەوە (جوبرائیـل) بـوو، کـە فریشـتەیەکی خوایـە (أَتَـاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِينَكُمْ) هاتبو فێری ئایینیپیرۆزی ئیسلامتان بکا، تا بزانن چۆن پرسیاری ئایینی بکـەن (رواه مسلم) ئەم حەدیسە ئیمامی (موسلیم) گێڕاویەتیەوە.

جا بزانە: (٢٤٠٠٠) بیست‌وچوار هەزار جار حەزرەتی (جوبرائیل) هاتوتە لای پێغەمبەرﷺ.

هەروەها: لەو حەدیسەدا بۆمـان دەرئەکـەوێ: کـە پرسـیاری ئـایینی پێویسـتە لـە سـەر پیـاوی نەزان، هەروەها: سەحابەی پێغەمبـەرﷺ حـەزرەتی جوبرائیلیـان لـە سـەر شـێوەی ئـادەمیزاد بینیوە، چونکە لە سەر شێوەی فریشتەیی جگە لە پێغەمبەرﷺ هیچ کەس ناتوانێ ببینێ.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (لاَإِلَهَ إِلاَّاللهُ): پـێی ئـەگوترێ ووشـەی یەکخواپـەرستی (كَلِمَـةُ التَّوْحِيـدْ) چـونکە واتـەی (لاَإِلَهَ): هیچ پـەروەردگارێك‌و هیچ پـەرستراوێك‌و هیچ دادوەرێك نیە (إِلاَّاللهُ): تـەنها زاتـی (اَللهُ) نەبێ، واتە: هاوبەشی نیە.

٢- (مُحَمَّدٌ رَّسُولُ اللهِ): ووشەی دانهێنانە بە پێغەمبەرایـەتی حـەزرەتی (مُحَمَّدﷺ)، واتـە: باوەڕکردن بە هەر شتێکی ئەو لە لای خوداوە بە ئێمەی ڕاگەیاندوە.

٣- (أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ): باوەڕت هەبێ بە هەبوونی خوا: بە (رُبُوبِيَّة)=پەروەردگاریەتی خوا، بـە (أُلُوهِيَّة)=خوایەتی خـوا، واتـە: هـەر ئـەو خودایە (مَعْبُـود)=پەرسـتراوە، هـەر ئـەو خوایـە (حـاكِمْ)=دادوەرە، کەسـیتر مـاف پەرسـتن‌و دادڕەوایـی نیـە، خـوای گـەورە ئەفـەرموێ: ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلَّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُوا إِلاَّ إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَـيِّمُ﴾، واتـە: دادڕەوایـی=(حاكِمِيَّـة) تــەنها مــاف (اَللهُ)یــە، فــەرمانی داوە: جگــە لــە خــۆی هــیچ کەســیتر نەپەرسـتن‌و بە دادوەر=(حاکم)ی دانەنێن، ئەم بیروباوەڕە ئایینی ڕاستەقینەیە.

٤- (مَاالْمَسْئُولُ عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِــنَ السَّــائِلِ): بەڵگەیـە: کەفالچی‌و هەوالگۆیـەکانی پـەنهانی گشتیان درۆزنـن، پێغەمبـەرﷺ ئەفـەرموێ: ﴿مَنْ أَتَى عَرَّافاً أَوْ كاهناً فَصَدَّقَهُ بِما يَقُولُ فَقَـدْ

(اَلْحَديثُ الثّالث: في أَرْكانِ الإِسْلاَمِ)

﴿عَنْ أَبِيعبدالرّحمن عبدالله بن عُمَرَ بن الْخَطَّاب رضى الله عنهما، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُــولَ اللهِﷺ يَقُولُ: بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ: شَــهَادَةِ أَنْ لاَّإِلَــهَ إِلاَّاللهُ وَأَنَّ مُحَمَّــدًا رَّسُــولُ اللهِ، وَإِقَامِ الصَّلاَةِ،

كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّــدٍﷺ﴾ رواهُ أحمد، واتـه: هەركەسێك بچێتە لای فالچیەك، یان هەوالگۆیەكی پەنهانی، باوەڕیشی پێكرد، بە ڕاستی ئـەوە كـوفری كـرد بـەو قورئانـەی بـۆ پێغەمبەرﷺ هاتۆتە خوارەوە.

٥- (يُعَلِّمُكُمْ دِينَكُمْ): پێغەمبەرﷺ هەر كاتێك مامۆستای بۆ شـوێنێك ناردبـان بـۆ بانگـەوازی ئیسلامو شەرع فێركردن، پێی ئەفـەرمون: ﴿يَسِّرُوا وَلاَ تُعَسِّــرُوا، وَبَشِّــرُوا وَلاَ تُنَفِّــرُوا﴾ رواه الشیخان، لە ئاییندا ڕێگەی سووكترو ئاسان بگرنەبەر- بە مەرجێ لە سنوور دەرنەچـێ- ڕێگای سەخت مەگرنە بەر، موژدە بدەنە خەڵك بە بەختەوەری دونیاو قیامەت، ئەم خەڵكە لە ئایین دوور مەخەنەوەو توندو تیژی بە كار مەهێنن.

﴿ حەدیسی سێیەم: پێنج ڕوكنەكانی ئیسلام (بناغە)﴾

(عَنْ أَبِيعبدالرّحمن عبدالله بن عُمَرَ بنِ الْخَطَّاب رضى الله عنهما) گێڕدراوەتەوە لە (عبدالله)ی كـوڕی ئیمامی (عومەر) خوا لێیان ڕازی بێ، سـەحابەیەو -یەكێكـە لـەو چـوار (عبـدالله)یانـە، كـە پێیـان ئـەگوترا: (اَلْعَبادِلَةُالأَرْبَعَة). **دووەمیـان:** (عبـدالله)ی كـوڕی (عـەباس). **سـێیەم:** (عبـدالله)ی كوڕی (زوبەیر). **چوارەم:** (عبدالله)ی كـوڕی (عـەمر)ی كـوڕی (عـاص)، خوا لێیان ڕازی بێ.- لـە (مَكَّة) لە دایك بوو، لەگەڵ باوكی‌دا كۆچی كرد بۆ (مەدینـە)، مـاوەی شەسـت سـاڵ فتـوای داوە، (١٦٣٠) حەدیســی گێڕاونــەوە، لــە تەمــەنی (٨٦) ســاڵی‌دا لــە (مَكَّــة) ســاڵی (٧٣)ی‌كۆچی، وەفاتی كردوە.

(قَالَ) ئەفەرموێ: (سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِﷺ) گوێم لە پێغەمبەرﷺ بوو (يَقُولُ: بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَـى خَمْسٍ) ئەیفەرموو: ئایینی ئیسلام دامەزراوە لە سەر پێنج بناغە، پێیان ئەگوترێ: ڕوكن.

یەكەمیان: (شَهَادَةِ أَنْ لاَإِلَهَ إِلاَّاللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ) شادە هێنانە بەو جۆرەی گوتمـان لـە حەدیسی (٢)مدا، ئەم شادەیە پێویستە كافر بیڵێ كە موسوڵمان ئەبێو ئەگەر موسـوڵمانیش كافر بوو: ئەبێ دووبارە شادە بێنێ بۆ ئەوەی ئیسلام ببێتەوە.

دووەم: (وَإِقَامِ الصَّلاَةِ) نوێژكردنە، چونكە نوێژی تەواو لە كـردەوەی خـراپ قەدەغـەی ئـەكا، كەوابوو: مەرجە نوێژەكە: بە دەستنوێژ بێ، جلو بەرگو شـوێنی نوێـژت پـاك بـێ، ڕووت لـە قیبلە بێ، بێ‌جموجۆڵو پێكەنین بەو گفتوگۆ مەكە، فاتیحـەو تـەحیات بـە پـوختیو ڕەوانـی بخوێنەو، سوجدەو ڕكوعت تەواو بێ، ئەگەر ئەوها نەبێ نوێژەكەت دروست نیە.

وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَحَجِّ الْبَيْتِ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ﴾ رواهُ الْبخاري ومُسْلم.

سێیەم: (وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ) زەکات دانە، چونکە بە زەکات دان ئاشتی لە ناو کۆمەڵدا جێگیر ئەبێ، کەوابوو: زەکات بدە بە هەژارو قەرزدارو موجاهیدانی ڕێگای خوداو چەند کەسێکی تر کە لە شەریعەتی‌ئیسلام باسیان کراوە، ئەگەر تا ئێستا زەکاتت نەداوە، ئەبی پەشیمان ببیتەوە لەو تاوانەو زەکاتەکەت هەموو بدەیەوە، چونکە ماف فەقیرە.

چوارەم: (وَحَجِّ البَيْتِ) حەج کردنە، ئەمەیان ڕوکنی پێنجەمە، بەڵام لەم ڕیوایەتەدا کراوە بە چوارەم، جا ئەبی حەج کردنت بە ماڵی حەڵاڵ بێ، تەنها بەنیازی خودا بچیتە حەج، ئەبی چوونە ماڵی‌خودا ببێتە هۆی پەشیمانبوونەوەت لە تاوانەکانت، جا کە لە حەج کردن ئەگەڕێیەوە، وەك منداڵی ساوا بێ‌گوناهی، کەوابوو: دیسان باری خۆت گران مەکە بە گوناه کردن.

پێنجەم: (وَصَوْمِ رَمَضَانَ) بەڕۆژووبوونی مانگی‌ڕەمەزانە، ڕۆژووگرتن لە نەخۆشی دوورت ئەخاتەوە، پاداشی زۆرت لە لای خوا بۆ دابین ئەکا، جگە لەمەش کە خۆت برسی بوی، بەزەییت بە هەژارو لێقەوماواندا دێتو ئەزانی هەبوونی چەند خۆشەو نەبوونی چەند ناخۆشە (رواهُ البخاري ومُسْلم) ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم) گێڕاویەتیانەوە.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (شَهَادَةِ أَنْ لاَّإِلَهَ إِلاَّاللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًارَّسُولُ اللهِ): هەر کەسێك بە زوبان ئەم شادەیە بێنێو هاوبەش بۆ خوا دانەنێ، نە بە زوبان، نە بە کردەوە کوفر نەکا، ئەوە بە موسوڵمان دائەندرێ، هەروەها ئەگەر شادەی نەهێنا، بەڵام لە نەژادی ئەودا: باوکێکی‌موسوڵمان، یان دایکێکی‌موسوڵمان هەبوو، ئەویش بە موسوڵمان دائەندرێ. بڕوانە (شرح مسلم للنواوي).

٢- (وَإِقَامِ الصَّلاَةِ): نوێژ لە شەوی (میعراج) واجب کراوە، ڕوکنی‌دووەمی ئیسلامە، کەوابوو: هەرکەسێك نوێژێك، یان زیاتر لە نوێژێکی نەکرد، واجبە قەزای بکاتەوە، هیچ جیاوازی نیە، ئەم نوێژەی بە قەسدیو تەمبەڵی نەکردبێ، یان بە هۆی نوستن، یان بە هۆی خەریکبوون بە کارێکی‌تر نەیکردبێ ﴿عَنْ عَلِيّ رضي الله عنه: أَنَّهُ شُغِلَ النَّبِيُّ ﷺ عَنْ صَلاَةِ الْعَصْرِ يَوْمَ الأَحْـزابِ، ثُـمَّ صَلاَّها بَيْنَ الْعشائَيْنِ﴾ رواه الشيخان، پێغەمبەرﷺ لە جەنگی (خندق) ماوەیان نەدایێ نوێژی عەسر بکا، ئینجا لە نێوان مەغریبو عیشادا نوێژەکەی کرد.

٣- (وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ): زەکات ڕوکنی‌سێیەمی ئیسلامە لە ساڵی (٢)ی کۆچی واجب کراوە، کەوابوو: ئەگەر کەسێك زەکاتی لە سەر واجب بوو و نەیدا، ئەبی تۆبە بکاو زەکاتەکەش هەر بدا، جا ئەگەر هاتو نەیداو مرد، واجبە میراتگرەکان پێش دابەشکردنی میرات زەکاتەکە دەربکەن وەك قەرزەکانی‌تری ئادەمیزاد، ئەگینا: میراتەکەیان لێ‌حەڕامە،

(اَلْحَدِيثُ الرّابِع: فِي مَراحِلِ خَلْقِ الإِنْسانِ)

﴿ عَنْ أَبِي عَبْدالرَّحْمَن عَبْدِاللهِ بن مَسْعُود رضي الله عنه قالَ: حَدَّثَنا رَسُولُ اللهِ ﷺ وَهُوَ الصّادِقُ الْمَصْدُوقُ: إِنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا –نُطْفَةً–، ثُمَّ يَكُونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ يَكُونُ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِكَ،

هەروەك پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿دَيْنُ اللهِ أَحَقُّ أَنْ يُقْضَى﴾ رواهُ الشيخان، واتە: قەرزی خوا لەپێشترە كە بدرێتەوە.

٤- (وَصَوْمِ رَمَضَانَ): ڕۆژووی ڕەمەزان لە ساڵی (٢)ی كۆچیدا واجب كراوە، ڕوكنی چوارەمی ئیسلامە كەوابوو: هەركەسێك ڕۆژووی نەگرتبو، ئەبی قەزایان بكاتەوە، ئەگەر قەزای نەكردەوەو مرد، دروستە خزمێكیخۆی، یان كەسێكیتر بە ئیزنیخزمەكەی بۆی قەزا بكاتەوە، پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ صِيامٌ، صامَ عَنْهُ وَلِيُّهُ﴾ رواهُ الشيخان، هەركەسێك ڕۆژووی لە سەر بون‌و مرد، با خزمەكەی لە جیاتی وی بە ڕۆژوو ببێ.

٥- (وَحَجِّ الْبَيْتِ): حەج پێنجەمین ڕوكنی ئیسلامە، لە ساڵی (٦)ی كۆچیدا واجب كراوە، كەوابوو: هەركەسێك حەجی لە سەر بوو و نەیكردو مرد، واجبە لە میراتەكەی حەجی بۆ بكرێ، پێغەمبەر ﷺ بە پیاوێكی فەرموو: ﴿أُحْجُجْ عَنْ أَبِيكَ﴾ رواهُ النسائي، لەجیاتی باوكە مردووەكەت حەج بكە.

﴿ حەدیسی چوارەم: قۆناغەكانی دروستبوونی ئادەمیزاد ﴾

(عَنْ أَبِي عَبْدالرَّحْمَن عَبْدِاللهِ بن مَسْعُود رضي الله عنه) گێردراوەتەوە لە (عبدالله)ی كوڕی مەسعود، خوا لێی ڕازی بێ، ئەم (عبدالله)یەش سەحابەیە، شەشەمین كەس بوو كە لە (مەككە)ی پیرۆز موسوڵمان بووە، كۆچی كرد بۆ مەدینە، هەر لەوێ لە ساڵی (٣٢)ی كۆچی وەفاتی كردوە، تەمەنی لە شەست ساڵ زیاتر بوو، لە لای پێغەمبەر ﷺ، زۆر خۆشەویست بوو، لە خزمەتیا ئەڕۆیشت‌و لە كاتیدانیشتنیا كەوشەكانی بۆ هەڵئەگرتن، (٨٤٨) حەدیسی گێڕاونەوە.

(قالَ) عبدالله ی كوڕی مەسعود ئەفەرموێ: (حَدَّثَنا رَسُولُ اللهِ ﷺ) پێغەمبەر ﷺ بۆ ئێمەی فەرموو (وَهُوَ الصّادِقُ) پێغەمبەر ﷺ ڕاستگۆیە لە فەرموودەكانیخۆی، هەم (الْمَصْدُوقُ) باوەڕ پێكراوە لەو فەرموودانەی لە لای خوا بۆی دێن:

(إِنَّ أَحَدَكُمْ) هەر یەكێك لە ئێوە (يُجْمَعُ خَلْقُهُ) خوا دروستی ئەكاو كۆی ئەكاتەوە (فِي بَطْنِ أُمِّهِ) لە ناو زگی دایكیخۆیدا (أَرْبَعِينَ يَوْمًا نُطْفَةً) بە ماوەی چل ڕۆژ –كە كرمی ئاوی پیاوەكە تێكەڵ بە هێلكۆكەی ئافرەت ئەبێ– بە شێوەی (مَنِي) ئەمێنێتەوە.

(ثُمَّ يَكُونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِكَ) ئینجا دەبێتە پارچە خوێنێكی مەیی بۆ ماوەی چل ڕۆژیتر

(ثُمَّ يَكُونُ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِكَ) ئینجا دەبێتە پارچە گۆشتێك بۆ ماوەی چل ڕۆژیتر.

ثُمَّ يُرْسَلُ إِلَيْهِ الْمَلَكُ فَيَنْفُخُ فِيهِ الرُّوحَ، وَيُؤْمَرُ بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ: يَكْتُبُ رِزْقَهُ، وَأَجَلَهُ، وَعَمَلَهُ، وَشَقِيٌّ أَوْ سَعِيدٌ، فَوَاللهِ الَّذِي لاَ إِلَهَ غَيْرُهُ، إِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلاَّ ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ فَيَدْخُلُها، وَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلاَّ ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَيَدْخُلُها ﴾

(ثُمَّ يُرْسَلُ إِلَيْهِ الْمَلَكُ) ئینجا خوا فریشتەیەکی تایبەتی ئەنێرێ بۆ منداڵدانە (فَيَنْفُخُ فِيهِ الرُّوحَ) گیان دێنێتە بەر کۆرپەکە.

بزانە: لە دوای چلو دوو ڕۆژ نەخشی ئاشکرای منداڵ دەست پێئەکرێو لە دوای (١٢٠) ڕۆژ گیانی دێتە بەر و نەخشی تەواو ئەبێ.

(وَيُؤْمَرُ بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ) هەر لەم کاتەش خوای گەورە فەرمان ئەداتە فریشتەکە بە نووسینی چوار ووشە لە نێوچاوانی کۆرپەکە:

یەکەم: (يَكْتُبُ رِزْقَهُ) کەمو زۆریی ڕزقی چەندەو چۆنە؟ **دووەم:** (وَأَجَلَهُ) تەمەنی چەندە؟. **سێیەم:** (وَعَمَلَهُ) کردەوەی باشە، یان خراپە؟. **چوارەم:** (وَشَقِيٌّ أَوْ سَعِيدٌ) ئایا لە ڕۆژی دوایی‌دا بەدبەختە یان بەختەوەرە.

﴿**ئاگاداری**﴾ دەرمان خواردن بۆ فرێدانی کۆرپەی ناو زگ لە دوای چلو دوو ڕۆژ حەرامە، بەڵام ئەگەر نەخشی تەواو بوو، یان گەیشتە سەدو بیست ڕۆژ، ئەوە زیاتر حەرامەو ئەبێتە کوشتنی بە ناهەقو ئەبی تۆڵەی بداو کەففارەتیش بدا، واتە: کۆیلەیەک ئازاد بکا، ئەگەر نەبو: ئەبی دوو مانگ لە سەر یەکدا بە ڕۆژوو بێ. **هەروەها:** دەرمان خواردن بۆ نەبوونی منداڵ بە یەکجاری حەرامە، بەڵام بۆ ماوەیەک بە پێی پێویستی دروستە.

(فَوَاللهِ الَّذِي لاَ إِلَهَ غَيْرُهُ) پێغەمبەرﷺ فەرمووی: سوێندم بە خودای تاکو تەنیا (إِنَّ أَحَدَكُمْ) هی وا هەیە لە ئێوە (لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ) کارو ڕەفتاری وەک کردەوەی دانیشتووانی بەهەشت وایە (حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلاَّ ذِرَاعٌ) تا وەها لە بەهەشت نزیک ئەبێتەوە ئەوەندەی نامێنێ بچێتە ناو بەهەشت (فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ) نووسراوەکەی ناو زگی دایکی پێشی لێئەگرێ (فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ) لە دوایی‌دا دەست ئەکا بە کارو ڕەفتاری دۆزەخیانە (فَيَدْخُلُها) ئەچێتە ناو ئاگری دۆزەخ. کەوابوو: بە زۆری خواپەرستی خۆت لە خۆ بایی مەبە.

(وَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ) هی واش هەیە: کردەوەی وەک دانیشتووانی دۆزەخ وایە (حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلاَّ ذِرَاعٌ) تا وەها لە ئاگر نزیک ئەبێتەوە ئەوەندەی نامێنێ بچێتە ناو دۆزەخ (فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ) نووسراوەکەی ناو زگی‌دایکی پێشی لێئەگرێ (فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ) لە دوایی‌دا دەست بە کردەوەی بەهەشتیانە دەکا (فَيَدْخُلُها)

ئەچێتە بەهەشت (رواهُ البخاری ومُسْلِم) ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم) گێراویەتیانەوە، بەڵام لەم دووانەدا وشەی (نُطْفَة) نیە، بەڵکو لە ڕیوایەتی (أبوعوانة)دا هەیە.

جا وا دیارە: هی وەهاش هەیە لە یەکەم ڕۆژدا تا مردنی هەر کردەوەی بەهەشتیانە ئەکاو بە پێچەوانەش هەیە، لە بەر ئەوە هەندێ لە زانایان ئەفەرموون: بەدبەختیو دوارۆژی خراپ بۆ کەسێکە: بەردەوام بێ لە سەر کردەوەی خراپ، ئەگەر کەسێك بەردەوام بێ لە سەر کردەوەی باشو بەردەوام نەبێ لە سەر خراپە، ئەمە دوارۆژی باش ئەبێ.

بە هەر جۆرێك: قەزاو قەدەر نهێنییەکی تایبەتە بە خوا، پەردەی لە سەر ئەو نهێنییە لانەداوە بۆ هیچ کەس، کەوابوو: باوەڕی پێ بهێنەو زیاتر لێی مەکۆڵەوە، چونکە شەیتان پێت ئەڵێ: ئەگەر چارەنووسی تۆ بۆ بەهەشت، یان جەهەننەم بێ، ماندووبوونت بۆ چییە؟ خوا بپەرستی، یان نەیپەرستی هەر دەچیتە ئەو شوێنەی بۆت دانراوە. بەڵام پێویستە تۆ زۆر هۆشیار بیو بە قسەی شەیتان فریو نەخۆی، هەردەم کردەوەی چاکە بکە، ئەگەر تا ئێستا خراپەت کردوە پەشیمان ببەوەو دەست بە چاکە بکە.

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ﴿**هەموو کەس شوێنی بۆ داندراوە لە بەهەشت، یان لە جەهەننەم**). پیاوێك پرسی –یا رَسُولَ اللهﷺ– کەوابوو: بۆ پاڵ نەدەینەوەو واز نەهێنین؟ لە وەڵامدا فەرمووی: (**ئێوە دەست بە کار بن، هەرکەسە ئەو ڕێگایەی بۆ ئاسان ئەکرێ کە بۆی دروست کراوە)**﴾.

ئینجا بزانە: بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیا ببی: کە چاکەو خراپە دراوەتە دەست مرۆڤ، ئەم حەدیسە ئەخەینە بەرچاوت: ﴿عَنْ عیاضٍ رضي الله عنه: قالَ النَّبيﷺ فیما یَرْویه عَنِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ: إِنِّی خَلَقْتُ عِبادِی حُنَفاءَ كُلَّهُمْ، وَإِنَّهُمْ أَتَتْهُمُ الشَّیاطِینُ فَاجْتالَتْهُم عَنْ دِینِهِمْ﴾ رَواهُ مُسْلِم، واتە: خوای گەورە ئەفەرموێ: من بەندەکانی خۆم لە سەر دڵێکی پاكو ئیسلام وەرگر دروست کردون، گومڕایان هاتنە لایانو لە ئایین لایاندان، واتە: بە هۆی شوێنکەوتنی ئەوان گومڕا بون.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١– (یُجْمَعُ خَلْقُهُ فِی بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِینَ یَوْمًا): **بزانە:** ئەم حەدیسە باسی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆرپەی ناو زگ دەکا، چونکە دروستکردنی کۆرپە، هەر لە چل ڕۆژەکەی یەکەمدا تەواو ئەبێ، بەم شێوەیە:

هەر کاتێك ئاوی پیاو چووە ناو منداڵدانەی ئافرەت، بە لای کەمی پێویستی بە شەش سەعات هەیە تا کرمی ناو ئاویپیاوەکە تێکەڵی هێلکۆکەیئافرەتەکە ئەبێ، ئینجا کە تێکەڵ بوو، لە دوای حەفت ڕۆژ دروستکردنی دەست پێئەکرێو دەرئەکەوێ ئافرەتەکە

ئاوسه، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إنّ اللهَ تعالَى إذَا أرادَ خَلْقَ عَبْدٍ فَجامَعَ الرَّجُلُ الْمَرْأةَ طَارَ ماؤُهُ فِي كُلِّ عِرْقٍ وَعُضْوٍ مِنْهَا، فَإذا كانَ الْيَوْمُ السَّابِعُ جَمَعَهُ اللهُ تَعالَى، ثُمَّ أَحْضَرَهُ كُلَّ عِرْقٍ لَهُ دُونَ آدَمَ، فِي أَيِّ صُورَةٍ مَّا شاءَ رَكَّبَهُ﴾ رواه الطبراني وابن منده، هەر کاتێك خوای گەورە ویستی بەندەیەك دروست بکا، پیاوەکەش لەگەڵ ئافرەتەکەدا جیماعی کرد، تامی ئاوی پیاوەکە ئەپرژێتە گشت دەمارو ئەندامەکانی ئافرەتەکە، ئینجا لە ڕۆژی حەفتەمدا خوای گەورە کۆی ئەکاتەوەو گشت دەمارەکانی بۆ ئامادە ئەکا: لە نێوان خۆیو باب ئادەم، لە هەر وێنەیەکدا خوا حەز بکا دروستی دەکا.

واتە: لە ڕۆژی حەفتەمدا—لەو دەمارانە— دەمارێك بۆ خۆی ڕایئەکێشێو شێوەی خاوەنیدەمارەکە وەرئەگرێو وێیدەچێ.

ئینجا بەرە بەرە ئەم دەمارە پەنهانانە خوێنی ئافرەتەکە هەڵئەمژن، تا لە ڕۆژی پانزەمدا ئەبێتە خوێن، ئینجا لە دوای نۆ ڕۆژیتر ئەبێتە گۆشتو نەخشی پەنهانی دڵو ئەندامەکانیتری دەست پێئەکا، ئینجا بە تەواوبوونی چلو دوو شەو نەخشی ئاشکرای ئەندامەکانی دەست پێئەکرێ، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إذا مَرَّ بالنُّطْفَة ثِنْتَان وَأَرْبَعُونَ لَيْلَةً بَعَثَ اللهُ إلَيْهَا مَلَكاً فَصَوَّرَهَا: وَخَلَقَ سَمْعَهَا وَبَصَرَهَا وَجِلْدَهَا وَلَحْمَهَا وَعِظَامَهَا﴾ رواهُ مُسْلِم، هەر کاتێك چلو دوو شەو بە سەر تۆوی پیاودا ڕۆیشت لە ناو منداڵدانەدا، خوای گەورە فریشتەیەکی بۆ ئەنێرێ نەخشی ئەکا: گوێو چاو و پێستەو گۆشتو ئێسقانی دروست ئەکا.

ئینجا بزانە: لەم سێ قۆناغەدا: کۆرپە ژیانی هەیە، بەڵام تا (١٢٠) ڕۆژ تەواو نەبێ: گیانی نایەتە ناو لاشەکەیو ناجوڵێ، ئینجا پێویستە: کۆرپە لە ناو زگیدایکیدا بە لای کەمی شەش مانگ تەواو بکا، ئینجا بێتە دەرەوە، تاکو بژێ.

دەربارەی ئەم قۆناغانە خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿يَخْلُقُكُمْ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ خَلْقًا مِنْ بَعْدِ خَلْقٍ فِي ظُلُمَاتٍ ثَلاثٍ﴾ خوای گەورە دروستتان ئەکا لە ناو زگی دایکتاندا، قۆناغ بە قۆناغ لە ناو سێ تاریکیدا، واتە: تاریکی پەردەیزگ، پەردەیمنداڵدانە، پەردەی پزدان=وڵاش —کە بە دوای منداڵبووندا دێتە دەرەوە—﴿فَتَبَارَكَ اللهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ﴾.

٢- (فَيَنْفُخُ فِيهِ الرُّوحَ): **بزانە:** منداڵی لەبارچوو، ئەگەر لە کاتی هاتنە دەرەوە گیانی تێدا بوو، واجبە بشۆرێو کفن بکرێو نوێژی مردووی لە سەر بکرێو بنێژرێ، بەڵام ئەگەر گیانی تێدا نەبو، واتە: بە مردوویی هاتە دەرەوە، ئەوە تەنها نوێژی لە سەر ناکرێ، سێیەکانیتر واجبن، هەروەها ئەگەر پارچە خوێن بوو، یان پارچە گۆشت بوو، بەڵام نەخشی ئاشکرای دیار نەبو: سوننەتە لە ناو پەڕۆیەکدا بپێچرێو ژێر خاك بکرێ.

جا بزانە: ئەگەر منداڵ بە زیندوویی نەیەتە دەرەوە: نە میرات ئەگرێ، نەمیراتی لێئەگیرێ.

(اَلْحَديثُ الْخامس: في تَرْكِ الْبِدْعَة)

﴿ عَنْ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ أُمِّ عَبْدِاللهِ عَائِشَةَ رضي الله عنها، قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ ﴾ رواهُ البخاري ومُسْلِم، وَفِي رِوايَةٍ لِمُسْلِم: ﴿ مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ ﴾.

﴿ حەدیسی پێنجەم: نەکردنی بیدعە ﴾

(عَنْ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ أُمِّ عَبْدِاللهِ عَائِشَةَ رضي الله عنها) گێڕدراوەتەوە لە دایکیئیمانداران کە ناوی (عائشە)یە، کیژی حەزرەتی (ئەبوبەکر)ی صدیق بوو-خوا لێیان ڕازی بێ- بۆیێ پێی ئەگوترێ: دایکیئیمانداران. چونکە خێزانی پێغەمبەرﷺ بوو، لە (مەککە) لە دایك بووە، هەر لەوێ لە تەمەنی شەش ساڵیدا باوکی لە پێغەمبەریﷺ مارە کردوە، ئینجا کۆچی کردوە بۆ (مەدینە)، لە ساڵی دووی کۆچی کە تەمەنی بووە نۆ ساڵ گواستراوە بۆ پێغەمبەرﷺ، هیچ منداڵی نەبوە، لە دوای پێغەمبەرﷺ چل ساڵ ژیاوە، لە (مەدینە) کۆچی دوایی کردوە، (١٢١٠) حەدیسی گێڕاونەوە.

(قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ) ئەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی (مَنْ أَحْدَثَ) هەرکەسێك لەخۆیەوە زیادەیەك پەیدا بکا (فِي أَمْرِنَا هَذَا) لە کاروباری ئێمە: کە ئایینیئیسلامە (مَا لَيْسَ مِنْهُ) ئەو شتە زیادە بەڵگەی وەهای نەبێ، کە پەیوەندی بە ئایینەوە هەبێ (فَهُوَ رَدٌّ) ئەوە لێی وەرناگیرێو ئەدرێتەوە بە سەریا، هەم سزاش ئەدرێ، کەوابوو: هەر شتێکیئایینی کە دەکرێ: بە فەرمانی خواو پێغەمبەرﷺ نەبێو لە سەر بناغەی قورئانو حەدیس نەبێ، ئەوە خوا وەریناگرێ (رواهُ البخاري ومُسْلِم) ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم) گێڕاویەتیانەوە.

(وَفِي رِوايَةٍ لِمُسْلِم) لە ڕێگەیەکیتری (موسلیم) بەم جۆرەیە: فەرموویەتی (مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ) هەرکەسێك کردەوەیەکیئایینی بکا کە بە فەرمانی ئێمە نەبێ، ئەوە لێی وەرناگیرێو ئەدرێتەوە بە سەریا.

بۆ نموونە: ئەگەر لە کاتێکیتایبەتیدا نوێژێك بکەی کە لە شەرعدا نەبێ، یان هەر جۆرە خواپەرستیەکیتر بکەی لە شەرعدا نەبێ، یان شێوەی خواپەرستی بگۆڕی بۆ شێوەیەکیتر، یان کەمی بکەی، یان زیادی بکەی، ئەوە هیچیت لێوەرناگیرێو لە لایخوا بە تاوانبار دائەندرێی، بەڵام ئەو شتە زیادەیە لە ئایینداا: ئەگەر بە ڕێگەیەکیشەرعی بوو: ئەمە باشەو خوا وەریئەگرێ، هەروەك لە حەدیسی (٢٨)دا باسی ئەکەین-إن شاء الله- کە ڕوونکەرەوەی ئەم حەدیسەیە.

ئینجا بزانە: پێغەمبەرﷺ ئێمەی ئاگادار کردۆتەوە کە بە هۆی کام ڕێباز تووشی گومڕایی ئەبینو لە ئایینیئیسلام دوور ئەکەوینەوە، بەم فەرموودە شیرینە: ﴿عَنْ أَبِي سَعِيدٍ رضي الله عنه:

عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: لَتَتَّبِعُنَّ سُنَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ شِبْرًا بِشِبْرٍ ذِرَاعًا بِذِرَاعٍ حَتَّى لَوْ دَخَلُوا فِي جُحْرِ ضَبٍّ لَاتَّبَعْتُمُوهُمْ. قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ آلْيَهُودَ وَالنَّصَارَى؟ قَالَ: فَمَنْ؟﴾ رواهُ الشيخان، واته: ئێوه به شوێن ڕەوشتی ئەوانەی پێشە خۆتان ئەکەون‌و ڕێبازی ئەوان ئەگرنە بەر، بست بە بست‌و گەز بە گەز، ئەگەر ئەوان بچنە ناو کونی سوسە مار، ئێوەش بە شوێنیاندا ئەچن، گوتمان: ئەی پێغەمبەری خوا، مەبەستت ئەوەیە: کە ئێمە شوێن جولەکەو دیانەکان=فەلە ئەکەوین؟ فەرمووی: ئەدی کەسی‌تر هەیە؟ واتە: مەبەستم ئەوانە.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا، مَا لَيْسَ مِنْهُ): ئیمامی(الشافعي)ﷺ ئەفەرموێ: (**مَا أُحْدِثَ وَخَالَفَ كِتَاباً أَوْ سُنَّةً أَوْ إِجْمَاعاً أَوْ أَثَراً، فَهُوَ الْبِدْعَةُ الضَّالَّةُ، وَمَا أُحْدِثَ مِنَ الْخَيْرِ وَلَمْ يُخَالِفْ شَيْئاً مِنْ ذَلِكَ فَهُوَ الْبِدْعَةُ الْمَحْمُودَةُ**)، هەر شتێك لە ئاییندا پەیدا بکرێ‌و دژایەتی‌ی لەگەڵ قورئان، یان حەدیس، یان ئیجماع، یان فەرموودەیەکی سەحابەکان هەبێ، ئەوە (بدعة)ی گومڕا (قَبِيحَة)یە، وە هەر کارێکی چاکە پەیدا بکرێ‌و دژایەتی لەگەڵ ئەم چوارانە نەبێ، ئەوە (بدعة)ی باشە (حَسَنَة)یە.

هەروەها ئیمامی (النواوي)ش لە (تهذيب الأسماء واللغاة)دا ئەفەرموێ: (الْبِدْعَةُ الْحَسَنَةُ) هەیە، (الْبِدْعَةُ الْقَبِيحَةُ)ش هەیە. واتە: هەر شتێك لە دوای چەرخی پێغەمبەرﷺو سەحابە پەیدا بکرێ، یەکێکە لەم دوو (بدعة) یە.

٢- (لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا): مەبەست فەرمانی خواو پێغەمبەرەﷺ، چونکە پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ خَيْرَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍﷺ، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ﴾ رواهُ مُسْلِم، باشترین فەرموودە: قورئانی پیرۆزە، باشترین ڕێگە: ڕێبازی پێغەمبەرەﷺ، خراپترین کار: پەیداکراوەکانن لە ئایین، گشت کارێکی‌پەیداکراو بیدعەیە، گشت بیدعەیەکیش گومڕابوونە. کەوابوو: مەبەست بە (بدعة) ئەوەیە: لە سەردەمی پێغەمبەرﷺو سەحابەکانی‌دا نەبوبێ.

٣- (كُلُّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ) بە ڕستەی (لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا) ئەبەسترێتەوە، تاکو بتوانین بڵێین: چاپکردنی قورئان هەرچەند (بدعة)یە-چونکە تازە پەیدا کراوە- بەڵام (بِدْعَة حسنَة)یە چونکە کارێکی چاکەو ئەچێتە ژێر فەرمانی پێغەمبەرﷺ کە ئەفەرموێ: ﴿بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً﴾ رواهُ البخاري، لە جیاتی من بگەیننە ئوممەتم هەرچەند یەك ئایەتیش بێ.

کەوابوو: بە گوێرەی فەرموودەی ئیمامی(الشافعيﷺ) ڕستەی (كُلُّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ) تەنها ئەو جۆرە کردەوانە ئەگرێتەوە: کە هیچ سەرچاوەیەکی نەبێ لەم چوار سەرچاوانەی

باسی کردون: وەکو جگەرە کێشان، ڕیش تاشین، ڕەنگکردنی مزگەوتەکان، گومبەت دروستکردن لە سەر گۆڕەکان...هتد، ئەمانە گشتی (بِدْعَة قَبِيحَة)نەو زۆر زۆر جیاوازن لەگەڵ چاپکردنی قورئان؟!.

﴿ حەدیسی شەشەم: حەرامو حەڵاڵو خۆپاراستن لە حەرام ﴾

(عَنْ أَبِيعبدالله النُّعْمَانِ بن بَشِيرٍ رضي الله عنهما) گێڕدراوەتەوە لە (نوعمان)ی کوڕی (بەشیر)خوا لێیان ڕازی بێ.خۆیو باوکی سەحابەنە، لە ساڵی(٢)یکۆچی-یەکەم منداڵی(أنْصاري) بوو کە لە دوای هاتنیپێغەمبەرﷺ بۆ مەدینە-لە دایك بووە، تەمەنی (٨) ساڵان بوو کە پێغەمبەرﷺ وەفاتی کرد، (١١٤) حەدیسی گێڕاونەوە، لە ساڵی (٦٤)یکۆچی وەفاتی کردوە.

(قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِﷺ) ئەفەرموێ: گوێم لە پێغەمبەر بوو.

بزانە: لە کاتی منداڵیدا ئەم فەرموودەی گوێ لێبووە، کەوابوو: پێویستە منداڵان دەرسی فەرموودەی پێغەمبەریان پێبگوترێ (يَقُولُ) پێغەمبەرﷺ ئەیفەرموو: (إِنَّ الْحَلاَلَ بَيِّنٌ) حەڵاڵ ئاشکرایە: هەرچی خواو پێغەمبەرﷺ فەرموویتیان حەڵاڵە. یان بێدەنگیان لێکردبێ، ئەوە حەڵاڵە (وَإِنَّ الْحَرَامَ بَيِّنٌ) هەروەها حەرام ئاشکرایە: هەرچی خواو پێغەمبەرﷺ فەرموویتیان حەرامە. ئەوە حەرامە.

بزانە: یەکدەنگی سەحابەی پێغەمبەرﷺ، یان زانایانی ئایینیئیسلام لە سەر حەڵاڵی، یان حەرامی شتێك، وەك فەرموودەی خواو پێغەمبەرﷺ ڕەفتاری پێئەکرێ، ئەم جۆرە یەکدەنگییە پێی ئەگوترێ (إجْماع)، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللهَ لاَ يَجْمَعُ أُمَّتِي عَلَى ضَلاَلَةٍ﴾ رواهُ الترمذي، واتە: خوای گەورە زانایانی ئوممەتم بە تێکڕایی لە سەر هیچ گومڕابوونێك کۆناکاتەوە.

(وَبَيْنَهُمَا أُمُورٌ مُشْتَبِهَاتٌ) وە لە نێوان حەڵاڵو حەرامدا چەند شتێکی وێکچوویی هەنە: وەك حەرام وایە، وەك حەڵاڵ وایە (لاَ يَعْلَمُهُنَّ كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ) ئەم جۆرە شتانە زۆر کەس نایانزانێ، چونکە لایەنی حەرامییان ئاشکرا نیە، لایەنی حەڵاڵیشیان ئاشکرا نیە؟ لە بەر ئەوەی دوو فەرموودەی دژ بە یەك لەو بابەتە هەیەو لێیان تێناگا دژایەتی لاببا، یان زانایان بە دوو جۆری دژ بە یەکتر ئەو فەرموودانەیان ڕوون کردۆتەوە، یان دوو جۆرە (فتوا)ی دژ بە یەکتر دراوە: یەکێکیان ئەڵێ حەرامە. یەکێکیان ئەڵێ: حەڵاڵە. جا لە بەر ئەمە پێ ئەچێ حەڵاڵ بێو پێش ئەچێ حەرام بێ، کەوابوو: ئەبێتە شبوهات.

فَمَنِ اتَّقَى الشُّبُهَاتِ فَقَدْ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وَعِرْضِهِ، وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ وَقَعَ فِي الْحَرَامِ، كَالرَّاعِي يَرْعَى حَوْلَ الْحِمَى يُوشِكُ أَنْ يَرْتَعَ فِيهِ، أَلاَ وَإِنَّ لِكُلِّ مَلِكٍ حِمًى، أَلاَ وَإِنَّ حِمَى اللهِ مَحَارِمُهُ، أَلاَ وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، أَلاَ وَهِيَ الْقَلْبُ ﴾ رواهُ البخاري ومُسْلم.

(فَمَنِ اتَّقَى الشُّبُهَاتِ) جا هەرکەسێك واز لە شوبوهات بێنێو خۆی بپارێزێ لەو شتەی گومانی حەرامی تێدا هەیە (فَقَدْ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ) بە ڕاستی ئەو کەسە پاکانەی بۆ ئایینی خۆی کرد (وَعِرْضِهِ) هەروەها پاکانەی بۆ ئابڕووی خۆی کرد.

کەوابوو: ئەی موسوڵمان، ئەگەر دوو دڵ بووی لە شتێکا: ئایا حەرامە، یان حەڵاڵە، وەك خواردنو کڕینیماڵی کەسێك کە ماڵی حەرامی هەیە، ئەوە هەرچەند خواردنو کڕینی دروستە، بەڵام ئەتۆ وازی لێبێنەو ماڵەکە مەکڕەو مەیخۆ، بەم وازهێنانە ئایینەکەت ئەپارێزیو ئابڕووەکەشت ئەپارێزیو کەس بە خراپە باست ناکا.

(وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ) هەرکەسێك بکەوێتە ناو شوبوهاتو بڵێ: چونکە بە ئاشکرایی حەرام نیە وازی لێناهێنم (وَقَعَ فِي الْحَرَامِ) ئەو کەسە نزیکە بکەوێتە ناو حەرام (كَالرَّاعِي) ئەو کەسەی ئەکەوێتە ناو شوبوهات وەك شوانێك وایە (يَرْعَى) مەڕ بلەوەڕێنێ (حَوْلَ الْحِمَى) لە دەورەی پاوانێك، واتە: لەوەڕگەی قەدەغەکراو (يُوشِكُ) زۆر نزیکە (أَنْ يَرْتَعَ فِيهِ) ئەو مەڕە بکەوێتە پاوانەکەو بیخوا، شوانەکەش سزا ئەدرێ، بڕوانە حەدیسی (١١)و(٢٧).

واتە: ئەو کەسەی گوێ ناداتە شتی گومان لێکراو، وەك ئەو مەڕە مەترسی لێئەکرێ تووشی حەرام ببێ، بە هۆی گوێ مەدێییخۆیو بە سووك زانینی شوبهە.

(أَلاَ) ئاگادار بن: (وَإِنَّ لِكُلِّ مَلِكٍ حِمًى) هەموو کاربەدەستێك شتێکی پاوانکراوی هەیەو سنووری بۆ داناوە، هەرکەس سنووری بشکێنێ سزای ئەدا (أَلاَ وَإِنَّ حِمَى اللهِ) ئاگادار بن: پاوانکراویخوا (مَحَارِمُهُ) ئەو شتانەیە کە حەرامی کردونو سنووری بۆ داناوە، هەر کەس سنووری خوا بشکێنێ سزای ئەدا، ئینجا ئەو کەسەی خۆی لە شوبوهات ناپارێزێ با بزانێ: لە سنووری خوا نزیك کەتۆتەوەو مەترسی لێئەکرێ سنووری بشکێنێو بکەوێتە ناو حەرام.

(أَلاَ وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً) ئاگادار بن: لە ناو لاشەی ئادەمیزادا پارچە گۆشتێك هەیە (إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ) ئەگەر ئەم پارچە گۆشتە باش بوو و بۆ خوا گونجا، هەموو لاشەو ئەندامانی ئادەمیزاد باش ئەبێو بۆ خوا ئەگونجێ (وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ) ئەگەر خراپ بوو و لەگەڵ خودا ناڕێك بوو، هەموو لاشەو ئەندامی ئادەمیزاد خراپو ناڕێك ئەبێ (أَلاَ وَهِيَ الْقَلْبُ) ئاگادار بن: ئەم پارچە گۆشتە دڵی ئادەمیزادە (رواهُ البخاری وَمُسْلِم) ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم) گێڕاویەتیانەوە.

لەم فەرموودەیە بۆت دەرکەوت: دڵ سەرکردەی هەموو ئەندامی ئادەمیزادە، ئەگەر سەرکردە پیاوی چاك بێ، سەربازەکانیش باش ئەبن، کەوابوو: هەرکەسێك دڵی لەگەڵ خوا ڕاست بێ، هەموو کارو کردەوەکانی باش ئەبێو خۆی دوور ئەگرێ لە حەڕامو شوبوهاتو هەموو فەرمانێکیخوا جێبەجێ ئەکا، بەڵام ئەگەر دڵی لەگەڵ خوا نارێك بوو، کردەوەشی نارێك ئەبێو گوێ بە حەڕام ناداو لە خوا ناترسێو فەرمانیخوا جێبەجێ ناکا.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ دەمکوتکردنەوەی ئەو کەسانەی ئەڵێن: ئێمە دڵمان پاكو بێگەردەو نوێژکردنو خواپەرستی مەرج نیە. بەڵام ئەمە ڕاست نیە، هەروەك لەم حەدیسە پیرۆزەدا بۆمان ڕوون بۆوە: کە بیروباوەڕی تەواو بە خواو بە پێغەمبەرﷺ ئەوەیە لە ناو دڵدا جێگیر بێو کردەوەی باشیش بەڵگەیە لە سەر ئیمانی تەواو، چونکە کاتێك مرۆڤ گوناه ئەکا، دڵی ڕەش ئەبێ، جا ئەگەر پەشیمان بۆوە، دڵی پاك ئەبێتەوە، ئەگەر بەردەوام بێ لە سەر خراپەو گوناه، ئەوە دڵی هەر ڕەش ئەبێو مەترسی بێباوەڕی لێئەکرێ، چونکە هەر لە پشکە بارانەکان لافاو هەڵئەستێو دونیا وێران ئەکا.

کەوابوو: بەردەوام هەوڵ بدە بۆ پاککردنەوەی دڵت: بە خواپەرستیو پەشیمانبوونەوە لە گوناه، بە وازهێنان لە حەڕامو شوبوهات.

ئینجا بزانە: ئەگەر کردەوەکانیشت باش بێ، بەڵام بۆ خوا نەبێ، خوای گەورە وەریناگرێ ﴿عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ إِنَّ اللهَ لاَ يَنْظُرُ إِلَى صُوَرِكُمْ وَأَمْوالِكُمْ وَلَكِــنْ يَنْظُرُ إِلَى قُلُوبِكُمْ وَأَعْمالِكُمْ﴾ رواهُ مُسْلِم، واتە: خوای گەورە تەماشای وێنەی ڕوخسارو ماڵتان ناکا، بەڵام تەماشای ناو دڵو کردەوەکانتان دەکا: ئایا بۆ خوایە یان بۆ دونیایە.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (فَمَنْ اتَّقَى الشُّبُهَاتِ فَقَدْ اسْتَبْرَأَ لِدِينِه): **بزانە:** (تَقْوَى)، واتە: لە خواترسان، ئەوەیە: خوای گەورە لەو شوێنانە نەتبینێ: کە لێی قەدەغە کردوی، لەو شوێنانە گومت نەکا: کە فەرمانی پێکردووی. کەوابوو: دوورکەوتنەوە لە (شُبُهات) بەشێکی (تَقْوى)یە، هەروەك پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿لاَ يَبْلُغُ الْعَبْدُ أَنْ يَكُونَ مِنَ الْمُتَّقِينَ حَتَّى يَدَعَ مَالاَ بَأْسَ بِهِ حَذَراً مِمَّا بِهِ الْبَأْسُ﴾ رواهُ الترمذی، واتە: بەندە ناگاتە پلەی لە خواترسان، تا واز لە شتی بێگومان دێنێ لە ترسی شتی گومانلێکراو. بڕوانە حەدیس (١٨).

٢- (وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ وَقَعَ فِي الْحَـــرامِ): **بزانە:** کەوتنە ناو شتی گومانلێکراو، هەر لە خۆیدا تاوانە، کەوابوو: بە سووکی تەماشای گومانلێکراو و گوناهی بچووك مەکەو زۆر لێیان بترسە، چونکە پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِيَّاكُمْ وَمُحَقِّرَاتِ الذُّنُوبِ، فَــإِنَّهُنَّ يَجْــتَمِعْنَ

(اَلْحَديثُ السّابع: في التَّصيحَة)

﴿عَنْ أَبيرُقَيَّةَ تَميم بنِ أَوْسِ الدّاريﷺ: أَنَّ النَّبيﷺ: قالَ: اَلدِّينُ النَّصيحَةُ. قُلْنا: لِمَنْ؟ قالَ: للّه عَزَّ وَجَلَّ وَلِكتابه وَلِرَسُوله وَلأَئِمَّة الْمُسْلمينَ وَعَامَّتِهِمْ﴾ رواهُ مُسْلم.

عَلَيالرَّجُلِ حَتَّىيُهْلِكْنَهُ﴾ رواهُ الإمام أحمد، واته: ئاگاداری خۆتـان بـن لـه گوناهـه سـوكه‌كان، بێگومان ئه‌م گوناهه سوكانه له سه‌ر مرۆڤ كۆ ئه‌بنه‌وه، تا ماڵوێرانی ئه‌كه‌ن.

٣- (إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ): چه‌ند كه‌سێك هه‌یه: فریویـان خـواردوه‌و ئـه‌ڵێن: ده‌ی ده‌ی خـوا زۆر بـه ره‌حمـه، ئه‌گـه‌ر چاكه‌شمان نـه‌بێ هـه‌ر لێمـان خـۆش ئـه‌بێ، چـونكه بیروباوه‌ڕمان به خوا زۆر به هێزه. به‌ڵام ئایا ئه‌مه ڕاسته؟! ﴿عَنْ أَنَسٍﷺ عَنِ النَّبِـيﷺ: لَيسَ الإِيمانُ بِالتَّمَنِّي وَلاَ بِالتَّحَلِّي، وَلَكِنْ هُوَ مَا وَقَرَ فِيالْقَلْبِ وَصَدَّقَهُ الْعَمَلُ﴾ رواهُ ابـن النّجـار والـديلمي، ئیمـان بـه خۆزگـه‌یی‌و گفتوگـۆی جـوان نیـه، بـه‌ڵكو ئیمـانی تـه‌واو ئه‌وه‌یـه له ناو دڵدا جێگیر بێ‌و كرده‌وه‌ی چاكیش شاهیدی ئه‌م ئیمانه بێ.

﴿ حه‌دیسی حه‌فته‌م: ئامۆژگاری ﴾

(عَنْ أَبيرُقَيَّةَ تَميم بنِ أَوْسِ الدَّاريﷺ) گێڕدراوه‌ته‌وه له (ته‌میم)ی (الـدّاری). ئـه‌م بـه‌ڕێزه له پێشدا دیـان بـوو، لـه سـاڵی (٩)ی كۆچـی لـه خزمـه‌ت پێغه‌مبـه‌رﷺ موسـوڵمان بـووه، له ساڵی (٤٠)ی كۆچی له فه‌له‌ستین وه‌فاتی كردوه، (١٨) حه‌دیسی گێڕاونه‌وه.

ئه‌فـه‌رموێ: (أَنَّ النَّبِـيﷺ: قـالَ) پێغه‌مبـه‌رﷺ فـه‌رمووی: (اَلـدِّينُ النَّصـيحَةُ) كۆڵه‌گـه‌ی ئایینی‌ئیسلام بریتی‌یه له ئامۆژگاری‌و دڵسۆزی.

ئامۆژگاری ئه‌وه‌یه: به‌رژه‌وه‌ندی كه‌سێكت بوێ‌و ڕای خۆتی به دڵسۆزانه‌و بـه بێ‌گـه‌ردی بـۆ بڵێی. (قُلْنا: لِمَنْ؟) ئێمه‌ش گوتمان: ئامۆژگاری بۆ كێ؟ (قالَ للّـه عَـزَّ وَجَـلَّ) پێغه‌مبـه‌رﷺ فه‌رمووی: ئامۆژگاری دڵسۆزی‌یه بۆ خوای‌گه‌وره: كه خۆشترت بوێ له هه‌موو شتێك، بـاوه‌ڕت پێ‌ی هه‌بێ‌و له فه‌رمانی ده‌رنه‌چی‌و به ته‌واوی بیپه‌رستی.

(وَلِكِتابِه) ئامۆژگاری‌یـه بـۆ قورئـانی پـیرۆز: بـاوه‌ڕت پـێ‌ی هـه‌بێ‌و بیخـوێنی‌و بـه خـه‌ڵكی ڕابگه‌یه‌نی‌و ڕوونی بكه‌یه‌وه.

(وَلِرَسُولهﷺ) ئامۆژگاری‌و دڵسۆزی‌یه بۆ پێغه‌مبه‌ری خواﷺ، خۆشت بوێ‌و بـاوه‌ڕت پـێ‌ی هه‌بێ‌و له فه‌رمانی ده‌رنه‌چی.

(وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلمِينَ) ئامۆژگاری‌و دڵسۆزی‌یه بـۆ پێشـه‌وایانی موسـوڵمان: دژایـه‌تییان نه‌كـه‌ی ئه‌گه‌ر له سنووری ئیسلام ده‌رنه‌چن، فه‌رمانی ئه‌وان جێ‌به‌جێ بكـه‌ی ئه‌گـه‌ر تـاوان نـه‌بێ، زوبانت باش بێ به‌رامبه‌ر ئه‌وان (وَعامَّتِهِمْ) ئامۆژگاری‌و دڵسۆزی‌یه بۆ هـه‌موو موسـوڵمانان: ڕێگای چاكیان پێ بڵێی، له خراپه قه‌ده‌غه‌یان بكه‌ی، زیانیـان لـه سـه‌ر لابده‌ی، سـودیان پێ‌بگه‌یه‌نی (رواهُ مُسلِم) ئیمامی (موسلیم) گێڕاویه‌تیه‌وه.

(الْحَدِيثُ الثَّامِن: اَللّٰهُ يَتَوَلَّى السَّرائِرَ)

﴿ عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لاَّإِلَهَ إِلاَّاللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَّسُولُ اللهِ، وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّ الإِسْلاَمِ، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللهِ تَعَالَى ﴾ رواهُ البخاري ومُسْلِم.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (اَلدِّينُ اَلنَّصِيحَةُ): ئامۆژگاری واجبێکیئایینیـیە وەکو نوێـژو زەکاتو...هتد ﴿عَنْ جَرِيرٍ ﷺ قَالَ: بَايَعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ عَلَى إِقَامِ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَالنُّصْحِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ﴾ رواهُ الشيخان، واتە: پـەیمانم لەگـەڵ پێغەمبـەر ﷺ بەست: لـە سـەر نوێژ کردنو زەکات دانو ئامۆژگاریکردنی گشت موسوڵمانێك.

٢- (وَلأَئِمَّةِالْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ): پێویستە ئامۆژگاری خەڵك بە گفتوگۆی نەرمو لە جێ بێ، تاکو سودی هەبێ (**قَالَ بَعْضُ السَّلَفِ: مَنْ وَعَظَ أَخَاهُ سِرّاً فَهِيَ نَصِيحَةٌ، وَمَنْ وَعَظَهُ عَلَى رُؤُوسِ النَّاسِ فَإِنَّما وَبَّخَهُ**)، واتە: هەر کەسێك بە نهێنی ئامۆژگاری برای خۆی بکا، ئەمە بە ڕاستی ئامۆژگاریيە، وە هەر کەسێك لە بەرچاوی خەڵك ئامۆژگاریی بکا، ئەمە بە ڕاستی ڕووشکێنو سەرشۆڕی کردوە.

پێشـینەی کـورد گوتویانـە: (**مـار بـە گۆتـەی خـۆش لـە کونەکـەی دێتـە دەرەوە**).

﴿ حەدیسی هەشتەم: نهێنی ناو دڵ لە سەر خودایە ﴾

(عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما) گێڕدراوەتەوە لە (ابْنِ عُمَرَ) خـوا لێیـان ڕازی بـێ (أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ) فـەرمانم پـێکراوە: لەگـەڵ کـافران جەنگ بکەم (حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لاَإِلَهَ إِلاَّاللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ) تا شایەدی ئەدەن: جگە لە (الله) هیچ خودایەك نیە، وە (محمد ﷺ) نێردراوی خوایە (وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ) وە تا ئـەو پێـنج نوێژانە بە ڕێكوپێکی دەکەن (وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ) وە تا زەکات ئەدەن بە تەواوی.

(فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ) جا کاتێك شادەو ئیمانیـان هێنـاو نوێـژیان کـردو زەکاتیـان دا (عَصَمُوا مِنِّی) ئەپارێزن لە من (دِمَاءَهُمْ) خوێنیان (وَأَمْوَالَهُمْ)ماڵیان، چونکە بونەتـە بـرای ئێمـەی موسـوڵمان، واتە: خوێنو ماڵو ناموسیان قەدەغەیە دەستی لێبدرێ (إِلاَّ بِحَقِّ الإِسْلاَمِ) مەگـەر بـە مـافێکی شەرعیئیسلامی پاراسـتنی نـەمێنێ: وەك کەسـێك بکوژێ دەکوژرێتـەوە، یـان لـە ئیسـلامەتی پەشیمان ببێتەوە دەکوژرێ، یان زیان لە کەسـێك بـدا ئـەبی تۆڵـەی بداتێ (وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللهِ تَعَالَى) ئێمە لە دونیا ئەوها ڕەفتاری لەگەڵ دەکەین، لێپرسینی نیازی ناو دڵی لـە سـەر خودایـە لە ڕۆژی دواییدا (رواهُ البخاري ومُسْلِم) ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم) گێڕاویەتیانەوە.

لەم فەرموودەیە بۆمان دەرئەکەوێ: نوێژ نەکەرو زەکات نـەدەر ئەگـەر تۆبـە نەکـەن ئـەبی بکوژرێن، بەلاَم ڕۆژوونەگر ناکوژرێو ئەخرێتە بەندیخانـە تـا مـانگی ڕەمـەزان کۆتـایی دێ، خواردنو خواردنەوەشی بە ڕۆژ لێقەدەغە ئەکرێ، هەروەها ئەوەی حـەج نـەکا لـە دونیـادا سزا نادرێ، هەروەها لێکۆڵینەوەی ناو دڵی خەڵك لە سەر ئێمە نیەو لە سەر خودایە.

ئینجا بزانە: بۆ ئێمە دروست نیە خۆمان تێکەڵی ناو دڵیخەڵکی بکەین، هەرکەسێك لـە بـەر چاوی ئێمە موسوڵمان بێ، ئێمەش ئەڵێین: موسوڵمانە ﴿عَن أنسﷺ: عَنِ النَّبِـيﷺ: مَــنْ صَلَّى صَلاَتَنَا وَاسْتَقْبَلَ قِبْلَتَنَا وَأَكَلَ ذَبِيحَتَنَا فَذَلِكَ الْمُسْلِمُ الَّذِى لَهُ ذِمَّةُ اللهِ وَذِمَّةُ رَسُـولِه﴾ رواهُ البخاري، واتە: هەرکەسێك ئەم پێنج نوێژە بکا، ڕوو لە قیبلەی ئێمـە بکـا، دەسـتکوژی ئێمـە بخوا، ئەوە موسوڵمانەو پەیمانی خواو پێغەمبەری پێدراوە: کە خوێنو ماڵی بپارێزرێ.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (حَتَّى يَشْهَدُوا...إلخ): **بزانـە:** بـە تـەنها شـادەهێنان مـرۆڤ ئەبێتـە موسـوڵمان، ئەگـەر بە کردەوە، یان بە زوبان کوفر نـەکا نابـێ بکـوژرێ، کـەوابوو: کوشـتنی نوێژنەکـەرو زەکـات نەدەر، بە هۆی تاوانەکەیە، نەك بە ناوی کوفر، چونکە پێغەمبـەرﷺ ئەفـەرموێ: ﴿مِنْ أَصْلِ الإِيْمَانِ: اَلْكَفُّ عَمَّنْ قَالَ لاَإِلَهَ إِلاَّاللهُ، وَلاَ نُكَفِّرُهُ بِذَنْبٍ، وَلاَ نُخْرِجُهُ مِنَ الإِسْـلاَمِ بِعَمَـلٍ﴾ رواهُ أبوداود، واتە: یەکێك لە بنچینەکانی ئیمان: وازهێنانە لەو کەسەی شـادەی هێنـاوە، بـە هـیچ گوناهێك کافری نەکەینو بە هیچ کردەوەیەك لە جوغزی ئیسلام دەری نەکەین.

٢- (وَيُقِيمُواالصَّـــلاَةَ): زانایانیئیسـلام لـە سەردەمیسـەحابەوە تـا ئێسـتا یەکـدەنگن: لە سەر ئەوەی: هەر کەسێك باوەڕی بە واجببوونی نوێژ نـەبێ، ئـەوە کـافرە. واتـە: داوای ئیسلامبوونەوەی لێئەکرێ، ئەگەر موسوڵمان نەبۆوە، ئەکوژرێو نوێژی لە سەر ناکرێو لـە گۆڕسـتانی موسـوڵمانان نانێـژرێ، بـەلاَم ئەگـەر بـاوەڕی بـە واجببـوونی نوێـژ هـەبوو و لە بەر تەمبەڵی نەیئـەکرد، ئـەوە کـافر نیـە، بـەڵکو داوای نوێـژکردنی لێئـەکرێ جـا ئەگـەر نوێژی نەکرد، گەورەی موسوڵمانان ئەیکوژێ.

٣- (وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ): زەکـات نـەدەر ئەگـەر بـاوەڕی بـە واجببـوونی زەکـات نـەبو ئـەویش کـافرە، بـەو جـۆرەی باسمـان کـرد ڕەفتـاری لەگـەڵ ئـەکرێ، بـەلاَم ئەگـەر بـاوەڕی بە واجببوونی زەکات هەبوو، لە بەر بەخیلی نەیئـەدا، ئـەوە گـەورەی موسـوڵمانان بـە زۆر لێی وەرئەگرێ، جا ئەگـەر نەیداو جـەنگی کـرد، ئـەوە جـەنگی لەگـەڵ ئـەکرێ، هـەروەکو ئیمامی (أبوبکرﷺ) جەنگی لەگەڵ کردن.

بەڵگـە: لە سەر کوشتنی نوێژنەکـەرو زەکـات نـەدەر-جگـە لـەم حەدیسـە- خـوای گـەورە ئەفـەرموێ: ﴿فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلاَةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ﴾ ئەگـەر لـە کوفرەکـەیان

(الْحَديثُ التّاسعُ: فِعْلِ الْمَأْمُورات وَتَرْكِ الْمَنْهِيّات)

﴿ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَبْدالرَّحْمَنِ بن صَخْرٍ رضي الله عنه، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ فَاجْتَنِبُوهُ، وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فَأْتُوا مِنْهُ مَااسْتَطَعْتُمْ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ وَاخْتِلَافُهُمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ ﴾ رواهُ الْبُخاري ومُسْلِم.

تۆبەیان کردو نوێژیان کردو زەکاتیان دا، وازیان لێبێنن واتە: ئەگەر نوێژیان نەکردو زەکاتیان نەدا بیانکوژن.

٤- (إِلاَّ بِحَقِّ الإِسْلَامِ): ئەو مافانەی ئیسلام کە ڕێگای کوشتنی موسولمان ئەدەن: وەکو زینای پیاوێک، یان ئافرەتێک کە جیماعێکی حەڵاڵی کردبێ، یان وەکو مرۆڤێک یەکێکی تری بە ناهەق کوشتبێ، یان مرۆڤێك لە دین وەرگەڕابێ، یان ئەو کەسانەی مان ئەگرن لە ئەنجامدانی شەریعەتی ئیسلام، کە پێیان ئەگوترێ: (الْمُمْتَنِعُونَ مِنَ الشَّرائِعِ)، واتە: ئەو کەسانەی بە کۆمەڵ بڕیار ئەدەن: لە سەر نەکردنی واجبێك، یان لە سەر کردنی حەرامێك ئەوانەش وەکو زەکات نەدەرەکان جەنگیان لەگەڵ ئەکرێ، تا ملکەچی شەریعەتی ئیسلام ئەبن.

﴿حەدیسی نۆیەم: بەجێهێنانی فەرمانی پێغەمبەرو ﷺ وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان﴾

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَبْدالرَّحْمَنِ بنِ صَخْرٍ رضي الله عنه:) گێڕدراوەتەوە لە (ئەبوهورەیرە) خوا لێی ڕازی بێ، سەحابەیە، لە ساڵی (٦)ی کۆچی موسوڵمان بووە، لە تەمەنی (٧٨) ساڵیدا لە ساڵی (٥٧)ی کۆچی لە (مەدینە) وەفاتی کردوە، لە هەموو سەحابەکان زۆرتر حەدیسی لەبەر بون (٥٣٧٤) حەدیسی گێڕاونەوە.

(قَالَ) ئەفەرموێ: (سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ:) گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو ئەیفەرموو: (مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ) هەرچی لە ئێوەم قەدەغە کرد، واتە: فەرمووی مەیکەن (فَاجْتَنِبُوهُ) خۆتانی لێبپارێزن‌و بە هیچ جۆرێك مەیکەن (وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ) وە هەرچی فەرمانی کردنم پێدان، واتە: فەرمووی بیکەن (فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ) هەرچەندی لە تواناتاندا هەیە بیکەن.

لێرەدا بۆمان دەرئەکەوێت: کە وازهێنان لە خراپە، زیاتر بایەخی پێئەدرێ لە کردنی چاکە، چونکە بە هیچ جۆرێك خراپە پەسەند نەکراوەو نابێ بکرێ.

(فَإِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ) نەتەوەکانی پێش ئێوە لە بەر ئەوە خوا لە ناوی بردن (كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ) چونکە بە بێ‌پێویست پرسیاری زۆر بێ‌سودیان لە پێغەمبەران ئەکرد (وَاخْتِلَافُهُمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ) هەروەها دژ بە فەرمانی پێغەمبەرانی‌خۆیان ئەجولانەوە (رواهُ البخاري ومُسْلِم) ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم) گێڕاویەتیانەوە.

لێرەدا مەبەست پرسیارکردنی بێ کەڵکە، چونکە پرسیارکردنی کاروباری ئایینی پێویستە لە سەر هەموو موسوڵمانێك.

هـــەروەها بزانـــە: ئەگـەر ئێمـەش دژ بـە فـەرمانی پێغەمبـەریخۆمانﷺ بجولێینـەوە لەناوچوونمان نێزیکە، کەوابوو: بە هیچ جۆرێك سنووری خواو پێغەمبەرﷺ مەشکێنە.

ئینجـا بزانـە: هەرکەسێك لـە فـەرمانی پێغەمبـەرﷺ دەرچـێ: نیشـانەی ئەوەیـە کـە پێغەمبـەریﷺ خـۆش نـاوێ، وە هەرکەسـێك پێغەمبـەری خـۆش نـەوێ نیشـانەی کـەم باوەڕیيە، وە ئەگەر بە پێغەمبەری نەزانی ئەمە کـافرە ﴿عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قـالَ: لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ والِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ رواهُ الشيخان، واتـە: باوەڕی هیچتان تەواو نیە، تاکو منی لە دایك باوكو منداڵەکانی خۆیو لـە گشـت خـەڵکیتر خۆشتر ئەوێ.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ فَاجْتَنِبُوهُ): دەقی ئەم فەرموودەیە وا ئەگەیەنێ: کە واجبە لە هەموو جۆرە قەدەغەکراوێك خۆمان بپارێزین، جا کەم بێ، یان زۆر بێ، هەرچەند بەرژەوەندی گشتی، یـان تایبەتیش تێك بچێ.

ئینجا هەر لە سەر بناغەی ئەم فەرموودەیە، قاعیدەیەکی (أُصُولُ الفِقْه)ی بنیـات نـراوە، کـە ئەڵێ: (دَرْءُ الْمَفاسِدِ أَوْلَى مِنْ جَلْبِ الْمَصالِحِ) واتە: لادانو لابردنی خراپەکان لەپێشترە لە وەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکان.

کەوابوو: خواردنەوەو کڕینو فرۆشتنی شەڕاب حەڕامەو واجبە قەدەغە بکرێ؟ چونکە زیان لە عەقڵو دین ئەدا، هەرچەند بەرژەوەندی شەڕابخانەو شەڕابفرۆشەکانیش تێك بچێ.

٢- (وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ): دەقی ئەم فەرموودەیە وا ئەگەیەنێ: کـە واجبـە بـە گـوێرەی توانـا فـەرمانپێکراوەکان بکـەین، هـەروەك خـوای گـەورە ئەفـەرموێ: ﴿فَـاتَّقُوا اللَّهَ مَااسْتَطَعْتُمْ﴾ واتە: تا تواناتان هەیە لە خوا بترسن.

ئینجا هەر لە سەر بناغەی ئەم ئایەتو حەدیسە، قاعیدەیەکی (أُصُولُ الفِقْه)ی بنیـات نـراوە، کە ئەڵێ: (ماَ لاَ يُدْرَكُ كُلُّهُ، لاَ يُتْرَكُ جُلُّهُ) واتە: هەر شتێك ناگونجێ هەمووی بکرێ، واز لـە کردنی بەشە زۆرەکەی ناهێندرێ.

کەوابوو: ئەگەر کەسێك تەنها بەشی ڕووخساری ئاوی دەست کـەوت، ئـەبی بـە کـاری بێنـێ، ئینجا تەیەمموم بکا. هەروەها ئەگەر ئاو و گڵیشی دەسـت نەکـەوت: واجبـە بـە بێدەسـتنوێژی نوێژەکە هەر بکا، جا کاتێك ئاوی دەست کەوت قەزای بکاتەوە.

٣- (فَـاجْتَنِبُوهُ...مَااسْـتَطَعْتُمْ): دەقـی ئـەم دوو فەرموودەیـە وا ئەگەیـەنن: قەدەغـەکراو بە هیچ جۆرێك نابێ بکرێ، بەڵام فەرمانپێکراو بەگوێرەی توانایە، کەوابوو: ئەگەر هۆیـەکی ڕەوا هەبوو، دروستە، یان واجبە: فەرمانپێکراو نەکرێ.

(الْحَديثُ الْعاشر: في اكْتساب الْحَلاَل)

﴿عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: إِنَّ اللهَ طَيِّبٌ لاَ يَقْبَلُ إِلاَّ طَيِّبًا، وَإِنَّ اللهَ أَمَرَ الْمُؤْمِنينَ بِمَا أَمَرَ بِهِ الْمُرْسَلِينَ،

ئینجا هەر بە بەڵگەی ئەم حەدیسەو لە سەر بناغەی (قاعدە)یڕابردوو-(دَرْءُ الْمَفاسِدِ أَوْلَى مِنْ جَلْبِ الْمَصالِحِ)- واجبە: موسوڵمان واز لە فەرمانپێکراو بێنێ ئەگەر بە هۆی کردنی فەرمانپێکراوەکە مەترسی ڕوودانی قەدەغەکراوێك هەبوو:

بۆ نموونە: ﴿عَنْ عائشَةَ رضي الله عنها: قالَ النَّبي ﷺ: لَوْلاَ حداثَةُ عَهْدِ قَوْمك بِالْكُفْر لَنَقَضْتُ الْكَعْبَةَ وَلَجَعَلْتُها عَلَى أَساسِ إِبْراهيمَ ﷺ﴾ رواهُ الشيخان، واتە: پێغەمبەر ﷺ بە (عائشة)ی فەرمووی: ئەگەر گەلەکەی تۆ-دانیشتووانی مەککە- تازە موسوڵمان نەبوبان، (كَعبَة)م هەڵئەوەشاندو لە سەر بناغەکەی (ابراهیم)م ﷺ دروست ئەکردەوە.

واتە: لێرەدا پێغەمبەر ﷺ وازی لەم (سُنّة)ی ابراهیم پێغەمبەر ﷺ هێنا، لە ترسی ڕوودانی قەدەغەکراوێك: کە پەرتەوازەو دڵشکانی دانیشتووانی (مکة)یە، چونکە خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿أَنْ أَقيمُوا الدِّينَ وَلاَ تَتَفَرَّقُوا فيهِ﴾ ئەم ئایینە ئەنجام بدەن و پەرتەوازەیی تێدا مەکەن. کەوابوو: ئەی لاوی موسوڵمان-قوربانت بم- نەکەی بە هۆی (سُنّة)یێکی فەرمانپێکراو، بچی پەرتەوازەیەك و ململانەیەکی قەدەغەکراو بکەی.

٤- (إِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذينَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ): پرسیارکردنی بێسود، یان پێنەویست: یەکێکە لەو کارە ناڕێکانەی قەدەغە کراوە لە سەر موسوڵمان، هەروەك پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللهَ تعالَى حَرَّمَ عَلَيْكُمْ عُقُوقَ الأُمَّهات وَمَنْعاً وَهات وَوَأْدَ الْبَنات، وَكَرِهَ لَكُمْ قِيلَ وَقالَ وَكَثْرَةَ السُّؤالِ وَإِضاعَةَ الْمالِ﴾ رواهُ الشيخان، واتە: خوای گەورە لە ئێوەی حەڕام کردوە: ئازاردانی دایکان، حەڕامی کردوە: نەدانی ئەو مافەی لە سەرەتانەو داوا کردنی ئەو شتەی مافی ئێوەی تێدا نیە، حەڕامی کردوە: زیندەبەچاڵ کردنی کیژەکان، خوا پێی ناخۆشە: گوتە گۆت بکەن-واتە: هەرچی گوێتان لێبو بیلێنەوە- پێی ناخۆشە: زۆر پرسیاری پێنەویست بکەن، پێی ناخۆشە: ماڵ بە فیڕۆ بدەن.

﴿حەدیسی دەیەم: هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی حەلاڵ﴾

(عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ) لە (ئەبوهورەیرە) گێڕدراوەتەوە، ئەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (إِنَّ اللهَ طَيِّبٌ) خوای گەورە پاك و بێعەیبەو (لاَ يَقْبَلُ إِلاَّ طَيِّبًا) تەنها شتی حەلاڵ و بێگەرد نەبێ وەریناگرێ، کەوابوو: هەر شتێك کە بەخۆت ئەیخۆی و بە کاری ئەهێنی، یان بۆ ماڵ و منداڵت بە کاری ئەهێنی و ئەیخۆن، یان لە ڕێگای خوا ئەیبەخشی، ئەبی حەلاڵ بێ و تەنها هەر بە نیازی خوا بێ، ئەگینا: پاداشتت بۆ نانوسرێ.

(وَإِنَّ اللهَ أَمَرَ الْمُؤْمِنينَ) خوای گەورە فەرمانی داوەتە خاوەن باوەڕان (بِمَا أَمَرَ بِهِ الْمُرْسَلِينَ)

فَقَالَ تَعالَى: (يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا). وَقَالَ تَعالَى: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ). ثُمَّ ذَكَرَﷺ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ يَا رَبِّ يَا رَبِّ. وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ وَغُذِيَ بِالْحَرَامِ، فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ!﴾ رواهُ مُسْلِم.

بەو جۆرە فەرمانەی داویەتیە پێغەمبەران صَلَّى اللهُ عَلَيْهِمْ أَجْمَعِين (فَقَالَ تَعالَى) خوای گەورە لە فەرمانی بۆ پێغەمبەران، ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ﴾ ئەی پێغەمبەرانی من ﴿كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ﴾ شتی پاكو حەلاڵ بخۆنو بە كاری بێنن ﴿وَاعْمَلُوا صَالِحًا﴾ كردەوەی باش بكەن. (وَقَالَ تَعالَى) هەر بەو جۆرە خوای گەورە فەرمان ئەداتە ئیمانداران‌و ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی خاوەن باوەڕان ﴿كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾ لەو حەلاڵە بێگەردە بخۆن‌و بە كار بێنن، كە داومانە بە ئێوە.

كەوابوو: بەكارهێنانی حەڕام بە هیچ جۆرێك دروست نیە، جا ئەگەر تا ئێستا ماڵی خەڵكت خواردوە، تۆبە بكەو تۆڵەی ماڵەكە بدەوە دەست خاوەنەكەی، یان دەست میراتگرەكانی ئەگەر بە خۆی نەمابو، بەڵام ئەگەر خاوەنی ناناسیتەوە، یان دەستت ناكەوێ‌و خزمیشی نیە، بیدە بە دوو پیاوماقوڵی چاك، بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی موسوڵمانان سەرفی بكەن.

(ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ) ئینجا پێغەمبەرﷺ باسی جۆرە پیاوێكی كرد (يُطِيلُ السَّفَرَ) كە سەفەری دوورو درێژ ئەكا: بۆ حەج كردن‌و سەردانی خزمان‌و خواپەرستی‌ی‌تر (أَشْعَثَ) مووی سەری ناڕێك ئەبێ‌و (أَغْبَرَ) تۆزاوی ئەبێ چونكە لە ماڵ نیە خۆی بشوا (يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ) دەستی خۆی بەرز ئەكاتەوە بۆ ئاسمان‌و لە خوا ئەپاڕێتەوەو ئەڵێ: (يَا رَبِّ يَا رَبِّ) خوایە لەمە ڕزگارم بكە، خوایە ئەم شتەم بدێ (وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ) لەگەڵ ئەوەشدا خواردنی ئەم ڕێبوارە حەڕامە (وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ) خواردنەوەی حەڕامە (وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ)جل‌و بەرگو كەل‌و پەلی ناو ماڵی حەڕامە (وَغُذِيَ بِالْحَرَامِ) هەر بە حەڕام پێگەیەندراوەو گەورە بووە (فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ؟) چۆن ئەم جۆرە كەسە دوعای قبوڵ ئەبێ؟ واتە: قبوڵ نابێ (رواهُ مُسْلِم) ئیمام (موسلیم) گێڕاویەتیەوە.

ئینجا بزانە: دوعاكردن ئەوەیە: لە خوا بپاڕێیتەوە شتێكت بۆ بكا، یان بەڵایەكت لە سەر لابدا: لە دونیا، یان لە قیامەت. دوعاكردن باشەو خوا پێی خۆشە داوای هەموو شتی لێبكەی، بە مەرجێ ئەو شتەی داوای لێ‌ئەكەی ناڕێك نەبێ‌و تاوان نەبێ‌و زیانی خەڵكی تێدا نەبێ‌و هەر لە خوای داوا بكەی، چونكە جگە لە خودا كەسی‌تر دەسەڵاتی نیە.

هەروەها ئەبی خواردن‌و خواردنەوەو جل‌و بەرگو كەل‌و پەلی ناو ماڵت هەمووی حەلاڵ بێ، تاكو قبوڵ ببێ، هەروەها: لە دوعاكردن ئەبی ئاگادار بی: چی ئەڵێی؟ دڵنیا بی كە

خوا بۆت جێبەجێ ئەکا، ئینجا دوعا لە دوای نوێژکردنو بە دەست بەرزکردنەوەو لە سەر ئەژنۆ دانیشتنو ڕوو لە قیبلەو بە تایبەت لە دوای نیوە شەودا باشتر قبولْ ئەبێ، ئەگەر قبولْ نەبو بزانە مەرجەکانی نەهاتۆتە جێ، بەلاّم لە ڕۆژی دوایی پاداشی دوعایەکەی ئەدرێتەوە.

جا بزانە: باشترین خواردەمەنیو جلو بەرگ ئەمەیە: کە بە دەستی خۆت بە شێوەیەکی حەلاّلْ وەدەستی بێنی ﴿عَنِ الْمقْدامِ رضي الله عنه: أَنَّ النَّبيﷺ: قالَ: ما أَكَلَ أَحَدٌ طَعاماً قَطُّ خَيْراً مِنْ أَنْ يَأْكُلَ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ، وَإِنَّ نَبِيَّ اللهِ داودَ عليه السلام كانَ يَأْكُلُ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ﴾ رواهُ البخاري، واتە: هیچ کەسێك خواردەمەنیەکی باشتر ناخوا، لەو خواردنەی کە بە دەستی خۆی پەیدای کردوە، بێگومان پێغەمبەرداود عليه السلام بە دەستیخۆی ئاسنگری ئەکردو خۆی پێئەژیاند.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (لاَ يَقْبَلُ إِلاَّ طَيِّبًا): وا ئەگەیەنێ: پێویستە خێرکردن تەنها لە ڕێگای خوا بێو بە شتی حەلاّلْ بێ، هەروەك پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَا تَصَدَّقَ أَحَدٌ بِصَدَقَةٍ مِنْ طَيِّبٍ -وَلاَ يَقْبَلُ اللهُ إِلاَّ الطَّيِّبَ- إِلاَّ أَخَذَهَا الرَّحْمَنُ بِيَمِينِهِ، وَإِنْ كَانَتْ تَمْرَةً فَتَرْبُو فِي كَفِّ الرَّحْمَنِ حَتَّى تَكُونَ أَعْظَمَ مِنَ الْجَبَلِ﴾ رواهُ الشيخان، هەرکەسێك خێرێك بە ماڵی حەلاّلْ بکا -چونکە خوای گەورە حەلاّلْ نەبێ وەریناگرێ- خوای گەورە ئەم خێرە بە ڕاستەی خۆی وەرئەگرێو قبولّی ئەکا، هەرچەند دانە قەسپێکیش بێ، لە لای خوا زیاد ئەکا تا لە چیا گەورەتر ئەبێ.

٢- (كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ): وا ئەگەیەنێ هەولّدان بۆ وەدەستهێنانی حەلاّلْ واجبەو خۆ نەپاراستن لە حەڕام نیشانەی بەدبەختییە، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ التُّجَّارَ يُبْعَثُونَ يَوْمَ الْقِيامَةِ فُجَّاراً، إِلاَّ مَنِ اتَّقَى اللهَ وَبَرَّ وَصَدَقَ﴾ رواهُ الترمذي، واتە: بازرگانەکانی درۆزنو فێلّباز لەگەلّ ستەمکاران زیندوو ئەکرێنەوەو حەشر ئەکرێن، تەنها بازرگانێك نەبێ: کە لە خوا ترسابێو حەڕامی وەرنەگرتبێو چاکەی کردبێو ڕاستیی گوتبێ.

٣- (يُطِيلُ السَّفَرَ): إلى آخر الحديث، **بزانە:** دوعاکردن چەند ئادابو پێویستیەکیتری هەیە تاکو قبولْ ببێ، بۆ نموونە: پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ فَلْيَبْدَأْ بِتَحْمِيدِ اللهِ وَالثَّناءِ عَلَيْهِ، ثُمَّ لْيُصَلِّ عَلَى النَّبِيﷺ ثُمَّ لْيَدْعُ بَعْدُ بِماشاءَ﴾ رواهُ أصحاب السنن، واتە: هەر یەکێکتان نوێژی کردو ویستی دوعا بکا، با لە پێشدا سوپاسی خوا بکاو بلّێ: (اَلْحَمْدُ للهِ). ئینجا سەلاوات لە سەر پێغەمبەرﷺ لێبداو بلّێ: (وَالصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ عَلَى سَيِّدِنا مُحَمَّدٍ). ئینجا لە پاش ئەمانە کام دوعای پێخۆشە با بیکا.

(اَلْحَدِيثُ الْحادِي عَشَر: فِي الْوَرَعِ)

﴿ عَنْ أَبِي مُحَمّد الْحَسَنِ بن عَلِيّ بن أَبِي طالب رَضِيَ اللهُ عَنهما: سبْط رَسُول اللهِ ﷺ وَرَيْحانَته قالَ: حَفِظْتُ مِنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ: (دَعْ مَا يَرِيبُكَ إِلَى مَا لاَ يَرِيبُكَ) ﴾ رواهُ الترمذي والنّسائِي، وقالَ الترمذي: حديث حسن صحيح.

﴿ حەدیسی یازدەهەم: وازهێنان لە گومانلێکراو ﴾

(عَنْ أَبِي محمدٍ الْحَسَنِ بنِ عَلِيّ بنِ أَبِي طالِبٍ رَضِيَ اللهُ عَنهما) گێڕدراوەتەوە لە حەزرەتی (حەسەن) کوڕی ئیمامی (عەلی) خوا لێیان ڕازی بێ، سەحابەیەو دایکی ناوی (فاطمة)یە کچی پێغەمبەرە ﷺ، بۆیە پێی ئەڵێن: (سِبْطِ رسول الله ﷺ) نەوەی پێغەمبەر ﷺ، لە ساڵی (٣)ی کۆچی لە دایك بووە، لە ساڵی (٥٠)ی کۆچی لە لای ژنەکەی خۆی ژەهری دەرخوارد دراو وەفاتی کرد، لە مەدینە لە گۆڕستانی (بەقیع) نێژراوە، (١٣) حەدیسی گێڕاونەوە، لە لای پێغەمبەر ﷺ زۆر خۆشەویست بوو، لە بەر ئەوە پێی ئەگوترێ: (وَرَيْحانَته) ڕەیحانە بۆنخۆشەکەی پێغەمبەر ﷺ.

(قالَ: حَفِظْتُ مِنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ) ئەڵێ: ئەم فەرموودەیەم لە پێغەمبەر ﷺ وەرگرتووەو لەبەرم کردوە، کە ئەفەرموێ: (دَعْ مَا يَرِيبُكَ) واز بێنە لەو شتەی دەتخاتە گومانو گومانت لێی هەیە: ئایا حەڵاڵە، یان نا؟ جا هەرچەند ئەو شتە زۆر کەمو بێ‌نرخیش بێ ﴿عَنْ أَنَسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ: مَرَّ بِتَمْرَةٍ فِي الطَّرِيقِ فَقالَ: لَوْلاَ أَنِّي أَخافُ أَنْ تَكُونَ مِنَ الصَّدَقَةِ لأَكَلْتُها ﴾ رواهُ الشيخان، پێغەمبەر ﷺ لە ڕێگەدا یەك دانە قەسپی دۆزیەوە، ئینجا فەرمووی: ئەگەر ترسی ئەوەم نەبوایە، کە هی زەکاتە: ئێستا ئەمخوارد، واتە: لە بەر ئەم گومانە وازی لێهێناو نەیخوارد.

(إِلَى مَا لاَ يَرِيبُكَ) ڕوو بکە ئەو شتەی ناتخاتە گومانو گومانی تێدا نیە کە حەڵاڵە، کەوابوو: پێویستە موسوڵمانی‌تەواو تخونی ئەو شتانە نەکەوێ کە بە تەواوی لە حەڵاڵبوونیان دڵنیا نیە، چونکە بە وازهێنانی گومانلێکراو بە لای کەمی هیچ تاوانی لە سەر نانووسرێ، بەڵام ئەگەر گومانلێکراو بە کار بێنێو بیکا، بە لای کەمی تووشی دوو دڵی ئەبێ ئەگەر نەختێك ترسی خوای هەبێ:

بۆ وێنە: ئەگەر ئافرەتێك پێتی گوت: من شیرم داوەتە تۆو ئەو کچە. ئەمە هەرچەند شاهیدی یەك ئافرەت کار ناکاتە سەر حەڵاڵبوونی مارەکردنی ئەو کچە، بەڵام گومانێكو دوو دڵیەکت بۆ پەیدا ئەبێ، کەوابوو: لە بەر ئەو گومانە واز لەو کچە بێنەو مارەی مەکە، بڕوانە حەدیسی (٦)و (٢٧).

(رواهُ الترمذي والنّسائي) ئەم دوو زانایە ئەم حەدیسەیان گێڕاوەتەوەو (وقالَ الترمذي: حديث حسن صحيح) ئیمامی (تیرمیزی) فەرموویەتی: ئەم حەدیسە جوانەو ڕاستە.

ئیمامی (تیرمیزی): ناوی (محمد) کوڕی (عیسای) تیرمیزیْیه، له ساڵی (٢٠٩)ی کۆچی لـه (تیرمین)–شارێکه له باکوری ئێران– لـه دایك بـووه، لـه سـاڵی (٢٧٩)ی کۆچـی، وەفـاتی کردوه، ئەویش یەکێکه له زانا بەرزەکانی شەرعو حەدیس.

ئیمامی (نەسسائی) ناوی (ئەحمەد) کوڕی (شوعەیب)ی نەسسائیْیه، خەڵکی (خوڕاسان)ەو لـه ساڵی (٢١٥)ی کۆچی له دایك بووه، له ساڵی (٣٠٣)ی کۆچی، له (فەلەستین) وەفـاتی کـردوه، یەکێك بوو له زانا بەرزەکانی شەرعو حەدیس.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١–(دَعْ مَا يَرِيبُكَ): له سەر بناغەی ئەم حەدیسه قاعیدەیەکی (أُصُول الْفِقْه) بنیـات نـراوە: کـه ئەڵێ (**إِذَا تَعارَضَ شَكٌّ وَيَقِينٌ قُدِّمَ الْيَقِينُ**) هـەرکاتێك گومانێكو بێگومانێـك دژ بـه یـەکتری وەستان بێگومانەکه به کار دێ:

بۆ نموونه: پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِذا وَجَدَ أَحَدُكُمْ في بَطْنِه شَيْئاً فَأَشْكَلَ عَلَيْه أَخرَجَ مِنْـهُ شَيءٌ أَمْ لا؟ فَلاَ يَخْرُجَنَّ مِنَ الْمَسْجِد حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتاً أَوْ يَجِــدَ رِيحــاً﴾ رواهُ الشـيخان، واتـه: هەرکاتێك یەکێکتان زانی: له ناو زگیدا بایەك هەیـه، ئینجـا کـەوتـه گومـان: ئایـا بـای لێهاتۆتـه دەرەوە، یـان نـا؟ نابـێ بـەم گومانـه لـه مزگـەوت بڕواتــه دەرەوە بـۆ دەسـتنوێژگرتن، تـا به بێگومان دەنگی بایەکه ئەبیسی، یان بێگومان به تەواوی هەست به هاتنه دەرەوەی بایەکه ئەکا. کەواته: (بێگومانی به گومان لاناچێ).

٢– (إِلَى مَا لاَ يَرِيبُكَ): هەرکاتێك گومان لێکراوێك ئەکـەی ئـەبی بزانـی: بێگومـان پرسـیارت لێئەکرێ، ئایا بۆ وات کرد؟ کەوابوو: ئەی موسوڵمانی خۆشەویست، هـەوڵی حـەلاڵو گومـان لێنەکراو بده، منداڵەکانت به حەلاڵ بژێێنه تـاکو بـاری دونیـاو قیامـەتت سوك ببـێ، چـونکه لـەزەتو خۆشـیی دونیـا بـه دەوڵەمەنـدی نیـه، تەماشـا بکـه پێغەمبـەر ﷺ ئەفـەرموێ: ﴿مَنْ أَصْبَحَ مِنْكُمْ آمِناً فِي سِرْبِهِ مُعافًــى فِي جَسَدِه عِنْدَهُ قُوتُ يَوْمِه فَكَأَنَّما حِيزَتْ لَهُ الدُّنْيا﴾ رواهُ الترمـذی، واتـه: هـەر یـەکێك لـه ئێـوە لـه ڕۆژەکـەیدا لـه کۆمەڵگـەی خـۆیدا ئـەمین بێو کەس به دوایدا نەگەڕێ، لاشـەکەی سـاغو بێبـەلا بـێ، ئازووقـەی ڕۆژەکـەی هـەبێ، بـا وا دابنێ: که هەموو دونیای بۆ کۆ کراوەتەوە.

﴿ حەدیسی دوازدەهەم: نەکردنی شتی بێسوود ﴾

(عَـنْ أَبِيهُرَيْـرَةَ رضي الله عنه قـالَ) ئـەبوهورەیرە ئەفـەرموێ: (قَـالَ رَسُـولُ اللهِ ﷺ) پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی: (مِـنْ حُسْنِ إِسْلاَمِ الْمَرْءِ) یـەکێك لـه نیشـانەی جـوانیو ڕێـكوپێکی ئـایینیمرۆڤ

تَرْكُــهُ مَا لاَ يَعْــنِيه ﴾ حديث حسن رواهُ الترمذي وَغيرُهُ هَكَذَا.

ئەمەیە: (تَرْكُهُ مَا لاَ يَعْنِيهِ) واز بێنێ لەو شتانەی سودی نیەو پەیوەندی بە خۆیەوە نیە (حديث حسن رواهُ الترمذی وَغيرُهُ هَكَذَا) ئیمامی (تیرمیزی) گێڕاویەتیەوە.

بزانە: ئەو شتانەی پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، ئەوەیە بۆ کاروباری ژیانی بێ: وەك زانستیو تەندروستیو خواردنو جلو بەرگو دۆستایەتیو خۆپاراستن لە هەر چی زیانی تێدا بێو ڕێكوپێككردنی خێزان.

کەوابوو: هەر چی سودی بۆ ژیانی دونیاو قیامەت نەبێ وازی لێبێنەو کاتی خۆتی پێ لە دەست مەدە: وەك گفتوگۆی بێسودو پرسیاری بێسودو هەڵسانو دانیشتنی بێسودو خۆ تێکەڵکردنی کاروباری خەڵك کە پەیوەندی بە تۆوە نەبێ.

ئینجا بزانە: یارمەتیدانی خەڵكو ئامۆژگاری کردنو داپۆشینی کەمو کوڕیەکانیان پەیوەندی بە تۆوە هەیەو بە ئەرکی سەر شانی خۆتی بزانە ﴿عَـنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ رضي الله عنه: قَـالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: اَلْمُؤْمِنُ مِرْآةُ الْمُؤْمِنِ، وَالْمُؤْمِنُ أَخُوالْمُؤْمِنِ، يَكُفُّ عَلَيْه ضَيْعَتَهُ وَيَحُوطُهُ مِـنْ وَرائِهِ﴾ رواهُ أبوداود، موسوڵمان ئاوێنەی موسوڵمانەو برای موسوڵمانە، بەروبوومەکەی ئەپارێزێو کەمو کوڕیەکانی لائەبا، ئەگەر لە بەر چاویشی نەبێ هەر یارمەتی ئەدا.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (تَرْكُهُ مَـا لاَيَعْنِيـهِ): پاراستنی نهێنی بەرزترین ڕەوشتی موسوڵمانە، بە تایبەتی داپۆشینو ئاشکرانەکردنی ئەو گوناهەی بە پەنهانی کراوە، چونکە ئاشکراکردنی گوناه ئەبێتە هۆی لێنەبووردنی خوای گەورە، هەروەك پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿كُلُّ أُمَّتِي مُعافًى إلاَّ الْمُجاهِرِينَ، وَإِنَّ مِنَ الْمُجاهَرَةِ أَنْ يَعْمَلَ الرَّجُلُ بِاللَّيْلِ عَمَلاً ثُمَّ يُصْـبِحُ -وَقَدْ سَتَرَهُ اللهُ- فَيَقُولُ: يَا فُلاَنُ عَمِلْتُ الْبارِحَةَ كَذَا وَكَذَا، وَقَدْ باتَ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ وَيُصْـبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللهِ عَنْهُ﴾ رواهُ الشيخان، واتە: ئوممەتی من گشتی عەفوکراوە، تەنها ئەوانە نەبن: کە بە ئاشکرایی گوناه ئەکەن، گوناهی ئاشکرا بەوەش ئەگوترێ: کە مرۆڤ لە شەوێدا بە پەنهانی گوناهێك بکا، خوا لێی ئاشکرا ناکا، بەڵام بەخۆی ئەڵێ: فلان دوێنێ ئەم گوناهەم کردوە. ئەو پەردەی خوا بە سەریدا هێنابو و پۆشیبوی، بەم گوتە بێسودە لایئەباو گوناهەکە ئاشکرا ئەکاو خوا لێینابورێ.

٢- (تَرْكُهُ مَا لاَيَعْنِيهِ): پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿لاَ يُسْأَلُ الرَّجُلُ فِيما ضَرَبَ إمْرَأَتَهُ﴾ رواهُ أبوداود، پرسیار لە پیاو ناکرێ: ئایا بۆچی لە ژنەکەی خۆی داوە؟ چونکە پرسیارەکە پەیوەندی بە کەسێکیترەوە نیەو بێسودە.

(اَلْحَديثُ الثّالث عَشَر: أُخُوَّةُ الإِسْلاَمِ)

﴿ عَنْ أَبِي حَمْزَةَ أَنَسِ بن مالكٍ رضي الله عنه خادمِ رَسُولِ اللهِ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ ﴾ رواهُ الْبُخاري ومُسْلِم.

﴿ حەدیسی سێزدەهەم: برایەتی ئیسلام ﴾

(عَنْ أَبِي حَمْزَةَ أَنَسِ بنِ مالكٍ رضي الله عنه) گێڕدراوەتەوە لە (ئەنەس)ی کوڕی (مالیك) رضي الله عنه (خادمِ رسولِ اللهِ ﷺ) کە خزمەتکاری پێغەمبەرە ﷺ، کەواتە: سەحابەیە، لە (مەدینە)ی پیرۆز لەدایك بووە، کە پێغەمبەر ﷺ هاتە (مەدینە) تەمەنی (١٠)ساڵان بوو و بووە خزمەتکاری پێغەمبەر ﷺ، تا پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد هەر خزمەتی کرد، لە تەمەنی (١٠٠) ساڵیدا لە شاری (بَصْرَة) وەفاتی کرد. (٢٢٨٦) حەدیسی گێڕاونەوە، ئەفەرموێ:

(أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ) بیروباوەڕی هیچ کامێکتان تەواو نابێ بە خواو پێغەمبەرو ڕۆژی دوایی (حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ) تا بۆ برای خۆی ئەو شتەی پێ خۆش ئەبێ: کە بۆ خۆی پێی‌خۆشە (رواهُ البخاری ومُسْلِم) ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم) گێڕاویەتیانەوە.

مەبەست لەو شتانەی کە ئەبی بۆ برای موسوڵمانت پێ‌خۆش بێ، ئەوەیە: لە ئایینی ئیسلامدا ڕەوا بێ، چونکە ئەگەر بەخۆت شتی نارێکت پێ‌خۆشە، نابێ پێت خۆش بێ کەسانی‌تر بیکا.

لەم فەرموودەیە پێغەمبەر ﷺ هانمان ئەدا: بۆ ئەوەی دڵمان چاکەی بوێ بۆ هەموو کەس، هەتا ئەبی پێمان خۆش بێ برایەکی تاوانبار تۆبە بکا، ئەوەی کافرە موسوڵمان ببێ. هەروەها بەختەوەریت لە دونیاو قیامەت بۆ هەموو کەس پێ‌خۆش بێ، چونکە هیچ لە تۆ کەم نابێتەوە، کەوابوو: حەسودی بە کەس مەبە.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ): وا ئەگەیەنێ: کە برایەتی‌ئیسلام پارچەیەکی ئیمانە، چونکە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿اَلإِيمانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ شُعْبَةً، فَأَفْضَلُها قَوْلُ لاَإِلَـهَ إِلاَّاللهُ، وَأَدْناها إِماطَةُالأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ، وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإِيمانِ﴾ رواهُ الشيخان، واتە: ئیمان حەفتاو سێ پارچەیە، لە هەموانیان گەورەتر: شادە هێنانە، لە هەموانیان نزمتر: لابردنی ئازاردەری ڕێگەیە، شەرم کردن پارچەیەکی ئیمانە. بڕوانە حەدیسی (٢٠)م.

٢- (مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ): وا ئەگەیەنێ: کە دڵسۆزی بۆ خەڵك پارچەیەکی‌تری ئیمانە، پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿اَلْمُؤْمِنُ مَنْ أَمِنَهُ النَّاسُ عَلَى دِمائِهِمْ وَأَمْوالِهِمْ﴾ رواهُ الترمذی، واتە: ئیمانداری تەواو ئەو کەسەیە: خەڵك لە خوێن‌و ماڵیان لێی ئەمین بن، واتە: لێی دڵنیا بن کە زیانیان لێنادا.

(اَلْحَديثُ الرّابع عَشَر: حُرْمَةُ دَمِ الْمُسْلِمِ)

﴿ عَنْ ابْنِ مَسعودﷺ: قَالَ: رَسُولُ اللهﷺ: لاَ يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ إلاَّ بِإحْدَى ثَلاَثٍ: اَلثَّيِّبُ الزَّانِي، وَالنَّفْسُ بِالنَّفْسِ، وَالتَّارِكُ لِدِينِه الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ ﴾ رواهُ البخاري وَمُسْلِم.

٣- پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿ذَاقَ طَعْمَ الإِيمَانِ: مَنْ رَضِيَ بِاللهِ رَبّاً، وَبِالإِسْلاَمِ دِيناً، وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولاً﴾ رواهُ مُسْلِم، واتە: ئەو کەسە تامی ئیمان ئەکا: کە ڕازی بێ خوای گەورە دادوەرو پەرستراوی بێ، ئیسلام بەرنامەی ژیانی بێ، محمدﷺ پێغەمبەرو پێشەوای بێ.

﴿ حەدیسی چواردەهەم: کوشتنی موسوڵمان حەرامە ﴾

(عَنْ ابنِ مَسعودﷺ) عبداللەی کوڕی مەسعود ئەفەرموێ: (قَالَ رسول اللهﷺ) پێغەمبەرﷺ فەرمووی (لاَ يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ) کوشتنی مرۆڤی موسوڵمان دروست نیە (إلاَّ بِإِحْدَى ثَلاَثٍ) تەنها بە کردنی یەکێك لەم سێ تاوانانە دروستە:

یەکەم: (اَلثَّيِّبُ الزَّانِي) زیناکردنی پیاوێکە ژنی هێنابێ‌و بوبێتە زاوا، یان ئافرەتێك مێردی کردبێ‌و لێی بوبێتە زاوا، ئەمانە بەردباران ئەکرێن تا دەمرن، بەڵام ئەگەر پیاو ژنی نەهێنابو، یان ئافرەت مێردی نەکردبو، ئەبی یەکێ سەد داریان لێبدرێ‌و ساڵێك لە وڵات دوور بخرێنەوە. هەروەها، نێربازی وەك زینا وایە، بەڵام هەندێ زانا فەرموویانە: ئەبی هەردووکیان بکوژرێن.

دووەم: (وَالنَّفْسُ بِالنَّفْسِ) کوشتنی بێتاوان بە ئارەزووی خۆی، ئەبی لە تۆڵەی کوژراو بکوژرێتەوە، جا ئەگەر عەفو کرا، ئەبی خوێنی بدا، بەڵام ئەگەر مەبەستی کوشتن نەبو، بەڵکو لە دەستی کوژرا، ئەمە دروست نیە بکوژرێتەوە، بەڵکو ئەبی خوێن بداو خزمەکانی ڕازی بکا: وەك ڕووداوی ئۆتۆمبێل، چەك لە دەست دەرچوون، یاریکردنیتر.

بەڵام ئاگاداربە: لە هەموو جۆرە کوشتنێك-جگە لە تۆڵە- ئەبی کەففارەت بدرێ، واتە: یەك کۆیلە ئازاد بکا ئەگەر هەبوو، ئەگەر نا: ئەبی دوو مانگ لە سەر یەك بە ڕۆژوو بێ.

سێیەم: (وَالتَّارِكُ لِدِينِهِ الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ) وازهێنانە لە ئایینی ئیسلام‌و جیابوونەوەیە لە کۆمەڵی موسوڵمانان، هەر کەس لە ئایینی ئیسلام پەشیمان ببێتەوە، واتە: بە زوبان، یان بە کردەوە کافر ببێ‌و دیسان موسوڵمان نەبێتەوە، ئەبی بکوژرێ‌و ئەگەر کەسێك باوەڕی بە هەر شەش ڕوکنی ئیمان نەبێ، یان جوێن بە خوداو پێغەمبەرﷺ بدا، یان بڵێ: بە حوکمی ئیسلام ڕازی نیم، یان گاڵتە بە خوداو پێغەمبەرو ئیسلام بکا، ئەوە کافرەو کوشتنی واجبە لە سەر کاربەدەستانی موسوڵمانان، هەروەها ئەوەی لە کۆمەڵی موسوڵمانان جیا ئەبێتەوەو دژ بە ئیسلام ئەوەستێ، ئەبی بکوژرێ (رواهُ البخاری ومُسْلِم) ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم) گێڕاویەتیانەوە.

جا **بزانە**: ئەوەی کافر ئەبێو موسوڵمان نابێتەوە، لە دوای سێ عیددە پەیوەندی ژنو مێردایەتیی ئەپچڕێ.

ئینجا بزانە: گوێڕایەڵیو ڕێزلێنانی کاربەدەستان، ئەرکی سەر شانی گشت موسوڵمانێکە بەو مەرجەی بە یاسای قورئان کار بکا ﴿عَنْ أَبِى ذرٍّ رضي الله عنه: قالَ النَّبيُّ ﷺ: إنْ أُمِّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ مُجَدَّعٌ أَسْوَدُ يَقُودُكُمْ بِكِتَابِ اللهِ فَاسْمَعُوا لَهُ وَأَطِيعُوا﴾ رواهُ مُسْلِم، واتە: ئەگەر قولەڕەشێکی لووت بڕاو، کرایە سەرکردەی ئێوەو بە یاسای قورئان ئێوەی بەڕێوە ئەبرد، ئێوەش گوێڕایەڵی بنو لە فەرمانی دەرمەچون.

هەروەها بزانە: هەر کەسێك لە دژی ئەم جۆرە کاربەدەستانە ڕاپەڕیو پەرتەوازەیی بخاتە نێو کۆمەڵی موسوڵمانان، واجبە موسوڵمانان لە ناوی ببەنو نابێ شوێنی بکەون ﴿عَنْ عَرْفَجَةَ رضي الله عنه: قالَ النَّبيُّ ﷺ: مَنْ أَرادَ أَنْ يُفَرِّقَ أَمْرَ هَذِهِ الأُمَّةِ وَهِيَ جَمِيعٌ فَاضْرِبُوهُ بِالسَّيْفِ كَائِناً مَنْ كانَ﴾ رواهُ مُسْلِم، واتە: هەر کەسێك بیەوێ ئەم ئوممەتەی ئیسلام لێك جیا بکاتەوەو پەرتەوازەی بخاتە ناو-لەو کاتەی کە کۆمەڵن- ئێوە بە شمشێر لێی بدن، جا هەر کەسێك بێ.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (لاَ يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ): ڕۆژێك (عبدالله)ی کوڕی ئیمامی (عمر) تەماشای (كَعْبَة)ی پیرۆزی کرد-کە قیبلەی موسوڵمانانە- ئینجا فەرمووی: ﴿مَا أَعْظَمَ حُرْمَتَكِ وَالْمُؤْمِنُ أَعْظَمُ حُرْمَةً عِنْدَاللهِ مِنْكِ﴾، ئای (كَعْبَة) چەند گەورەو بەڕێزی، خۆ ئیماندار لە لای خوا لە تۆش گەورەو بەڕێزترە. جا هەر لە بەر گەورەو بەڕێزیی موسوڵمان پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿لَزَوالُ الدُّنْيا أَهْوَنُ عَلَى اللهِ مِنْ قَتْلِ رَجُلٍ مُسْلِمٍ﴾ رواهُ الترمذی، واتە: نەمانی دونیا ئاسانترە لە لای خوای گەورە لە کوشتنی مرۆڤێکی موسوڵمان.

٢- (الثَّيِّبُ الزَّانِي): **بزانە**: بە شایەدی چوار پیاو، یان بە دان پێداهێنانی زیناکەر زینا ئاشکرا ئەبێ، دیسان **بزانە**: هەر جۆرە زیناکەرێك هەبێ، ئەگەر زینایەکەی لێ ئاشکرا نەبو، با لە نێوان خۆیو خوای گەورەدا تۆبە بکاو ئاشکرای نەکا، بەم تۆبەیە-إنْ شاءَ اللهُ- خوای گەورە لێی خۆش ئەبێ، پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَنْ أَصابَ شَيْئاً مِنْ ذَلِكَ فَعُوقِبَ بِهِ فِي الدُّنْيا فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ، وَمَنْ أَصابَ شَيْئاً مِنْ ذَلِكَ فَسَتَرَهُ اللهُ عَلَيْهِ فَأَمْرُهُ إِلَى اللهِ: إِنْ شاءَ عَفا عَنْهُ، وَإِنْ شاءَ عَذَّبَهُ﴾ رواهُ الشيخان، واتە: هەر کەسێك تاوانێکی لەم تاوانانە کرد-جگە لە کافربوون- ئەگەر لە دونیا بە هۆی ئەم گوناهە سزا درا، ئەوە سزای قیامەتی لە سەر لائەچێ، بەڵام ئەگەر تاوانێکی لەم تاوانانە کرد-جگە لە کافربوون- ئینجا خوا لێی پۆشیو

(اَلْحَدیثُ الْخامس عشر: فی خصال الْمُؤْمن)

﴿ عَنْ أَبِیهُرَیْرَةَ رضي الله عنه: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قالَ: مَنْ كَانَ یُؤْمِنُ باللهِ وَالْیَوْمِ الآخــرِ فَلْیَقُــلْ خَیْراً أَوْ لِیَصْمُتْ، وَمَنْ كَانَ یُؤْمِنُ باللهِ وَالْیَوْمِ الآخِرِ فَلْیُكْرِمْ جارَهُ، وَمَنْ كَانَ یُؤْمِنُ باللهِ وَالْیَوْمِ الآخِرِ فَلْیُكْرِمْ ضَیْفَهُ ﴾ رواهُ الْبُخاري ومُسْلِم.

ئاشكرای نەكرد، ئەوە لە ڕۆژی دوایی لە دەست خودایە، ئەگەر حەز بكا: لێی ئەبورێ، ئەگەر نا: سزای ئەدا. واتە: هەرچەند بە بێتۆبەكردنیش بمرێ.

٣- (وَالتَّارِكُ لِدِینِه): جیاوازی نیە: واز لە هەموو ئایین بهێنێ، یان لە بەشێكی، بگەڕێوە بۆ حەدیسی (٨)م.

٤- (اَلْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ): مەبەست بە كۆمەڵ (أهل السّنّة والجَماعة)یە، واتە: هەر چینێك بۆ بڵاوكردنەوەی (بِدْعَة) چەك هەڵگرێ: ئەبێ جەنگیان لەگەڵ بكرێ، هەروەكو ئیمامی (عَلـی) جەنگی لەگەڵ (خَوارج) كرد.

﴿ حەدیسی پازدەهەم: ڕەوشتەكانی مرۆڤی ئیماندار ﴾

(عَـنْ أَبِیهُرَیْـرَةَ رضي الله عنه: أَنَّ رَسُـولَ اللهِ ﷺ قَـالَ) ئـەبوهورەیرە ئەفـەرموێ: پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی: (مَنْ كَانَ یُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْیَوْمِ الآخِرِ) هـەر كەسێك بـاوەڕی تـەواوی هەیـە بـە خـواو ڕۆژی دوایی (فَلْیَقُلْ خَیْراً) با قسەی باش بكا (أَوْ لِیَصْمُتْ) یان بێدەنگ بێ.

لەم فەرموودەیە دەرئەكەوێ: قسەی بـە سـود پێویسـتە بگـوترێ، بـە مـەرجێ ڕووداوێكـی نالەبار ڕوو نەدا، وە ئەگەر قسەكردن سودی نـەبێ، پێویسـتە نـەگوترێ، چـونكە زۆربـەی تاوانی ئادەمیزاد كە لە دونیاو قیامەت پێی بەدبەخت ئەبێ: لە گفتوگۆی نالەبار ڕوو ئەدا، بۆیێ (لوقمان) ئەڵێ: (**ئەگەر قسە زیو بێ، نەگوتنی زێڕە**).

(وَمَنْ كَانَ یُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْیَوْمِ الآخِرِ فَلْیُكْرِمْ جَارَهُ) وە هەركەسێك بـاوەڕی تـەواوی بـە خـواو ڕۆژی دوایی هەیە، با ڕێزی دراوسێی خۆی بگرێو ئازاری نەداو ئاگاداریماڵو منداڵی بێو ئامۆژگارییان بكاو یارمەتییان بدا.

بزانە: دراوسێی موسوڵمانو خزم سێ مافی هەنە، دراوسێی موسوڵمانو بێگانـە دوو مـافی هەنە، دراوسێی كافر یەك مافی هەیە.

(وَمَنْ كَانَ یُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْیَوْمِ الآخِرِ فَلْیُكْرِمْ ضَیْفَهُ) وە هەركەسێك بـاوەڕی تـەواوی بـە خـواو ڕۆژی دوایی هەیە، با ڕێزی میوانی بگرێو لەگەڵی ڕووخـۆش بـێو بـەگوێرەی توانا خـواردنی بداتێو شوێنی نوستنی بۆ دابین بكاو لە بەردەم میوانا ڕووگرژیو دەمەقاڵێ لەگـەڵ منـداڵانی خۆی نەكا، هەروەها نابێ میوانیش خۆی ناشیرین بكا: وەك داوای خواردنی تایبەتی بكا، یان خۆی تێكەڵی كاروباری خاوەن ماڵ بكا، ئەگەر شتێكی نـاڕێكی دیت، نابـێ بـڵاوی بكاتـەوە (رواهُ البخاري ومُسْلِم) ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم) گێڕاویەتیانەوە.

ئینجا بزانه: ئەم سێ ڕەوشتانە ڕەوشتی موسوڵمانی ڕاستەقینەیەو هەر بە ڕەوشتی باش موسوڵمانان بە بەهەشت شاد ئەبن ﴿عَنْ أَبِيهُرَيْرَةَ رضي الله عنه: سُئِلَ النَّبِيُّ ﷺ: عَنْ أَكْثَرِ مَا يُدْخِلُ النَّاسَ الْجَنَّةَ؟ فَقالَ: تَقْوَىاللهِ وَحُسْنُ الْخُلُقِ. وَسُئِلَ عَنْ أَكْثَرِ مَا يُدْخِلُ النَّاسَ النَّارَ؟ فَقَالَ: اَلْفَمُ وَالْفَرْجُ﴾ رواهُ الترمذي، واتە: پرسیار لە پێغەمبەرﷺ کرا: ئایا زۆرترین شت کە خەڵکی بباتە بەهەشت چییە؟ فەرمووی: لە خواترسیو ڕەوشتی باش. ئایا زۆرترین شت کە خەڵکی بباتە دۆزەخ چییە؟ فەرمووی: زمان پیسیو داوێن پیسی.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (فَلْيَقُلْ خَيْراً): ئیمامی (الشافعی) ئەفەرموێ: **(با قسەی باش بکا، بەڵام پاش بیرکردنەوە: ئایا ئەم قسەیەی ئەیکا باشە، یان نا، ئینجا ئەگەر دڵنیابو کە قسەکە باشە با بیکا، بەو مەرجەی نالەباری ڕوو نەدا).**

ئیمام (أبوعلی الدقاق) ئەفەرموێ: (**مَنْ سَكَتَ عَنِ الْحَقِّ فَهُوَ شَيْطانٌ أَخْرَسُ**) هەر کەسێك لە گوتنی ڕاستیو ڕەوا بێدەنگ بێ، ئەوە شەیتانێکی لاڵە.

ئینجا بزانه: لە هەر کاتو شوێنێك بەرژەوەندی لە قسەکردندا نەبو، ئەوە بێدەنگی باشەو حەسانەوەیەکە بۆ خۆیو فریشتەکان، چونکە پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿لاَ تُكْثِرُوا الْكَلاَمَ بِغَيْرِ ذِكْرِاللهِ، فَإِنَّ كَثْرَةَ الْكَلامِ بِغَيْرِ ذِكْرِاللهِ قَسْوَةٌ لِلْقَلْبِ، وَإِنَّ أَبْعَدَ النَّاسِ مِنَ اللهِ اَلْقَلْبُ الْقَاسِي﴾ رواهُ الترمذی، واتە: زۆر قسە مەکەن بە قسەیەکی وا: کە زیکری خواو چاکە نەبێ، چونکە زۆر گوتن بە بێزیکری خوا: ئەبێتە هۆی دڵڕەقی، بەڕاستی دوورترین کەس لە خوای گەورە دڵیڕەقە. کەوابوو: **(زۆر گۆتن، قوڕئان خۆشە)**.

٢- (فَلْيُكْرِمْ جَارَهُ): دراوسێ تا چل خانوو لە ڕاستەو چەپەو باکور و باشوری خانووەکەت ئەگرێتەوە.

ئینجا بزانه: ڕێزلێنانی دراوسێ نیشانەی ئیمانیتەواوە، هەروەکو لەم حەدیسەدا دەرئەکەوێ، هەروەها ئازاردانی دراوسێ هۆی دواکەوتنە لە بەهەشت، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿لاَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ لاَ يَأْمَنُ جارُهُ بَوائِقَهُ﴾ رواهُ مُسلِم، واتە: ناچێتە بەهەشت کەسێك دراوسێیەکەی لە خراپەی ئەمین نەبێ. کەوابوو: بۆ دراوسێیەکەت دڵسۆز بەو لە خواردنی خۆت بێبەشی مەکە.

٣- (فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ): دەربارەی مێوانو مێوانداری پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ باللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ، جائِزَتُهُ يَوْمٌ وَلَيْلَةٌ، وَالضِّيافَةُ ثَلاَثَةُ أَيَّامٍ، فَما بَعْدَ ذَلِكَ فَهُوَ صَدَقَةٌ، وَلاَ يَحِلُّ لَهُ أَنْ يَثْوِيَ عِنْدَهُ حَتَّى يُحْرِجَهُ﴾ رواهُ أبوداود، هەر کەسێك باوەڕی بە خواو

(اَلْحَدِيثُ السّادس عَشَر: فى الْغَضَب)

﴿عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه: أَنَّ رَجُلاً قَالَ لِلنَّبِيِّ ﷺ: أَوْصِنِي. قَالَ ﷺ: لاَ تَغْضَبْ. فَرَدَّدَ مِرارًا. قَالَ ﷺ: لاَ تَغْضَبْ﴾ رواهُ الْبُخاري.

ڕۆژی دوایی هەیە، با ڕێز لە میوانەکەی بنێ، بە شێوەیەکی وا: شەو و ڕۆژێك بەگوێرەی توانا خواردنی باشی بداتێ، مافی میوانداری سێ ڕۆژە بە خواردنی عادەتی، لە سێ ڕۆژ زیاتر خێرکردنە بە میوان، دروست نیە میوان ئەوەندە بمێنێتەوە: تا خاوەن ماڵ تووشی ئازارو ماندووبوون ئەکا. کەوابوو: لە جێگەی تایبەتی خاوەن ماڵیش دامەنیشە.

ئینجا لە دوای نان خواردن ئەم دوعایە بۆ خاوەن ماڵ بکە: ﴿أَفْطَرَ عِنْدَكُمُ الصَّائِمُونَ وَأَكَلَ طَعامَكُمُ الأَبْرارُ وَصَلَّتْ عَلَيْكُمُ الْمَلائِكَةُ﴾ رواهُ أَبوداود، واتە: خوا بکا ڕۆژووەوانان فەتار لە لای ئێوە بکەنەوە، پیاوچاکان نانی ئێوە بخۆن، فریشتە بۆ ئێوە لە خوا بپاڕێنەوە تا لێتان خۆش بێ.

﴿حەدیسی شازدەهەم: دەربارەی توڕەیی﴾

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه: أَنَّ رَجُلاً قَالَ لِلنَّبِيِّ ﷺ) ئەبوهورەیرە خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ: پیاوێك بە پێغەمبەری ﷺ گوت: (أَوْصِنِي) ئامۆژگاریەکم پێ بسپێرە جێبەجێی بکەم (قَالَ: لاَ تَغْضَبْ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: توڕە مەبە.

(فَرَدَّدَ مِرارًا) جا پیاوەکە چەند جارێکی تر ئەم قسەیەی دووبارە کردەوە (قَالَ: لاَ تَغْضَبْ) پێغەمبەر ﷺ هەر وەڵامی ئەداوەو ئەیفەرموو: توڕە مەبە.

واتە: کە توڕەش بوی، قسەی ناڕێك مەکەو هەڵمەتی دڕندانە مەبە، چونکە مرۆڤی ئازا ئەوەیە: لە کاتی توڕەبوون خۆڕاگر بێو لێبوردن بکاتە پیشەی خۆی.

توڕەبوون سەرەتاییەکەی شێتیەو دواییی پەشیمانیە، لە بەر ئەوە زۆر کەس لە بەر توڕەیی: یان خۆی کافر ئەکاو لە ئیسلام دەرئەچێ، یان کەسێك ئەکوژێ، یان سوێند ئەخوا، یان ژنی خۆی تەڵاق ئەداو ماڵی خۆی وێران ئەکا (رواهُ البخاری) ئیمامی (بوخاری) گێڕاویەتیەوە:

ئینجا بۆ ڕزگاربوون لە دەردی توڕەیی، پێغەمبەر ﷺ چەند دەرمانێکی داناوە پێویستە بە کاریان بێنین: وەك دەستنوێژ شوشتن، گوتنی (أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطانِ الرَّجِيمِ)، دانیشتن ئەگەر بە پێوە بوو، یان پاڵدانەوە ئەگەر دانیشتوو بێ.

ئەوەش **بزانە:** ئەگەر ویستت دۆستایەتی کەسێك بکەی، جارێك توڕەی بکە بۆ ئەوەی بزانی چ جۆرە کەسێکە؟ چونکە دەرنەبڕینی توڕەییو مراندنەوەی ڕقو قین لە ڕەوشتە هەرە بەرزەکانی موسوڵمانە، بە مەرجێ دەسەڵاتی هەبێ نەك لە بەر بێدەسەڵاتی بێ.

(اَلْحَدِيثُ السَّابِع عَشَر: إحْسانُ الْعَمَلِ)

﴿عَنْ أَبِي يَعْلَى شَدَّاد بن أَوْسٍ رضي الله عنه: عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ قالَ: إنَّ اللهَ كَتَبَ الإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ: فَإِذَا قَتَلْتُمْ فَأَحْسِنُوا الْقِتْلَةَ،

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (أَوْصِنِي): وا ئەگەیەنێ: پێویستە موسوڵمان داوای ئامۆژگاری لە موسوڵمان بكا، چونكە هەموو كەسێك لە كەمو كوڕیەكانی خۆی ئاگادار نیەو موسوڵمانی دڵسۆز ئاگاداری ئەكاتەوە، پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ أَحَدَكُمْ مِرْآةُ أَخِيهِ، فَإِنْ رَأَى بِهِ أَذىً فَلْيُمِطْهُ عَنْهُ﴾ رواهُ الترمذي، واتە: بە ڕاستی هەر یەكێكتان ئاوێنەی برای خۆیەتی، كەوابوو: هەر ناشیرینیەكی لە برای خۆی دیت ئەبی لای ببا.

٢- (لاَ تَغْضَبْ): توڕەیی: وەجۆش هاتنی خوێنە بۆ ڕونەدانی سەرشۆڕی، یان بۆ تۆڵەوەرگرتن، ئەم وەجۆش هاتنە وا لە مرۆڤ ئەكا: دەماری جووت ئەبێو ڕەنگی تێك ئەچێو دەمی كەف ئەكاو گوفتارو كرداری نالەبار ئەبێ، ئەگەر لەم كاتەدا خۆی ببینێ، لە شەرمی ڕەنگی نالەباری خۆی توڕەیی نامێنێ.

ئینجا بزانە: ڕەوشتە باشەكانی ئیسلام، باشترین دۆستن بۆ زاڵبوون بە سەر توڕەییدا، كەوابوو: ئەگەر توڕەش بووی، توڕەییت بشارەوەو ئەنجامی مەدە، پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَنْ كَظَمَ غَيْظاً وَهُوَ قادرٌ عَلَى أَنْ يُنْفِذَهُ دَعاهُ اللهُ يَوْمَ الْقِيامَةِ عَلَى رُؤُوسِ الْخَلائِقِ حَتَّى يُخَيِّرَهُ مِنْ أَيِّ الْحُورِ الْعِينِ شَاءَ﴾ رواهُ الترمذي، هەركەسێك ڕقو توڕەیی بشارێتەوە -تواناى ئەنجامدانیشی هەبێ- خوای گەورە لە بەرچاوی خەڵك لە ڕۆژی دوایی بانگی ئەكا، تاكو بیكاتە سەرپشك: كام حۆری هەڵبژێرێ بیداتێ.

﴿ حەدیسی حەڤدەهەم: ڕێك و پێك كردنی كردار ﴾

(عَنْ أَبِي يَعْلَى شَدَّادِ بنِ أَوْسٍ) رضي الله عنه (شەدداد)ی كوڕی (ئەوس) سەحابەیە، لە (مەدینە)ی پیرۆز لە دایك بووە، لە ساڵی (٥٨)ی كۆچی لە (بَيْتِ المُقَدَّس) وەفاتی كردوە، (٥٠) حەدیسی گێڕاونەوە.

(عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ) لە پێغەمبەر ﷺ ئەگێڕێتەوە: (قالَ: إنَّ اللهَ كَتَبَ الإحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خوای گەورە واجبی كردوە: كە چاكە لەگەڵ هەموو شتێكا بە كار بێنن:

(فَإِذَا قَتَلْتُمْ) جا ئەگەر هاتوو كەسێكتان كوشت (فَأَحْسِنُوا الْقِتْلَةَ) بە شێوەیەكی باش بیكوژن. واتە: ئەگەر لە تۆڵەی باوكت، یان برات، یان كوڕت، كەسێكت كوشت لە كوشتن بەولاوە هیچیتری لێمەكە: وەك دەمو لوت بڕینو ناشیرین كردنی لاشەكەی،

وَإِذَا ذَبَحْتُمْ فَأَحْسِنُوا الذِّبْحَةَ، وَلْيُحِدَّ أَحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ وَلْيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ﴾ رواهُ مُسْلِم.

یان ئەگەر كەسێك هەڵمەتی هێنایە سەر ماڵو ناموستو نەگەڕاوە، ئەوە لە كوشتن بەولاوە هیچیتر دروست نیە ﴿عَنْ سَعِيد بنْ زَيْدﷺ: قالَ النَّبيُّﷺ: مَنْ قُتِلَ دُونَ ماله فَهُوَ شَهِيدٌ﴾ رواهُ الترمذي، واتە: هەركەسێك بە هۆی پاسەوانیكردنو بەرگریكردن لە مڵكو ماڵی خۆی بكوژرێ شەهیدە.

(وَإِذَا ذَبَحْتُمْ: فَأَحْسِنُوا الذِّبْحَةَ) وە هەر كاتێك ئاژەڵێكی حەلاڵتان سەر بڕی، بە شێوەیەكی باش سەری ببڕن: هەروەك پێغەمبەرﷺ ڕێی بۆ داناوینو ئەفەرموێ: (وَلْيُحِدَّ أَحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ) هەر یەكێك سەری ئاژەڵ ببڕێ، با كێردەكەی تیژ بكا (وَلْيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ) وە پشوودانێكی باش بداتە ئاژەڵەكە: وەك ئاودانو خستنە سەر تەنیشتی چەپە، ئینجا ڕووی لە قیبلە بكاو بڵێ: (بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ). وە بە زووترین كات كێردەكەی بێنە بە سەر گەرووىداو بیكوژەوە (رواهُ مُسْلِم) ئیمام (موسلیم) گێڕاویەتیەوە.

ئەوەش بزانە: ئەبی لە كوشتنەوەدا (سۆریچك) كە بۆڕیی خواردنو خواردنەوەیەو (قرتاكە) كە بۆڕیی هەناسەیە، هەردووكیان ئەبی بە تەواوی ببڕدرێنو ئەو گرێیەی لە گەروو بەرز ئەبێتەوە ئەبی كوشتنەوەكە لە ئەویان بەرەو خوار بێ بۆ لای لاشەكە، یان لە سەر ئەو بێ، بۆ ئەوەی هەندێكی، یان هەمووی بە لای سەریەوە بچێ، ئەگەر هیچی بە لای سەریەوە نەچو، حەرامەو مردارە

ئینجا بزانە: (بِسْمِ اللهِ)كردن لە كاتی كوشتنەوەدا مەرج نیە، هەروەها بە دەستی منداڵو ئافرەتیش سەربڕینی ئاژەڵو باڵندە هەر دروستە ﴿عَنْ كَعْب بن مالكﷺ: أَنَّ امْرَأَةً ذَبَحَتْ شاةً بِحَجَرٍ فَسُئِلَ النَّبِيُّﷺ عَنْ ذَلِكَ؟ فَأَمَرَ بِأَكْلِهَا﴾ رواهُ البخاري، واتە: ئافرەتێك بە بەردێكی تیژ مەڕێكی سەربڕی، پێغەمبەرﷺ فەرمانیدا گۆشتی مەڕەكە بخۆن.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (إِنَّ اللهَ كَتَبَ الإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ): **چاكە:** ئەنجامدانی كردارەكانە بە پێی یاسای ئیسلام، جیاوازی نیە: ئەم كردارە پەیوەندی بە خۆتەوە هەبێ، یان بە كەسێكیتر.

ئینجا بزانە: هەر هەوڵدانێك بۆ بەڕێوەبردنی خەڵكو ڕێككردنی كۆمەڵگە بێ، ئەوە بە چاكە دائەندرێو ڕێبازی پێغەمبەرانە عليهم الصلاة والسلام، ئەم هەوڵدانە لە ئیسلامدا بە (سياسَة) ناو ئەبرێ، هەروەك پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿كَانَتْ بَنُوإِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمُ الأَنْبِيَاءُ كُلَّما هَلَكَ نَبِيٌّ خَلَفَهُ نَبِيٌّ﴾ رواهُ الشيخان، واتە: پێغەمبەرەكان عليهم الصلاة والسلام كاروباری (بَنِي إِسْرَائيل)یان بەڕێوە ئەبردو ڕابەرایەتی دینو دونیایان ئەكردن، هەر پێغەمبەرێك وەفاتی كردبا: پێغەمبەرێكیتر ئەم سیاسەتەی ئەنجام ئەدا.

(اَلْحَديثُ الثّامن عَشَر: في تَقْوَى اللهِ، وَحُسْنِ الْخُلُقِ)

﴿ عَنْ أَبِي ذَرٍّ جُنْدُبِ بنِ جُنادَةَ رضي الله عنه وَأَبِي عَبْدِالرَّحْمَنِ مُعاذِ بنِ جَبَلٍ رضي الله عنه: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قالَ: اتَّقِ اللهَ حَيْثُما كُنْتَ،

٢- (فَأَحْسِنُوا الْقِتْلَةَ): **بزانه:** شێواندن‌و ناشیرین کردنی لاشه‌ی کوژراوه‌که به هیچ شێوه‌یه‌ك دروست نیه، هه‌رچه‌ند لاشه‌ی دوژمنێکی کافریش بێ ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بن زَيْدٍ رضي الله عنه: قالَ: نَهَى النَّبِيُّ ﷺ: عَنِ النُّهْبَى وَالْمُثْلَةِ﴾ رواهُ البخاري، پێغه‌مبه‌ر ﷺ قه‌ده‌غه‌ی کردوه -له غه‌زادا- تالآن ببه‌ین پێش دابه‌شکردنی، قه‌ده‌غه‌ی کردوه: لاشه‌ی کوژراوه‌کان بشێوێنین‌و ناشیرینیان بکه‌ین.

٣- (فَأَحْسِنُوا الذِّبْحَةَ): شێوه‌ی سه‌ربڕینی باش ئه‌وه‌یه: به هێمنی‌و له سه‌رخۆیی ئاژه‌ڵه‌که درێژ بکاته سه‌ر زه‌مین، له به‌رچاوی ئاژه‌ڵه‌که چه‌قۆ تیژ نه‌کا، له پێش چاوی ئاژه‌ڵه‌که ئاژه‌ڵێکیتر سه‌ر نه‌بڕێ، پێغه‌مبه‌ر ﷺ ئه‌فه‌رموێ: ﴿اَلرَّاحِمُونَ يَرْحَمُهُمُ الرَّحْمَانُ، إِرْحَمُوا أَهْلَ الأَرْضِ يَرْحَمْكُمْ مَنْ فِي السَّماءِ﴾ رواهُ أبوداود والترمذي، ئه‌وانه‌ی به‌زه‌ییان دێته‌وه خوای گه‌وره ڕه‌حمیان پێ‌ئه‌کا، به‌زه‌ییتان به دانیشتووانی زه‌میندا بێته‌وه تاکو خوای گه‌وره‌و دانیشتووانی ئاسمان به زه‌ییان پێتان بێته‌وه.

﴿ حه‌دیسی هه‌ژده‌هه‌م: ترسان له خوا، ڕه‌وشت جوانی ﴾

(عَنْ أَبِي ذَرّ جُنْدُبِ بنِ جُنادَةَ رضي الله عنه) گێڕدراوه‌ته‌وه له (ئه‌بوزه‌ڕ)ی (غیفاری) خوا لێی ڕازی بێ: سه‌حابه‌یه، پێنجه‌مین که‌سه: که موسوڵمان بووه له (مه‌ککه)ی پیرۆز، ئینجا گه‌ڕاوه‌ته‌وه بۆ ناو خزمه‌کانی، ئینجا کۆچی کرد بۆ (مه‌دینه)، له ساڵی (٣١)ی کۆچی وه‌فاتی کردوه، (٢٨١) حه‌دیسی گێڕاونه‌ته‌وه.

(و)هه‌روه‌ها گێڕدراوه‌ته‌وه له (أَبِي عَبْدِالرَّحْمَنِ مُعاذِ بنِ جَبَلٍ) رضي الله عنه (موعاز)ی کوڕی (جه‌به‌ل) خوا لێی ڕازی بێ، سه‌حابه‌یه‌و له (مه‌دینه)ی پیرۆز له ته‌مه‌نی (١٨) ساڵیدا موسوڵمان بووه، له ساڵی (١٨)ی کۆچی له نزیك (ئوردون) وه‌فاتی کردوه، (١٥٧) حه‌دیسی گێڕاونه‌ته‌وه.

ئه‌م دوو به‌ڕێزانه ئه‌گێڕنه‌وه: (أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قالَ) پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رمووی: (اِتَّقِ اللهَ) له خوا بترسه‌و خۆت له توڕه‌یی خوا بپارێزه (حَيْثُما كُنْتَ) له هه‌ر شوێنێ بووی: خه‌ڵکت لێ دیار بێ، یان نا.

بزانه: (تَقْوى) واته: ترسان‌و خۆپاراستن له توڕه‌یی خوا، به‌م جۆره: له فه‌رمانی ده‌رنه‌چی، هه‌رچی قه‌ده‌غه‌ی کردوه نه‌یکه‌ی، تا توانات هه‌یه خودات هه‌ر له یاد بێ‌و له سه‌ر زوبانت بێ.

وَأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا، وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ﴾ رواهُ التِّرْمِذِى وَقَالَ: حَدِيثٌ حَسَن. وَفِي بَعْضِ النُّسَخِ: صَحِيحٌ.

ئینجا بزانه: خۆپاراستن له تورەیی خوا ئەبێتە هۆی شارەزابوون بۆ لێکجیاکردنەوەی چەوتیو ڕاستی، هۆی سەربەرزی لە دونیاو قیامەت، هۆی سەرکەوتنو ڕزگاربوون له ناخۆشی، هۆی وەدەستهێنانی ڕزقی حەلاڵ، هۆی گونجانی کاروباری دونیایی، هۆی نەترسانو دڵ تەنگ نەبوون له دونیاو قیامەت: بە مەرجێ ئەم (تَقْوى)یە لە ژێر یاسای ئیسلام بێو بە بێشەرعی نەبێ.

(وَأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ) بە دوای هەر گوناهێکدا چاکەیەك بکە (تَمْحُهَا) بۆ ئەوەی ئەم چاکەیە خراپەکە لاباو بیسرێتەوە.

ئاگاداری: ئەو گوناهانەی بە چاکەکردن لائەچن: تەنها گوناهی بچووکن، ئەویش بەو مەرجەی خۆی لە گوناهی گەورە بپارێزێ، کەوابوو: بەدبەخت ئەو کەسەیە: کە چاکەکانی لە گوناهە بچووکەکانی زیاتر نەبن، یان چاکەکانی ڕێگای لابردنی گوناهە بچووکەکانی نەبێ: بە هۆی ڕێگەگرتنی گوناهە گەورەکان.

ئینجا بزانە: گوناهی گەورە: وەکو کوفر، کوشتنی بە ناهەق، زینان ئارەق خواردنەوە...هتد، بە تۆبەکردن لائەچن. واتە: پەشیمان ببیەوەو داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکەی، جا ئەگەر گوناهەکە پەنهانی بوو: ئاشکرای مەکەو لە نێوان خۆتو خوادا تۆبە بکە، خودا لێت خۆش ئەبێ.

ئەوەش بزانە: هەر گوناهێك: چ بچووك بێ، چ گەورە، کە پەیوەندی بە ئادەمیزادەوە هەبێ: ئایا دەربارەی خوێن، یان ماڵ، یان نامووس، ئەمە -جگە لە تۆبەکردن- ئەبی خاوەنەکەی لە خۆت ڕازی بکەی، ئەگەر نا: خوا تۆبەت قبولْ ناکا -(بگەڕێوە بۆ حەدیسی دەیەم)- جا کە ئەوەت زانی مافی خەڵك بە تۆبە لاناچێ، بە زووترین کات هەوڵ بدە خاوەن ماف گەردەنت ئازاد بکا بە دڵێکی ڕازیکراو.

(وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ) هەروەها ڕەوشتت باش بێ لەگەڵ هەموو کەس، واتە: ڕووخۆشو شیرین گوفتار بە، بۆ یارمەتی هەموو کەس ئامادە بە، ڕقو قینە دەرمەبڕە، لێبوردن بکە بە پیشەی خۆت، شەرمو ڕێزت بۆ گەورە، بە زەیی بۆ بچووك نیشانەی زۆر باشیتە، نزیکترین کەس لە پێغەمبەرﷺ ڕۆژی دوایی ڕەوشت باشەکانن، بە ڕەوشتی باش ئەگەیتە پلەی پیاوچاکان (رَوَاهُ الترمذي وَقَالَ حَدِيثٌ حَسَن) ئیمامی (تیرمیذی) گێڕاویەتیەوەو ئەفەرموێ: حەدیسێکی جوانە.

ئینجا بزانە: ترسان لە خوای گەورە وات لێئەکا ڕەوشتت باش بێ لەگەڵ هەموو کەس، ڕەوشتێ باش گشتی چاکەیە، لە پاداشتی قیامەتت زیاد ئەکاو باری تاوانەکانت لە سەر

لائەبا ﴿عَنْ جابرٍ رضي الله عنه: قالَ النَّبيُّ ﷺ: كُلُّ مَعْرُوف صَدَقَةٌ وَإِنَّ مِنَ الْمَعْرُوف أَنْ تَلْقَى أَخـاكَ بِوَجْه طَلْقٍ، وَأَنْ تَفْرُغَ مِنْ دَلْوِكَ فِي إِناءِ أَخِيكَ﴾ رواهُ البخاري ومُسْلِم، واته: هەر چاكەيەكى بكەى خێرەو پاداشتت بۆ ئەنوسرێ، وە ڕووخۆشىو زەردەخەنەيى لە ڕووى براى موسوڵمانت ئەويش خێرە، هەروا بەخشينى نەختێك ئاو لە دۆڵچەى خۆتەوە كە بيڕژێنىيە ناو دۆڵچەى براى خۆت، ئەويش هەر خێرە.

﴿ چەند تێگەيشتنێك لەم حەديسەدا ﴾

١- (اِتَّقِ الله حَيْثُمَا كُنْتَ): **بزانە:** (تَقْوى)، واتە: لە خواترسان بە جۆرێكى وا: لەو شوێنانە نەتبينىٚ: كە لىٚى قەدەغە كردوىو لەو شوێنانەت گوم نەكا: كە فەرمانى پىٚكردوى، (تَقْوى) ئەبێتە هۆى بەختەوەرى لە دونياو قيامەت، خواى گەورە ئەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِالدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ لاَ تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ الله ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ واتە: ئەوانەى باوەڕيان هێناوەو لە خوا ترساون، موژدەيان بۆ هەيە لە ژيانى دونياو لە ڕۆژى قيامەت، بڕيارەكانى خوا گۆڕانى بە سەردا نايىٚ، ئەم موژدەيە: سەرفرازىيەكى گەورەيە بۆ لە خواترسەكان.

٢- (وَأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا): خێركردنو نوێژ كردنو (أَسْتَغْفِرُ الله)و (وَسُبْحَانَ الله وَالْحَمْدُ لله وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وَالله أَكْبَرُ)و خەريكبوون بە زانستى ئايينىو...هتد: چاكەكان گشتى گوناهە بچووكەكان ڕەش ئەكەنەوە، خواى گەورە ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ﴾ بەڕاستى چاكەكان تاوانەكان لائەبەن، ئەمە ئامۆژگارىيە بۆ ئەوانەى ئامۆژگارى وەرئەگرن.

٣- (خَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ): **بزانە:** خواى گەورە مەدحى پێغەمبەرى ﷺ كردوە بە ڕەوشتى باش، هەروەك ئەفەرموێ: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ بە ڕاستى ئەى پێغەمبەر ﷺ تۆ لە سەر ڕەوشتێكى جوانو گەورەى.

جا كە ڕەوشتى باش ڕەوشتى پێغەمبەرمان بىٚ ﷺ، زۆر حەيفە موسوڵمان لە دەست خۆى بدا، چونكە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿خِيارُكُم أَحاسِنُكُمْ أَخْلاَقاً﴾ رواهُ الشيخان، باشترينتان ڕەوشت جوانترەكانتانن.

﴿ حەديسى نۆزدەهەم: پاراستنى مافى خواو، بيروباوەڕ ﴾

(عَنْ أَبِي الْعَبَّاس عَبْدالله بن عَبَّاسٍ رضي الله عنهما) گێڕدراوەتەوە لە (ئيبن عەبباس)، ناوى (عبدالله) كوڕى ئيمامى (عەبباس)ى مامى پێغەمبەرە ﷺ، واتە: خۆىو باوكى سەحابەنە،

قَالَ: كُنْتُ خَلْفَ النَّبيِّ ﷺ يَوْمًا، فَقَالَ ﷺ: يَا غُلاَمُ إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ: احْفَظِ اللهَ يَحْفَظْكَ، احْفَظِ اللهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ، إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللهَ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللهِ، وَاعْلَمْ أَنَّ الأُمَّةَ لَوِ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللهُ تَعَالَى لَكَ،

له (مەككە)ی پیرۆز له دایك بووه، لەگەڵ باوکی کۆچی کردوه بۆ (مەدینە)، کە پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد تەمەنی (١٣) ساڵان بوو، لە شاری (طائف) ساڵی (٦٨)یکۆچی وەفاتی کرد، (١٦٦٠) حەدیسی گێڕاوەتەوە، پێغەمبەر ﷺ دوعای بۆ کرد: (خوا زانستیقورئانی بداتێ). یەکێکە لە چوار (عبدالله)یەکان، بڕوانە حەدیسیسێیەم.

(قَالَ) ئەفەرموێ: (كُنْتُ خَلْفَ النَّبيِّ ﷺ، يَوْمًا) ڕۆژێك لە پشت پێغەمبەر ﷺ سواری ووڵاغێك بوم (فَقَالَ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی (يَا غُلاَمُ إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ) ئەی ڕۆڵە، من چەند قسەیەکی بە سودت فێر ئەکەم:

(احْفَظِ اللهَ) ئاگات له خودا بێو فەرمانی جێبەجێ بکەو قەدەغەی مەشکێنە (يَحْفَظْكَ) خوداش تۆ ئەپارێزێو ئاگاداری ماڵو منداڵو ئایینت ئەکاو لە ڕۆژی دواییش ڕزگارت ئەکا (احْفَظِ اللهَ) ئاگات له خودا بێ (تَجِدْهُ تُجَاهَكَ) دەبینیت خوا لەگەڵتایەو لە کاتی تەنگانە فریات ئەکەوێ.

(إِذَا سَأَلْتَ) هەر کاتێك ویستت شتێك داوا بکەی (فَاسْأَلِ اللهَ) هەر له خوا داوای بکە، چونکە گەنجینەی ئاسمانو زەمین هەر بە دەست ئەوە، کەوابوو: نەچی لە بەر نەبوونیو هەژاری، خوا له بیر خۆت ببەیەوەو دەست بە تاوانباری بکەی، یان ملکەچی بۆ پیاوی نامەردو تاوانبار بکەی، چونکە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ الرِّزْقَ لَيَطْلُبُ الْعَبْدَ أَكْثَرَ مِمَّا يَطْلُبُهُ أَجَلُهُ﴾ رواهُ الطبراني، واتە: ڕزق بە دوای بەندەدا ئەگەڕێو ئەو بەشەی بۆی داندراوە گشتی ئەدرێتێ لە دونیادا، زۆرتر لە ئەجەلەکەی. واتە: کاتی دیارکراو بۆ مردنی.

(وَإِذَا اسْتَعَنْتَ) هەر کاتێك ویستت داوای یارمەتی بکەی (فَاسْتَعِنْ بِاللهِ) هەر لە خوا یارمەتی داوا بکە، چونکە ئەگەر خودا یارمەتیدەرت بێ کەس پێت ناوەستێ.

ئینجا بۆ ئەوەی باشتر بزانین هەموو شت بە دەست خوایەو کەس بە بێویستی خوا هیچی لە دەست نایێ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (وَاعْلَمْ) بزانە: (أَنَّ الأُمَّةَ لَوِ اجْتَمَعَتْ) ئەگەر هەموو خەڵك کۆ ببێتەوە (عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ) بۆ ئەوەی سودێکت پێ بگەیەنن: کەم، یان زۆر (لَمْ يَنْفَعُوكَ) ناتوانن سودت پێبگەیەنن (إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللهُ تَعَالَى لَكَ) مەگەر ئەو سودە بە تۆ بگەیەنن: کە لە یەکەم ڕۆژدا خوا بۆتی نووسیوە، کەوابوو: سودبەخشی ڕاستەقینە هەر خودایە.

وَلَوِ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللهُ عَلَيْكَ، رُفِعَتِ الأَقْلاَمُ وَجَفَّتِ الصُّحُفُ ﴾ رواهُ التِّرمذي وَقالَ: حَديثٌ حَسَنٌ صَحيح.
وَفي رِوايةِ غَيْرِ التِّرمذي: ﴿ احْفَظِ اللهَ تَجِدْهُ أَمَامَكَ، تَعَرَّفْ إِلَى اللهِ فِي الرَّخَاءِ يَعْرِفْكَ فِي الشِّدَّةِ، وَاعْلَمْ أَنَّ مَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ وَمَا أَصَابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ، وَاعْلَمْ أَنَّ النَّصْرَ مَعَ الصَّبْرِ وَأَنَّ الْفَرَجَ مَعَ الْكَرْبِ وَأَنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴾.

(وَلَوِ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ) وه ئەگەر هەموو خەڵك كۆ ببێتەوە بۆ ئەوەی زیانێكت تووش بكەن (لَمْ يَضُرُّوكَ) ناتوانن زیانت لێبدەن (إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللهُ عَلَيْكَ) مەگەر ئەو زیانەت لێبدەن: كە لە یەكەم ڕۆژدا خوا لە چارەی نووسیوی.
(رُفِعَتِ الأَقْلاَمُ) قەڵەم پێچراوەتەوە (وَجَفَّتِ الصُّحُفُ) نووسراوەكە ووشك بۆتەوە، هیچ گۆڕانێك نایەتە سەر نووسراوی خوا، كەوابوو: ئەی موسوڵمان: پشتت هەر بە خوا ببەستە، واز لە ملكەچی بۆ خەڵك بێنە، هەر خوای گەورە بناسە، هەموو شتێك لە دەست خودایەو براوەتەوە
(رواهُ الترمذي وَقالَ: حديثٌ حَسَنٌ صَحيح) ئیمامی (تیرمیزی) گێڕاویەتیەوە.
(وَفي رِوايةِ غَيْرِ التِّرمذي) جگە لە (تیرمیزی) لە گێڕانەوەی ئیمام (أحمد)و (عبد بن حميد)دا هاتوه: (احْفَظِ اللهَ تَجِدْهُ أَمَامَكَ) ئاگاداری خودا بە، خودا ئاگادارت ئەبێ.
(تَعَرَّفْ إِلَى اللهِ) خۆت بە خوا بناسێنە (فِي الرَّخَاءِ) لە كاتی خۆشیو هەبوونیدا (يَعْرِفْكَ فِي الشِّدَّةِ) خوداش لە كاتی تەنگانەدا ئەتناسێتەوەو لە هاوارت دێ، واتە: لە كاتێكدا: كە لە خۆشیدای زۆر خوا بپەرستە بۆ ئەوەی خۆشی بوێ، ئینجا لە تەنگانەدا زوو فریات ئەكەوێو ڕزگارت ئەكا.
(وَاعْلَمْ) باش بزانە (أَنَّ مَا أَخْطَأَكَ) ئەوەی بۆ تۆ نابێ لە چاكەو لە خراپە (لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ) هەر لە یەكەم ڕۆژدا بۆ تۆ دانەندراوە، كەوابوو: وا مەزانە: بەشی تۆ دراوە بە یەكێكی تر.
(وَمَا أَصَابَكَ) وە ئەوەی پێت ئەگا لە چاكەو لە خراپە (لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ) هەر لە یەكەم ڕۆژ بۆ تۆ دیار كراوەو نادرێ بە یەكێكی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەبی هەموومان دەست بەكار بین، بۆ ئەوەی بگەینە ئەو شتەی بۆمان داندراوەو بە دانانی خوا ئەبی ڕازی بین، بۆ ئەوەی خوا لێمان ڕازی بێ.
(وَاعْلَمْ أَنَّ النَّصْرَ) بزانە: سەركەوتن لە هەموو كارێكا (مَعَ الصَّبْرِ) لەگەڵ خۆڕاگرتندا بە یەكەوە بەستراون (وَأَنَّ الْفَرَجَ) وە هەروەها دەرچوون لە ناخۆشی (مَعَ الْكَرْبِ) هەر لەگەڵ ناخۆشیدایەو بۆت ئەبێ (وَأَنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا) هەروەها هەموو كارێكی سەخت ئاسانیەكی لەگەڵدایەو ناخۆشی لا ئەبا.

كەوابوو: پێویستە موسوڵمان خۆڕاگر بێو ورەی بەرز بێ، چونکە بە خۆڕاگرتن خوای گەورە سەرکەوتووی ئەکا، وە هەر ناخۆشیەکو سەختیەك هەیە لە دونیادا دەرگەی خۆشیی هەیەو بە خۆڕاگرتن بە خۆشی شاد ئەبێو ناخۆشیەکەی لە بیر ئەچێتەوە.

ئینجا بزانە: لەم فەرموودە پیرۆزەدا پێغەمبەرﷺ پێمان ڕائەگەیەنێ: کە پێویستە بەڕاستی بەندەی خوا بینو ملکەچی بۆ ئەمو ئەو نەکەین، چونکە ئەوانیش وەکو ئێمە بێدەسەڵاتن، کەوابوو: دەتوانین بڵێین: واتەی ئەم حەدیسە لەم ئایەتە پیرۆزەدا کۆ کراوەتەوە، کە خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لاَ يَحْتَسِبْ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا﴾ واتە: هەر کەسێك لە خوا بترسێو بۆ کاروباری دونیا ڕێگای ستەمکاری نەگرێتە بەر، خوای گەورە لە گشت تەنگانەیەك دەربازی ئەکاو بە شێوەیەکی وا ڕزقی بۆ ئەنێرێ: کە هەر بە سەر دڵیدا نەهاتوە، وە هەرکەسێك پشت بە خوا ببەستێو بەندایەتی بۆ کەسیتر نەکاو کاری خۆی هەر بە خوا بسپێرێ، خوای گەورەی بە تەنها بەسیەتیو ئەیگەیەنێتە ئامانجو مەبەستەکانی، بەڕاستی خوای گەورە بۆ هەموو شتێك کاتێکی داناوە، تا نەگاتە کاتی خۆی نایکا. کەوابوو: ئەی موسوڵمانی خۆشەویست گشت کاروباری خۆت بدە دەست خوداو بەگوێرەی توانات دەست بەکار بە.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (احْفَظِ اللهَ): پاراستنیخوا: بە پاراستنی فەرمانەکانیخواو پاراستنی سنوری تاوانەکان ئەگوترێ، ئینجا بەم پاراستنە بەندە لەگەڵ خوا ئەکەوێتە مامەڵەکردنو لە جۆری کردەوەکانی پاداش لە خوا وەرئەگرێ، چونکە خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَأَوْفُوا بِعَهْدِي أُوفِ بِعَهْدِكُمْ﴾ واتە: پەیمانی من جێبەجێ بکەن، تاکو منیش پەیمانی ئێوە جێبەجێ بکەم.

٢- (لَمْ يَنْفَعُوكَ...لَمْ يَضُرُّوكَ): بێگومان: سودبەخشو زیاندەری ڕاستەقینە تەنها خوای گەورەیە، کەوابوو: هەرکەسێك باوەڕی وابێ: کە-جگە لە خوا- سودبەخشو زیاندەرێکیتری ڕاستەقینە هەیە، ئەوە کافرە، چونکە خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللهُ بِضُرٍّ فَلاَ كَاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ وَإِنْ يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلاَ رَادَّ لِفَضْلِهِ﴾ واتە: ئەگەر خوا زیانێکت لێبدا کەس ناتوانێ لایبدا جگە لە خوا، وە ئەگەر بیەوێ سودێکت پێبگەیەنێ کەس ناتوانێ بیگەڕێنێتەوە. کەوابوو: بەندە تەنها دەسەڵاتی وەدەستهێنانی ئەو سودو زیانەی هەیە: کە خوا دروستی ئەکاو بڕیاری بۆ داوە.

(اَلْحَديثُ الْعشْرُون: في الْحَياء)

﴿ عَنْ أَبيمَسْعُود عُقْبَةَ بن عَمْروالأَنْصارِي الْبَدْرِيِّ: قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهﷺ: إنَّ ممَّا أَدْرَكَ النَّاسَ منْ كَلاَمِ النُّبُوَّةِ الأُولَى: إذَا لَمْ تَسْتَحِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ ﴾ رواهُ الْبخاري.

٣- (رُفِعَت الأَقْلاَمُ): دەربارەی بڕیاردانی (أزَلي)و نووسینی پێش بوونەوەر، (صَحابَة) پرسیاریان لە پێغەمبەرﷺ کردو گوتیان: ﴿يَارسول الله فَفيمَ الْعَمَلُ الْيَوْمَ: أَفيمَا جَفَّتْ بـه الأَقْلاَمُ وَجَرَتْ به الْمَقادير، أَمْ فيما نَسْتَقْبلُ؟ قَالَ: لاَ، بَلْ فيماَ جَفَّتْ به الأَقْلاَمُ وَجَرَتْ بـه الْمَقاديرُ. قالَ: فَفيمَ الْعَمَلُ؟ قالَ: إعْمَلُوا فَكُلٌّ مُيَسَّرٌ لِمـا خُلـقَ لَـهُ﴾ رواهُ مُسْلِم، ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئەو کردەوانەی ئێمە ئەیکەین: ئایا لە (أزَل)دا بڕیاریان بۆ دراوەو نووسراوەو بڕاوەتەوە، یان لە دوای کردن ئەنووسرێ؟ فەرمووی: نا، بەڵکو لە (أزَل)دا بڕیار دراوەو نووسراوە. گوتی: ئەی بۆ چی دەست بەکار بین، بۆ پاڵ نەدەینەوە؟ فەرمووی: دەست بەکار بن چونکە هەر کەسە بۆ دروستکراوەکەی خۆی ئامادە ئەکرێو ڕێگای بۆ ئاسان ئەکرێ. واتە: ئەگەر بۆ بەختەوەری دروست کرابێ، کردەوەی بەختەوەریانەی بۆ ئاسان ئەکرێ، ئەگەر بۆ بەدبەختی دروست کرابێ، کردەوەی بەدبەختیانەی بۆ ئاسان ئەکرێ.

﴿ حەدیسی بیستەم: دەربارەی شەرم کردن ﴾

(عَنْ أَبيمَسْعُودِ عُقْبَةَ بن عَمْروالأَنْصارِيالبَدْرِيّ)ﷺ (عوقبە)ی کوڕی (عەمر)ی (ئەنساری)، سەحابەیەو یەکێکە لەو حەفتا کەسەی پەیمانی (عەقەبە)یدووەمیان لەگەڵ پێغەمبەرﷺ بەستوە، لە ساڵی (٤١)ی کۆچی لە (مەدینە) وەفاتی کردوە، (١٠٢) حەدیسی گێڕاونەوە.

(قَالَ) ئەفەرموێ: (قَالَ رَسُولُ اللهﷺ) پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (إنَّ ممَّا أدْرَكَ النَّاسَ) بە ڕاستی ئەوەی گەیشتۆتە خەڵك (منْ كَلاَمِ النُّبُوَّةِ الأُولَى) لە فەرموودەکانی پێغەمبەرانی پێشوو، ئەمەیە: (إذَا لَمْ تَسْتَحِي) ئەگەر شەرم ناکەی (فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ) هەر چی حەز ئەکەی بیکە. چونکە شەرم کردن بەشێکە لە باوەڕ بە خواو بە پێغەمبەرﷺ، کە مرۆڤ شەرمی نەما باوەڕی لاواز ئەبێو کردەوەی ناشیرین ئەکا، شەرم کردن باشترین ڕەوشتی مرۆڤە، چونکە هەر چاکەی لێپەیدا ئەبێ.

ئینجا شەرم کردن لە خوای گەورە باشترینو گەورەترین پلەی شەرمە، لە بەر ئەوەی لە خراپە ئەتپارێزێ (رواهُ الْبخاري) ئیمامی (بوخاری) گێڕاویەتیەوە.

بزانە: شەرم کردن لە پرسیارکردنی کاروباری ئایینیو فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە، لێرەدا مەبەست نیە؟ چونکە شەرم کردن لەو جۆرە شتە ترسنۆکیە، نەك شەرمنی.

(اَلْحَدِيثُ الْحادي والْعشْرون: في الإيمان وَالإسْتقامَة)

﴿ عَنْ أَبِيعَمْرو وَقِيلَ أَبِيعَمْرَةَ سُفْيَانَ بن عَبْدالله رضي الله عنه قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ الله قُلْ لِي فِيالإِسْلاَمِ قَوْلاً لاَ أَسْأَلُ عَنْهُ أَحَدًا غَيْرَكَ؟

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (اَلْحَياء): واتە: شەرم: گۆڕانێكە دێتە سەر دڵو ڕەنگی مرۆڤ لە ترسی ئاشكرابوونی نالەبارییێكی خۆی.

ئینجا بزانە: واجبە مرۆڤ زیاتر شەرم لە خوایخۆی بكا، بە جۆرێكی وا: ڕوو نەكاتە ئەو شوێنانەی خوا لێی قەدەغە كردوەو دوا نەكەوێ لەو شوێنانەی خوا فەرمانی پێكردوە.

پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِسْتَحْيُوا مِنَ اللهِ حَقَّ الْحَياء. قالُوا: إِنَّا نَسْتَحِي وَالْحَمْدُ لله. فَقالَ: لَيْسَ ذَلكَ، وَلَكِن الإسْتِحْياءُ مِنَ الله حَقَّ الْحَياء: أَنْ تَحْفَظَ الرَّأْسَ وَما وَعَى، وَالْبَطْنَ وَما حَوَى، وَأَنْ تَذْكُرَ الْمَوْتَ وَالْبِلَى، وَمَنْ أَرادَ الآخِرَةَ تَرَكَ زِينَةَ الدُّنْيا، فَمَنْ فَعَلَ ذَلكَ فَقَدْ إِسْتَحْيا مِنَ اللهِ حَقَّ الْحَياء﴾ رواهُ الترمذي وأحمد، شەرم لە خوا بكەن شەرمێكی بەڕاستی. (صَحابَة) گوتیان: ئێمە شەرم ئەكەین سوپاس بۆ خوا. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: مەبەستم ئەو شەرمەی ئێوە نیە، بەڵكو شەرم كردن لە خوا بەڕاستی ئەوەیە: سەرت بپارێزی لەگەڵ ئەندامەكانی سەر: وەكو گوێو دەمو لوتو چاو، هەروەها زگت بپارێزی لەگەڵ حەزو بۆچوونەكانی: وەكو خواردنو عەوڕەت، باسی مردنو ڕزینی لاشەكەت بكە، هەركەس ژیانی دواڕۆژی بوێ واز ئەهێنێ لە حەڕامەكانی دونیا، جا هەركەس ڕەفتار بەم حەدیسە بكا بەڕاستی شەرم لە خوا ئەكا.

٢- (فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ): پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿اَلْحَياءُ مِنَ الإِيمانِ، وَالإِيمانُ فِيالْجَنَّةِ، وَالْبَذَاءُ مِنَ الْجَفاءِ وَالْجَفاءُ فِيالنَّارِ﴾ رواهُ الترمذي، شەرم كردن بەشێكە لە ئیمان، خاوەن ئیمانیش جێگەی بەهەشتە، بێشەرمیو زمان پیسی بەشێكە لە دڵڕەقی، دڵڕەقیش جێگەی دۆزەخە.

﴿ حەدیسی بیستو یەكەم: باوەڕهێنانو بەردەوامبوون لە سەر باوەڕ ﴾

(عَنْ أَبِيعَمْرو وَقِيلَ أَبِيعَمْرَةَ سُفْيَانَ بْن عَبْدِ الله رضي الله عنه) گێڕدراوەتەوە لە (سوفیان)ی كوڕی (عبدالله) خوا لێی ڕازی بێ، سەحابەیە، خەڵكی (طائف)ە، لەگەڵ نوێنەری (سەقیف) موسوڵمان بووە، (٥) حەدیسی گێڕاونەوە.

(قَالَ: قُلْتُ) ئەفەرموێ: گوتم (یَارَسُولَ الله ﷺ) ئەی پێغەمبەریخوا ﷺ (قُلْ لِی فِیالإِسْلاَمِ قَوْلاً) دەربارەی ئایینیئیسلام فەرموودەیەكم بۆ بڵێ كە (لاَ أَسْأَلُ عَنْهُ أَحَدًا غَيْرَكَ) ئەوەندە ئاشكرا بێ، پێویستم بە كەسیتر نەبێ لێی بپرسم؟

(قَالَ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (قُلْ: آمَنْتُ بِاللهِ) بڵێ: باوەڕی تەواوم هەیە بە خوا (ثُمَّ اسْتَقِمْ) ئینجا لە سەر ئەو ڕێگا ڕاستەی ئیسلام بڕۆو لێی لامەدەو بەردەوام بە (رواهُ مُسْلِم) ئیمام (موسلیم) گێڕاویەتیەوە.

ئینجا بزانە: ئیمانی هیچ کەس ڕاست نابێ تا دڵی ڕاست ئەبێ، دڵیشی ڕاست نابێ تا زوبانی ڕاست ئەبێ. کەوابوو: بە دڵو بە زوبان باوەڕی تەواوت هەبێ: بەو شەش ڕوکنەی ئیمان، وە هەر پێنج ڕوکنەکانیئیسلام ئەنجام بدە، بەردەوام بە: لە سەر خواپەرستیو وازهێنان لە خراپە، ئینجا لە سەر ئەم ڕێگایە بڕۆو بە دوای ئەمو ئەو مەکەوە، چونکە لە ڕێگە لاتئەدەن.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (آمَنْتُ بِاللهِ): باوەڕ هەبوون بە تاكو تەنیایی خوا بە زمانو بە کردار، هەروەها بەردەوامبوونو لانەدان لەم بیروباوەڕە ئەبنە هۆی دۆستایەتی فریشتەو شادبوون بە بەهەشتی پانو بەرین، هەروەك خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلاَئكَةُ أَلاَّ تَخَافُوا وَلاَ تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ، نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ، نُزُلاً مِنْ غَفُورٍ رَحِيمٍ﴾، واتە: ئەوانەی ئەڵێن: خودامان (الله)یەو لە سەر ئەم بیروباوەڕە ئەمێننەوەو لانادەن، فریشتە دێنە لایان لە کاتی مردنو لە ناو قەبرو لە کاتی زیندووبوونەوەی قیامەت، پێیان ئەڵێن: مەترسێنو دڵتەنگ مەبن، موژدەتان ئەدەینێ: بەو بەهەشتەی وەعدەتان پێدرابو، ئێمە دۆستو یارمەتیدەری ئێوەین لە دونیاو لە قیامەت، لەو بەهەشتەدا ئەتاندرێتێ: هەرچی دڵتان حەزی لێبکاو ئێوە بیخوازن، میوانداریتان ئەکرێ لە لای خودایەك: کە داپۆشەری گوناهەکانەو میهرەبانە.

٢- (ثُمَّ اسْتَقِمْ): پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ لِكُلِّ شَيْءٍ شِرَّةً وَلِكُلِّ شِرَّةٍ فَتْرَةً، فَإِنْ كَانَ صَاحِبُهَا سَدَّدَ وَقَارَبَ فَارْجُوهُ، وَإِنْ أُشِيرَ إِلَيْهِ بِالأَصَابِعِ فَلاَ تَعُدُّوهُ﴾ رواهُ الترمذی، واتە: هەموو شتێك توندو تۆڵیەکی هەیەو هەموو توندو تۆڵیەکیش خاوبوونەوەیەکی هەیە، جا ئەگەر مرۆڤی توندو تۆڵ لە کارەکانیدا ڕێگای ڕاستی گرتە بەر و مام ناوەنجی بوو، چاوەڕوانی چاکەی لێبکەن، ئەگەر بە پەنجە ئاماژەی بۆ ئەکرا و لە سنوور بەدەر زێدەڕۆیی کرد، بە هیچی دامەنێن. واتە: چونکە بەردەوام نابێ.

(اَلْحَديثُ الثّاني وَالْعِشْرُون: مَا يَكون سَبَباً لِدُخُول الْجَنَّة)

﴿عَنْ جَابِرِ بن عَبدالله الأنْصارِي رَضِيَ اللهُ عَنهما: أَنَّ رَجُلاً سَأَلَ رَسُولَ اللهِﷺ فقَالَ: أَرَأَيْتَ إِذَا صَلَّيْتُ الْمَكْتُوبَات وَصُمْتُ رَمَضَانَ وَأَحْلَلْتُ الْحَلالَ وَحَرَّمْتُ الْحَرَامَ، وَلَمْ أَزِدْ عَلَى ذَلِكَ شَيْئًا، أَفَأَدْخُلُ الْجَنَّةَ؟ قَالَﷺ: نَعَمْ﴾ رواهُ مُسلِم، وَمَعْنَى حَرَّمْتُ الْحَرَامَ: إجْتَنَبْتُهُ، وَمَعْنَى أَحْلَلْتُ الْحَلالَ: فَعَلْتُهُ مُعْتَقداً حلَّهُ.

﴿ حەدیسی بیستو دووەم: ئەو شتەی ئەبێتە هۆی چوونە بەهەشت ﴾

(عَنْ جَابِرِ بنِ عبْدِالله الأنْصارِي رَضِيَ اللهُ عَنهما) گێڕدراوەتەوە لە (جابیر)ی کوڕی (عبدالله)ی (ئەنساری) خوا لێیان ڕازی بێ، خۆیو باوکی سەحابە بون، (جابیر) لە (مەدینە)ی پیرۆز لە دایك بووەو لە تەمەنی (٩٤) ساڵیدا لە (مەدینە) وەفاتی کردوە، (١٥٤٠) حەدیسی گێڕاونەوە.

(أَنَّ رَجُلاً سَأَلَ رَسُولَ الله)ﷺ (جابیر) ئەفەرموێ: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەرﷺ کرد (فَقَالَ) پیاوەکە گوتی: (أَرَأَيْتَ) پێم بڵێ باوەڕت وایە: (إِذَا صَلَّيْتُ الْمَكْتُوبَاتِ) هەر کاتێك ئەم پێنج نوێژانەم کردن کە واجبن (وَصُمْتُ رَمَضَانَ) وە مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بوم (وَأَحْلَلْتُ الْحَلالَ) وە حەلاڵم بە حەلاڵ زانیو ئەوەی پێویست بوو کردم (وَحَرَّمْتُ الْحَرَامَ) وە حەرامم بە حەرام زانیو لێی دوور کەوتمەوەو نەمکرد (وَلَمْ أَزِدْ عَلَى ذَلِكَ شَيْئًا) جگە لە نوێژو ڕۆژووو خۆپاراستن لە حەرام، هیچیترم نەکرد لە خێرو چاکە (أَفَأَدْخُلُ الْجَنَّةَ؟) ئایا بە بێسزادان ئەچمە بەهەشت؟

(قَالَ: نَعَمْ) پێغەمبەرﷺ فەرمووی: بەڵێ. واتە: بە بێ سزادان ئەچیتە بەهەشت (رواهُ مُسلِم) ئیمام (موسلیم) گێڕاویەتیەوە.

ئاگاداری: ئەگەر ئیماندارێك تاوانبار بێو خوا لێی خۆش نەبوبێ، لە دوای سزادان ئەچێتە بەهەشت. **جا بزانە:** ئەم پیاوە پرسیاری زەکاتو حەجی نەکرد، چونکە لەو کاتە واجب نەبوبون.

ئەوەش **بزانە**: هیچ کەس بە کردەوەی خۆی ناچێتە بەهەشت، تەنها بە ڕەحمی خودا ئەچێتە بەهەشت، بەڵام کردەوەی چاك ئەبێتە هۆی ڕەحمی خواو، ئیمانیش مەرجە: بۆ چوونە بەهەشتو ئەبێتە هۆی نەمانەوەی یەکجاری لە دۆزەخ.

هەروەها بزانە: هیچ کەس لە سەر نەکردنی سوننەت سزا نادرێ، بەو مەرجەی بە چاوی سووكو بێنرخ تەماشای سوننەت نەکا، جا هەر چەند دروستە سوننەتەکان نەکرێن، ئەتۆ هەر بیکەو وازی لێمەهێنە بۆ ئەوەی ببیە خۆشەویستی خوا. هەروەك لە حەدیسی (٣٨) بە درێژی باسی ئەکەین، إنْ شاءالله تَعالی.

ئینجا بزانە: لەم حەدیسەدا تەواوی تێکۆشان لە دژی شەیتان کۆ کراوەتەوە، چونکە ئەگەر مرۆڤ خوا بپەرستێو نزیك حەرام نەکەوێ، ئەبێتە دوژمنی شەیتانو لە بەهەشت نزیك ئەبێتەوە ﴿عَنْ أَبِی هُرَیْرَةَ رضي الله عنه: قالَ النَّبيُّ ﷺ: حُجبَت النَّارُ بالشَّهَوات وَحُجبَت الْجَنَّةُ بالْمَكارِه﴾ رواهُ الشيخان، دۆزەخ بە دۆستایەتی نەفسو شەیتان داپۆشراوە، بەهەشت بە دژایەتی نەفسو شەیتان داپۆشراوە.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (أَحْلَلْتُ الْحَلاَلَ وَحَرَّمْتُ الْحَرَامَ): بە هۆی حەرامو حەلاڵ مرۆڤی موسوڵمان لە دونیادا هەردەم لە تاقیکردنەوەدایە، ئایا ئایینەکەی زاڵ ئەبێ بە سەر حەرامدا، یان نا؟ پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿إنَّ الدُّنْیا حُلْوَةٌ خَضرَةٌ، وَإنَّ اللهَ مُسْتَخْلفُكُمْ فیها فَیَنْظُرُ كَیْفَ تَعْمَلُونَ؟ فَاتَّقُوا الدُّنْیا وَاتَّقُوا النِّساءَ فَإنَّ أَوَّلَ فتْنَة بَنیإسْرائیلَ كَانَتْ فی النِّساء﴾ رواهُ مُسْلم، واتە: ئەم دونیایە شیرینو سەوزە دڵ بۆی ئەچێ، خوای گەورە ئێوەی لە دونیا داناوەو تەماشاتان ئەکا چی ئەکەن؟ لە دونیا بترسێنو لە ئافرەتان بترسێن، نەوەکو بە هۆی دونیاو ئافرەتان تووشی حەرام ببن، چونکە یەکەم بێشەرعیو ئاژاوەی (بَنیإسرائیل) بە هۆی ئافرەتان پەیدا بووە.

٢- (وَحَرَّمْتُ الْحَرَامَ): بە هۆی خۆپاراستن لە حەرام، مرۆڤ بەردەوام لە ئازاردایەو بە هۆی ئەم ئازارە خوا پاداشتی ئەداتەوە، جا لە بەر ئەم ئازارە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿الدُّنْیا سجْنُ الْمُؤْمنِ وَجَنَّةُ الْكافرِ﴾ رواهُ مُسْلم، دونیا بەندیخانەی موسوڵمانەو بەهەشتی کافرە. واتە: چونکە موسوڵمان لە دونیا قەدەغە کراوە لە حەرام، ئەم دونیایە بە نیسبەت ئەو بەهەشتەی بۆی داندراوە وەکو بەندیخانەیە، هەروەها چونکە کافر لە دونیا بەرەڵلایەو قەدەغەی خوا ئەشکێنێ، ئەم دونیایە بە نیسبەت ئەو دۆزەخەی بۆی داندراوە وەکو بەهەشتە.

٣- (أَدْخُلُ الْجَنَّةَ؟ قالَ: نَعَمْ): پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿سَدِّدُوا وَقارِبُوا وَأَبْشرُوا فَإنَّهُ لَنْ یُدْخلَ الْجَنَّةَ أَحَداً عَمَلُهُ. قالُوا: وَلاَ أَنْتَ یَا رَسُولَ الله؟ قالَ: وَلاَ أَنا، إلاَّ أَنْ یَتَغَمَّدَنيَ اللهُ منْهُ برَحْمَة، وَاعْلَمُوا أَنَّ أَحَبَّ الْعَمَلِ إلَی الله أَدْوَمُهُ وَإنْ قَلَّ﴾ رواهُ الشیخان، واتە: ڕێگای ڕاست بگرنە بەر لە کردەوەکانتان، ئەگەر بە تەواویش نەتانکردن نزیکی بکەنەوە، موژدە وەربگرن کە خوا پاداشتتان ئەداتەوە، بە ڕاستی کردەوەی هیچ کەسێك نایباتە بەهەشت. گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کردەوەی تۆش ناتباتە بەهەشت؟ فەرمووی: کردەوەی منیش نامباتە بەهەشت، مەگەر خوا بە ڕەحمەتیخۆی دامبپۆشێ، بزانن: خۆشەویستترین کردەوە لە لای خوا، کردەوەی بەردەوامە هەرچەند کەمیش بێ.

(اَلْحَديثُ الثّالث والْعشْرُون: مَجْمُوعَةٌ منَ الْحَسَنات)

﴿ عَنْ أَبِيمالك الْحارث ابْن عاصم الأَشْعَرِىﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهﷺ: اَلطُّهُورُ شَطْرُ الإيمَان، وَالْحَمْدُ للّه تَمْلأُ الميزَان، وَسُبْحَانَ الله وَالْحَمْدُ للّه تَمْلآن أَوْ تَمْلأُ مَا بَيْنَ السَّمَاوَات وَالأَرْض، وَالصَّلاَةُ نُورٌ، وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ، وَالصَّبْرُ ضياءٌ،

﴿ حەدیسی بیستوسێیەم: کۆمەڵێك لە چاکەکان ﴾

(عَنْ أَبِيمالِك الْحارِث ابْن عاصمِ الأَشْعَرِىﷺ) گێڕدراوەتەوە لە (ئەبومالیك)ی (ئەشعەری) خوا لێی ڕازی بێ، سەحابەیەو خەڵکی (یەمەنە)، هاتۆتە (مەدینە) لە خزمەت پێغەمبەرﷺ موسوڵمان بووە، (٢٧) حەدیسی گێڕاونەوە، لە ساڵی (١٨)ی کۆچی وەفاتی کردوە.

(قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهﷺ) ئەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی (اَلطُّهُورُ) پاك ڕاگرتنی لەش و بەرگ و شوێن و ناو دڵ (شَطْرُ الإيمَانِ) نیوەی ئیمانە. واتە: پاك و خاوێنی نیوەی باوەڕە، لە هەمووش گرنگتر دەستنوێژ و خۆ شوشتنە لە لەش پیسی.

(وَالْحَمْدُ للّهِ) ووتنی (اَلْحَمْدُ لِلّهِ) خێری ئەوەندە زۆرە: (تَمْلأُ الْمِيزَانَ) تەرازووی ڕۆژی قیامەت پڕ دەکا.

بزانە: لە ڕۆژی قیامەت بۆ هەموو کەس تەرازوو دائەندرێ و چاکەو خراپەی پێ ئەکێشرێ، چاکە لە لایەك، خراپە لە لایەك، جا هەرکەس چاکەی گرانتر بوو بەختەوەر ئەبێ، وە ئەگەر چاکەی سوکتر بوو بەدبەخت ئەبێ، کەوابوو: زۆر زیکری خوا بکە، بۆ ئەوەی چاکەت گرانتر بێ و بەختەوەر ببی.

(وَ) هەروەها ووتنی (سُبْحَانَ اللهِ وَالْحَمْدُ لِلّهِ) بە یەکەوە، خێری ئەوەندە زۆرە: (تَمْلآنِ أَوْ تَمْلأُ مَا بَيْنَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ) نێوان ئاسمانەکان و زەمین پڕ ئەکەن، لە پاش پڕکردنی تەرازوو.

ئینجا بزانە: تەرازوو گەورەترە لە نێوان ئاسمان و زەمین، وە خێری (اَلْحَمْدُ لِلّهِ) زۆرترە لە (سُبْحَانَ اللهِ)، وە ئەگەر بڵێی: (سُبْحَانَ اللهِ وَالْحَمْدُ للهِ وَلاَإِلَهَ إِلاّاللهُ وَاللهُ أَكْبَرُ)، ئەوە خێری پڕ ئاسمان و زەمین و نێوان هەردووکیان و پڕ بە تەرازووە، هەروەك لە چەند حەدیسیتردا هاتوە، بەڵام زیکری (لاَإِلَهَ إِلاّاللهُ) لە هەموویان خێرترە، هەروەها (لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاّ باللهِ) گەنجینەیەکی بەهەشتەو لە دەست خۆتی مەدە.

(وَالصَّلاَةُ نُورٌ) نوێژکردنی تەواو ڕووناکییە بۆ ناو گۆڕی تاریك و ڕۆژی قیامەت، هەروەها ڕووناکییە بۆ ناو دەروونی مرۆڤ، چونکە قەدەغەی ئەکا لە خراپە (وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ) زەکاتدان و خێرکردن بەڵگەیە لە سەر باوەڕی خاوەنەکەی لە دونیاو قیامەت.

(وَالصَّبْرُ) ئارام و خۆڕاگرتن: لە سەر خراپە نەکردن و لە سەر خواپەرستی و لە سەر ناخۆشیەکانی دونیا (ضِيَاءٌ) ڕۆشنایی دڵ و دەروونە.

وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ، كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو: فَبَائِعٌ نَفْسَهُ فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا ﴾ رواهُ مُسْلِم.

بزانە: مرۆڤی خۆڕاگر لە سەر نەکردنی خراپە تۆ سەد پلەی چاکەی بۆ ئەنووسرێ، خۆڕاگر لە سەر خواپەرستی شەش سەد پلەی بۆ ئەنووسرێ، خۆراگر لە ناخۆشیەکانی دونیا سێ سەد پلەی بۆ ئەنووسرێ.

(وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ) قورئانی پیرۆز: یان شاهیدە بۆ تۆ –لە ڕۆژی قیامەت– ئەگەر ڕەفتارت پێکردبێ و بۆ خوا بیخوێنی، یان شاهیدە لە دژی تۆ –لە ڕۆژی قیامەت– ئەگەر ڕەفتارت پێنەکردبێ و بۆ خوا نەتخوێندبێ.

(كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو) هەموو کەسێك کە ڕۆژ داهات بە کارێکەوە خەریك دەبێ: (فَبَائِعٌ نَفْسَهُ) جا ئیوا هەیە خۆی ئەفرۆشێتە خوای گەورەو هەر چاکە ئەکاو خراپە ناکا (فَمُعْتِقُهَا) ئەم جۆرە کەسە خۆی ئازاد ئەکا لە دۆزەخ (أَوْ مُوبِقُهَا) یان خۆی بە شەیتان ئەفرۆشێ و خراپە ئەکاو ماڵوێران ئەبێ لە قیامەت (رواهُ مُسْلِم) ئیمام (موسلیم) گێڕاویەتیەوە.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (الطُّهُورُ شَطْرُ الإِيمَانِ): **بزانە:** پاكو خاوێنی ڕەوشتێکی زۆر گرنگە، چونکە ڕەوشتی گشت پێغەمبەرانە صَلَّى اللهُ عَلَيْهِمْ أَجْمَعِين.

ئینجا بزانە: لە هەموو ڕەوشتەکان گرنگتر ئەم ڕەوشتانەن: کە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿عَشْرٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: قَصُّ الشَّارِبِ، وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ، وَالسِّوَاكُ، وَإِسْتِنْشَاقُ الْمَاءِ، وَقَصُّ الأَظْفَارِ، وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ، وَنَتْفُ الإِبِطِ، وَحَلْقُ الْعَانَةِ، وَانْتِقَاصُ الْمَاءِ، قَالَ الرَّاوِي: وَنَسِيتُ الْعَاشِرَةَ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ الْمَضْمَضَةَ﴾ رواهُ مُسْلِم، دە ڕەوشت هەنە ڕەوشتی ئایینی خودانە، سمێڵ بڕینەوە بە مەقەست، ڕیش بەردان، سیواك کردن، پاككردنەوەی کونە لووت، نینۆك کردن، شووشتنی لۆچی پەنجەکان، هەڵکەندنی مووی بن هەنگڵ، تاشینی بەر، تارەت کردن، شووشتنی دەم، یان سوننەتکردنی ئامێری پیاو و ئافرەت.

٢- (وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ): ڕەفتارکردن بە قورئانی پیرۆز ئەبێتە هۆی سەربەرزی دونیاو بەختەوەری قیامەت؟ چونکە خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلاَ يَضِلُّ وَلاَ يَشْقَى﴾ واتە: هەرکەسێك شوێن ئەم قورئانە بکەوێ، لە دونیادا گومڕا نابێ و لە قیامەتیشدا بەدبەخت نابێ.

٣- (أَوْ عَلَيْكَ): بەدبەختی و ڕووڕەشی بۆ کەسێکە: کە ڕەفتار بە قورئانی پیرۆز ناکاو بە بەرنامەی ژیانی نازانێ و وازی لێدێنێ و شوێن بەرنامەی دەستکرد ئەکەوێ، خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى، قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِي أَعْمَى وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا قَالَ كَذَلِكَ أَتَتْكَ آيَاتُنَا

﴿ عَنْ أَبِي ذَرٍّ الْغِفارِي رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ: فِيمَا يَرْوِيهِ عَنْ رَبِّهِ تَعَالَى، أَنَّهُ قَالَ: يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا فَلاَ تَظَالَمُوا، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ ضَالٌّ إِلاَّ مَنْ هَدَيْتُهُ

فَنَسِيتَهَا وَكَذَلِكَ الْيَوْمَ تُنسَى﴾ واته: هەر کەسێك واز لە قورئانەکەی من بێنێ‌و ڕەفتاری پێ‌نەکاو بە بەرنامەی ژیانی تێ‌نەگا، ئەوە ژیانێکی سەختو بەدبەختانەی ئەدرێتێ‌و بە دڵنیایی‌و چاوتێری ناژیێ، لە ڕۆژی قیامەتیش بە کوێری حەشری ئەکرێ‌و ئەڵێ: خوایە بۆچی بە کوێری حەشرت کردم خۆ من لە دونیادا چاوم هەبوو؟ خوا ئەفەرموێ: وەها قورئانەکەی منت لە دونیا بۆ هاتو خۆت لێ کوێر کردو ڕەفتارت پێ‌نەکرد، وەهاش ئێمە لە ناو دۆزەخدا ئەتهێڵینەوەو هیچ نرخێکت بۆ دانانێین.

٤- (فَمُعْتِقُهَا، أَوْ مُوبِقُهَا): پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿كُلُّ كَلاَمِ ابْنِ آدَمَ عَلَيْهِ لاَ لَهُ، إِلاَّ أَمْرٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ نَهْيٌ عَنْ مُنْكَرٍ أَوْ ذِكْرُ اللهِ تَعالَى﴾ رواهُ الترمذي، گشت گوفتارەکانی ئادەمیزاد لە دژی خۆیەتی‌و سودی لێوەرناگرێ، جگە لە فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپەو زیکری خوای گەورە. کەوابوو: لە سەر ئەم سێ ڕەوشتە بەردەوام بە، تاکو خۆت ئازاد بکەی لە ماڵوێرانی‌ی دونیاو قیامەت.

﴿ حەدیسی بیستو چوارەم: خوا پێویستی بە هیچ شتێك نیە ﴾

(عَنْ أَبِي ذَرٍّ الْغِفَارِي رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ: فِيمَا يَرْوِيهِ عَنْ رَبِّهِ تَعَالَى) گێڕدراوەتەوە لە (ئەبو زەڕ)ی (غیفاری) خوا لێی ڕازی بێ، ئەویش لە پێغەمبەر ﷺ ئەگێڕێتەوە، پێغەمبەریش ﷺ لە خوای گەورە ئەگێڕێتەوە.

(**پێناسە**) **بزانە**: بەم جۆرە حەدیسانە ئەگوترێ: (حەدیسی قودسی) واتە: حەدیسەکە ووشەو مانای لە لای خواوە هاتوە، بەڵام ناگاتە پلەی قورئان، وە حەدیسەکانی‌تری پێغەمبەر ﷺ مانای لە لای خواوە هاتوەو ووشەکەی هی پێغەمبەرە ﷺ.

(أَنَّهُ قَالَ) خوای گەورە فەرمووی: (يَا عِبَادِي) ئەی بەندەکانی من (إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي) من ستەمو زۆرداریم لە سەر خۆم حەڕام کردوەو نایکەم (وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا) هەروەها ستەمو زۆرداری لە نێوان ئێوەشدا حەڕامم کردوەو (فَلاَ تَظَالَمُوا) کەواتە: ئێوەش ستەمو زۆرداری لە یەکتری مەکەن: وە ستەم لە خۆشتان مەکەن بە تاوان کردن.

بزانە: ستەمو زۆرداری: دەستدرێژی‌کردنە بۆ سەر مافی کەسێکی‌تر بە ناهەقو دوژمنایەتی، یان دەرچوونە لە سنوری خوا.

(يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ ضَالٌّ) ئەی بەندەکانم ئێوە هەمووتان سەرلێشێواون‌و نەشارەزان لە ئایینی‌ئیسلام (إِلاَّ مَنْ هَدَيْتُهُ) تەنها ئەو کەسە نەبێ: کە من بیخەمە سەر ڕێگای ڕاست

فَاسْتَهْدُونِى أَهْدِكُمْ، يَا عِبَادِى كُلُّكُمْ جَائِعٌ إِلاَّ مَنْ أَطْعَمْتُهُ فَاسْتَطْعِمُونِى أُطْعِمْكُمْ، يَا عِبَادِى كُلُّكُمْ عَارٍ إِلاَّ مَنْ كَسَوْتُهُ فَاسْتَكْسُونِى أَكْسُكُمْ، يَا عِبَادِى إِنَّكُمْ تُخْطِئُونَ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَأَنَا أَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا فَاسْتَغْفِرُونِى أَغْفِرْ لَكُمْ، يَا عِبَادِى إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضُرِّى فَتَضُرُّونِى وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِى فَتَنْفَعُونِى،

(فَاسْتَهْدُونِى) کەواتە: ڕێگای ڕاست هەر لە من داوا بکەن (أَهْدِكُمْ) منیش شارەزای ڕێگای ڕاستتان ئەکەمو ئەتانخەمە سەر ڕێگای ڕاست.

ئەی موسوڵمان، تەنها ڕێگای خواو پێغەمبەرﷺ بگرەو بە دوای ڕێچکەکان مەکەوە؟ چونکە گومڕات ئەکەن، جگە لە خوا کەس ناتوانێ بتگەیێنێتە ڕێگای ڕاست، ئەوانەی تۆ دوایان ئەکەوی، وەکو تۆ سەر لێشێواون ئەگەر ڕێگای خواو پێغەمبەرﷺ نەگرن.

(يَا عِبَادِى كُلُّكُمْ جَائِعٌ) ئەی بەندەکانم ئێوە هەمووتان برسین (إِلاَّ مَنْ أَطْعَمْتُهُ) تەنها ئەوانە نەبێ: کە من خواردنو خواردنەوەیان ئەدەمێ (فَاسْتَطْعِمُونِى) داوای خواردەمەنی هەر لە من بکەن (أُطْعِمْكُمْ) منیش ئەتاندەمێ، واتە: ڕێگای وەدەستهێنانی خواردنتان بۆ ئاسان ئەکەم.

ئەی موسوڵمانی برسیو هەژار: با هاوارت هەر بۆ قاپی خودا بێ، چونکە هەر کەسێکیتر -جگە لە خودا- داوای خواردنی لێ‌بکەی، ئەویش وەکو تۆ پێویستی بە خودایە.

(يَا عِبَادِى كُلُّكُمْ عَارٍ) ئەی بەندەکانم ئێوە هەمووتان ڕووتن (إِلاَّ مَنْ كَسَوْتُهُ) تەنها ئەو کەسە نەبێ کە من بەرگی بکەم (فَاسْتَكْسُونِى) داوای بەرگ هەر لە من بکەن (أَكْسُكُمْ) منیش بەرگتان ئەدەمێ، واتە: ڕێگای وەدەستهێنانی بەرگو پۆشاکتان بۆ ئاسان ئەکەم.

(يَا عِبَادِى) ئەی بەندەکانم (إِنَّكُمْ تُخْطِئُونَ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ) ئێوە بە شەو و ڕۆژ گوناه ئەکەن (وَأَنَا أَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا) من ئەگەر حەز بکەم لە هەموو گوناهێك خۆش ئەبم جگە لە کافربوون (فَاسْتَغْفِرُونِى) داوای لێخۆشبوونی گوناه هەر لە من بکەن (أَغْفِرْ لَكُمْ) منیش لێتان خۆش ئەبم.

پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿كُلُّ بَنِى آدَمَ خَطَّاءٌ، وَخَيْرُ الْخَطَّائِينَ اَلتَّوَّابُونَ﴾ رواهُ الترمذى، هەموو ئادەمیزادان گوناهبارن، وە باشترینی گوناهباران تۆبەکارانن.

کەوابوو: ئەی موسوڵمان زوو تۆبە بکەو باری گوناه لە سەر خۆت لادە، بە دڵو زوبان (أَسْتَغْفِرُ اللهَ) بکە، واتە: داوای لێخۆشبوونی گوناهم لە خودا ئەکەم. بۆ ئەوەی خوا لێت خۆش بێو ڕزقت فراوان بکاو غەمت لاببا.

(يَا عِبَادِى إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضُرِّى فَتَضُرُّونِى) ئێوە ناگەنە ئەو ڕادەیە کە بتوانن زیان لە من بدەن (وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِى فَتَنْفَعُونِى) هەروەها: ناشگەنە ئەو پلەیە کە بتوانن سودم پێ‌بگەیەنن، واتە: ئەو چاکانەی خودا لەگەڵ بەندەکانی خۆی ئەکا، لە ترسی زیان لێدانی

يَا عِبَادِى لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ مَا زَادَ ذَلِكَ فِى مُلْكِى شَيْئًا، يَا عِبَادِى لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِى شَيْئًا، يَا عِبَادِى لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ قَامُوا فِى صَعِيدٍ وَاحِدٍ فَسَأَلُونِى فَأَعْطَيْتُ كُلَّ وَاحِدٍ مَسْأَلَتَهُ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِمَّا عِنْدِى إِلاَّ كَمَا يَنْقُصُ الْمَخْيَطُ إِذَا أُدْخِلَ الْبَحْرَ، يَا عِبَادِى إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيهَا لَكُمْ ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا:

خۆی نیەو بۆ سود پێگەیاندنی خۆیشی نیە، بەڵكو بۆ قازانجی ئەوانە، چونكە زۆر لەگەڵیان بە ڕەحمە.

(يَا عِبَادِى) ئەی بەندەكانم (لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ) ئەگەر لە یەكەم كەستانەوە تا دوایینتان (وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ) بە ئادەمیزادتانەوەو بە جنۆكەتانەوە (كَانُوا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ) هەمووتان بێنە سەر دڵی چاكترین مرۆڤ لە ئێوە، واتە: ببنە مرۆڤێكی لەخواترس (مَا زَادَ ذَلِكَ فِى مُلْكِى شَيْئًا) ئەوە هیچ لە گەورەییو دەسەڵاتی من زۆرتر ناكا، وە سودی خواپەرستی بۆ خۆتانە.

(يَا عِبَادِى) ئەی بەندەكانم (لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ) ئەگەر لە یەكەم كەستان تا دوایینتان (وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ) بە ئادەمیزادو جنۆكەتانەوە (كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ) هەموویان بێنە سەر دڵی خراپترین مرۆڤ لە ئێوە، واتە: هەموو ببنە پیاوی خراپ (مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِى شَيْئًا) ئەوەش هیچ لە گەورەییو دەسەڵاتی من كەم ناكاتەوە، واتە: ئێوە خوا بپەرستن، یان نەیپەرستن، بۆ خوایەتی خوا هەروەك یەكە.

(يَا عِبَادِى لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ) ئەی بەندەكانم ئەگەر لە یەكەم كەستانەوە تا دوایین كەستان، بە ئادەمیزادو جنۆكەوە (قَامُوا فِى صَعِيدٍ وَاحِدٍ) لە دەشتێكدا كۆ ببنەوە (فَسَأَلُونِى) هەر كەسە داوای شتێكم لێبكا (فَأَعْطَيْتُ كُلَّ وَاحِدٍ مَسْأَلَتَهُ) هەر یەكە لەو هەموو خەڵكە داواكراوەكەی خۆی بدەمێ (مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِمَّا عِنْدِى) ئەوە هیچ لە گەنجینەی لای خۆم كەم ناكاتەوە (إِلاَّ كَمَا يَنْقُصُ الْمِخْيَطُ) تەنها وەك دەرزی چەند كەم ئەكاتەوە (إِذَا أُدْخِلَ الْبَحْرَ) ئەگەر لە ناو دەریای هەڵێنی، واتە: بە دەرزی ئاوی دەریا كەم نابێتەوەو گەنجینەی خوداش كەم نابێتەوە.

(يَا عِبَادِى) ئەی بەندەكانم (إِنَّمَا هِيَ) ئەو كردەوە چاكانەو خراپانە (أَعْمَالُكُمْ) كردەوەی خۆتانە (أُحْصِيهَا لَكُمْ) من فەرمانم داوەتە فریشتەكانم: سەرژمێری كردەوەكانتان بكەن (ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا) ئینجا لە ڕۆژی دواییدا دەیدەمەوە دەستتانو پاداشو سزاتان ئەدەم بەگوێرەی كردەوەكانتان:

فَمَنْ وَجَدَ خَيْرًا فَلْيَحْمَدِاللهَ، وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ فَلاَ يَلُومَنَّ إِلاَّ نَفْسَهُ﴾ رواهُ مُسْلِم.

(فَمَنْ وَجدَ خَيْرًا) جا هەركەسێك بینی لە ڕۆژی دوایی چاكەی هەیەو پاداشی چاكەی دراوە (فَلْيَحْمَدِ الله) با سوپاسی خوا بكا كە یارمەتی داوە بۆ چاكە كردن (وَمَنْ وَجدَ غَيْرَ ذَلِكَ) وە هەر كەسێك بینی بە پێچەوانەوە خراپەی هەبوو و سزای خراپەی درا (فَلاَ يَلُومَنَّ إِلاَّ نَفْسَهُ) ئەوە با هەر خۆی بە تاوانبار دابنێ‌و لۆمەی كەسی‌تر نەكا، چونكە بەخۆی لە ڕێگای خوای گەورە لای‌داوە (رواهُ مُسْلِم) ئیمام (موسلیم) گێڕاویەتیەوە.

بزانە: هەرچی ئیماندار بێ‌و چاكەی هەبێ، ئەوە لە دونیاو قیامەت پاداشتی چاكەكانی ئەدرێتێ، بەلاَم هەر كەسێك كافر بێ، ئەوە پاداشتی چاكەكانی هەر لە دونیا ئەدرێتێ‌و بۆ قیامەت چاكەی نامێنێ‌و بە هۆی خراپەكانی ئەچێتە دۆزەخ، لە هەموو خراپەكانی گەورەتر كافربوونە.

پێناسە: جنۆكە چینێكن خوا لە ئاگر دروستی كردون، وە بە هەموو وێنەیەك خۆیان ئەنوێنن، لە سەر وێنەی تایبەتی‌خۆیان كەس بە چاو نایانبینێ، ئەوان ئێمە ئەبینن، ژن‌و منداڵیان هەیەو كافرو موسوڵمانیان هەیە، شەیتان لە جنۆكە كافرەكانە.

ئینجا بزانە: خوای گەورە لەم حەدیسەدا هەڕەشەی كردوەو موژدەشی داوە، كەوابوو: هەركەسێك بیەوێ لە هەڕەشەی خوا ڕزگاری بێ‌و بگاتە موژدەی خوا، هیچ كەمتەرخەمی ناكا لە خواپەرستی ﴿عَنْ أَبي‌هُرَيْرَةَ رضي الله عنه: عَنِ النَّبيِّ ﷺ: مَنْ خافَ أَدْلَجَ وَمَنْ أَدْلَجَ بَلَغَ الْمَنْزِلَ أَلاَ إِنَّ سِلْعَةَالله غالِيَةٌ أَلاَ إِنَّ سِلْعَةَالله الْجَنَّةُ﴾ رواهُ الترمذي، واتە: هەر كەسێك ترسی هەبێ شەوڕۆیی ئەكا، هەركەسێك شەوڕۆیی بكا ئەگاتە شوێنەكەی‌خۆی‌و ئەحەسێتەوە، ئاگاداربن: كوتاڵی خوا زۆر بە نرخە، ئاگاداربن كوتاڵی خوا بەهەشتە. واتە: بە هەرزان نایفرۆشێ.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١-(فَلاَ تَظَالَمُوا): بۆ پاراستنی ئایین‌و گیان‌و نەژادو ناموس‌و هۆش‌و ماڵ، خوای گەورە (ظُلْم)ی حەڕام كردوە، واتە: دەستدرێژكردنە سەر ئەم شەشانە.

كەوابوو: گەورەترین ستەم كافربوونە، هەروەك خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ بە ڕاستی كافربوون ستەمێكی زۆر گەورەیە.

پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَنْ كَانَتْ لَهُ مَظْلَمَةٌ لأَحَد منْ عرْضه أَوْ شَيْء فَلْيَتَحَلَّلْهُ منْهُ الْيَوْمَ قَبْلَ أَنْ لاَ يَكُونَ دينَارٌ وَلاَ درْهَمٌ: إِنْ كَانَ لَهُ عَمَلٌ صَالِحٌ أُخذَ منْهُ بقَدْرِ مَظْلَمَته، وَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُ حَسَنَاتٌ أُخذَ منْ سَيِّئَات صَاحبه فَحُملَ عَلَيْه﴾ رواهُ البخاري، واتە: هەر كەسێك (ظُلْم)ی لە كەسێك كردوە: دەربارەی ناموس، یان شتێكی‌تر، با لە دونیا گەردەنی خۆی پێ ئازاد بكا، پێش ئەوەی ڕۆژێك دابێ دیرهەم‌و دینار سودی نەبێ: لە ڕۆژی دوایی

(اَلْحَديثُ الْخامس والْعشْرون: أَنْواعُ الْخَيْر كَثيرَةٌ)

﴿ عَنْ أَبِي ذَرٍّ الغفاري رضي الله عنه: أَنَّ نَاسًا منْ أَصْحَاب رَسُول اللهِ ﷺ: قَالُوا للنَّبِيِّ ﷺ: يَا رَسُولَ الله ذَهَبَ أَهْلُ الدُّثُورِ بالأُجُورِ: يُصَلُّونَ كَمَا نُصَلِّي، وَيَصُومُونَ كَمَا نَصُومُ، وَيَتَصَدَّقُونَ بِفُضُولِ أَمْوَالِهِمْ؟

ئەگەر ستەمكارەكە چاكەی هەبێ، ئەوە بە ئەندازەی ستەمەكەی چاكەی لێوەرئەگیرێو ئەدرێتەوە ستەملێكراوەكە، ئەگەر چاكەی نەبو، ئەوە خراپەكانی ستەملێكراوەكە وەرئەگیرێو ئەخرێتە سەر ستەمكارەكە، واتە: بە هۆی خراپەكانی خۆیو خراپەكانی ستەملێكراوەكە لە دۆزەخ سزا ئەدرێ.

٢- (فَاسْتَغْفِرُونِي): پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَنْ لَزِمَ الإسْتِغْفَارَ جَعَلَ اللهُ لَهُ مِنْ كُلِّ ضِيقٍ مَخْرَجًا وَمِنْ كُلِّ هَمٍّ فَرَجًا وَرَزَقَهُ مِنْ حَيْثُ لاَ يَحْتَسِبُ﴾ رواهُ أبوداود، هەر كەسێك زۆر بڵێ: (أَسْتَغْفِرُاللهَ). خوای گەورە لە هەموو تەنگانەیەك دەربازی ئەكاو لە هەموو دڵتەنگیەك دڵخۆشی ئەكاو بە شێوەیەكی وا ڕزقی ئەداتێ: كە هەر بە خەیاڵیدا نایێ.

٣- (ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا): **بزانە:** كردەوەی چاك ئەبێتە هۆی بەختەوەری لە دونیاو قیامەت، هەروەكو خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ هەر كەسێك كردەوەی چاك بكا- پیاو بێ، یان ئافرەت- ئیمانداریش بێ، ژیانێكی خۆشی ئەدەینێ لە دونیا: بە ڕزقێكی حەڵاڵو ڕازیبوون بە دانانی خوا هەر چەند هەژاریش بێ، وە لە ڕۆژی قیامەتیش باشترینو جوانترین پاداشی چاكەكانیان ئەدەینەوە. كەوابوو: كافر بە پێچەوانەی موسوڵمانە لە دونیاو لە قیامەت.

﴿ حەدیسی بیستو پێنجەم: جۆری چاكە كردن زۆرن ﴾

(عَنْ أَبِي ذَرِّ الغِفَارِي) رضي الله عنه (ئەبو زەڕی غیفاری) خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ: (أَنَّ نَاسًا مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ ﷺ) چەند كەسێك لە یارەكانی پێغەمبەر ﷺ:

(**پێناسە**) سەحابە، واتە: یارەكانی پێغەمبەر ﷺ، ئەو كەسانەن: كە بە موسوڵمانی پێغەمبەریان دیتبێ، یان پێغەمبەر ﷺ ئەوانی دیتبێ، بە موسوڵمانیش مردبن. **جا بزانە:** كە پێغەمبەر ﷺ وەفاتی كرد، (١١٤٠٠٠)سەدوچواردە هەزار سەحابەی لە دوا بەجێمان.

(قَالُوا لِلنَّبِيِّ ﷺ) سەحابەكان بە پێغەمبەریان گوت: (يَا رَسُولَ الله، ذَهَبَ أَهْلُ الدُّثُورِ بِالأُجُورِ) ئەی پێغەمبەری خوا دەوڵەمەندەكان هەموو پاداشی گەورەیان وەدەست هێناوە لە دونیاو قیامەت: (يُصَلُّونَ كَمَا نُصَلِّي) هەروەك ئێمە نوێژ ئەكەین، ئەوانیش نوێژ ئەكەن (وَيَصُومُونَ كَمَا نَصُومُ) وەكو ئێمە بە ڕۆژوو ئەبن (وَيَتَصَدَّقُونَ بِفُضُولِ أَمْوَالِهِمْ) جگە لە نوێژو ڕۆژوو، ماڵی زیادیان هەیە ئەیكەنە خێر لە ڕێگای خوا، ئێمە ماڵی زیادمان نیە؟

قَالَ ﷺ: أَوَلَيْس قَدْ جعَـلَ اللهُ لَكُـمْ مَـا تَصَّـدَّقُونَ؟ إنَّ بِكُـلِّ تَسْـبِيحَةٍ صَـدَقَةً وَبِكُلِّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةً، وَكُلِّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةً وَكُلِّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةً، وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ صَـدَقَةٌ وَنَهْيٌ عَنْ مُنْكَرٍ صَدَقَةٌ، وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ أَيَأْتِي أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ وَيَكُونُ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ؟! قَالَ ﷺ: أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِي حَرَامٍ أَكَانَ عَلَيْهِ وِزْرٌ؟ فَكَـذَلِكَ إِذَا وَضَـعَهَا فِي الْحَـلاَلِ كَانَ لَهُ أَجْـرٌ ﴾ رواهُ مُسْلِم.

(قَالَ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (أَوَ لَيْسَ) چۆن وا دەڵێن؟ (قَدْ جَعَلَ اللهُ لَكُمْ مَا تَصَّدَّقُونَ) وا مەڵێن، چونکە خوای گەورە ڕێگای زۆری بۆ ئێوە داناوە خێری پێبکەن:
(إِنَّ بِكُلِّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةً) هەر جارێك بڵێن: (سُبْحَانَ اللهِ). خێرێكتـان بـۆ ئەنووسـرێ (وَبِكُلِّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةً) هەر جارێك بڵێن: (اللهُ أَكْبَرُ). خێرێكتان بۆ ئەنووسرێ (وَكُلِّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةً) هەروەها (الْحَمْدُ للهِ) بگوترێ خێرێكی هەیە (وَكُلِّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةً) هـەر جارێـك (لاَإِلَـهَ إِلاَّاللهُ) بگوترێ خێرێكی هەیە.
ئەی موسوڵمانی خۆشەویست: لە دوای هـەر پێـنج نوێـژەکان ئـەم زیکرانـە لـە دەسـت خـۆت مەدە، کەوابوو: لە دوای نوێژ لە سەر فەرمانیپێغەمبەر ﷺ سیوسێ جار بڵێ: (سُبْحَانَ اللهِ). سیوسێ جار بڵێ: (الْحَمْدُ للهِ). سیوسێ جار بڵـێ: (اللهُ أَكْبَـرُ). یـەك جـار بڵـێ: (لاَإِلَـهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِير). دە جـار بڵـێ: (لاَإِلَـهَ إِلاَّ اللهُ).
پێغەمبەر ﷺ ئەوها ژمارەی بۆ داناوە، نەکەی لەخۆتەوە زیادو کەمی بکەی.
(وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ) هەر فەرمانکردنێك بە چاکە، خێرێكی هەیە (وَنَهْيٌ عَنْ مُنْكَرٍ صَدَقَةٌ) هەر قەدەغەکردنێکی خراپە بە هەر جۆرێك بێ خێرێكی هەیە.
(وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ) بە جیماع کردنو ڕابواردن لەگەڵ ژنی خۆتان خێرێكتـان دەسـت ئەکەوێ (قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ) یارەکـان گوتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ (أَيَأْتِي أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ) چۆن ئەگەر یەکێك لە ئێمە بۆ تێرکردنـی ئـارەزووی خـۆی ئـەو ئیشـە لەگـەڵ ژنـی خـۆی بکـا (وَيَكُونُ لَـهُ فِيهَـا أَجْـرٌ) خێـری ئـەگاتێو پاداشـی ئەدرێتـەوە؟ (قَـالَ: أَرَأَيْـتُمْ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: پێم بڵێن (لَوْ وَضَعَهَا فِي حَرَامٍ) ئەگـەر ئـارەزووی خـۆی بـە حـەڕام تێر بکاو لەگەڵ ژنێکی ناحەڵاڵ ڕابوێرێ (أَكَانَ عَلَيْهِ وِزْرٌ) ئایا گوناهی لە سـەر ئەنووسـرێ؟ بەڵێ: گوناهی لە سەر ئەنووسرێ (فَكَذَلِكَ إِذَا وَضَعَهَا فِي الْحَلاَلِ) کەوابوو: هەروەها ئەگەر بە کاری بێنێ بۆ حەڵاڵ (كَـانَ لَـهُ أَجْـرٌ) خێـری ئـەگاتێو پاداشـی هەیـە (رواهُ مُسْلِم) ئیمـام (موسلیم) گێڕاویەتیەوە.
کەوابوو: ژن هێنانتو جیماعت، ئەویش هەر بە نیازی خـودا بـێ: وەك داوێـن پـاکیو زۆرکردنـی نەتەوەی ئیسلامو پێکهێنانی خێزانێکی ئیسلامیو سودبەخش بۆ کۆمەڵی ئیسلام.

ئینجا بزانە: زۆر جۆری‌تری چاکە هەنە مرۆڤ هەستیان پیّ‌ناکا، بەڵام ئەگەر نیازی ناو دڵی بۆ خوا بیّ، خوا خیّری بۆ ئەنووسیّ:

بۆ نموونە: ﴿عَنْ أَبِي‌هُرَيْرَةَ‌رضي الله عنه: عَنِ النَّبِيِّ‌ﷺ قَالَ: بَيْنَمَا رَجُلٌ يَمْشِي بِطَرِيقٍ اشْتَدَّ عَلَيْهِ الْعَطَشُ، فَوَجَدَ بِئْرًا فَنَزَلَ فِيهَا فَشَرِبَ ثُمَّ خَرَجَ فَإِذَا كَلْبٌ يَلْهَثُ يَأْكُلُ الثَّرَى مِنَ الْعَطَشِ، فَقَالَ الرَّجُلُ: لَقَدْ بَلَغَ هَذَا الْكَلْبَ مِنَ الْعَطَشِ مِثْلُ الَّذِي بَلَغَ بِي. فَنَزَلَ الْبِئْرَ فَمَلأَ خُفَّهُ ثُمَّ أَمْسَكَهُ بِفِيهِ فَسَقَى الْكَلْبَ فَشَكَرَ اللهُ لَهُ فَغَفَرَ لَهُ. قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ‌ﷺ، وَإِنَّ لَنَا فِي هَذِهِ الْبَهَائِمِ أَجْرًا؟ فَقَالَ: نَعَمْ فِي كُلِّ ذَاتِ كَبِدٍ رَطْبَةٍ أَجْرٌ﴾ رواهُ الشيخان، واتە: لە کاتێکا پیاوێك بە ڕێگایەکدا ئەڕۆیشت‌و تێنووەتی‌ی تووش بوو، ئینجا بیرێکی دۆزی‌یەوەو چووە ناوی‌و ئاوی خواردەوە، ئینجا هاتە دەرەوەو دیتی وا سەگێك زوبانی دەرهێناوەو لە بەر تێنووەتی خۆڵ‌و خاك ئەخوا، جا پیاوەکە گوتی: ئەو سەگە وەکو من تێنووەتی کاری تیّ‌کردوە. جا پیاوەکە چووە ناو بیرەکەو پڕ بە خوفەکەی ئاوی هێناو دایە سەگەکە، جا لە بەر ئەوە خوا سوپاسی کردو لیّی خۆش بوو. ئینجا هاوڕێکانی پێغەمبەرﷺ فەرموویان: ئایا ئێمەش لە ئاژەڵەکانی خۆمان خێرمان ئەگاتیّ کە ئاویان ئەدەین؟ فەرمووی: بەڵیّ: هەرچی خاوەن جەرگی تەڕ بیّ، بەزەییتان پیّ‌ی‌دا بیّ، خوا پاداشتتان ئەنووسیّ.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (ذَهَبَ أَهْلُ الدُّثُورِ بِالأُجُورِ): **بزانە:** ئەم گفتوگۆیەی (صَحابَة)کان لە حەسوودی‌یەوە نەبو، بەڵکو حەسوودی‌ی پێشبڕکیّ بوو بۆ کاری چاکە، ئەم پێشبڕکیّ‌یەش خێرەو پیّ‌ی ئەگوتریّ: (غِبْطَة). پێغەمبەرﷺ ئەفەرمویّ: ﴿لاَ حَسَدَ إِلاَّ فِي اثْنَتَيْنِ: رَجُلٌ آتَاهُ اللهُ الْقُرْآنَ فَهُوَ يَقُومُ بِهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَآنَاءَ النَّهَارِ، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللهُ مَالاً فَهُوَ يُنْفِقُهُ آنَاءَ اللَّيْلِ وَآنَاءَ النَّهَارِ﴾ رواهُ الشَّيْخَان، واتە: حەسوودی‌ی پێشبڕکیّ تەنها لە دوو شێوەدا ڕەوایە: **یەکەمیان:** دەربارەی پیاوێك: کە خوای‌گەورە فێرە قورئانی کردبیّ‌و لە کاتەکانی شەو و ڕۆژدا بیخوێنیّ، **دووەمیان:** دەربارەی پیاوێك: کە خوای گەورە ماڵی دابیتیّ‌و لە کاتەکانی شەو و ڕۆژدا لە ڕێگای خوا بیبەخشیّ.

٢- (وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ): **بزانە:** لە پێش دەستپێکردنی جیماع، سوننەتە: ژن‌و مێرد ئەم دوعایە بخوێنن: ﴿بِسْمِ اللهِ اَللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا﴾ رواهُ الشَّيْخَان، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەگەر ئەم دوعایەیان خوێندو منداڵێك لەم جیماعە دروست کرا، شەیتان زیانی پیّ‌ناگەیەنیّ.

٣- (أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِي حَرَامٍ...): **بزانە:** جیماع کردن حەرامە: لە ماوەی حەیز و لە ماوەی خوێنی پاش منداڵبوون، خوای گەورە ئەفەرمویّ: ﴿فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ﴾ خۆتان بپارێزن لە جیماعی ژنەکەتان لەو ماوەیەی لە حەیزدانە.

(اَلْحَدِيثُ السّادس والْعشْرون: كُلُّ أَحَد عَلَيْه صَدَقَةٌ)

﴿ عَنْ أَبِيهُرَيْرَةَﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِﷺ: كُلُّ سُلاَمَى مِنَ النَّاس عَلَيْه صَدَقَةٌ كُلَّ يَوْم تَطْلُعُ فِيه الشَّمْسُ: تَعْدلُ بَيْنَ الإِثْنَيْنِ صَدَقَةٌ، وَتُعِينُ الرَّجُلَ فِي دَابَّته فَتَحْمِلُهُ عَلَيْهَا أَوْ تَرْفَعُ لَهُ عَلَيْهَا مَتاعَهُ صَدَقَةٌ﴾

هەروەها جیماع کردنیش لە کونی پاشەوەدا حەرامە، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿لاَ يَنْظُرُ اللهُ إِلَى رَجُلٍ أَتَى رَجُلاً أَوِ امْرَأَةً فِيالدُّبُرِ﴾ رواهُ التّرمذي، خوای گەورە بە چاوی رەحمەت تەماشای ئەو پیاوە ناکا کە نێربازی بکا، یان لە کونی پشتەوە جیماع لەگەڵ ژنەکەی بکا. واتە: خوای گەورە بە چاوی لەعنەتو غەزەب تەماشای دەکا.

٤- (إِذَا وَضَعَهَا فِيالْحَلاَل كَانَ لَهُ أَجْرٌ): پێغەمبەری خۆشەویست ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ أَشَرَّ النَّاس عِنْدَ اللهِ مَنْزِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَة: الرَّجُلُ يُفْضِي إِلَى امْرَأَته وَتُفْضِي إِلَيْه ثُمَّ يَنْشُرُ سِرَّهَا﴾ رواهُ مُسْلم، ولأصحاب السنن: ﴿إِنَّمَا مَثَلُ ذَلِكَ مَثَلُ شَيْطَانَة لَقِيَتْ شَيْطَانًا فِيالسِّكَّة فَقَضَى مِنْهَا حَاجَتَهُ وَالنَّاسُ يَنْظُرُونَ إِلَيْه﴾، واتە: خراپترین کەس لە لای خوای گەورە لە رۆژی دوایی: پیاوێکە لەگەڵ ئافرەتەکەی جیماع بکا، ئینجا نهێنییەکانی جیماع بگێڕێتەوە، مەسەلەی ئەو ژنو مێردەی نهێنی جیماع کردن باس ئەکەن: وەکو مەسەلەی شەیتانێکە لە کۆڵان سواری شەیتانێك بێو جیماعی لەگەڵ بکاو خەڵکیش تەماشای بکەن.

﴿ حەدیسی بیستو شەشەم: هەموو کەس خێرێکی لە سەرە ﴾

(عَنْ أَبِيهُرَيْرَةَﷺ قَالَ) ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ، ئەفەرموێ: (قَالَ رَسُولُ اللهِﷺ) پێغەمبەرﷺ فەرمووی (كُلُّ سُلاَمَى مِنَ النَّاس) هەموو ئێسكو جومگەیەکی ئادەمیزاد (عَلَيْه صَدَقَةٌ) خێرێکی لە سەرە (كُلَّ يَوْمٍ تَطْلُعُ فِيه الشَّمْسُ) هەموو ڕۆژێك کە خۆر دەرئەکەوێ، واتە: سوپاسی خوا بکەی بەرامبەر ئەو چاکەی لەگەڵتی کردوە: کە (٣٦٠) جومگەت هەیەو هەمووی نەرم کردوە بۆ جموجۆڵ، ئینجا ئەگەر چاکە نەکەی، خراپەش بەو جومگانە مەکە.

(تَعْدلُ بَيْنَ الإِثْنَيْنِ صَدَقَةٌ) ئاشتکردنەوەی دوو کەس کە ناکۆکییان هەیە خێرێکە، بە مەرجێ ئاشتکردنەوەکە لە چوارچێوەی ئیسلام دەرنەچێو حەرامی پێ حەڵاڵ نەکرێو حەڵاڵی پێ حەرام نەکرێ. **بزانە:** درۆکردن دروستە بۆ ئاشتکردنەوە.

(وَتُعِينُ الرَّجُلَ) یارمەتی مرۆڤ بدەی (فِي دَابَّته) دەربارەی وولاغەکەی (فَتَحْمِلُهُ عَلَيْهَا) تا سواری وولاغەکەی ئەکەی (أَوْ تَرْفَعُ لَهُ عَلَيْهَا مَتَاعَهُ) یان دەستباری لەگەڵ بکرێو بارەکەی لەگەڵ بار بکەی (صَدَقَةٌ) ئەمەش خێرێکە. **جا بزانە:** هەتا بەردەوام بی لە یارمەتیدانی موسوڵمانان، خوداش یارمەتی تۆ ئەدا.

وَالْكَلِمَةُالطَّيِّبَـــةُ صَـــدَقَةٌ، وَبِكُــلِّ خَطْـــوَةٍ تَمْشِـــيهَا إِلَـــى الصَّـــلاَةِ صَـــدَقَةٌ، وَتُمِيطُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ صَدَقَةٌ﴾ رواهُ الْبُخارِي وَمُسْلِم.

(وَالْكَلِمَـةُ الطَّيِّبَـةُ صَـدَقَةٌ) قسـەیەكی شـیرینو بـاش خێرێكـە. واتـە: بـە ڕووخۆشـی لەگەڵ موسوڵمانان گفتوگۆ بكە، سڵاویان لێبكە، دوعایان بۆ بكە، ناوی خـوا بێنـەو قسـەی سوكو چروك مەكە.
(وَبِكُلِّ خَطْوَةٍ تَمْشِيهَا إِلَى الصَّلاَةِ صَدَقَةٌ) هەموو هـەنگاوێكیش كـە بـۆ نوێـژ ئـەڕۆی خێرێكـە. كەوابوو: نوێژكردنی بە جەماعەت لە مزگەوت لە دەست خۆت مـەدە، چـونكە خێـری نوێـژی جەماعە یەك بە (٢٧)، هەر هەنگاوێكیش خێرێكە، ئەمەش قازانجێكی زۆرە بۆ موسوڵمان.
(وَتُمِيطُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ صَدَقَةٌ) لابردنی ئەو شتانەی زیان لە ڕێبوار ئەدەن لە سەر ڕێگـە، ئـــەوەش خێرێكــە. جــا ئەمـــەیان نــزمترین بەشــەكانی ئیمانــە، بەرزترینیشـــی ووتـــنی (لاَ إِلَهَ إِلاَّاللهُ)یە (رواهُ الْبُخارِى وَمُسْلِم) ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم) گێڕاویەتیانەوە.
بزانە: لە فەرموودەیەكیتری پێغەمبەرداﷺ هاتوە، كـە دوو ڕكاعـەت نوێـژی چێشـتەنگاو جێگەی ئەو خێرانە دەگرێتەوە، كەوابوو: ئەی موسوڵمان، بە لای كـەمی هـەموو ڕۆژێ دوو ڕكاعەت بە ناوی (صَلاَةُ الضُّحَى)=چێشتەنوێژ بكـە، خـۆ ئەگـەر بیكـەی بـە چـوار ڕكاعـەت ئەمە زۆر باشترە، ئەگەر بیكەی بە هەشت ڕكاعەت: ئەمە زۆر خێری هەیەو تەواوترە.
جا ئەوەش **بزانە:** هەر چاكەیەكت كرد بڵێ: (اَلْحَمْدُ لله). بـۆ ئـەوەی خـوای گـەورە زیـاتر یارمەتیت بدا بۆ چاكە

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (تَعْدِلُ بَـيْنَ الإِثْنَـيْنِ صَـدَقَةٌ): براندنـەوەی كێشـەی نێـوان دوو كـەس، یـان زیـاتر، ئاشـتكردنەوەی دوو كـەس، یـان زیـاتر: یەكێكـە لـە ڕەوشـتە هـەرە بەرزەكانیئیسـلام، بـەو مەرجـەی لـەم پێكهاتنـەدا بێشـەرعی ڕوو نـەدا، پێغەمبـەرﷺ ئەفـەرموێ: ﴿أَلاَ أُخْبِرُكُمْ بِأَفْضَلَ مِنْ دَرَجَةِ الصِّيَامِ وَالصَّلاَةِ وَالصَّدَقَةِ؟ قَالُوا: بَلَى. قَـالَ: إِصْـلاَحُ ذَاتِ الْبَيْنِ، فَإِنَّ فَسَادَ ذَاتِ الْبَيْنِ هِيَ الْحَالِقَةُ﴾ رواهُ التِّرمذى، ئایا پێتان بڵێم كام ڕەوشت خێـری گـەورەترە لـە ڕۆژوو و نوێـژ و خێركـردن؟ گوتیـان: بـەڵێ. فـەرمووی: چـاككردنی نێـوان موسـوڵمانانو براندنـەوەی كێشـەی نێوانیـان خێـری گـەورەترە، چـونكە تێكـدانی نێـوانی موسوڵمانان ئایین ئەتاشیو لایئەبا.
٢- (وَتُعِينُ الرَّجُـلَ): هـەر دەربـارەی یارمـەتیدانی مرۆڤـی بێدەسـەڵات، پێغەمبـەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿أَبْلِغُوا حاجَةَ مَنْ لاَ يَسْتَطِيعُ إِبْلاَغَ حاجَتِه، فَإِنَّهُ مَنْ أَبْلَغَ سُـلْطاناً حاجَـةَ مَـنْ لاَ يَسْتَطِيعُ إِبْلاَغَها إِيَّاهُ ثَبَّتَ اللهُ قَدَمَيْه عَلَىالصِّراطِ﴾ رواه البيهقي والطبراني، واتـە: ئـیشو كاری مرۆڤـی بێدەسـەڵات بگەیەنـنـە لای ئـەو كەسـەی ئـەتوانێ بـۆی پێـك بێنـێ، چـونكە

(اَلْحَدِيثُ السّابع والْعِشْرون: اَلْبِرُّ وَالإِثْمُ)

﴿ عَنِ النَّوَّاسِ بنِ سَمْعَانَ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: اَلْبِرُّ حُسْنُ الْخُلُقِ، وَالإِثْمُ مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ وَكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ ﴾ رواهُ مُسْلم.
﴿ وَعَنْ وَابِصَةَ ابنِ مَعْبَد رضي الله عنه قَالَ: أَتَيْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ، فَقَالَ ﷺ: جِئْتَ تَسْأَلُ عَنِ الْبِرِّ وَالإِثْمِ؟ قُلْتُ: نَعَمْ. قَالَ ﷺ: اسْتَفْتِ قَلْبَكَ: اَلْبِرُّ مَا اطْمَأَنَّتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ وَاطْمَأَنَّ إِلَيْهِ الْقَلْبُ،

هەرکەسێك کاری مرۆڤی بێدەسەلات بگەیەنێتە لای خاوەن دەسەلاتێك، خوای گەورە لەسەر پردی دۆزەخ قاچەکانی ئەپارێزێ لە خلیسك بردن.
٣- (وَكُلُّ خَطْوَةٍ تَمْشِيهَا إِلَى الصَّلاَةِ صَدَقَةٌ): پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿ الصَّلَوَاتُ الْخَمْسُ وَالْجُمُعَةُ إِلَى الْجُمُعَةِ كَفَّارَاتٌ لِمَا بَيْنَهُنَّ مَا لَمْ تُغْشَ الْكَبَائِرُ ﴾ رَوَاهُ مُسْلِم، ئەم پێنج نوێژانەو نوێژی جومعە تا نوێژی جومعەکەیتر، ڕەشکەرەوەو داپۆشەری گوناهە بچووکەکانن بە مەرجێ: گوناهە گەورەکان نەکرێن.

﴿ حەدیسی بیست و حەفتەم: چاکەو خراپە ﴾

(عَنِ النَّوَّاسِ بنِ سمْعَانَ رضي الله عنه) گێردراوەتەوە لە (نەوواس)ی کوڕی (سەمعان)، ئەفەرموێ: (عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (اَلْبِرُّ) زۆربەی چاکە (حُسْنُ الْخُلُقِ) بریتییە لە خوو و ڕەوشتی جوان: وەك ڕووخۆشیو یارمەتیدانی خەڵكو سەردانی خزمو کەسی خۆتو بەزەییهاتن بە هەژاران...هتد، پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِنَّكُمْ لاَ تَسَعُونَ النَّاسَ بِأَمْوالِكُمْ وَلَكِنْ يَسَعُهُمْ مِنْكُم بَسْطُ الْوَجْهِ وَحُسْنُ الْخُلُقِ﴾ أَخْرَجَهُ أَبُويَعْلَى، واتە: ئێوە بە بەخشینی ماڵتان بەروەستی خەڵك ناکەن، بەڵام ڕوو خۆشیو ڕەوشتیجوانی ئێوە بەروەستیان ئەکا.
(وَالإِثْمُ) گوناهو خراپە (مَا حَاكَ فِي النَّفْس) ئەوەیە: کار لە دڵت بکاو لە ناو دڵتدا جێی نەبێتەوەو ئازاری پێبگەیەنێ (وَكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ) هەروەها پێت ناخۆش بێ پیاوماقوڵان ئەو کردەوەی تۆ ببینن، واتە: خراپە هەر لە ناو دڵا دێو دەچێو مرۆڤ پێی ناخۆشە خەڵكی بەو خراپەیەی وی ئاگادار بن (رواهُ مُسْلِم) ئیمام(موسلیم) گێڕاویەتیەوە.
(وَعَنْ وَابِصَةَ ابن معبَدٍ رضي الله عنه: قَالَ) هەر لەو بابەتە (وابیسە)ی کوڕی (مەعبەد) ئەفەرموێ: (أَتَيْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ) هاتمە خزمەت پێغەمبەر ﷺ (فَقَالَ: جِئْتَ تَسْأَلُ عَنِ الْبِرِّ وَالإِثْمِ؟) ئەویش فەرمووی: هاتوی پرسیار بکەی چاکە چییەو خراپە چییە؟ (قُلْتُ: نَعَمْ) منیش گوتم بەڵێ، بۆ ئەوە هاتوم (قَالَ اسْتَفْتِ قَلْبَكَ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: پرسیار لە دڵی خۆت بکە، چونکە هەستکردن بە چاکەو خراپە لە ناو دڵتدایە.
ئینجا پێغەمبەر ﷺ ئەو هەستکردنەی ڕوون کردەوەو فەرمووی: (اَلْبِرُّ مَا اطْمَأَنَّتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ وَاطْمَأَنَّ إِلَيْهِ الْقَلْبُ) چاکە ئەوەیە: دڵت پێی خۆش بێو دەروونت پشوو بداو دڵت لێنەدا، لە بەر ئەوەی دوا ڕۆژی باشەو مەترسیی نیە.

وَالإِثْمُ مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ وَتَرَدَّدَ فِي الصَّدْرِ، وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ وَأَفْتَوْكَ﴾
حديثٌ صحيح رَوَيْناهُ فِي مَسْنَدَي الإمامَيْنِ: أَحْمدَ بنِ حَنْبَلٍ، وَالدَّارَمِيِّ، بإسْنادٍ جَيِّد.

(وَالإِثْمُ مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ) گوناهیش ئەوەیە کار لە دڵت بکاو (وَتَرَدَّدَ فِي الصَّدْرِ) لە ناو دڵتدا هاتوچۆ بکاو گیر نەبێ، لە بەر ئەوەی مەترسی دوا ڕۆژی هەیە، کەوابوو: دڵی خۆت لە هەموو کەس باشتر ئەزانێ چاکەو خراپە چی‌یە؟ (وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ وَأَفْتَوْكَ) هەر بەگوێرەی دڵت، واز لە خراپە بێنە، هەرچەند زانایانی‌ئایینی فتوات بۆ بدەن‌و دیسان فتوات بۆ بدەن‌و بڵێن: بیکە. چونکە موسوڵمانی تەواو ئەو کەسەیە واز لە گومانلێکراو بێنێ، نەوەك تووشی حەرام ببێ ﴿عَنْ عَطِيَّةَ السَّعْدِيِّ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: لاَ يَبْلُغُ الْعَبْدُ أَنْ يَكُونَ مِنَ الْمُتَّقِينَ حَتَّى يَدَعَ مَا لاَ بَأْسَ بِهِ حَذَرًا مِمَّا بِهِ الْبَأْسُ﴾ رواهُ التِّرمذی، واتە: بەندە ناگاتە پلەی لە خواترسان تا واز لە شتێ وا ئەهێنێ: کە بە کردنی زیانی پێ‌ناگا، نەوەك تووشی شتێکی وا ببێ: کە زیانی پێ‌بگەیەنێ.

بەڵێ: زۆر جار بە لێدانی دڵ، مرۆڤ بە خۆی لە زانای‌ئایینی باشتر ئەزانێ: ئایا ئەم شتە باشە، یان خراپە؟ چونکە زانای ئایینی ناو دڵ نابینێ‌و لە سەر ئاشکرایی فتوا ئەدا، بگەڕێوە بۆ حەدیسی (٦و ١١).

(حديثٌ صحيح) حەدیسێکی ڕاستە (رَوَيْنَاهُ فِي مُسْندي الإمامَيْنِ) گێڕاونەتەوە لە کتێبی ئەم دوو ئیمامە:

یەکەم: (أَحْمدَ بنِ حَنْبَلٍ) ئیمام (ئەحمەد)ی کوڕی (حەنبەل) خوا لێی ڕازی بێ، یەکێکە لەو چوار زانایانەی سەر مەزهەب، لە ساڵی(١٦٤) لە دایك بووە، لە ساڵی (٢٤١)ی کۆچی لە تەمەنی(٧٧) ساڵی‌دا لە (بەغدا) وەفاتی کردوە، لە ژیانی‌خۆی‌دا زۆر ئازارو بەندیخانەی بینیوە لە بەر خواپەرستی، بە زۆری لە لای ئیمامی(شافعی)ی خوێندوە، ئەویش دەرسی بە ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم)و (ئەبوداود) گوتوە.

دووەم: (وَالدَّارِمي) ئیمام (عبدالله)ی (دارەمی) سەمەرقەندی‌یە، یەکێکە لە زانا بەرزەکانی حەدیس، لە ساڵی (١٨١) لە دایك بووە، لە ساڵی (٢٥٥) وەفاتی کردوەو، مامۆستای ئیمام (موسلیم)و (تیرمزی)و (ئەبوداود) بووە. خوایە لە هەمووان ڕازی بە، آمین. (بِإِسْنَادٍ جَيِّد) ڕێگای حەدیسەکە زۆر باشە.

ئینجا بزانە: لە دوای جێبەجێ‌کردنی ماف خودا چاکە لەگەڵ دایك‌و باوك‌و خزمان لە گشت چاکەیەك گەورەترە ﴿عَنْ بَهْزِ بنِ حَكِيمٍ عَنْ أَبيه عَنْ جَدِّهِ ﷺ قُلْتُ: يَا رسول الله ﷺ مَنْ أَبَرُّ؟ قَالَ: أُمَّكَ...ثُمَّ أُمَّكَ...ثُمَّ أُمَّكَ...ثُمَّ أَبَاكَ، ثُمَّ الأَقْرَبَ فَالأَقْرَبَ﴾ رواه أبوداود، واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ کێ چاکە بکەم؟ لە وەڵاما سێ جار فەرمووی: لەگەڵ دایکت، ئینجا لەگەڵ باوکت، ئینجا لەگەڵ خزمی نزیکتر، ئینجا، ئینجا.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (اسْتَفْت قَلْبَكَ): **بزانه :** هەر كاتێك زانایەكی ئایینی باوەڕپێكراو (فَتْوا)ی بۆ دای، لە ڕاستی ئەم (فَتْوا)یەش دڵنیا بوی، هیچ زانایتریش بە پێچەوانە (فَتْوا)یتری نەدا، تۆش ڕەفتار بەم (فَتْوا)یە بكە، ئەگەر (فَتْوا)یەكە بە هەڵەش بوو، تۆ تاوانبار نابی، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَنْ أُفْتِيَ بِغَيْرِ عِلْمٍ كَانَ إِثْمُهُ عَلَى مَـنْ أَفْتَـاهُ﴾ رواهُ أبوداود، هەر كەسێك (فَتْوا)ی ناڕاستی بۆ درا، ئەوە تاوانەكەی لە سەر (فَتْوا)دەرەكەیە.

جا ئەگەر هاتوو زانایەكیتر (فَتْوا)یەكی بە پێچەوانەی ئەم (فَتْوا)یەی دایێ، واجبە هەوڵ بدەی تاكو ڕاستیت بۆ دەربكەوێ، جا ئەگەر ڕاستیت بۆ دەرنەكەوت و سەرت لێشێوا، بۆ بەرژەوەندی ئایینەكەت (فَتْوا)ی حەرام وەربگرەو كارەكە مەكە؟ چونكە بووەتە (شُبُهات)، بگەڕێوە حەدیسی (٦ و ١١).

٢- (وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ وَأَفْتَوْكَ): ئەی موسوڵمانی بەڕێز: زۆر ئاگاداربە زۆر ئاگاداربە: هەموو جۆرە زانایەك مافی (فَتْوا)دانی نیە، بەڵكو ئەو كەسەی (فَتْوا) ئەدا، ئەبی لە شەرعیئیسلام شارەزا بێ، كەوابوو: ئەگەر كەسێك قورئان و حەدیسی زۆری لەبەر بوو، بەڵام لە شەرعیئیسلام شارەزا نەبو، ئەوە تەنها بۆی هەیە بانگەوازی ئیسلامی بكا، بۆی دروست نیە (فَتْوا) بدا، هەروەكو پزیشكی ددان بۆی نیە دەستكاری چاو بكا.

كەوابوو: هەر كەسێك لە سنوری زانستی تایبەت بە خۆی نەوەستێ و بە نەزانی بچێتە ناو زانستێكیتر، ئەوە خۆیشی گومڕا ئەبێ و خەڵكیش گومڕا ئەكا، هەروەك پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللهَ لاَ يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا يَنْتَزِعُهُ مِنَ النَّاسِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يَبْقَ عَالِمٌ اتَّخَذَ النَّاسُ رُؤُوسًا جُهَّالاً فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ فَضَلُّوا وَأَضَـلُّوا﴾ رواهُ الشَّيْخان، واتە: خوای گەورە زانستی ئایینی بەو جۆرە لانابا: كە لە سینەی خەڵكی دەربێنێ، بەڵام بە هۆی مردنی زانایانیئایینی زانست لائەبا، تا وای لێدێ: زانای ئایینی نامێنن، جا ئەم خەڵكە هەر كەسە گەورەو سەركردەیەكی نەزان بۆ خۆی دائەنێ و پرسیاری ئایینییان لێئەكرێ، ئەوانیش بە نەزانی (فَتْوا) ئەدەن، بەم (فَتْوا)یە بە خۆیان گومڕا ئەبن و خەڵكیش گومڕا ئەكەن.

كەوابوو: ئامۆژگاریت ئەكەم: زۆر زۆر لە مامۆستاو ئەمیرەكانی ئەم سەردەمە بترسەو ئەم حەدیسە هەر لە بەرچاوت بێ! چونكە (**گورگی فێڵباز لە ناو پێستەی مەڕدایە**).

﴿ حەدیسی بیست و هەشتەم: ئامۆژگاری پێغەمبەرﷺ بۆ سەحابەكان ﴾

(عَـنْ أَبِـي نَجِيحٍ الْعِرْبَـاضِ بـنِ سَـارِيَةَ السَّـلَمِي) رضي الله عنه (عیرباض)ی كوڕی (ساریە)، یەكێكە

قالَ: وَعَظَنا رَسُولُ اللهِﷺ. مَوْعِظَةً وَجِلَتْ مِنْهَا الْقُلُوبُ، وَذَرَفَتْ مِنْهَا الْعُيُونُ، فَقُلْنا: يَا رَسُولَ اللهِﷺ كَأَنَّها مَوْعِظَةُ مُوَدِّعٍ فَأَوْصِنا. قَالَﷺ: أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى‌اللهِ وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَة، وَإِنْ تَأَمَّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ، وَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلافًا كَثِيراً، فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفاءِ

له سه‌حابه‌ی پێغه‌مبه‌رﷺ چواره‌مین كه‌س بوو: كه له (مه‌ككه‌)ی پیرۆز موسوڵمان بووه، (٣١) حه‌دیسی گێڕاوه‌نه‌وه، له ساڵی (٧٥)ی كۆچی وه‌فاتی كردوه، خوا لێی ڕازی بێ.

(قالَ) فه‌رمووی: (وَعَظَنا رَسُولُ اللهِﷺ) پێغه‌مبه‌رﷺ ئامۆژگاریه‌كی كردین له دوای نوێژی به‌یانی (مَوْعِظَةً: وَجِلَتْ مِنْهَا الْقُلُوبُ) ئامۆژگاریه‌كه ئه‌وه‌نده به نرخ بوو: دڵی پێ ئه‌هاته ترسان (وَذَرَفَتْ مِنْهَا الْعُيُونُ) چاوی پێ ئه‌هاته گریان‌و فرمێسكی ئه‌باراند (فَقُلْنا: يَا رَسُولَ اللهِﷺ) جا ئێمه‌ش گوتمان: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خواﷺ (كَأَنَّها مَوْعِظَةُ مُوَدِّعٍ) له‌و ئامۆژگاریه‌ت وا ده‌رده‌كه‌وێ: ئامۆژگاری ماڵئاوایی بێ، چونكه زۆر بایه‌خی پێئه‌ده‌ی (فَأَوْصِنا) كه‌وابوو: چ فه‌رمانێكت هه‌یه پێمان ڕابگه‌یه‌نه.

(قَالَ: أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى‌اللهِ) پێغه‌مبه‌رﷺ فه‌رمووی: ئامۆژگاریتان ئه‌كه‌م له خوا بترسن‌و له فه‌رمانی ده‌رنه‌چن (وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ) هه‌روه‌ها فه‌رمانتان ئه‌ده‌مێ: كه گوێڕایه‌ڵ بن بۆ گه‌وره‌كانتان‌و له فه‌رمانیان ده‌رنه‌چن (وَإِنْ تَأَمَّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ) هه‌رچه‌نده گه‌وره‌تان قوڵه‌ڕه‌شێكی حه‌به‌شی بێ هه‌ر له فه‌رمانی ده‌رمه‌چون.

چونكه پێویسته هه‌موو كه‌س له‌و دونیایه گه‌وره‌و سه‌ردارێكی هه‌بێ بۆ ئه‌وه‌ی كاروبار ڕێك بكه‌وێ، جا ئه‌گه‌ر بۆ ئه‌و گه‌وره‌یه گوێڕایه‌ڵ نه‌بین‌و له فه‌رمانی ده‌رچین، كاروبار ڕێك ناكه‌وێ‌و كۆمه‌ڵ تێك ئه‌چێ، بۆیێ پێغه‌مبه‌رﷺ ئه‌فه‌رموێ: ﴿مَنْ خَرَجَ مِنَ الطَّاعَةِ وَفَارَقَ الْجَماعَةَ ثُمَّ مَاتَ، مَاتَ مِيتَةً جاهِلِيَّةً﴾ رواهُ مُسْلِم، هه‌ر كه‌س له فه‌رمانی گه‌وره‌ی خۆی ده‌رچێ‌و له كۆمه‌ڵی موسوڵمانان جیا بێته‌وه، ئینجا بمرێ، وه‌ك مردنی (جاهلية) ئه‌مرێ، واته: جیاوازی نیه: له‌گه‌ڵ لایه‌نه نائیسلامه‌كان له شێوه‌ی مردنیا.

ئاگاداری: مه‌رجی گوێڕایه‌ڵی‌و له فه‌رمان ده‌رنه‌چوون ئه‌وه‌یه: كه دژ به شه‌ریعه‌تی ئیسلام فه‌رمان نه‌دا، ئه‌گه‌ر به پێچه‌وانه‌ی شه‌رع فه‌رمانی ده‌ركرد، تۆش له دژی ڕاپه‌ڕه‌و دروست نیه به قسه‌ی بكه‌ی.

(وَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ) به‌ڕاستی هه‌ر یه‌كێكتان له دوای من بمێنێ (فَسَيَرَى اخْتِلافًا كَثِيراً) په‌رته‌وازه‌و ناكۆكیه‌كی زۆر ئه‌بینێ، له نێوان موسوڵماناندا (فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي) جا ئه‌گه‌ر ئێوه گه‌یشتنه ئه‌و ناكۆكیه، ده‌ست به یاساو ڕێگای من بگرن (وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ) هه‌روه‌ها ده‌ست به ڕێگاو ڕه‌وشتی هه‌ر چوار خه‌لیفه‌كانی‌من بگرن. واته: هه‌ر چوار جێنیشه‌كانی پێغه‌مبه‌رﷺ: كه ئیمامی(أبوبكر)و ئیمامی(عمر)و ئیمامی(عثمان)و ئیمامی (علی)ن

الرَّاشدينَ الْمَهْدِيِّين، عَضُّوا عَلَيْهَا بالنَّوَاجذ، وَإيَّاكُمْ وَمُحْدَثَات الأُمُور فإنَّ كُلَّ بدْعَةٍ ضَلالَةٌ﴾ رَواهُ أَبُوداودَ وَالترْمذى وَقالَ: حَديثٌ حَسَنٌ صَحيح.

(الرَّاشدِين) ئەو چوارانە لە سەر ڕێگای منن (الْمَهْدِيِّينَ) ئەوان شارەزای ڕێگای ڕاستن. واتە: ئەگەر ئەو چوارانە، یان یەكێك لەوان فەرمانێكیان دەركرد، پێویستە بە قسەی ئەوان بكرێ زیاتر لە فەرمانی سەحابەكانیتر، خوا لێیان ڕازی بێ.

جا لەو چوارانەش فەرمانی ئیمامی (أبوبكر)و ئیمامی(عمر) لە هەموویان لە پێشترە، چونكە پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إقْتَدُوا باللَّذيْنِ منْ بَعْدى: أَبىبَكْرٍ وَعُمَرَ﴾ رواهُ التّرمذى، شوێن ئەو دوو (خليفة)یە بكەون كە لە دوای من دێن: كە (أبوبكر)و (عمر)ن.

ئینجا بزانە: مەبەست بە سوننەتی پێغەمبەرﷺ لێرەدا قورئانو حەدیسە، مەبەست بە سوننەتی هەر چوار خەلیفەكان ڕوونكردنەوەی ئەوانەو تێگەیشتنی ئەوانە لە قورئانو حەدیس، چونكە ئەوان لە هەموو كەس لە ئایینیئیسلام شارەزاترن، لە بەر ئەوە پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ) یاسای ئەو چوار خەلیفانە بە ددان بگرنو بەری مەدەن (وَإيَّاكُمْ) زۆر ئاگاداری خۆتان بن (وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ) خۆتان دوور بخەنەوە لەو شتانەی لە ئایینیئیسلام پەیدا ئەكرێنو ناوی ئایینییان لێئەنرێ، چونكە ئەوانە بیدعەنە (فَإنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ) هەرچی بیدعە هەیە: هەمووی ئەبێتە سەر لێشێوانو گومڕایی (رَواهُ أَبُوداودَ وَالتِّرْمذِى، وَقالَ حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيح) ئیمام (أبوداود)و (تیرمزی) گێڕاویەتیانەوە.

پێناسە: بیدعە: پەیداكردنی شتێكی تازەیە لە ئایینیئیسلام، بە بێ فەرمانی خواو پێغەمبەرﷺ.

ڕوون كردنەوە: بیدعە دوو بەشە: ١- قەبیحە، واتە: ناشیرین. ٢- حەسەنە، واتە: جوان. هەر شتێك لە قورئانو حەدیس ڕێگای بۆ نەدۆزرێتەوە بیدعەی قەبیحەیەو حەڕامە ئیشی پێ بكرێ. ئەگەر ڕێگای بۆ دۆزرایەوە ئەمە بیدعەی حەسەنەیەو دروستەو خێرە ئیشی پێ بكرێ. بەڵگە:

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ﴿مَنْ سَنَّ فِى الإسْلاَمِ سُنَّةً حَسَنَةً فَلَهُ أَجْرُهَا وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا، وَمَنْ سَنَّ فِى الإِسْلاَمِ سُنَّةً سَيِّئَةً كَانَ عَلَيْهِ وِزْرُهَا وَوِزْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا﴾ رَواهُ مُسْلِم، واتە: هەركەس لە ئیسلامدا ڕەوشتو یاسایەكی باش دابنێ ئەوە پاداشی خۆی هەیە، بە قەد ئەوانەی ڕەفتاریشی پێئەكەن پاداشی هەیە، وە هەركەسێك لە ئیسلامدا یاسایەكی ناشیرین دابنێ، ئەمە تاوانی خۆی هەیەو بە قەد ئەوانەی ڕەفتاریشی پێئەكەن تاوانی بۆ ئەنوسرێ. ئەمە پارچەیەكە لە حەدیسێكیدرێژ، ئیمام (موسلیم) گێڕاویەتیەوە.

واتـەی (سَنَّ) ئەوهایـە: شـتێك نـەبوبێ‌و تـازە پەیـدا بكـرێ، لەگـەڵ واتـەی (بِدْعَـة) یـەك ئەگرێتەوە، كەوابوو: بیدعە دوو بەشە، وەكو گوتمان.

بۆ وێنە: چاپكردنی قورئان‌و حەدیس، هەروەها كۆكردنەوەی قورئان‌و حەدیس، سەرو بۆرو ژێر كردنی قورئان، هەموویان بیدعەی حەسـەنەیە، ئـەو كەسـەی یەكـەم جـار ئـەو یاسـایەی داناوە خێـری هەیـە، چـونكە لـە كـاتی خـۆی پێغەمبـەرﷺ فـەرمانی داوە بـە نووسـینەوەی قورئان‌و حەدیس، ئەو بیدعەیە ئەچێتە ژێر ئەو فەرمانەو ئەبێتە (حَسَنة)، واتە: جوان‌و باش.

وەرگێڕانی تەفسیری قورئان‌و حەدیس بۆ هەر زمانێك، بیدعەی (حَسنة)یە چونكە ئەچێتە ژێر ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ﴾ واتە: هەر پێغەمبەرێكمان ناردبێ بە زمانی نەتەوەی خۆی ناردومانە، تا فەرمانی خوایان بۆ ڕوون بكاتەوە.

هەر پارتایەتی‌و كۆمـەڵێك‌و هـەر ڕێكخراوێـك هـەبێ، بـە هـەر ناوێـك بـێ، كـە بـۆ ئیسـلامی ڕاستەقینە نەبێ، بە (بِدْعَة قَبِيحَة) دائەندرێ، لە بەر ئایەتی ﴿وَلاَ تَتَّبِعُواالسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُـمْ عَـنْ سَـبِيلِهِ﴾، واتـە: بـە دوای ڕێچـكەكان مەكـەون، چـونكە پەرتـەوازەتان پێ‌ئەكـەن‌و لە ڕێگای خوا لاتان ئەدەن.

جا ئەی موسوڵمانی خۆشەویست: بۆیێ لێرە درێژەم پێدا چونكە زۆر لە لاوانی موسـوڵمان پلەی خوێندەواری‌و شارەزایی ئایینیان نزمە، زۆریش دڵسۆزی ئـایینن، لـە بـەر ئـەوە هـەر شتێ ببینن ئەڵێن: بیدعەیە. چونكە مانای بیدعە نازانن‌و لـە زانسـتی ئـایین چـەند ئایـەت‌و حەدیسێك ئەزانن‌و بەمە لێی پاڵ ئەدەنەوە، لەمە زیاتر هێزێكی وایان نیە بەڵگەی بیدعە لە قورئان، یان حەدیس، بدۆزنەوە: ئایا باشە، یان خراپە؟.

بەڵام بە هەر جۆر، ئێستا بیدعەی قەبیحە گەلێك زۆرن‌و لە سەر ئیسلام ئەژمێردرێن، خـواو پێغەمبەرﷺ لێیان نارازین. بگەڕێوە بۆ حەدیسی (٥)م.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (السَّمْعِ وَالطَّاعَـةِ): **بزانـە:** بـۆ گوێڕایـەڵی‌و ڕانەپـەڕین لـە دژی كاربەدەسـتەكانمان، پێغەمبەرﷺ چوار مەرجی داناون:

یەكەم: ﴿إِلاَّ أَنْ تَرَوْا كُفْراً بَواحاً﴾ رواهُ الشَّيْخان، لە دژیان ڕامەپەڕن مەگـەر كـافربوونێكی ئاشكرا ببیـنن. **دووەم:** ﴿فَإِذَا أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ فَلاَ سَمْعَ وَلاَ طَاعَةَ﴾ رواهُ الشَّيْخان، هـەر كاتێـك فەرمانی بە خراپە پێكرا، گوێڕایەڵی دروست نیە. **سێیەم:** ﴿يَقُودُكُمْ بِكِتَـابِ اللهِ﴾ رواهُ مُسْـلِم، گوێڕایـەڵی كاربەدەسـت بـن، ئەگـەر ئـەم خەڵكـەی بـە قورئـان، واتـە: بە شەریعەتی‌ئیسلام بەڕێوە ئـەبرد. **چـوارەم:** ﴿مَا أَقَامُوا فِيكُمُ الصَّـلاَةَ﴾ رواهُ مُسْلِم، لـە دژیان ڕامەپەڕن، هەتا نوێژ لەگەڵ ئێوەدا ئەكەن‌و فەرمان بە نوێژ ئەكەن.

(اَلْحَدِيثُ التّاسِع والْعِشْرونَ: طُرُقُ الْجَنَّة كَثِيرَةٌ)

﴿عَنْ مُعَاذ بْنِ جَبَلٍ رضي الله عنه قَالَ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ ﷺ أَخْبِرْنِي بِعَمَلٍ يُدْخِلُنِي الْجَنَّةَ وَيُبَاعِدُنِي عَنِ النَّارِ؟ قَالَ ﷺ: لَقَدْ سَأَلْتَ عَنْ عَظِيمٍ وَإِنَّهُ لَيَسِيرٌ عَلَى مَنْ سَهَّلَهُ اللهُ عَلَيْهِ: تَعْبُدُ اللهَ وَلاَ تُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا،

٢- (فَسَيَرَى اخْتِلاَفًا كَثِيرًا): دەربارەی ئەم پەرتەوازەیە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿تفترقُ هَذِه الأُمَّةُ عَلَى ثَلاَث وَسَبْعِينَ مِلَّةً كُلُّهَا فِي النَّارِ إلاَّ وَاحِدَةً: وَهِيَ الْجَمَاعَةُ، وَفِي رِوَايَة: مَا أَنَا عَلَيْهِ الْيَوْمَ وَأَصْحَابِي﴾ رواهُ التّرمذي والحاكم، ئەم ئوممەتەی من پەرتەوازە ئەبێ‌و ئەبێتە حەفتاو سێ گرۆه، گشتیان هەڵەنەو ئەچنە دۆزەخ، تەنها یەکێکیان نەبێ: کە کۆمەڵی گەورەیە، واتە: (أَهْلُ السّنَّة والْجَماعة)یە، کە لە سەر رێبازی ئێستای من‌و سەحابەکانی منە.

کەوابوو: ئەی موسوڵمانی بەرێز: زۆر ئاگاداری خۆت بە، ئەم حەفتاو دوو گرۆهە گومڕابووە فێڵت لێ‌نەکەن‌و بە ناوی ئایین تەفرەت نەدەن، چونکە زۆر لە سەرکردەو ئەندامانی ئەم گرۆهانە بۆ بەرژەوەندی گرۆهەکەیان قسەی سەر قۆزو بن ئالۆز ئەکەن، دەمارگیری (حزبي)و (مَذهبي) وای لێ‌کردون (فَتوا)ی سەرکردەکانی خۆیان پێ باشترە لە فەرموودەی هەر چوار (خَلیفة)کان.

ئینجا تاکو لە داوی ئەم فێڵبازانە رزگار ببی، بۆ روونکردنەوەی رێبازی پێغەمبەر ﷺ هەر چوار (خَلیفة)کان بگەرێوە سەر روونکردنەوەی زانایانی سەدەکانی یەکەم‌و دووەم‌و سێیەم، کە پێیان ئەگوترێ (السَلَف الصَّالح)، پێغەمبەر ﷺ شاهیدی بۆ داون.

ئاگاداری: ووشەی (هَذِه الأُمَّة) وا ئەگەیەنێ: کە ئەم حەفتاو سێیە، گرۆهی ئایینن، نەك (علمانی)؟ چونکە ئەوان بە شەرعی‌ئیسلام رەفتار ناکەن.

﴿ حەدیسی بیست‌و نۆیەم: رێگای بەهەشت زۆرن ﴾

(عَنْ مُعَاذ بْنِ جبَلٍ رضي الله عنه قَالَ) موعازی کوڕی جەبەل فەرمووی (قُلْتُ يَا رَسُولَ الله ﷺ) گوتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ (أَخْبِرْنِي بِعَمَلٍ) کردەوەیەکم پێ بڵێ (يُدْخِلُنِي الْجَنَّةَ) ئەو کردەوەیە بمباتە بەهەشت (وَيُبَاعِدُنِي عَنِ النَّارِ) وە لە ئاگری دۆزەخ دوورم بخاتەوە؟

(قَالَ: لَقَدْ سَأَلْتَ عَنْ عَظِيمٍ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەراستی دەربارەی شتێکی زۆر گرنگ‌و گەورە پرسیارت کرد (وَإِنَّهُ لَيَسِيرٌ عَلَى مَنْ سَهَّلَهُ اللهُ عَلَيْهِ) وە ئەو کردەوەیەش زۆر ئاسانە بۆ کەسێك: کە خوا بۆی ئاسان بکاو یارمەتی بدا.

ئینجا پێغەمبەر ﷺ کردەوەکەی بۆ روون کردەوەو فەرمووی: (تَعْبُدُ اللهَ) تەنها هەر خوا بپەرستە (وَلاَ تُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا) وە هیچ شتێك مەکە بە هاوبەش بۆ خواو کردەوەی باشت

وَتُقِيمُ الصَّلاَةَ، وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ، وَتَصُومُ رَمَضَانَ، وَتَحُجُّ الْبَيْتَ. ثُمَّ قَالَ ﷺ: أَلاَ أَدُلُّكَ عَلَى أَبْوَابِ الْخَيْرِ؟: اَلصَّوْمُ جُنَّةٌ، وَالصَّدَقَةُ تُطْفِئُ الْخَطِيئَةَ كَمَا يُطْفِئُ الْمَاءُ النَّارَ، وَصَلاَةُ الرَّجُلِ مِنْ جَوْفِ اللَّيْلِ، ثُمَّ تَلاَ (تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ) حَتَّى بَلَغَ (يَعْمَلُونَ).

بە دڵسۆزیەوە هەر بۆ خوا بێ (وَتُقِيمُ الصَّلاَةَ) نوێژ بکە (وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ) زەکات بدە (وَتَصُومُ رَمَضَانَ) مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو ببە (وَتَحُجُّ الْبَيْتَ) حەجی ماڵی خوا بکە.

(ثُمَّ قَالَ) ئینجا پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (أَلاَ أَدُلُّكَ عَلَى أَبْوَابِ الْخَيْرِ) ئەی موعاز، ئایا پێت خۆشە چەند ڕێگایەکی چاکەت پێ بڵێم؟ (اَلصَّوْمُ جُنَّةٌ) ڕۆژووگرتنی سوننەت پارێزەرە بۆ تۆ لە ئاگری دۆزەخ (وَالصَّدَقَةُ) خێرکردن (تُطْفِئُ الْخَطِيئَةَ) گوناهی بچوك لائەبا (كَمَا يُطْفِئُ الْمَاءُ النَّارَ) هەروەك ئاو ئاگر ئەکوژێنێتەوە.

بزانە: گوناهیگەورە بە خێرکردن لاناچێو ئەبی تۆبە بکا، وە ئەو گوناهانەی پەیوەندییان بە ئادەمیزادەوە هەیە: جا گەورە بێ، یان بچووك، ئەبی خاوەنەکەی ڕازی بکاو تۆبەش بکا، ئەگینا: لاناچێ. بگەڕێوە بۆ حەدیسی (١٨).

(وَصَلاَةُ الرَّجُلِ) نوێژکردنی مرۆۋ (مِنْ جَوْفِ اللَّيْلِ) لە ناوەندی شەوەوە دروشمی پیاوچاکانە (ثُمَّ تَلاَ) ئینجا پێغەمبەرﷺ بۆ بەڵگە هێنانەوە لە سەر پیاوچاکی ئەو کەسەی کە بە شەو نوێژ ئەکا، ئەم دوو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ﴾ تەنیشتەکانیان جیا ئەبێتەوە لە یاتاخی نوستن. واتە: لە خەو هەڵئەستن بەشەو ﴿يَدْعُونَ رَبَّهُمْ﴾ خوای خۆیان ئەپەرستنو شەونوێژ ئەکەن ﴿خَوْفًا﴾ لە ترسی دۆزەخ ﴿وَطَمَعًا﴾ وە بە تەمای بەهەشتن ﴿وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ﴾ئەو ماڵەی داومانە بەوان، هەندێکی ئەدەنە فەقیرو هەژارو لە ڕێگای چاکە سەرفی ئەکەن ﴿فَلاَ تَعْلَمُ نَفْسٌ﴾ کەس نازانێ ﴿مَا أُخْفِيَ لَهُمْ﴾ ئەوەی لە بەهەشت بۆیان ئامادە کراوە ﴿مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ﴾ لەوەی چاو پێی خۆش ئەبێ ﴿جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ ئەوەش پاداشی ئەو کردەوە باشانەیە: کە لە دونیادا ئەیانکرد.

ئەی موسوڵمان: خواپەرستی لە شەوێدا خێری زیاترە لە هەموو کاتێکیتر، لە هەمووش خێرتر نوێژکردنی شەوە، ئینجا ئەگەر پێش نوستن نوێژ بکەی پێی ئەگوترێ: (شەونوێژ). ئەگەر لە دوای نوستن بیکەی پێ ئەگوترێ: (تَهَجُّد). ئەمەیان لە هەموویان گەورەترە، وەلای کەمی شەونوێژو تەهەجود: دوو ڕەکاتە، بە ناوی شەونوێژ، یان تەهەجود لای زۆر: هەتا بەیان ئەدا هەر نوێژ بکە، ئینجا ئەگەر ناتوانی نوێژ بکەی، قورئان بخوێنە، ئەگەر نا: زیکری خوا بکەو دوعا بکە، وە (أَسْتَغْفِرُ اللهَ) لە کاتی پاشیودا، لە هەموو زیکرێك خێری زیاترە، هەر چییێکی لەوانەی گوتمان بیکەی خێری خواپەرستی شەوت بۆ ئەنووسرێو وەبەر ئەو دوو ئایەتە ئەکەوی.

ثُمَّ قَالَ ﷺ: أَلاَ أُخْبِرُكَ بِرَأْسِ الأَمْرِ وَعَمُودِهِ وَذِرْوَةِ سَنَامِهِ؟ قُلْتُ: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ ﷺ. قَالَ ﷺ: رَأْسُ الأَمْرِ الإِسْلاَمُ، وَعَمُودُهُ الصَّلاَةُ، وَذِرْوَةُ سَنَامِهِ الْجِهَادُ. ثُمَّ قَالَ ﷺ: أَلاَ أُخْبِرُكَ بِمَلاَكِ ذَلِكَ كُلِّهِ؟ قُلْتُ: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ ﷺ

(ثُمَّ قَالَ) ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (أَلاَ أُخْبِرُكَ بِرَأْسِ الأَمْرِ) ئایا پێت بڵێم سەری هەموو خواپەرستی‌یەك چی‌یەو (وَعَمُودِهِ) کۆڵەگەی ئایین چی‌یەو (وَذِرْوَةِ سَنَامِهِ) بەرزترین لووتکەی ئایین چیە؟

(قُلْتُ: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ ﷺ) گوتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پێم بڵێ (قَالَ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (رَأْسُ الأَمْرِ الإِسْلاَمُ) سەری هەموو کارێك ئیسلامبوونەو بیروباوەڕی تەواوە: بە خواو پێغەمبەر ﷺ (وَعَمُودُهُ الصَّلاَةُ) کۆڵەگەی ئایین نوێژکردنە. (وَذِرْوَةُ سَنَامِهِ) لوتکەی هەرە بەرزی ئایین (اَلْجِهَادُ) تێکۆشانە بۆ بەرزکردنەوەی ئیسلام: بە گیان‌و بە ماڵ‌و بە زمان.

بەڵام تێکۆشانی چەکدارانە—کە پێی ئەگوترێ: (غەزا)— لە هەموویان خێرترە، چونکە گیانی خۆی ئەفرۆشێتە خوای گەورەو بەهەشتی لێوەرئەگرێ، پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَا تَرَكَ قَوْمٌ الْجِهادَ إِلاَّ عَمَّهُمُ اللهُ بِعَذابٍ﴾ رواه الطبراني، هەر نەتەوەیەك واز لە (جهاد) واتە: لە تێکۆشانی ڕێگای خوا بێنێ، خوای گەورە بە تێکڕایی تووشی ئازارو ژێردەستەیان ئەکا.

(**جهاد**) واتە: تێکۆشان لە ڕێگای خوا، پێویستە بۆ لابردنی دەسەڵاتی تاغوت‌و نۆکەرانی کوفرو بۆ چەسپاندنی حوکمی خوا لە سەر زەمینی‌خواو ڕزگارکردنی پیاو و ژن‌و منداڵانی چەوسێندرایەوە، هەرکەسێك واز لە جیهاد بێنێ خوا ژێردەستەو سەرشۆڕی ئەکا، ناموس‌و وڵاتیشی لە دەست ئەچێ، خۆ ئەگەر بە حوکمی کوفر ڕازی بێ‌و حوکمی خوای نەوێ، ئەو کەسە کافریش ئەبێ.

بزانە: هەموو سەربەرزی بۆ ئەو کەسەیە: کە لە ڕێگای خوا تێ‌ئەکۆشێ، ئەوانەی ئەڵێن: ئێستا جیهاد سودی نیە، کەوابوو پێویست ناکا جیهاد بکرێ. یان ئەڵێن: ئایا جیهاد لە کوێ بکەین؟ خۆ کاربەدەستەکان موسوڵمانن هەرچەند حوکمیش بە قورئان نەکەن، چونکە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەر ﷺ هەیە، وە لەشکری ئەوانیش زۆر موسوڵمانی تێدایە چونکە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەر ﷺ هەیە، چۆن بیانکوژین؟

لە وەڵامدا ئەڵێین: ئەو کاربەدەستانەی ئێستا خۆیان سەپاندوە بە سەر وڵاتانی‌ئیسلامدا، هەموویان نۆکەری کافرەکانن، بۆیێ حوکمی قورئان ناچەسپێنن‌و دژ بە هەموو پێشکەوتنێکی ئیسلامی ئەوەستن‌و بایەخ بە بەدڕەوشتی ئەدەن، ئەوەی یارمەتی ئەوانیش ئەدا، وەکو ئەوانەو نوێژکردنەکەی سودی نیە. بڕوانە حەدیسی (٣٤).

(ثُمَّ قَالَ) دیسان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (أَلاَ أُخْبِرُكَ بِمَلاَكِ ذَلِكَ كُلِّهِ) ئایا پێت بڵێم: شتێك هەیە: ئەوەی ووتمان گشتی لێکۆ ئەبێتەوە؟ (قُلْتُ: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ ﷺ) گوتم: بەڵێ ئەی

فَأَخَذَ ﷺ بلسَانه وَقَالَ: كُفَّ عَلَيْكَ هَذَا. فَقُلْتُ: يَا نَبِيَّ الله وَإِنَّا لَمُؤَاخَذُونَ بِمَا نَتَكَلَّمُ بِه؟ فَقَالَ ﷺ: ثَكلَتْكَ أُمُّكَ! وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ، أَوْ-قَالَ- عَلَى مَنَاخِرِهِمْ إلاَّ حَصَائدُ أَلْسنَتهمْ؟﴾ رواهُ الترمذي، وَقالَ: حَديثٌ حَسَنٌ صحيح.

پێغەمبەری خوا ﷺ پێم بڵێ (فَأَخَذَ بِلِسَانِه) پێغەمبەر ﷺ زوبانی خۆی بە دەست گرتو (ثُمَّ قَالَ) ئینجا فەرمووی: (كُفَّ عَلَيْكَ هَذَا) خۆت لە مە بپارێزە.

(فَقُلْتُ: يَا نَبِيَّ الله وَإِنَّا لَمُؤَاخَذُونَ بِمَا نَتَكَلَّمُ بِه؟) منیش گوتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا چۆن بە هۆی گفتوگۆمان سزا ئەدرێین؟ (فَقَالَ: ثَكلَتْكَ أُمُّكَ!) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دایکت بزرت بکا، چۆن ئەمە نازانی!-(لێرەدا مەبەست دوعای خراپ نیەو مەبەست سەرسوڕمانە)-(وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ فِي النَّارِ) ئایا هیچ هۆیەك هەیە کە زۆرترینی ئەو خەڵکە فڕێ بداتە ناو ئاگری دۆزەخ (عَلَى وُجُوهِهِمْ، أَوْ قالَ عَلَى مَنَاخِرِهِمْ) کە لە سەر ڕووی خۆیان ڕابکێشرێنە ناو ئاگر (إلاَّ حَصَائدُ أَلْسِنَتِهِمْ) تەنها هۆیەکە کردەوەی زوبانیانە، کە پێی ئەچنە دۆزەخ، وەك قسەی ناشیرینو شایەدی بە درۆو دوو زمانیو جنێودانو...هتد (رواهُ التّرمذی، وَقالَ: حَديثٌ حَسَنٌ صحيحْ) ئیمامی (تیرمزی) گێڕاویەتیەوە.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (وَصَلاَةُ الرَّجُلِ مِنْ جَوْفِ اللَّيْلِ): پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿عَلَيْكُمْ بقِيَامِ اللَّيْلِ فَإِنَّهُ دَأْبُ الصَّالحينَ قَبْلَكُمْ، وَهُوَ قُرْبَةٌ إِلَى رَبِّكُمْ، وَمَكْفَرَةٌ للسَّيِّئَات، وَمَنْهَاةٌ للإِثْمِ، وَمَطْرَدَةٌ للدَّاءِ عَنِ الْجَسَدِ﴾ رواهُ التّرمذی وأحمد، ئێوە شەونوێژ بکەن، چونکە شەونوێژ پیشەی پیاوچاکانی پێش ئێوەیە، لە خوا نزیکتان ئەکاتەوە، خراپەکانتان ئەسڕێتەوە، لە گوناهکردن قەدەغەتان ئەکا، دەرد لە لاشەتان دەر ئەکا.

٢- (وَذِرْوَةُ سَنَامِهِ الْجِهَادُ): ئیمامی (الأذْرَعی) ئەو فەرموودەیەی هەڵبژاردوە: کە (جهاد) لە هەموو کردەوەکانی مرۆڤ -لە پاش ئیمان- گەورەترە، چونکە پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ کرا: ﴿يَا رَسُولَ الله مَا يَعْدلُ الْجِهَادَ فِي سَبِيلِ الله؟ قَالَ: لاَ تَسْتَطِيعُونَهُ. فَأَعَادُوا عَلَيْه مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلاَثًا؟ كُلُّ ذَلكَ يَقُولُ: لاَ تَسْتَطيعُونَهُ!. ثُمَّ قَالَ: مَثَلُ الْمُجَاهد فِي سَبِيلِ الله كَمَثَلِ الصَّائمِ الْقَائمِ الْقَانت بآيَات الله لاَ يَفْتُرُ منْ صَلاَة وَلاَ صيَامٍ حَتَّى يَرْجِعَ الْمُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ الله﴾ رواهُ الشَّيْخَان، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کام کردەوە بە قەد (جهاد) خێری زۆرە؟ فەرمووی: ناتوانن کردەوەی وا بکەن کە بە قەد (جِهادْ) خێری زۆر بێ. ئینجا دوو جارو سێ جاریتر پرسیاریان لێکردووەوە؟ ئەویش هەر ئەیفەرموو: ناتوانن. ئینجا فەرمووی: خێری (مُجاهِدْ) لە ڕێگای خوا، وەکو خێری ئەو کەسەیە: بەردەوام بەڕۆژوو بێو شەو نوێژ بکاو قورئان بخوێنێ، بە جۆرێکی وا: لە نوێژو ڕۆژوو پشوو نەدا، تا (مُجاهِدْ)ی ڕێگای خوا لە (جِهاد)ەکەی ئەگەڕێتەوە.

(اَلْحَدِيثُ الثَّلاثُون: أَوامرُ اللهِ وَنَواهيه)

﴿عَنْ أَبِيثَعْلَبَةَ الْخُشَنِي جُرْثُوم ابنِ ناشرﷺ: عَنْ رَسُـولِ اللهِﷺ قَـالَ: إنَّ اللهَ تعـالَى فَرَضَ فَرَائِضَ فَلاَ تُضَيِّعُوها، وَحَدَّ حُدُوداً فَلاَ تَعْتَدُوها، وَحَرَّمَ أَشْياءَ فَلاَ تَنْتَهِكُوها، وَسَكَتَ عَنْ أَشْياءَ رَحْمَةً لَكُمْ غَيْرَ نِسْيان

هەروەها پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەرﷺ کردو گوتی: ﴿يَا رَسُولَ اللهِ أَرَأَيْتَ إِنْ قُتِلْتُ فِي سَبِيلِ اللهِ أَتُكَفَّرُ عَنِّي خَطَايَايَ؟ فَقَالَ: نَعَمْ، وَأَنْتَ صَابِرٌ مُحْتَسِبٌ مُقْبِلٌ غَيْرُ مُدْبِرٍ، إلاَّ الدَّيْنَ﴾ رواهُ مُسْلِم، ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئایا ئەگەر لە ڕێگای خوا بکوژرێمو شەهید ببم، هەموو گوناهەکانم لائەبردرێن؟ فەرمووی: بەڵێ، بەو مەرجەی: خۆڕاگر بیو پاداشتت لە خوا بوێو هەڵمەتبەر بیو هەڵاتوو نەبی، تەنها قەرز نەبێ. واتە: جگە لە قەرزی ئادەمیزاد، خوای گەورە لە گشت گوناهەکانی (شَهید) خۆش ئەبێ.

﴿ حەدیسی سییەم: فەرمانو قەدەغەکراوەکانی خوا ﴾

(عَنْ أَبِيثَعْلَبَةَ الْخُشَنِي جُرْثُومِ ابنِ ناشِرﷺ (ئەبو ثەعلەبە)ی (خوشەنی) یەکێکە لەو سەحابانەی پەیمانی بن دارەکەیان داوەتە پێغەمبەرﷺ، (٤٠) حەدیسی گێڕاونەوە، لە ساڵی (٧٥)کۆچی لە شام وەفاتی کردوە.

(عَنْ رَسُولِ اللهِﷺ) لە پێغەمبەرﷺ ئەگێڕێتەوە: (قَالَ) پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (إِنَّ اللهَ تَعالَى فَرَضَ فَرائِضَ) خوای گەورە چەند شتێکی لە سەر ئێوە واجب کردوە (فَلاَ تُضَيِّعُوها) ئێوەش لە دەستیان مەدەنو جێبەجێیان بکەن.

پێناسە: واجب ئەوەیە: لە سەر کردنی پاداشی بدرێتێو لە سەر نەکردنی سزا بدرێ: وەك نوێژ، ڕۆژوو، زەکات...هتد.

(وَحَدَّ حُدُوداً) وە خوای گەورە چەند سنورێکی داناوە: بۆ سزادانی خەڵك لە سەر هەندێك تاوان (فَلاَ تَعْتَدُوها) لەو سنورە تێمەپەڕنو زیاتری مەکەن وەك سزای (زینا): سەد دارە، سزای ئارەقخۆر: چل دارە، بوختان: هەشتا دارە...هتد، بەو جۆرەی لە شەریعەتیئیسلام دیار کراوە.

(وَحَرَّمَ أَشْياءَ) خوای گەورە چەند شتێکی قەدەغە کردوەو حەرامە بیکەن (فَلاَ تَنْتَهِكُوها) قەدەغەی خوا مەشکێننو نزیکی ئەو حەرامە مەکەون، بە هیچ جۆرێ مەیکەن، وەك زینا، ئارەق، قومار، شایەدی بە درۆ...هتد.

پێناسە: حەرام ئەوەیە لەسەر کردنی سزا بدرێو بە وازلێهێنانی پاداشتی بدرێتێ لە قیامەت.

(وَسَكَتَ عَنْ أَشْياءَ) خوای گەورە بێدەنگیی لە هەندێ شت کردوەو باسی حەرامو حەڵاڵی ئەو شتەی نەکردوە (رَحْمَةً لَكُمْ) بەزەیی بە ئێوەدا هاتوە (غَيْرَ نِسْيانٍ) وا تێمەگەن خوا

فَلاَ تَبْحَثُوا عَنْها ﴾ حَدِيثٌ حَسَنٌ رواهُ الدّارَقُطْنِي وَغَيْرُهُ.

له بیری چووه باسی بکا (فَلاَ تَبْحَثُوا عَنْها) ئێوەش لێی مەکۆڵنەوەو بە دوایا مەگەڕێن. کەواتە: پرسیاری زیاد مەکەو مەڵێ ئەرێ بۆچی حەرامە؟ بۆچی حەڵاڵە؟ بەڵام ئەگەر شتێکت لە لا ڕوون نەبو ئایا حەرامە، یان حەڵاڵە؟ بڕۆ لای زانایئایینی پرسیار بکەو بە نەزانی ئیشەکە مەکە.

(حَدِيثٌ حَسَنٌ، رواهُ الدّارَقُطْنِي وَغَيْرُهُ) ئیمامی (دارەقوتنی)و چەند زانایەکیتر گێڕاویەتیانەوە، ئەم زانایە ناوی (علی) کوڕی (عمر)ە خەڵکی گەڕەکی (دارُالْقُطن) بوو لە (بەغدا)، لە ساڵی (٣٠٦)کۆچی لە دایك بووە، لە (٣٨٥) وەفاتی کردوە، یەکێکە لە زانا بەرزەکانی حەدیس.

ئینجا بزانە: هەر کەسێك کردەوەیەکی حەرام بکا، ئەوە تووڕەیی خوا ئەبزوێنێ بۆ ئەوەی سزای بدا ﴿عَنْ أَبِيهُرَيْرَةَ ﷺ عَنِ النَّبِيِّﷺ قالَ: إنَّ اللهَ يَغارُ وَالْمُؤْمِنُ يَغارُ، وَغَيْرَةُ اللهِ أَنْ يَأْتِيَ الْمُؤْمِنُ مَا حَرَّمَ اللهُ﴾ رواهُ التّرمِذي، واتە: خوا غیرەتی هەیەو تووڕە ئەبێ، موسوڵمانیش غیرەتی هەیەو تووڕە ئەبێ، جا غیرەتو تووڕەبوونی خوا بە هۆی ئەوەیە: کە موسوڵمان کردەوەیەکی حەرام بکا.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (إنَّ اللهَ تَعالَى فَرَضَ فَرائِضَ فَلاَ تُضَيِّعُوها): **بزانە:** هەر کەسێك واجبێکی لە دەست چوو لە کاتی خۆیدا نەیکرد، واجبە قەزای بکاتەوە، چونکە ڕستەی (فَلاَ تُضَيِّعُوها) وا ئەگەیەنێ: هەر کەسێك بمرێو واجبێکی لە ئەستۆدا مابێ، ئەوە بە لە دەستدەری مافی خوا ناو ئەبرێ، کەوابوو: هەر کەسێك واجبێکی لە ئەستۆدا بێ، دروست نیە خۆی بە سوننەت خەریك بکا، تا واجبەکە ئەداتەوە، لە حەدیسی پێغەمبەرداﷺ هاتوە: ﴿لاَ تُقْبَلُ نَافِلَةٌ حَتَّى تُؤَدَّىالْفَرِيضَةُ﴾ رواه الإمام أحمد فی رسالة الصلاة، لە لای خوا سوننەت قبوڵ ناکرێ، تا واجب بە تەواوی ئەکرێ.

٢- (وَحَرَّمَ أَشْياءَ فَلاَ تَنْتَهِكُوها): شکاندنی قەدەغەیخوا بە هێزترین هۆیە: بۆ تووڕەبوونی خوا، چونکە کردنی هەر کارێکی حەرام ئەبێتە نیشانەی بێبایەخیو ڕێز لێنەنان لە خوای گەورە، تەماشا بکە پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿لاَ أَحَدَ أَغْيَرُ مِنَ اللهِ، فَلِذَلِكَ حَرَّمَ الْفَواحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْها وَما بَطَنَ﴾ رواهُ الشَّيْخان، هیچ کەس لە خوا بە غیرەتتر نیە، لە بەر بەغیرەتی تاوانی ئاشکراو پەنهانی حەرام کردوە. واتە: هەر کەسێك تاوانێك بکا، خوا لێی تووڕە ئەبێ.

٣- (فَلاَ تَبْحَثُوا عَنْها): یەکێك لەو شتانەی خواو پێغەمبەرﷺ بێدەنگیان لێکردوە: زاتی خوای گەورەیە، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿تَفَكَّرُوا فِي آلاَءِ اللهِ، وَلاَ تَفَكَّرُوا فِي اللهِ﴾ رواه

(اَلْحَدِيثُ الْحادى والثَّلاثُون: فى الزُّهْد)

﴿ عَنْ أَبِىالعَبَّاس سَهْلِ بن سَعْدالسَّاعديِّ رضي الله عنه قَالَ: جاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبيِّ ﷺ، فَقَالَ: دُلَّنِي عَلَى عَمَلٍ إِذَا عَمِلْتُهُ أَحَبَّنِىالله وَأَحَبَّنِىالنَّاسُ؟ فَقالَ ﷺ: ازْهَدْ فِىالدُّنْيَا يُحِبَّكَ الله، وَازْهَدْ فِيمَا عِنْدَ النَّاسِ يُحِبَّكَ النَّاسُ ﴾ حَدِيثٌ حَسَنٌ رواهُ ابنُ ماجه وَغَيْرُهُ بأَسانيدَ حَسَنَة.

الطبراني والبيهقي، بیر لە چاكەكانو دروستكراوەكانی خوا بكەنەوە، بیر لە زاتیخوا مەكەنەوە. كەوابوو: گفتوگۆ كردن دەربارەی زاتی خوا، شوێنی خوا، نهێنییەكانیخوا، پیشەی گومڕابووەكانی (أَهْل البِدْعَة وَالضَّلالَة)یە.

﴿ حەدیسی سیو یەكەم: وازهێنان لە دونیا ﴾

(عَنْ أَبِىالعَبَّاس سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السَّاعِدِي) رضي الله عنه (سەهل)ی كوڕی (سەعد)ی (ساعیدی) خوا لێیان ڕازی بێ، سەحابەیە، خەڵكی (مەدینە)یە، (١٨٨) حەدیسی گێڕاونەوە، لە ساڵی (٨٨)ی كۆچی لە (مەدینە) وەفاتی كردوە.

(قَالَ) ئەفەرموێ: (جاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ) پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ (فَقَالَ: دُلَّنِي عَلَى عَمَلٍ) پیاوەكە گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ كارێكم پێ نیشان بدە (إِذَا عَمِلْتُهُ) هەر كاتێك ئەو كارەم كرد (أَحَبَّنِي اللهُ وَأَحَبَّنِي النَّاسُ) خوای گەورە خۆشی بوێمو خەڵكیش خۆشی بوێم؟.

(فَقَالَ: ازْهَدْ فِى الدُّنْيَا) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: واز لە دونیا بێنەو تەنها بە قەد پێویست ماڵیحەلاڵ كۆ بكەوە—بڕوانە حەدیسی (٤٠)— (يُحِبَّكَ اللهُ) خوای گەورە خۆشی ئەوێ.

وازهێنان لە دونیا ئەمەیە: چاوت لە گەورەیی نەبێ، خۆت بە پیاوێكی زلو لێهاتوو دانەنێی، ئەوەی دڵت ئەیەوێ لە حەلاڵ گشتی نەدەیتێ، چاوت لە دەستی كەس نەبێ، هەردەم مردن لە بەرچاوت بێ، گیانیخۆت بە خواپەرستی ببەیتە سەر.

(وَازْهَدْ فِيمَا عِنْدَ النَّاسِ) واز لەو شتانە بێنە: كە لە بەردەستی خەڵكدایە (يُحِبَّكَ النَّاسُ) خەڵكیش ئەتۆی خۆش ئەوێ، چونكە دڵی زۆر كەس ئەوهایە: ئەگەر تەماع لە ماڵیان بكەی، یان تەماع لە كاریان بكەی ڕقیان لێت هەڵئەستیو خۆشیان ناوێیو بە چاوی سوك تەماشات ئەكەن، كەوابوو: خۆشویستنی دونیا سەری هەموو تاوانێكە، هەر كەسێك دونیای خۆش بوێ، لە دوا ڕۆژدا زیانی لێئەكەوێ، مرۆڤی ژیرو هۆشیار بۆ چەند ڕۆژێكی دونیا خۆی ناشیرین ناكا لە لای خواو خەڵك.

(حَدِيثٌ حَسَنٌ، رواهُ ابنُ ماجه وَغَيْرُهُ بِأَسانِيدَ حَسَنَةٍ) حەدیسێكی جوانە، ئیمام (ئیبن ماجە)و چەند زانایەكیتر گێڕاویەتیانەوە.

(ئیبن ماجە) ناوی (محمد) كوڕی (یەزید) بوو، خەڵكی (قەزوێن) بوو، لە ساڵی (٢٠٩)یكۆچی لە دایك بووە، لە (٢٧٣) وەفاتی كردوە، یەكێكە لە زانایانی حەدیس، خوا لێی ڕازی بێ.

(اَلْحَدِيثُ الثّانِي والثَّلاثُون: لاَ ضَرَرَ وَلاَ ضِرَارَ)

﴿عَنْ أَبِي سَعِيد سَعْد بن مالك بن سنان الْخُدري رضي الله عنه:

ئينجا بزانه: سووربوون له سەر وەدەستهێنانی ماڵی دونیاو هەوڵدان بۆ پلەیبەرز ئەبێتە هۆی له دەستچوونی زۆر له پلەی له خواترسان‌و خواپەرستی، چونکه ئەم دڵه جێگای دوو هەوی‌ی تیادا نابێتەوە ﴿عَنِ كَعْب بنِ مَالكرضي الله عنه: عَنِ النَّبيِّﷺ قَالَ: مَا ذِئْبَان جَائعَان أُرْسِلاَ فِي غَنَمٍ بِأَفْسَدَ لَهَا مِنْ حِرْصِ الْمَرْءِ عَلَى الْمَالِ وَالشَّرَفِ لِدِينه﴾ رواهُ الإمام أحمد، واتە: دوو گورگی برسی که بەربدرێنه ناو مێگەله مەڕێك، ئەوەنده تێکی نادەن، وەکو سووربوونی مرۆڤ له سەر کۆکردنەوەی ماڵ‌و وەدەستهێنانی گەورەیی ئایینەکەی لێ تێك ئەدا.

﴿چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا﴾

١- (ازْهَدْ فِي الدُّنْيا): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿اُنْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ أَسْفَلُ مِنْكُمْ وَلاَ تَنْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقَكُمْ، فَهُوَ أَجْدَرُ أَنْ لاَ تَزْدَرُوا نِعْمَةَاللهِ عَلَيْكُمْ﴾ رواهُ مُسْلِم، تەماشای ئەو کەسه بکەن که له ئێوه بەرەو خوارتره: له خزم‌و ماڵ‌و جوانی، تەماشای ئەو کەسه مەکەن که له ئێوه بەسەرەوەتره: له خزم‌و ماڵ‌و جوانی، وەها باشتره، تاکو نیعمەتەکانی خواتان به سوکی نەیەته بەرچاو.

٢- (ازْهَدْ فِيمَا عِنْدَالنَّاس): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿اتَّقِ الْمَحَارِمَ تَكُنْ أَعْبَدَ النَّاسِ، وَارْضَ بِمَا قَسَمَ اللهُ لَكَ تَكُنْ أَغْنَى‌النَّاسِ، وَأَحْسِنْ إِلَى جَارِكَ تَكُنْ مُؤْمِنًا، وَأَحِبَّ لِلنَّاسِ مَا تُحِبُّ لِنَفْسِكَ تَكُنْ مُسْلِمًا، وَلاَ تُكْثِرِ الضَّحِكَ فَإِنَّ كَثْرَةَ الضَّحِكِ تُمِيتُ الْقَلْبَ﴾ رواهُ التِّرمذي، واته: خۆت له حەرامەکان بپارێزه ئەبیته خواپەرستترین کەس، ئەو بەشەی خوا بۆی داناوی پیێ ڕازی‌به ئەبیته دەوڵەمەندترین کەس، چاکه لەگەڵ دراوسێت بکه ئەبیته ئیمانداریکی تەواو، زۆر پێمەکەنه چونکه زۆر پێکەنین دڵ ئەمرێنێ.

٣- (يُحِبَّكَ اللهُ.. يُحِبَّكَ النَّاسُ): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللهَ تَعالَى يَقُولُ يَوْمَ الْقِيامَةِ: أَيْنَ الْمُتَحَابُّونَ بِجَلاَلِي؟ اَلْيَوْمَ أُظِلُّهُمْ فِي ظِلِّي يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلِّي﴾ رواهُ مُسْلِم، خوای گەوره له ڕۆژی دوایی ئەفەرموێ: له کوێن ئەوانەی له دونیادا له بەر گەورەیی من یەکتریيان خۆش ئەویست؟ ئەمڕۆ له سێبەری عەرشی‌خۆمیان دائەنێم، که جگه له سێبەری عەرشی‌خۆم هیچ سێبەرێکی‌تر نیه.

﴿ حەدیسی سی‌و دووەم: زیان له ئیسلامدا نیه ﴾

(عَنْ أَبِي‌سَعِيدِ سَعْدِ بن مالكِ بنِ سِنانِ الْخُدرِي)رضي الله عنه (ئەبو سەعید)ی (خودری) یەکێکه له سەحابەکانی پێغەمبەرﷺ، (١١٧٠) حەدیسی گێڕاوەتەوە، له ساڵی (٧٤)ی کۆچی له (مەدینه) وەفاتی کردوه، به خۆیشی خەڵکی (مَدِينَة) بووه.

أَنَّ رَسُولَ اللهِﷺ قَالَ: لاَ ضَرَرَ وَلاَ ضِرَارَ ﴾ حَدِيثٌ حَسَنٌ رواهُ ابنُ ماجه وَالدّارَقُطْنِي وَغَيْرُهُما مُسْنَداً، وَرَواهُ مالكُ فِي الْمُوطَّأ مُرْسَلاً عَنْ عَمْرو بنِ يَحْيَى عَنْ أَبِيه عَنِ النَّبِيِّﷺ، فَأَسْقَطَ أَباسَعِيد وَلَهُ طُرُقٌ يُقَوِّى بَعْضُها بِبَعْض.

ئـەم (صـحابه)يـە ئەگێڕێتـەوە: (أَنَّ رَسُولَ اللهِﷺ قَالَ) پێغەمبەرﷺ فەرمووى: (لاَ ضَرَرَ) هـيچ زيـان لێدانێك لـە ئاييني‌ئيسلامدا ڕەوا نيـە: چ زيـان لـە خـۆت بدەى، چ لە كەسێكي‌تر بۆ ئەوەى سود بە خۆت بگا.

(وَلاَ ضِرَارَ) هەروەها: زيان لێداني خەڵك ڕەوا نيـە، با سودى خۆيشى تىێدا نەبێ، يان لە تۆڵەى زيانێك زيانێكي‌ترى بێ‌شەرعى لێ‌بدەى، واتە: لـە مـافى خـۆى زۆرتـر زيـانى لێ‌بدا: وەك لەجياتى پەنجەيەك دەستى ببڕێ، يان لەجياتى دەستێك بيكوژێ، واتـە: لـە سنورى ئيسلام دەرچێ.

بەڵام ئەگەر بەرژەوەندى گەورەتر بوو لەو زيانە، ئەمە ڕەوايە: وەك دەست بڕينى دز بۆ پاراستنى ماڵى خەڵك، داركاري‌كردنى زيناكەر بۆ پاراستنى ناموس، يان تۆڵە وەرگرتنێكى بەگوێرەى شەرعي‌ئيسلام بوو: وەك چاو بە چاو، دەست بە دەست، ئەمەش ڕەوايە.

(حَدِيثٌ حَسَنٌ، رواهُ ابنُ ماجه وَالدّارَقُطْنِي وَغَيْرُهُما مُسْنَداً) حەديسێكى جوانەو ئيمام (ئيبن ماجە)و (دارەقوتنى)و چەندانى‌تر گێڕاويەتيانەوە (وَرَواهُ مالكُ فِي الْمُوطَّأ مُرْسَلاً عَنْ عَمْرو بنِ يَحْيَى عَنْ أَبِيه عَنِ النَّبِيِّﷺ فأسقط أباسعيد) هەروەها ئيمام (ماليك) -كوڕى (ئەنەس) يەكێكە لە زانا سەرمەزهەبەكان‌و زانايانى حەديس، لە ساڵى (٩٣) لە (مەدينە) لە دايك بووە، لە ساڵى (١٧٩)ى كۆچى لە (مەدينە) وەفاتى كردوە، مامۆستاى ئيمامى (شافعى) بوو، خوا لێيان ڕازى بێ- ئەو حەديسەى لە كتێبەكەى خۆى كە ناوى (مُوطَّأ) بوو، گێڕاويەتيەوەو ناوى (ئەبوسەعيد)ى نەهێناوە، كەوابوو: حەديسەكە لاوازە، بەڵام (وَلَهُ طُرُقٌ يُقَوِّى بَعْضُها بِبَعْضٍ) حەديسەكە چەند ڕێگايەكى هەنە: يەكترى بەهێز ئەكەن‌و حەديسەكە جوان ئەبێ‌و ئيشى پێ‌ئەكرێ، يەكێك لەم ڕێگايانە ئەم حەديسەيە:

﴿عَنْ أَبِي صِرْمَةَرضي الله عنه أَنَّ رسول اللهِﷺ قَالَ: مَنْ ضَارَّ ضَارَّ اللهُ بِهِ وَمَنْ شَاقَّ شَاقَّ اللهُ عَلَيْهِ﴾ رواهُ التّرمذى بسند حسن، واتە: هەركەسێك زيان بە خەڵكى بگەيەنێ خوا زيانى پێ‌ئەگەيەنێ، وە هەركەسێك ئازارو بارگرانى بخاتە سەر خەڵكى خوا لە قيامەت بارى گران ئەكا.

﴿ چەند تێگەيشتنێك لەم حەديسەدا ﴾

بزانە: زانايانى شەرعزان لە سەر بناغەى ئەم حەديسەى (لاَ ضَرَرَ وَلاَ ضِرَارَ) چەند (قاعدة)يەكى (أُصولُ الفِقْه)ى‌يان بنيات ناوە، وەكو:

١- (اَلضَّرَرُ يُزالُ) ئەبى زيان لابدرێ: وەكو گەڕاندنەوەى شتى فرۆشراو ئەگەر ناتەواو بوو، هەم خۆپاراستن لە هۆيەكانى نەخۆشى‌و...هتد.

﴿ عَنْ ابْنِ عبَّاسٍ رَضِىَ اللهُ عَنهما: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بِدَعْوَاهُمْ لِادَّعَى رِجَالٌ أَمْوَالَ قَوْمٍ وَدِمائَهُمْ، لَكِنِ الْبَيِّنَةُ عَلَى الْمُدَّعِي وَالْيَمِينُ عَلَى مَنْ أَنْكَرَ ﴾

٢- (**اَلضَّرَرُ لاَ يُزالُ بِالضَّرَرِ**) نابێ زیان بە زیانێکیتر لابدرێ، وەکو: دروست نیە مرۆڤی برسی خواردنی برسیێکیتر بخواو تووشی مردنی بکا، دروست نیە رووبار لە زەویەکەی خۆی لابداتە زەویی کەسێکیتر...هتد.

٣- (**يُتَحَمَّلُ الضَّرَرُ الْخاصُّ لِدَفْعِ الضَّرَرِ الْعامِّ**) زیانی تایبەتی لێئەدرێ تاکو زیانی گشتی لابدرێ: وەکو برِینی دەستیدز، تاکو زیان لە ماڵی خەڵك نەکەوێ...هتد.

٤- (**يُرْتَكَبُ أَخَفُّ الضَّرَرَيْنِ لإِتِّقاءِ أَشَدِّهِما**) زیانی سوکتر لێئەدرێ تاکو لە زیانی گەورەتر خۆ بپارێزرێ: وەکو لە دەستدانی ماڵ بۆ پاراستنی گیانیخۆی، یان هی ئادەمیزادێکیتر، هەم شکاندنی رۆژوو بۆ رِزگارکردنی گیانیخۆی، یان هی ئادەمیزادێکیتر...هتد.

٥- (**اَلضَّرُوراتُ تُبِيحُ الْمَحْظُوراتِ**) ناچاریەکان حەرامەکان حەڵاڵ ئەکەن: وەکو خواردنی مردار بۆ مرۆڤی برسی کە نزیك مردن بێ، هەم گوتنی ووشەی کوفر، یان کردنی کارێکی کوفر ئەگەر زۆری لێکراو مەترسی کوشتنی هەبوو.

ئاگاداری: ناچاری=(ضَرُورَة) لەگەڵ پێویستی=(حَاجَة) جیاوازە، چونکە ناچاری=(ضَرُورَة) بە حاڵەتێك ئەگوترێ: کە نزیکی مردن بکا، ئەم ناچاریە حەرام حەڵاڵ ئەکا.

پێویستی=(حَاجَة) بە حاڵەتێك ئەگوترێ: کە زۆر ماندوو و بە ئازاری بکا، بەڵام مەترسی مردنی لێنەکرێ، کەوابوو: بەم پێویستیە حەرام حەڵاڵ نابێ.

﴿ حەدیسی سیو سێیەم: چۆنیەتی دادکردن ﴾

(عَنْ ابْنِ عبَّاسٍ رَضِىَ اللهُ عَنهما أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ) لە (ئیبن عەبباس) خوا لێیان رازی بێ گێردراوەتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (لَوْ يُعْطَى النَّاسُ) ئەگەر بدرێ بە خەڵك، واتە: ئەو مافەی داوای ئەکەن ئەگەر بیاندرێتێ (بِدَعْوَاهُمْ) بە تەنها داواکردنیان (لإِ دَّعَى رِجَالٌ أَمْوَالَ قَوْمٍ) هەندێ کەس لەخۆیەوە داوای ماڵی خەڵکیتری ئەکرد (وَدِمائَهُمْ) وە داوای خوێنی کەسانیتریشیان ئەکرد، واتە: کوشتن.

(لَكِنْ) بەڵام ئایینی پیرۆزیئیسلام وای داناوە: کە (اَلْبَيِّنَةُ عَلَى الْمُدَّعِي) داواکار شاهید بێنێ بۆ ئەوەی راستیەکەی دەرکەوێ؟ چونکە ئەو داوای شتێکی پەنهان ئەکا: کە ئەو مافەیە (وَالْيَمِينُ) سوێندخواردن (عَلَى مَنْ أَنْكَرَ) لە سەر ئەو کەسەیە کە داوای لێکراوەو دان نانێ بە مافی داواکار.

(حَـديثٌ حَسَـنٌ رواهُ البَيْهَقِـى) ئیمـامی (بەیهـەقی) –نـاوی (أحمـد) کـوڕی (حسـین)، لـە (بەیهەق) لە نزیك (نیسـابور) لـە سـاڵی (٣٨٤)ی کۆچـی لـە دایك بـووە، یەکێکـە لـە زانـا بەرزەکانی حەدیس، لە ساڵی (٤٥٨) وەفاتی کردوە– ئەم حەدیسەی گێڕاوەتـەوە (وَغَیْـرُهُ هَکَذَا) چەندانیتریش بەو جۆرە گێڕاویەتیانەوە (وَبَعْضُهُ فِی الصَّحِیحَیْنِ) پارچـەیەکی ئـەم حەدیسە لە (صحیح)ی (بوخاری)و (موسلیم)دایە.

مەرجی شاهیدەکان: ئەبی موسوڵمان بـن، نوێـژو ڕۆژوو و زەکـات جێبـەجێ بکـەن، تاوانبـار نەبن: بە ئارەق‌و قومارو زینا...هتد گوناهەکانیتر، هەروەها: دایك‌و باوك‌و کوڕو کچی داواکـار نەبن، دوژمنی داوالێکراو نەبن، ڕەووشتیان بـاش بـێ، گومـانی سـوود بـەخۆ گەیانـدن‌و زیـان لادان لە سەر خۆیان لێنەکرێ.

سوێندخواردنیش: ئەبی بە خودا بێ، یان بە سیفەتەکانی خودا بێ: وەك قورئانی پیرۆز.

ئینجا بزانە: ئەگەر داواکار دوو شاهیدی هێنان، یان شـاهیدێکی هێنـاو سوێندیشـی خـوارد، ئەوە مافەکەی ئەدرێتێ، وە ئەگەر هیچ شاهیدی نەهێنا، ئەو کاتە داوالێکـراو سـوێند ئـەخوا: کە ئەو مافەی لە سەر نیە. بەڵام داوالێکراو بۆی دروسـتە: سـوێند نـەخواو بیگەڕێنێتـەوە بـۆ سەر داواکـار، بـۆ ئـەوەی ئـەو سـوێند بخـوا، جـا ئەگـەر داواکـار شـاهیدی نـەهێناو سـوێندە گەڕایەوەکەشی نەخوارد، ئەوە بە یەکجاری ماف ئەسـوتێ، واتـە: ئـەبی بـە جـۆرێکیتر ئـەم داوایە تۆمار بکا، بەو مەرجەش شاهیدی دەست بکەوێ.

جا ئەوەش بزانە: واجبە کاربەدەست قازییەك دابنێ بۆ بڕاندنـەوەی کێشـەی نێـوان خـەڵك، ئەگەر ئەو داینەنا، ئەبی خەڵکەکە بۆ خۆیان یەکێك دابنێن‌و گوێڕایەڵی بن ﴿عَنْ جَابِرٍ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ: كَيْفَ تُقَدَّسُ أُمَّةٌ لاَ يُؤْخَذُ مِنْ شَدِيدِهِمْ لِضَعِيفِهِمْ﴾ رواهُ ابنُ حِبّان، واتە: چۆن پـاك‌و سەرفراز ئەبێ گەلێکی وا: کە ماف بێهێزەکانیان لە بەهێزەکانیان وەرنەگیرێ.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١– (لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بِدَعْوَاهُم): پێغەمبەر ﷺ ئەفـەرموێ: ﴿مَنْ خَاصَمَ فِي بَاطِـلٍ وَهُـوَ يَعْلَمُهُ، لَمْ يَزَلْ فِي سَخَطِ اللهِ حَتَّى يَنْزِعَ عَنْهُ﴾ رواهُ أبـوداود، هەرکەسـێك داوای شـتێکی ناهەق بکاو بشزانێ: ماف لەو شتەدا نیە، بەردەوام لە تووڕەیی خوادا دەمێنێتەوە، تـا واز لەم داوایە ئەهێنێ.

٢– (اَلْبَيِّنَةُ عَلَى الْمُدَّعِي): پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿لَنْ تَزُولَ قَدَمَا شَاهِدِ الزُّورِ حَتَّى يُوجِبَ اللهُ لَهُ النَّارَ﴾ رواهُ ابن ماجه، قاچی شاهیدی بە درۆ لە شوێن خۆی لاناچێ، تا خوای گەورە بڕیاری دۆزەخی بۆ ئەدا. چونکە شـاهیدیی بـە درۆ وەکـو کـافربوون دانـدراوە، کـەوابوو: خۆتی لێبپارێزەو شاهیدی بە درۆ مەدە.

٣- (وَالْيَمِينُ عَلَى مَنْ أَنْكَرَ): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَنِ اقْتَطَعَ حَقَّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ بِيَمِينِه فَقَدْ أَوْجَبَ اللهُ لَهُ النَّارَ، وَحَرَّمَ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ، قَالَ: وَإِنْ كَانَ قَضِــيبًا مِــنْ أَرَاكٍ﴾ رواهُ مُسْلِم، هــەر کەسێك مافی موسوڵمانێك لە دەست بدا بە سوێندی بــە درۆ، بەڕاستی خــوای گــەورە بڕیــاری ئاگری دۆزەخی بۆ ئەداو بەهەشتی لێقەدەغــە ئــەکا، هەرچــەند شــوڕکە دارســیواکێکیش بــێ. واتە: مافەکە زۆر کەمیش بێ، کەوابوو: سوێندی بە درۆ مەخۆ.

﴿ حەدیسی سی و چوارەم: لابردنی بێشەرعی ﴾

(عَنْ أَبِي سَعِيدِالْخُدْرِيِّ قــالَ:)ﷺ (ئەبوســەعید)ی (خــودری) ئەفــەرموێ: (سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِﷺ) گوێم لە پێغەمبەرﷺ بوو (يَقُولُ) ئەیفەرموو: (مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا) هەر کەسێك لە ئێوە زانی شتێکی ناڕەوا هەیە (فَلْيُغَيِّرْهُ) با ئەم شتە ناڕەوایە لە ناو بەرێو بیگۆڕی (بِيَدِهِ) بە هێزی دەستو بازووی.

بزانە: مەبەست بە (مُنْكَر) واتە: ناڕەوا، وازهێنانە لە شتێك کە خواو پێغەمبەرﷺ واجبــی کردبێ. یان کردنــی شــتێکە کــە خــواو پێغەمبــەرﷺ حــەرامی کردبــێ: وەکــو زینــاو ئــارەق خواردنو ڕیبا خواردنو خۆ ڕووتکردنی ئافرەتو تێکــەڵی ئــافرەتو پیــاو، بــە هــەر جــۆرێ هەبێ...هتد. ئەمانە هەمووی لە ئیسلامدا ناڕەوایەو پێویستە هــەموو موســوڵمانێك بــەهێزو توانــای خــۆی ئــەو شــتە نارێکــە لــەناو بــەرێ، بــەو مەرجــەی: تووشــی کوشــتنی خــۆیو کەسێکیتر نەبێو تووشی نامووس بردنــی خــۆیو کەســێکیتر نــەبێو تووشــی لــەناوبردنی ماڵی نەبێ، (ئەمە مەرجی واجببوونە).

بەڵام ئەگەر ناڕەوایەکە لە ناو ئەچوو تەنها ئەویش مەترسی لەناوچوونی خــۆی هــەبوو، ئــەوە سوننەتە لایبیا، تاکو شەهید ببێ، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿سَيِّدُ الشُّهَدَاءِ حَمْزَةُ، وَرَجُــلٌ قامَ إِلَى سُلْطَانٍ جائِرٍ فَأَمَرَهُ وَنَهَاهُ فَقَتَلَــهُ﴾ رواهُ الحــاكم، گــەورەی شــەهیدان (حَــمزة)ی مــامی پێغەمبــەرەﷺ، پیاوێکیشــە: کــە ڕووبــەڕووی کاربەدەســتێکی ســتەمکار ببێتــەوە فــەرمانی بە چاکەی پێبکاو لە خراپە قەدەغەی بکا، جا ئەویش بیکوژێ.

بەڵام ئەگەر گەیشتە ئەو ڕادەیە تاوانباران چەك بە کار بێننو بــە ئاشــکرایش گوناهیــان ئــەکرد، ئەبی فەرمانڕەوای موسوڵمانان بەو ئیشــە هەڵســتێ، جــا ئەگــەر هــاتو کاربەدەســتان گوێیــان بە خراپە نەئەدا، یان یارمەتی خراپەیان ئەدا —وەکو ئێستا لــە وڵاتانیئیســلامدا هەیــە— ئــەوە کار لەوە دەرئەچێو ئەگاتــە پلــەی تێکۆشــانی چــەکدارانە: موســوڵمانانی لێهــاتوو خۆیــان ڕێــك ئەخەنو یەك ئەگرن بۆ نەهێشتنی ئەم جۆرە کاربەدەستانەو بۆ ژیاندنەوەی حوکمی قورئان.

فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِه، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِه، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الإِيمَانِ﴾ رواهُ مُسْلِم.

جا ئەگەر دانیشتن، گوناهیش بە ئاشکرایی ئەکرا، ئەوە هەموویان گوناهبار ئەبن ﴿عَنْ أَبِي بَكْرٍ رضي الله عنه أَنَّهُ قَالَ: أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّكُمْ تَقْرَؤُونَ هَذِه الآيَةَ وَتَضَعُونَها فِي غَيْرِ مَوَاضِعِهَا: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَيْكُمْ أَنْفُسَكُمْ لاَ يَضُرُّكُمْ مَنْ ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ). وَإِنَّا سَمِعْنَا رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: إِنَّ النَّاسَ إِذَا رَأَوُا الظَّالِمَ فَلَمْ يَأْخُذُوا عَلَى يَدَيْهِ أَوْشَكَ أَنْ يَعُمَّهُمُ اللهُ بِعِقَابٍ﴾ رواهُ أصحابُ السّنن، ئیمامی (ئەبوبەکر) فەرمووی: ئەی خەڵکینە ئێوە ئەم ئایەتە ئەخوێننو لە مەبەستێکیتر دایئەنێن، کە خوا ئەفەرموێ: (ئێوە خۆتان چاك بکەن، گومڕایی کەسانیتر زیان لە ئێوە نادا ئەگەر ئێوە ڕاست بن). جا فەرمووی: ئێمە گوێمان لە پێغەمبەر ﷺ بوو، ئەیفەرموو: هەر کاتێك خەڵك زۆردارو ستەمکاریان بینیو لە ستەمو زۆرداری قەدەغەیان نەکردو نەیانگێڕاوە بۆ ژێر حوکمی خوا، زۆر نزیکە خوای گەورە بە تێکڕایی گشتیان تووشی سزا بکا. بگەڕێوە بۆ حەدیسی (٢٩).

جا بە هەر جۆرێ هەبێ، ئیمڕۆ فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنیخراپە پێویستی بە تێکۆشانی چەکدارانە هەیە، چونکە یەکە یەکە موسوڵمانان هیچیان بۆ ناکرێو کاربەدەستەکانیش نۆکەری کوفرنو نایەڵن کەس فەرمان بە چاکە بکاو قەدەغەی خراپە بکا ﴿عَنْ كَعْبٍ رضي الله عنه: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: إِنَّهُ سَتَكُونُ بَعْدِي أُمَرَاءُ مَنْ صَدَّقَهُمْ بِكَذِبِهِمْ وَأَعَانَهُمْ عَلَى ظُلْمِهِمْ فَلَيْسَ مِنِّي وَلَسْتُ مِنْهُ وَلَيْسَ بِوَارِدٍ عَلَيَّ الْحَوْضَ﴾ رواهُ النّسائي والتّرمذي، واتە: لە دوای من چەند کاربەدەستێکی لێنەهاتوو دێنە سەر حوکم، جا هەرکەسێك باوەڕ بە درۆی ئەم کاربەدەستانە بکاو یارمەتییان بدا لە سەر ستەمکاری، ئەو کەسە لە ئوممەتی من نیە، منیش ڕابەری وی نیم، نابێتە میوانم لە سەر حەوزی کەوسەر.

(فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ) جا ئەگەر بە دەست نەیتوانی خراپەکە لە ناو بباو قەدەغەی بکا، لە بەر ئەوەی کەس یارمەتیی نەئەداو بە تەنها تووشی کوشتنی خۆیو ماڵوێرانی ئەبو، وە نەیئەویست خۆی شەهید بکا چونکە سودی نەبو (فَبِلِسَانِه) با بە زوبانیخۆی خراپەکە لە ناو بباو ئامۆژگاری خەڵکی بکاو بە قسەی ڕێكو جوان بیانهێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست، جا ئەگەر سودیشی نەبێ، ئەبی بە زوبان فەرمان بە چاکە بکاو باسی خراپە هەر بکا.

(فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ) جا ئەگەر بە زمانیش نەیتوانی فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە بکا، چونکە ئەخرایە بەندیخانە، یان لێی ئەدراو ناموسیان ئەبرد، کەسیش یارمەتیی نەئەدا (فَبِقَلْبِهِ) با بە دڵ پێی ناخۆش بێ (وَذَلِكَ) ئەم پێناخۆشیەی ناو دڵ (أَضْعَفُ الإِيمَانِ) لە هەموو ئیمانێك نزمترو کزترە. چونکە ئەگەر ئیمانی بە تین بایە، بە دەستو بە زوبان قەدەغەی ئەکردو گوێی نەئەدایە سەرو ماڵی خۆی، مردنێك لە ڕێگای خوا بێ، باشترە لە ژیانێکی ناو تاوانباری (رواهُ مُسْلِم) ئیمام (موسلیم) گێڕاویەتیەوە.

ئینجا-له حەدیسێکی‌تردا- پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿له دوای ئەم ئیمانە بێ‌هێزه بە قەد دەنکە گلێرمیەك ئیمانی نامێنێ﴾. واتە: ئەگەر موسوڵمان بە دڵیش ڕقی لە خراپە نەبۆوە نیشانەی ئەوەیە: ئیمانی نەماوە.

بزانە: پێویستە پێش هەموو شتێك مرۆڤی موسوڵمان له ماڵی‌خۆیەوە فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە دەست پێ‌بکا، خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا﴾ واتە: ئەی خاوەن باوەڕان خۆتان‌و منداڵ‌و خێزانتان بپارێزن له ئاگری دۆزەخ. ئەی موسوڵمان: کە ئیمڕۆ بە چاوی خۆمان ئەبینین زۆر لە موسوڵمانان ژن‌و کچی ڕووتی له بازاڕا ئەسوڕێتەوەو بە قەد دەنکە گلێرەیەك پێی سەخڵەت نابێ، ئایا بە تەرازووی ئەم حەدیس‌و ئایەتە بیکێشین چ موسوڵمانێکی لێ‌دەرئەچێ؟

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِه): **بزانە:** هەر کاتێك بە هۆی لابردنی (مُنْكَر) زیان لە کەسێکی‌تر ئەکەوت‌و زیانەکەش لە زیانی (مُنْكَر) زۆرتر بوو، ئەوە حەڕامە فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە بکا، چونکە (**الضَّرَرُ لاَ يُزَالُ بِالضَّرَرِ**) زیان بە زیان لانابردرێ.

بەڵام: ئەگەر تەنها مەترسی لەناوچوونی خۆی، یان ماڵی خۆی هەبوو، ئەوە سوننەتە: فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە بکا، ئینجا ئەگەر مەترسی خۆی‌و کەسێکی‌ترو ماڵ‌و ناموسی خۆی‌و کەسێکی‌تری نەبو، ئەوە واجبە فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە بکا، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿وَالّذى نَفْسى بِيَده، لَتَأْمُرُنَّ بالْمَعْرُوف وَلَتَنْهَوُنَّ عَنِ الْمُنْكَرِ، أَوْ لَيُوشِكَنَّ اللهُ أَنْ يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عِقاباً مِنْهُ ثُمَّ تَدْعُونَهُ فَلاَ يُسْتَجَابُ لَكُمْ﴾ رواهُ التِّرمذى، سوێندم بەو خوایەی گیانی منی بە دەستە، ئەبی فەرمان بە چاکەو قەدەغەی خراپە بکەن، ئەگەر وا نەکەن نزیکە خوای گەورە له لای خۆیەوە سزایەکتان بنێرێتە سەر خۆشی له ژیانتان نەبینن، ئینجا له خوداش بپاڕێنەوە، خودا دوعاتان قبوڵ ناکاو سزایەکە لانابا. واتە: چونکە کاری بێ‌شەرعی بەردەوامە.

٢- (فَبِلسَانه): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿أَفْضَلُ الْجِهاد كَلِمَةُ عَدْلٍ عِنْدَ سُلْطان جائرٍ﴾ رواهُ أصحاب السنن، گەورەترین (جِهاد)و تێکۆشان لە ڕێگای خوا: گوتنی ووشەیەکی ڕاست‌و دادپەروەرانەیە لە لای کاربەدەستێکی ستەمکار.

٣- (فَبِقَلْبِه): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِذَا عُمِلَت الْخَطِيئَةُ فِى الأَرْضِ كَانَ مَنْ شَهِدَهَا فَكَرِهَهَا كَمَنْ غَابَ عَنْهَا، وَمَنْ غَابَ عَنْهَا فَرَضِيَهَا كَانَ كَمَنْ شَهِدَهَا﴾ رواهُ أبوداود، هەر کاتێك گوناهێك له سەر زەمین کرا، ئەو کەسەی لەو شوێنەیەو بە تاوانەکە ڕازی نیە، وەکو کەسێکە کە ئاگاداری گوناهەکە نەبێ، واتە: نابێتە هاوبەشی تاوانبارەکە، وە هەر

(اَلْحَدِيثُ الْخامس والثَّلاثُون: حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ)

﴿ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: لاَ تَحَاسَدُوا وَلاَ تَنَاجَشُوا وَلاَ تَبَاغَضُوا وَلاَ تَدَابَرُوا وَلاَ يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ،

کەسێك لەو شوێنە نەبێو بە تاوانەکە ڕازی بێ، وەکو کەسێکە ئاگاداری گوناهەکە بێ، واتە: ئەبێتە هاوبەشی تاوانبارەکە لە تاوانەکەدا.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَنْ رَضِيَ عَمَلَ قَوْمٍ كَانَ مِنْهُمْ﴾ أَخْرَجَهُ أَبُويعْلَى، هەر کەسێك بە کردەوەی گەلێك ڕازی بێ، ئەویش ئەبێتە یەکێك لەوانو هاوبەشی تاوانەکەیانە.

﴿ حەدیسی سیو پێنجەم: مافی موسوڵمان لە سەر موسوڵمان ﴾

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ) ئەبوهورەیرە ئەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (لاَ تَحَاسَدُوا) حەسوودی بە یەکتری مەبەن.

پێناسە: حەسوودی ئەمەیە: کە بتەوێ کەسێك شتێکیخۆی لە دەست بداو بۆ تۆ بێ. حەسوودی بۆیێ حەرامە؟ چونکە حەسوود نارەزایی بەرامبەر بە خوا دەردەبڕێ: کە شتێکی داوە بە کەسێکیتر، لە بەر ئەمە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (حەسوودی دین ئەتاشێو چاکەش ئەخوا). کەوابوو: ئەی موسوڵمان، بە دابەشکردنی خوا ڕازی بە، چونکە بە بێسود خۆت خەفەتبار ئەکەیو خوای گەورەش لێت نارازی ئەبێ.

(وَلاَ تَنَاجَشُوا) بە فێڵبازی پارەی فرۆشراو زیاد مەکەن، واتە: ئەگەر کەسێك شتێکی ئەکڕی، ئەتۆش نەچی بڵێی: من پارەی زۆرتر پێئەدەم. مەبەستیشت کڕین نەبێو بتەوێ کڕیار هەڵخەڵەتێنی تا بە پارەیەکی زۆرتر بیکڕێ، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿ئەو کەسە مەلعونە کە زیان لە موسوڵمانێك بدا، یان فێڵی لێبکا﴾.

(وَلاَ تَبَاغَضُوا) ڕقو کینە لە یەك مەکێشن بۆ خاتری دونیا، واتە: ئەو جۆرە ئیشانە مەکەن کە ئەبنە هۆی ڕقو کینە: وەکو دووزمانیو گاڵتە بە یەکتریکردنو دەمەچەقەی بێسود...هتد (وَلاَ تَدَابَرُوا) پشت لە یەکتری مەکەنو دەنگ لە یەکتری ڕامەگرن.

بزانە: لە سێ ڕۆژ بەولاوە دروست نیە موسوڵمانان واز لە یەکتری بێننو قسە لەگەڵ یەکتری نەکەن، چونکە خوای گەورە چاکە لە هیچ لایەکیان وەرناگرێ تا ئاشت ئەبنەوە، باشترین لایەن لە ئیسلامدا ئەوەیە: کە ئەچی زوتر سەلام ئەکاو ئاشت ئەبێتەوە.

(وَلاَ يَبِعْ بَعْضُكُمْ) هەندێك لە ئێوە کڕینو فرۆشتەنی مەکەن (عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ) بە سەر کڕینو فرۆشتەنی ئەوانیتردا وەك یەکێك بە فرۆشیار بڵێ: ئەو شتە مەفرۆشە بە فلانکەس، بیفرۆشە بە من، پارەت زیاتر ئەدەمێ. یان بڵێتە کڕیار: ئەو شتەی لێمەکڕەو بیدەوە، ئینجا من هەمان شتت ئەدەمێ بە هەرزانتر. ئەم جۆرە کردەوانە حەرامن.

وَكُونُوا عِبَادَاللهِ إِخْوَانًا، اَلْمُسْلِمُ أَخُوالْمُسْلِمِ: لاَ يَظْلِمُهُ وَلاَ يَخْذُلُهُ وَلا يَكْذِبُهُ وَلاَ يَحْقِرُهُ، اَلتَّقْوَى هَاهُنَا–وَيُشِيرُﷺ إِلَى صَدْرِهِ ثَلاَثَ مَرَّاتَ– بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ، كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ: دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ﴾ رواهُ مُسْلِم.

(وَكُونُوا عِبَادَ اللهِ إِخْوَانًا) ئەی بەندەکانی خوا، ئێوە ببنە برای یەکتری کاری وا بکەن کە ببن بە براو یەکتریتان خۆش بوێ.

(اَلْمُسْلِمُ أَخُوالْمُسْلِمِ) موسوڵمان برای موسوڵمانە (لاَ يَظْلِمُهُ) نابێ ستەمی لێبکا (وَلاَ يَخْذُلُهُ) نابێ سەرشۆڕی بکا. واتە: ئەبی یارمەتی بداو لە هاواری بچێو نەیەڵێ کەس ستەمی لێبکا (وَلاَ يَكْذِبُهُ) نابێ درۆی لەگەڵ بکا لە هیچ بابەتێکا، بەڵام بۆ ئاشتکردنەوە درۆ کردن دروستەو بۆ پاراستنی موسوڵمانیش لە زۆردارێك دروستە.

(وَلاَ يَحْقِرُهُ) نابێ بە چاوی سوكو بێنرخ تەماشای بکەی، چونکە تۆ نازانی کامتان لە لای خوا بەڕێزن، کەوابوو: خۆشت بە زۆرو زڵ دامەنێ.

(اَلتَّقْوَى هَاهُنَا) ترسی خوا لە ناو ئێرەدایە (وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ) پێغەمبەرﷺ سێ جار دەستی خۆی لە سەر سینگیخۆی داناو هەر ئەیفەرموو: لە خواترسان لە ناو دڵدایە. واتە: ئەگەر دڵ گونجاو و باش بێ، هەموو کردەوکانیش باش ئەبن، خوای گەورە تەماشای جلو بەرگو لاشەتان ناکا، بەڵکو تەماشای ناو دڵتان ئەکا: ئایا چۆنە.

(بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ) مرۆڤی موسوڵمان ئەو خراپەیەی بەسە (أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ) کە بە چاوی سوكو بێنرخ تەماشای برای موسوڵمانی بکا.

(كُلُّ الْمُسْلِمِ) هەموو شتێکی موسوڵمانان (عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ) لە سەر موسوڵمان حەرامە: (دَمُهُ) خوێن ڕشتنی موسوڵمان حەرامە بە ناهەق (وَمَالُهُ) سامانی موسوڵمان حەرامە بیخۆی، یان لە ناوی بەری بە ناهەق (وَعِرْضُهُ) ئابڕوبردنو نامووس بردنی موسوڵمان حەرامە بە هەر شێوەیەك بێ کە شەرع ئیزنت نەدا (رواهُ مُسْلِم) ئیمام (موسلیم) گێڕاویەتیەوە.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١– (وَلاَ تَبَاغَضُوا، وَلاَ تَدَابَرُوا): دوژمنایەتیو ڕق لێهاتنو دەنگ ڕاگرتنو پشت لە یەکتری کردن لە بەر خاتری دونیا نیشانەی کەم دینیو بەدبەختییە، بەڵام لە پێناوی خواو پێغەمبەرﷺ نیشانەی ئیمانی تەواوە، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿أَوْثَقُ عُرَى الإِيمَانِ: اَلْمُوالاَةُ فِي اللهِ وَالْمُعاداةُ فِي اللهِ وَالْحُبُّ فِي اللهِ وَالْبُغْضُ فِي اللهِ﴾ رواهُ الطبراني، توندترین دەست پێوەگرەکانی ئیمان: دۆستایەتییە لە پێناویخوا، دوژمنایەتییە لە پێناویخوا، خۆشویستنە لە پێناویخوا، ڕق لێهاتنە لە پێناویخوا.

٢– (الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ سِتٌّ: إِذَا لَقِيتَهُ فَسَلِّمْ عَلَيْهِ، وَإِذَا دَعَاكَ فَأَجِبْهُ، وَإِذَا اسْتَنْصَحَكَ فَانْصَحْ لَهُ، وَإِذَا عَطَسَ فَحَمِدَ اللهَ

(اَلْحَديثُ السّادس والثّلاثُون: فی الإحْسان إلَی النَّاس، وَتلاوَة الْقُرْآن)

﴿ عَنْ أَبیهُرَیْرَةَ رضي الله عنه عَنَ النَّبیِّ ﷺ قالَ: مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْیَا نَفَّسَ اللهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ یَوْمِ الْقِیَامَة، وَمَنْ یَسَّرَ عَلَی مُعْسِرٍ یَسَّرَ اللهُ عَلَیْهِ فِی الدُّنْیَا وَالآخِرَة،

فَشَمِّتْهُ، وَإذَا مَرِضَ فَعُدْهُ، وَإِذَا مَاتَ فَاتَّبِعْهُ﴾ رواهُ مُسْلِم، مافی موسولْمان له سەر موسولْمان شەشە: كه دەیگەیێ سەلامی لێبكە، هەر كاتێك بۆ خواردن بانگی كردی لەگەڵی برۆ، هەر كاتێك داوای ئامۆژگاریی لێكردی ئامۆژگاریی بكە، هەر كاتێك پژمیو گوتی: (الْحَمْدُ لله). پێی بڵێ: (یَرْحَمُكَ الله). هەر كاتێك نەخۆش بوو سەردانی بكە، هەر كاتێك مرد لەگەڵ تەرمەكەی برۆ گۆرستان.

٣- (بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ یَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ): **بزانە:** ڕێزنەگرتنی مرۆڤی گەورەو زاناو ماقوڵو ئایین پەروەر هەر له خۆیدا سوكایەتی‌یە بە برای موسوڵمان، چونكه ئەم پلەیە خوا پێی بەخشیوەو پێویستە ئێمەش ڕێزی لێبنێین، پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿إنَّ مِنْ إجْلاَلِ اللهِ إكْرَامَ ذیالشَّیْبَةِ الْمُسْلِمِ، وَحَامِلِ الْقُرْآنِ غَیْرِ الْغَالِیفِیهِ وَالْجَافِیعَنْهُ، وَإِكْرَامَ ذِیالسُّلْطَانِ الْمُقْسِطِ﴾ رواهُ أبوداود، بە گەورە ناسینی خوا، لەوەدایە: كە ڕێز له ڕیش سپیو پیری موسوڵمان بندرێ، ڕێز لەو قورئانخوێنە بندرێ: كە له سنوری قورئان تێناپەڕێو لێیشی دوور ناكەوێ، ڕێز له كاربەدەستی دادپەروەر بندرێ.

كەوابوو: پێویستە له ڕۆیشتنی ڕێگەو له دانیشتنو هەڵسان ئەم ڕێزە ڕەچاو بكرێ، چونكه پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿أَنْزِلُوا النَّاسَ مَنَازِلَهُمْ﴾ رواه مسلم وأبوداود، ئەم خەڵكە بە قەد پلەی خۆیان ڕێزیان لێبنێن.

﴿ حەدیسی سیو شەشەم: چاكە لەگەڵ خەڵكو، خوێندنی قورئان ﴾

(عَنْ أَبیهُرَیْرَةَ رضي الله عنه، عَنَ النَّبِیِّ ﷺ قالَ) گێڕدراوەتەوە له (أبیهریرة): پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ) هەر كەسێك لاببا له سەر موسوڵمانێك (كُرْبَةً) ئازارو تەنگانەیەك (مِنْ كُرَبِ الدُّنْیَا) له ئازارو مەینەتەكانی دونیا (نَفَّسَ اللهُ عَنْهُ) له پاداشی ئەوە، خوای گەورە له سەر ئەوی لائەبا (كُرْبَةً) تەنگانەیەك (مِنْ كُرَبِ یَوْمِ الْقِیَامَةِ) له تەنگانەو مەینەتیەكانی ڕۆژی دوایی، واتە: هەركەسێك موسوڵمانێك ڕزگار بكا له تەنگانەیەكی دونیا، خوای گەورەش ئەوی ڕزگار ئەكا له تەنگانەی ڕۆژی دوایی.

(وَمَنْ یَسَّرَ) هەر كەسێك كارێك ئاسان بكا (عَلَی مُعْسِرٍ) بۆ قەرزدارێكی دەست كورتو هەژار: بەو جۆرەی قەرزەكەی بۆ بداتەوە، یان بیبورێو گەردەنی ئازاد بكا، یان ماوەكەی بۆ دوا بخا (یَسَّرَ اللهُ عَلَیْهِ) خوای گەورە كارو داخوازی‌یەكانی بۆ ئاسان ئەكا (فِی الدُّنْیَا وَالآخِرَةِ) له دونیاو قیامەت.

وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ، وَاللهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ، وَمَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا سَهَّلَ اللهُ لَهُ بِهِ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ، وَمَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللهِ تَعَالَى يَتْلُونَ كِتَابَ اللهِ تَعَالَى وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ إِلاَّ نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ وَحَفَّتْهُمُ الْمَلائِكَةُ وَذَكَرَهُمُ اللهُ

بزانە: باری قەرزداری زۆر بارێکی گرانە، بۆیە ئەو کەسەی باری قەرزداری لە سەر کەسێك لائەبا خوای گەورە پاداشتی لە دونیاو قیامەت ئەداتەوە، لە فەرموودەی پێغەمبەرﷺ هاتوە: ﴿**ئەو جۆرە کەسە دوعای قبوڵەو لە ڕۆژی دوایی لە ژێر سێبەری عەرشی خوادایە**﴾.

(وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا) هەر کەسێك عەیبی موسوڵمانێك دابپۆشێ، واتە: ئەگەر گوناهێکی کرد، یان ناتەواویەکی هەبوو، یان سەرشۆڕیەکی بە سەر هات، ئەوانەی لێ ئاشکرا نەکاو بۆی دابپۆشێ، وە ئەگەر دەستکورت بوو، جلو بەرگی بۆ بکا (سَتَرَهُ اللهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ) خوای گەورە لە پاداشتی ئەم پۆشینە، لە دونیاو قیامەت دایئەپۆشێو عەیبی ئاشکرا ناکا، جا ئەی موسوڵمان: گوناهو عەیبو ناتەواوی کەس ئاشکرا مەکە، چۆن بە خۆت شەرم ئەکەی عەیبت ئاشکرا ببێ، خەڵکیش ئەوهایە، بە تایبەتی جیران نابێ نهێنیەکانی جیران ئاشکرا بکا، هەر کەس عەیبو عاری خەڵك ئاشکرا بکا، خوای گەورە ڕیسوای ئەکا، با لە ناوماڵی خۆیشی بێ.

(وَاللهُ فِي عَوْنِ العَبْدِ) خوای گەورە لە یارمەتی بەندەی خۆیدایە (مَا كَانَ العَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ) هەرچەندی بەندە لە یارمەتی برای خۆیدا بێ. کەواتە: ئەبێ موسوڵمان بە ئیشو کاری خەڵك خەریك بێو پێویستیەکانیان بۆ جێبەجێ بکا، چونکە بە یارمەتیدانی موسوڵمانان خوا لە تاوانەکانی خۆش ئەبێو لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری ئەکا.

(وَمَنْ سَلَكَ طَرِيقًا) هەر کەسێك ڕێگایەك بگرێتە بەر (يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا) لەو ڕێگایە مەبەستی زانستیەکی سودبەخش بێ بۆ موسوڵمانانو ڕاهی خوای مەبەست بێ (سَهَّلَ اللهُ لَهُ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ) خوای گەورە ڕێگەیەکی بەهەشتی بۆ ئاسان ئەکا، بەڵام ئەگەر خوێندنەکەی بۆ خوا نەبێ، با چاوەڕوانی ئەو پاداشتە نەبێ لە لای خوا.

(وَمَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ) هەر کۆمەڵێك کۆ ببێتەوە (فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللهِ تَعَالَى) لە ماڵێك لە ماڵەکانی خوا، وەك مزگەوتو قوتابخانەکانی ئایینی (يَتْلُونَ كِتَابَ اللهِ تَعَالَى) قورئانی پیرۆز بخوێننو (وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ) یەکتری فێرە قورئان خوێندن بکەن (إِلاَّ نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ) ئەوانە ئارامیو دڵنیایییان بە سەردا ئەبارێو (وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ) وە ڕەحمەتو میهرەبانی دایان ئەپۆشێ، واتە: لەو کاتەدا دڵیان خۆشەو هێمنایی دێتە ناو (وَحَفَّتْهُمُ الْمَلائِكَةُ) فریشتەی خوا دەوریان لێئەدەنو گوێیان لێڕائەگرنو ماوە نادەن شەیتان تخونیان بکەوێ (وَذَكَرَهُمُ اللهُ)

فِيمَنْ عِنْدَهُ، وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ﴾ رواهُ مُسْلِم بِهَذَااللَّفْظ.

خوای گەورە باسی چاكەیان ئەكا (فِيمَنْ عِنْدَهُ) لە لای ئەوانەی ڕێزو پلەی باڵایان هەیە لەلای خوا، وەكو پێغەمبەران-عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام- وە ئەنجومەنی باڵای فریشتەكان.

ماشەڵڵا! لەم باغچە خۆشەو لەو لاوە جوانانەی لە مزگەوتەكان قورئان ئەخوێننو فریشتەی خوا هاونشینیانن، خوا بۆ خاتری ئەوان ئێمەش عەفوو بكا، فەرموودەیەكی درێژی پێغەمبەرﷺ لەو بارەیەوە هەیە: كە ﴿لە كۆتاییدا خوا ئەفەرموێ: ئەی فریشتەكانی من وا من لێیان خۆش بوم. فریشتەكان ئەڵێن: خوایە، فلانكەس هاتۆتە لایان ئیشی تایبەتی خۆی هەیەو لەو كۆمەڵە نیە؟ خوای گەورە ئەفەرموێ: بە هۆی ئەوان ئەوەی لەگەڵیشیان دانیشێ بەدبەختو بێبەش نابێ﴾. واتە: ئەویش بەختەوەرەو ڕەحمەتی خوا ئەیگرێتەوە(بوخاری)و (موسلیم) گێڕاویەتیانەوە.

هەروەها پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ﴾ رواهُ البخاري، واتە: باشترینتان كەسێكە خۆی فێرە قورئان بێو خەڵكیش فێر بكا.

(وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ) هەركەسێك كارو كردەوەی خۆی دوای بخا لە كاروانی زانایانو پیاوچاكان (لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ) نەژادو بنەماڵەی خۆی بەرەو پێشی ناباو لە ڕۆژی دوایی ناگاتە پلەی خواپەرستان، ئەگەر لە دونیاش بە فرِوفێڵو خاترانەی باوكو باپیری پلەیەك وەدەست بێنێ، لە ڕۆژی دوایی لە سەر پردی جەهەننەم=(الصِّراط) لە دوایێ ئەمێنێو هاوار بۆ حاڵێ. بڕوانە حەدیسی (٣٨) (رواهُ مُسْلِم) ئیمام (موسلیم) گێڕاویەتیەوە.

پیاو ئەو پیاوەیە بە چاكە پیاو بێ
نەك بە هۆی باوكی ناوبانگی دیار بێ

ئینجا بزانە: مرۆڤ بە هۆی زانستی ئایینی ئەچێتە ڕیزی پێغەمبەرانو شەهیدان، بەڵكو لە پلەی پێغەمبەران بەرەو خوارتر یەكسەر ڕیزی زانایانە ﴿عَنْ عُثْمانَ رضي الله عنه قالَ النَّبِيُّﷺ: يَشْفَعُ يَوْمَ الْقِيامَةِ ثَلاثَةٌ: الأَنْبِياءُ، ثُمَّ الْعُلَماءُ، ثُمَّ الشُّهَداءُ﴾ رواهُ ابن ماجە، واتە: لە ڕۆژی دوایی پێغەمبەران-عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام- شەفاعەت ئەكەن، ئینجا زانایانی ئایینی، ئینجا شەهیدانی ڕێگای خوا. خودا بە بەر شەفاعەتی ئەمانەمان بدا.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا): **بزانە:** هەر كاتێك (جهاد)كردن (فَرْضُ الكفايـة) بوو، حەرامە: بە بێئیزنی دایكو باوك (جهاد) بكا، بەڵام بە سەفەرچوون بۆ فێربوونی زانستی ئایینی بە بێئیزنی دایكو باوكیش دروستە-بڕوانە (تحفة)- پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَنْ خَرَجَ فِي طَلَبِ الْعِلْمِ فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللهِ حَتَّى يَرْجِعَ﴾ رواهُ التِّرمذی، هەر كەسێك بۆ خوێندنی ئایینی لە ماڵەوە دەربچێ: ئەوە لە (جهاد)ی ڕێگای خوادایە تا ئەگەڕێتەوە.

(اَلْحَديثُ السّابِع والثّلاثُون: اَلْحَسنَةُ بعَشْرِ أَمْثالها إلَى سَبْعمأَة ضعْف)

﴿ عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما: عَن رَسُول اللهِﷺ فِيمَا يَرْوِيه عَنْ رَبِّه تبارَكَ وَتَعالَى، قَالَﷺ: إنَّ اللهَ كَتَبَ الْحَسَنَات وَالسَّيِّئَات ثُمَّ بَيَّنَ ذَلِكَ: فَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللهُ تَعالَى عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً،

٢- (فِي بَيْت مِنْ بُيُوت اللهِ تَعالَى): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إنَّ هَذه الْمَساجِدَ لاَ تَصْلُحُ لِشَيْءٍ مِنْ هَذَا الْبَوْلِ وَلاَ الْقَذَرِ إِنَّما هِيَ لِذكْرِ اللهِ تَعالَى وَقِراءَة الْقُرْآن﴾ رواهُ مُسْلِم، ئەم مزگەوتانە، ناگونجێن بۆ میز لێکردن و چڵکنی، بەڵکو مزگەوت بۆ نوێژو زیکری خواو خوێندنی قورئان دانراوە، شاعیرێکی موسوڵمان ئەڵێ:

قورئان بەرنامەی ژینمانە   ئیسلام ڕێبازی دینمانە

ئەوەی مزگەوت پێی بگەیێنێ   خاك و میللەت نادۆڕێنێ

ئەوەی دوورە لە ماڵی خوا   نازانێ چۆن بژێی و بڕوا

٣- (يَتْلُونَ كتَابَ اللهِ تَعالَى): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿فَلأَنْ يَغْدُوَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْمَسْجِد فَيَتَعَلَّمَ آيَتَيْنِ مِنْ كِتَابِ اللهِ تَعالَى خَيْرٌ لَهُ مِنْ نَاقَتَيْنِ﴾ رواهُ مُسْلِم، کە یەکێکتان هەموو ڕۆژێك بڕواتە مزگەوت، دوو ئایەتی قورئان فێر ببێ، خێری زۆرترە لە وەدەستهێنانی دوو ووشتر.

٤- (لَمْ يُسْرِعْ به نَسَبُهُ): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿يَا مَعْشَرَ بَنِيعَبْدالْمُطَّلب أَنْقِذُوا أَنْفُسَكُمْ يَا فَاطِمَةُ بِنْتَ مُحَمَّد أَنْقذي نَفْسَكِ مِنَ النَّار فَإنِّي لاَ أَمْلِكُ لَك ضَرًّا وَلاَ نَفْعًا، إنَّ لَك رَحِمًا سَأَبُلُّهَا بِبِلاَلِهَا﴾ رواهُ التِّرمذي، ئەی نەتەوەی پشتی (عبدالمطلب)ی باپیرم، خۆتان ڕزگار بکەن لە ئاگری دۆزەخ بە کردەوەی چاکە، چونکە لە ڕۆژی دوایی زیان و سودی ئێوە لە دەستەڵاتی مندا نیە، ئەی (فاطمة)ی کیژم خۆت ڕزگار بکە لە ئاگری دۆزەخ بە کردەوەی چاکە، چونکە زیان و سودی تۆ لە دەستەڵاتی مندا نیە، لەگەڵ من ڕەحمێکت هەیە، مافی ئەم ڕەحمەت لە دونیادا ئەدەمێ.

﴿ حەدیسی سی و حەفتەم: چاکە یەك بە دە -تا- حەفت سەدە ﴾

(عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنهُمَا: عَنْ رَسُولِ اللهِ)ﷺ (ئیبن عەبباس) خوا لێیان ڕازی بێ لە پێغەمبەرﷺ ئەگێڕێتەوە (فِيمَا يَرْوِيه عَنْ رَبِّه تَبارَكَ وَتَعالَى) لەو حەدیسە قودسیانەی پێغەمبەرﷺ لە خوای گەورە دەگێڕێتەوە (قَالَ: إنَّ اللهَ كَتَبَ الْحَسَنَات) پێغەمبەرﷺ فەرمووی: خوای گەورە فەرمانی داوەتە فریشتەکان بە نووسینی چاکەکان و (وَالسَّيِّئَات) خراپەکان (ثُمَّ بَيَّنَ ذَلِكَ) ئینجا خوای گەورە بۆی ڕوون کردونەوە چۆن بینوسن:

(فَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ) ئەگەر کەسێك ویستی چاکەیەك بکا (فَلَمْ يَعْمَلْهَا) ئینجا بۆی ڕێك نەکەوت بیکا (كَتَبَهَا اللهُ تَعالَى عِنْدَهُ) خوای گەورە ئەو ویستنەی لە لای خۆی بۆی ئەنووسێ (حَسَنَةً كَامِلَةً) بە چاکەیەکی تەواو، چونکە نیازێکی باشی هەبووە.

وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللهُ تَعالَى عِنْدَهُ عَشْرَ حَسَنَات إِلَى سَبْعمأة ضِعْف إِلَى أَضْعَاف كَثِيرَة، وَإِنْ هَمَّ بِسَيِّئَة فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللهُ تَعالَى عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً، وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللهُ سَيِّئَةً وَاحِدَةً ﴾ رواهُ البخاري وَمُسْلِم.

(وَإِنْ هَمَّ بِهَا) هەروەها ئەگەر ویستی چاكەیەك بكا (فَعَمِلَهَا) چاكەكەشی كرد (كَتَبَهَا اللهُ تَعالَى عِنْدَهُ) خوای گەورە ئەو چاكەیەی لە لای خۆی بۆ ئەنووسێ (عَشْرَ حَسَنَاتٍ) بە دە چاكە، چونكە خێری چاكە: یەك بە دەیە، بەڵام جاری وا هەیە ئەگەر خوای گەورە حەز بكا خێری چاكە لەم دەیە بۆ هەندێ كەس زۆرتر ئەكا (إِلَى سَبْعمِأَةِ ضِعْفٍ) تا ئەگاتە حەفت سەد چاكەو (إِلَى أَضْعَافٍ كَثِيرَةٍ) هەتا خوا بە خۆی حەز ئەكا هەر چاكەی زۆرتر بۆ ئەنووسێ.

بۆ وێنە: یەك دەنكە گەنم لە زەویی‌یەكی باشدا بچێنە، وا دەبێ لەم دەنكە حەفت گوڵی لێدەردەچێ، هەر گوڵەش سەد دانەی تێدایە، ئەبێ بە حەفت سەد، خۆ ئەگەر ئەم بەرهەمە جارێكی‌تر بچێنیەوە، هەر خوا ئەزانێ چەند زۆر ئەبێ، چاكەش ئەوهایە.

(وَإِنْ هَمَّ بِسَيِّئَةٍ) ئەگەر كەسێك ویستی خراپەیەك بكا (فَلَمْ يَعْمَلْهَا) بەڵام لە ترسی خوا نەیكرد (كَتَبَهَا اللهُ تَعالَى عِنْدَهُ) خوای گەورە ئەم نەكردنەی لە لای خۆی بۆ ئەنووسێ (حَسَنَةً كَامِلَةً) بە چاكەیەكی تەواو، چونكە لە ترسی خوا نیازی خۆی پاك كردۆتەوە، بەڵام ئەگەر لە ترسی خوا وازی لێنەهێنا، بەڵكو دەستەڵاتی نەبو بیكا، یان بۆی رێك نەكەوت، ئەوە چاكەی بۆ نانووسرێ، بەڵكو تەنها خراپەكەی لە سەر نانووسرێ.

(وَإِنْ هَمَّ بِهَا) وە ئەگەر ویستی خراپەكە بكاو (فَعَمِلَهَا) خراپەكەشی كرد (كَتَبَهَا اللهُ سَيِّئَةً وَاحِدَةً) خوای گەورە تەنها یەك خراپەی لە سەر ئەنووسێ‌و سزای یەك خراپەی لێوەرئەگیرێ، ئەمەش لە گەورەیی خوایە، چونكە زۆر جاری وا هەیە: مرۆڤ بیر لە خراپە كردن ئەكاتەوەو ئەیەوێ خراپەیەك بكا، بەڵام هەتا بە دەست، یان بە زوبان خراپەكە نەكا، لە سەری نانووسرێ (رواهُ البخارِي وَمُسْلِم) ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم) گێراویەتیانەوە.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (كَتَبَهَا اللهُ تَعالَى عِنْدَهُ عَشْرَ حَسَنَات): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِذَا أَحْسَنَ أَحَدُكُمْ إِسْلامَهُ فَكُلُّ حَسَنَة يَعْمَلُهَا تُكْتَبُ لَهُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا إِلَى سَبْعمأة ضِعْف، وَكُلُّ سَيِّئَة يَعْمَلُهَا تُكْتَبُ لَهُ بِمثْلِهَا، إِلاَّ أَنْ يَتَجَاوَزَ اللهُ عَنْهَا﴾ رواهُ الشَّيْخان، هەر كاتێك یەكێكتان بووە موسوڵمانێكی بێگەرد، هەر چاكەیەكی ئەیكا بە دە چاكەی بۆ ئەنووسرێ تا حەفت سەد، وە هەر خراپەیەكی ئەیكا، هەر بە یەك خراپەی بۆ ئەنووسرێ، مەگەر خوا چاوپۆشیی لێبكا.

٢- (وَإِنْ هَمَّ بِسَيِّئَة فَلَمْ يَعْمَلْهَا): **بزانە:** هەر كەسێك بە سەر دڵی‌دا بێ خراپەیەك بكا، ئەوە لە سەری نانووسرێ تا ئەیكا، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللهَ تَجَاوَزَ لأُمَّتِي مَا حَدَّثَتْ بِهِ

(اَلْحَدِيثُ الثّامن والثّلاثُون: فى مُوالاة الله تعالَى)

﴿ عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: إِنَّ اللهَ تعالَى قَالَ: مَنْ عَادَى لِى وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ، وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِى بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُهُ عَلَيْه،

أَنْفُسُهَا مَا لَمْ يَتَكَلَّمُوا أَوْ يَعْمَلُوا بِه﴾ رواهُ مُسْلِم، خوای گەورە چاوپۆشی ی لە ئوممەتی من کردوە لەو خراپانەی بە سەر دڵیاندا دێ، بەو مەرجەی نەیکەنو بە زوبانیش نەیڵێن.

بەڵام ئەگەر ویستی خراپەیەك بکاو دەستی پێکردو سوور بوو لە سەر کردنیو بۆی نەگونجا بیکا، ئەوە تاوانی ئەو نیازە خراپەی بۆ ئەنووسرێ هەروەك پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِذَا تَوَاجَهَ الْمُسْلِمَان بِسَيْفَيْهِمَا فَالْقَاتِلُ وَالْمَقْتُولُ فِى النَّارِ! قِيلَ: فَهَذَا الْقَاتِلُ فَمَا بَالُ الْمَقْتُولِ؟ قَالَ ﷺ: إِنَّهُ أَرَادَ قَتْلَ صَاحِبِه﴾ رواهُ الشَّيْخَان، هەر کاتێك دوو موسوڵمان ڕووبەڕووی یەکتر بونو یەکێکیان ئەویتری کوشت، هەردووکیان ئەچنە ئاگری دۆزەخ! گوترا: باشە، ئەمەیان مرۆڤکوژەکەیە تاوانی دیارە، بەڵام کوژراوەکە بۆچی ئەڕواتە دۆزەخ؟ فەرمووی: چونکە ئەویش ویستی ئەویتر بکوژێو سوور بوو لە سەر تاوانەکە.

﴿ حەدیسی سی و هەشتەم: دۆستایەتی خوای گەورە ﴾

(عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ) ئەبوهورەیرە ئەفەرموێ: (قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ) پێغەمبەر ﷺ لە حەدیسێکی قودسیدا ئەفەرموێ: (إِنَّ اللهَ تَعَالَى قَالَ) خوای گەورە هەڕەشە ئەکاو ئەفەرموێ: (مَنْ عَادَى) هەر کەسێك دوژمنایەتی بکا (لِى وَلِيًّا) لەگەڵ دۆستێکی من (فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ) ئاگاداری ئەکەمەوە: کە من بە خۆم جەنگی لەگەڵ ئەکەم لەجیاتی دۆستەکەی خۆم، چونکە دوژمنایەتی لەگەڵ مندا ئەکا، خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ خوای گەورە بەرگری لەو کەسانە ئەکا: کە ئیمانیان هێناوە. کەوابوو: گشت ئیمانداریکی ڕاستەقینە دۆستی خوایەو بە ناهەق دژایەتییان مەکە، چونکە خوای گەورەماڵوێرانت ئەکا.

بزانە: دۆستی خوا کەسێکە زۆر خواپەرست بێو غەمخۆری ئیسلام بێو ماڵخۆری خەڵك نەبێو زۆریش لە خوا بترسێو خواناس بێ.

دیسان **بزانە:** ڕیبا خۆر و ڕێگر، هەردووکیان بەو جۆرە دوژمنەی خوا داندراون: کە خوا بەخۆی جەنگیان لەگەڵ ئەکا، چونکە زیانیان زۆرە بۆ باری ئابووریو خوێنی خەڵك.

(وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِى) بەندەی من ناتوانێ خۆی لە من نزیك بکاتەوە (بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ) بە هیچ کردەوەیەکی وا: کە من لە لام خۆشەویستتر بێ (مِمَّا افْتَرَضْتُهُ عَلَيْه) وەك بەو شتانە نزیك ئەبێتەوە کە لە سەرم واجب کردوە، واتە: بەجێهێنانی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ ئەبنە هۆی نزیکبوونەوە لە خوای گەورە زیاتر لە هەموو کردەوەیەکیتر، چونکە خێری واجب حەفتا پلەی زۆرترە لە سوننەت.

وَلاَ يَزَالُ عَبْدِي يَتقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ، فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطُشُ بِهَا وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا، وَإِنْ سَأَلَنِي لأُعْطِيَنَّهُ وَلَئِنْ اسْتَعَاذَنِي لأُعِيذَنَّهُ﴾ رواهُ البخاري.

(وَلاَ يَزَالُ عَبْدِي) بەندەی من بەردەوام ئەبێو واز ناهێنێ (يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ) بەرە بەرە خۆی لە من نزیك ئەكاتەوە (بِالنَّوَافِلِ) بە كردنی سوننەتەكان، پاش ئەوەی واجبەكان بكا؟ چونكە ئەگەر واجبەكان نەكا سودی نیە (حَتَّى أُحِبَّهُ) هێندە سوننەت ئەكا هەتا خۆشم ئەوێ.

پێناسە: سوننەت ئەوەیە: بە كردنی پاداشتت بدرێتێو بە وازهێنانی سزا نەدرێی.

بزانە: لە هەموو سوننەتەكان گەورەتر نوێژی سوننەتە، بە تایبەتی شەونوێژ، لە هەموو زیكرێكیش گەورەتر قورئان خوێندنە، چونكە زووتر لە خوای گەورەت نزیك ئەكاتەوە، كەوابوو: ئەی موسوڵمان: پاش ئەوەی واجبەكانت هەموو كردن، بە گوێرەی توانا نوێژی سوننەتو رۆژوو خێركردنو قورئانخوێندنو زیكری خوا بكە، بەمە لە لای خوا خۆشەویست ئەبی.

(فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ) جا هەر كاتێك بەندەی خۆمم خۆشویست (كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ) بۆی ئەبمە ئەو گوێیەی كە پێی ئەبیسێ، واتە: هەرچی بۆ رەزای من نەبێ، گوێی لێناگرێ، ئەوەی بۆ رەزای من بێ گوێی ئەداتێ (وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ) بۆی ئەبمە ئەو چاوەی كە پێی تەماشا ئەكا، واتە: ئەوەی من پێی رازی نەبم تەماشای ناكا (وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطُشُ بِهَا) بۆی ئەبمە ئەو دەستەی هەڵمەتی پێ ئەبا، واتە: دەست درێژ ناكا بۆ شتێ كە من پێی رازی نەبم، بە كاری ئەهێنێ لە چاكە كردن (وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا) بۆی ئەبمە ئەو قاچەی كە پێی ئەڕوا، واتە: هاتوچوونەكەی بۆ رازیبوونی خوا ئەبێ.

ئینجا كە مرۆڤ واجبەكانی بە پوختی كردنو زیاد لەمەش سوننەتی كردنو دیتنو بیستنو رۆیشتنو دەست بۆ بردنی هەر بۆ خوا بوو، خوای گەورەش بێ دڵی ناكا، بۆیێ ئەفەرموێ: (وَإِنْ سَأَلَنِي) هەر شتێكم داوا لێبكا (لأُعْطِيَنَّهُ) بێگومان پێی ئەبەخشم (وَلَئِنِ اسْتَعَاذَنِي) ئەگەر داوای پەنادانم لێبكا (لأُعِيذَنَّهُ) بێگومان پەنای ئەدەمو ئەیپارێزم (رواهُ البخاري) ئیمامی (بوخاری) گێڕاویەتیەوە.

ئاگاداری: لەو حەدیسە پیرۆزە بۆمان دەركەوت هیچ كەسێك بە بنەچەكەو بنەماڵە نابێتە دۆستی خوا، هەروەها بە جلی شڕو چڵكاویو خۆ گێلكردن نابێتە دۆستی خوا، پێغەمبەرﷺ (١١٤٠٠) سەدوچواردە هەزار سەحابەی هەبون، هەموویان دۆستی خوا بون چونكە خواپەرستو تێكۆشەرو چالاك بونو لە رێگای خوا جیهادیان ئەكردو گیانو ماڵی خۆیان فرۆشتە خوای گەورەو دۆستایەتی دوژمنانی خوایان نەئەكردو كچو ژنی رووتیان لە ماڵەوە نەبو، كەوابوو: دۆستی خوا بەم تەرازووە تاقی بكەوە.

(اَلْحَدِيثُ التّاسع والثّلاثُون: رَفْعُ الْحَرَجِ عَنْ بَعْضِ النَّاسِ)

﴿ عَنْ ابنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: إِنَّ اللهَ تَجَاوَزَ لِي عَنْ أُمَّتِي اَلْخَطَأَ،

ئینجا بزانه: ئەتوانین ئەم حەدیسە لەم ئایەتە پیرۆزەدا کۆ بکەینەوە ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ ئەی پێغەمبەرﷺ بەم خەڵکە بڵێ: ئەگەر بە ڕاستی ئێوە خواتان خۆش ئەوێ، شوێن بەرنامەی من بکەون، تاکو خوا خۆشی بوێن‌و لە گوناهتان خۆش ببێ. کەواتە: هەرکەسێك بە یاسای ئیسلام ڕەفتار نەکا، ئەوە ئاشکرایە کە خواو پێغەمبەریﷺ خۆش ناوێ‌و ماڵوێرانە.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا): ئەتوانین بڵێین: دۆستی خوا لەم ئایەتەدا باسیان کراوە، کە خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَمَنْ يُطِعِ اللهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا﴾ واتە: هەر کەسانێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرﷺ بن، ئەوانە لەگەڵ ئەو کەسانە حەشریان ئەکرێ: کە خوای گەورە نیعمەتی بە سەردا باراندون: کە پێغەمبەران‌و یارە ڕاستگۆیەکانی پێغەمبەران‌و شەهیدان‌و پیاوچاکانن، ئای ئەمانە چەند هاوڕێی باش‌و بەڕێزی بەهەشتن!.

٢- (وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُهُ عَلَيْهِ): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿أَعْذَرَ اللهُ إِلَى امْرِئٍ أَخَّرَ أَجَلَهُ حَتَّى بَلَّغَهُ سِتِّينَ سَنَةً﴾ رواهُ البخاري، خوای گەورە هیچ بەهانەی نەهێشتۆتەوە بۆ مرۆڤێك، کە نەیمراندبێ تا تەمەنی گەیشتۆتە شەست ساڵ. واتە: هیچ بیانوی بە دەستەوە نیە کە لەو ماوە درێژەدا خۆی لە خوا نزیك نەکردبێتەوە: بە ئەنجامدانی ئەو واجبانەی خوا فەرمانی پێ‌کردوە.

٣- (يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿اَلْكَيِّسُ مَنْ دَانَ نَفْسَهُ وَعَمِلَ لِمَا بَعْدَ الْمَوْتِ، وَالْعَاجِزُ مَنْ أَتْبَعَ نَفْسَهُ هَوَاهَا وَتَمَنَّى عَلَى اللهِ الأَمَانِيَّ﴾ رواهُ التّرمذی، مرۆڤی ژیرو عاقڵ ئەو کەسەیە: بە خۆی دابێتەوەو لێپێچانەوە لەگەڵ خۆی‌دا بکاو کردەوەی باش بکا بۆ دوای مردن، مرۆڤی تەمبەڵ‌و گێل ئەو کەسەیە: بە دوای هەواو هەوەسی خۆی بکەوێ‌و خۆزگە لە خوا بخوازێ‌و بڵێ: دەی دەی خوا عەفووم ئەکا.

﴿ حەدیسی سی‌و نۆیەم: لابردنی گوناهی چەند کەسێك ﴾

(عَنْ ابنِ عَبَّاسٍ)رضي الله عنهما (ئیبن عەبباس) خوا لێیان ڕازی بێ، ئەفەرموێ: (أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ) پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (إِنَّ اللهَ تَجَاوَزَ) خوای گەورە لای‌بردوە (لِي) لە بەر خاتری من (عَنْ أُمَّتِي) لە سەر ئوممەتی من (اَلْخَطَأَ) سزای گوناهێك: کە بە هەڵە بکرێ، واتە: لە ڕۆژی دوایی لە سەر ئەو گوناهە بە هەڵەیە گوناهبارەکە سزا نادا.

وَالنِّسْيَانَ، وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ﴾ حَدِيثٌ حَسَنٌ، رواهُ ابنُ ماجه وَالْبَيْهَقِي وَغَيْرُهُما.

ئاگاداری: ئەگەر ئەو گوناهە بە هەڵەیە، پەیوەندی بە ماڵ، یان بە خوێن هەبوو: وەکو کوشتنی کەسێك، یان بریندارکردنی، یان خواردنو لەناوبردنی ماڵی کەسێك، یان ماڵێکی گشتی، ئەمانە هەموویان لە دونیا تۆڵەیان هەیە.

(وَالنِّسْيَانَ) هەروەها خوای گەورە لای‌بردوە لە سەر ئۆممەتی من سزای گوناهێك: کە لە بیری چوبێتەوە، لە ڕۆژی دوایی لە سەر ئەو گوناهە گوناهبارەکە سزا نادا، وەك کەسێك سوێند بخوا: کە ئەو ئیشە ناکا. بەڵام سوێندەکەی لە بیر چۆوەو ئیشەکەی کرد، ئەوە گوناهی ناگاتێو سوێندی لێناکەوێو بۆ جارێکی‌تر سوێندەکە هەر ئەمێنێ.

ئاگاداری: ئەم گوناهەش ئەگەر پەیوەندی بە خوێنو ماڵ هەبێ: تۆڵەی دونیای لە سەر لاناچێ، هەروەها ئەگەر بە هۆی کەمتەرخەمیش لە بیری چوبێ، لە سەری لاناچێ: وەك کەسێك جلی پیس بێو نەیشوا، یان نەیگۆڕێ، ئینجا لە بیری چوو بەو جلەوە نوێژی کرد، ئەبێ دووبارەی بکاتەوە.

(وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ) هەروەها لای‌بردوە سزای گوناهێك کە بە زۆر پێیان کردبێ، بە مەرجێ زۆردارەکە توانای هەبێ: یان بیکوژێ، یان لێی‌بدا، یان بیخاتە بەندیخانە، یان ماڵی لێبستێنێ، لەو جۆرە کەسانەش بێ هەڕەشەکە بگەینێتە جێ (حَدِيثٌ حَسَنٌ، رواهُ ابنُ ماجه وَالبَيْهَقِي وَغَيْرُهُما) ئیمام (ئیبن ماجە)و (بەیهەقی)و کەسانی‌تر گێڕاویەتیانەوە.

ئاگاداری: کوشتنی بە ناهەق: بە زۆرلێکردنیش دروست نیەو لە دونیاو قیامەت سزای هەیە، هەروەها زیناش دروست نیەو لە قیامەت سزای هەیە، بەڵام ئەگەر بۆ خواردنو لەناوبردنی ماڵی کەسێکی‌تر، یان ماڵێکی گشتی زۆری لێکرا: با بیکاو تۆڵەی دونیاو قیامەت لە سەر زۆردارەکەیە.

ئینجا بزانە: خوای گەورە لە بەر خاتری پێغەمبەرﷺ چەند سەربەرزی‌یەکی‌تریشی بە موسوڵمانان بەخشیوە، کە لە چەند حەدیسی جۆراوجۆردا باسیان کراوە:

بۆ نموونە: ﴿عَن ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنهُما: عَنِ النَّبِيِّﷺ قَالَ: إنَّ اللهَ لاَ يَجْمَعُ أُمَّتِي عَلَى ضَلاَلَةٍ، وَيَدُ اللهِ مَعَ الْجَمَاعَةِ وَمَنْ شَذَّ شَذَّ إِلَى النَّارِ﴾ رواهُ التّرمذي وقال غريب، وقال الأحوذي: لَهُ شواهد. خوای گەورە ئۆممەتی من لە سەر گومڕایی کۆ ناکاتەوە، دەستی یارمەتی خوا لەگەڵ کۆمەڵدایە، هەر کەسێك لە کۆمەڵی موسوڵمانان دەرچێ بەرەو دۆزەخ ئەڕوا.

ئینجا بزانە: ئەم حەدیسە بەڵگەیە: کە (إِجْمَاع) واتە: یەکدەنگی زانایانی‌ئیسلام بەڵگەی‌سێیەمە لە دوای قورئانو حەدیس.

(اَلْحَدِيثُ الأَرْبَعُون: اَلإِسْتِعْدادُ لِلْمَوت)

﴿ عَنْ ابنِ عُمَر رضي الله عنهما قَالَ: أَخَذَ رَسُولُ اللهِﷺ بِمَنْكِبِي، فَقَالَ: (كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ)،

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (إِنَّ اللّهَ تَجَاوَزَ لِي عَنْ أُمَّتِي): ووشەی (لِی) وا ئەگەینێ: کە پێغەمبەرﷺ لە لای خوای گەورە زۆر بەڕێزە، خوای گەورە لە بەر خاتری ئەوی ئەم ئوممەتەی کردۆتە باشترین ئوممەت، ئینجا جگە لە لێبوردنی ئەم سێ تاوانە: خوای گەورە چەند ڕێزێکیتریشی لە ئێمە ناوە، هەروەك پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِأَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا﴾ رواهُ أبوداود، خوای گەورە لە سەری هەموو سەد ساڵێکدا یەکێك بۆ ئوممەتم تەرخان ئەکا، تاکو ئایینەکەی بۆ نوێ بکاتەوە.

٢- (وَالنِّسْيَانَ): هەر کەسێك بە هۆی کەمتەرخەمی شتێك لە بیر خۆی بباتەوە، ئەوە تاوانی لە سەر ئەنووسرێ، هەروەکو پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَا مِن امْرِئٍ يَقْرَأُ الْقُرْآنَ ثُمَّ يَنْسَاهُ إِلاَّ لَقِيَ اللّهَ عَزَّ وَجَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَجْذَمَ﴾ رواهُ أبوداود، هەر مرۆڤێك قورئان بخوێنێ، ئینجا لە بیری خۆی بباتەوە، لە ڕۆژی دوایی بە گروویی دێتە دادگای خوا.

٣- (اَلْخَطَأَ...وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ): هەر تاوانێك پەیوەندی بە ئادەمیزادەوە هەبێ، تۆڵەی لە سەرە، هەرچەند بە هەڵە، یان بە زۆرلێکراویش بیکا، خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ﴾، هەر کەسێك موسوڵمانێك بە هەڵە بکوژێ، ئەبی کۆیلەیەکی موسوڵمان لە (کَفّارة) ئازاد بکاو خوێنی کوژراوەکەش بداتە میراتگرەکانی کوژراوەکە.

﴿ حەدیسی چلەم: خۆ ئامادەکردن بۆ مردن ﴾

(عَنْ ابنِ عُمَر رضي الله عنهما قَالَ) ئیبن عومەر ئەفەرموێ: (أَخَذَ رَسُولُ اللهِﷺ بِمَنْكِبِي) پێغەمبەرﷺ شانی منی گرتو (فَقَالَ) فەرمووی: (كُنْ فِي الدُّنْيَا) خۆت وا لێبکە لەم دونیایەدا (كَأَنَّكَ غَرِيبٌ) وەك خەڵکی ئەم دونیایە نەبیو بێگانە بی (أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ) یان وەك ڕێبوارێك بی بەم دونیایەدا تێبپەڕی بۆ گۆڕستان.

واتە: کەسێك بێگانە بوو لە شوێنێك-چونکە بە تەمای لاچوونە- خۆی خەریك ناکا بە ماڵ دانان، ململانێ لەگەڵ کەس ناکا، هەروەها ڕێبوار هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە زووتر بگاتە شوێنەکەی خۆیو لەگەڵ ماڵو منداڵی خۆی دانیشێو پشوو بدا، کەوابوو: لە ڕێگەدا خۆی بە هیچ خەریك ناکا، جا مرۆڤی موسوڵمان ئەبی ئەوها بێ، ئەم دونیایە بە وڵاتیخۆی دانەنێ، بەڵکو وڵاتی بە ڕاستی بەهەشتی خوایەو ئەبی هەوڵ بۆ قیامەت

وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا يَقُولُ: إِذَا أَمْسَيْتَ فَلاَ تَنْتَظِرِ الصَّبَاحَ وَإِذَا أَصْبَحْتَ فَلاَ تَنْتَظِرِ الْمَسَاءَ، وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ لِمَرَضِكَ وَمِنْ حَيَاتِكَ لِمَوْتِكَ ﴾ رواهُ البخاري.

بدا، جگه له جل‌و بەرگ‌و خواردنی خۆی‌و ماڵ‌و منداڵی لەگەڵ خانوویێکی به کەڵك دانیشتن بێ، خۆی به هیچیتر لەم دونیایه خەریك ناكا.

(وكَانَ ابْنُ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا يَقُولُ) ئیبن عومەر بە واتەی ئەم حەدیسە ئەیفەرموو: (إِذَا أَمْسَيْتَ) هەر کاتێك گەیشتیه ئێواره (فَلاَ تَنْتَظِرِ الصَّبَاحَ) چاوەڕوانی ئەوه مەکه بگەیتە بەیانی (وَإِذَا أَصْبَحْتَ) هەروەها: ئەگەر گەیشتیه بەیانی (فَلاَ تَنْتَظِرِ الْمَسَاءَ) چاوەڕوانی ئەوه مەکه بگەیتەوه ئێواره. واته: با مردن له بەرچاوت بێ له هەموو کاتێکدا.

(وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ) له کاتی لەش ساغی کردەوەی زۆر بکه (لِمَرَضِكَ) بۆ ئەوەی بەشی کاتی نەخۆشیت بکا، چونکه له نەخۆشیدا خواپەرستیت بە تەواوی بۆ ناکرێ (وَمِنْ حَيَاتِكَ) هەروەها هەتا زیندووی زۆر خوا بپەرستە (لِمَوْتِكَ) تا دوای مردن سودی لێوەربگری (رواهُ البخاري) ئیمامی (بوخاری) گێڕاویەتیەوه.

بزانه: له فەرموودەیەکیتردا هاتوه: پێنج شت به دەستکەوتووی خۆت بزانه پێشی پێنج شت: گەنجیت پێشی پیربوونت، ساغیت پێشی نەخۆشیت، هەبوونیت پێشی هەژاربوونت، بێئیشیت پێشی پرئیشیت، ژیانت پێشی مردنت.

ئینجا بزانه: به خۆ ئامادەکردن بۆ مردن‌و بایەخ پێنەدانی دونیا، مرۆڤ ئەبێتە خۆشەویستی پێغەمبەرﷺ، چونکه ژیانی پێغەمبەرﷺ بەم شێوەیه بووه ﴿عَنْ عَبْد اللهِ بن مُغَفَّلٍ رضي الله عنه قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ وَاللهِ إِنِّي لأُحِبُّكَ. فَقَالَ ﷺ: أُنْظُرْ مَاذَا تَقُولُ؟ فَقَالَ: وَاللهِ إِنِّي لأُحِبُّكَ. ثَلاَثَ مَرَّاتٍ، فَقَالَ ﷺ: إِنْ كُنْتَ تُحِبُّنِي فَأَعِدَّ لِلْفَقْرِ تِجْفَافًا، فَإِنَّ الْفَقْرَ أَسْرَعُ إِلَى مَنْ يُحِبُّنِي مِنَ السَّيْلِ إِلَى مُنْتَهَاهُ﴾ رواهُ التّرمذي، پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، والله خۆشم ئەوێی. تا سێ جار، ئینجا پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەگەر ڕاست ئەکەی، خۆت بۆ هەژاری ئامادە بکە، چونکه هەژاری زووتر ئەگاتە خۆشەویستانی من له لافاو کە هەڵئەستێ‌و ئەگاتە شوێنی خۆی.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿مَنْ كَانَتِ الآخِرَةُ هَمَّهُ جَعَلَ اللهُ غِنَاهُ فِي قَلْبِهِ وَجَمَعَ لَهُ شَمْلَهُ وَأَتَتْهُ الدُّنْيَا وَهِيَ رَاغِمَةٌ، وَمَنْ كَانَتِ الدُّنْيَا هَمَّهُ جَعَلَ اللهُ فَقْرَهُ بَيْنَ عَيْنَيْهِ وَفَرَّقَ عَلَيْهِ شَمْلَهُ وَلَمْ يَأْتِهِ مِنَ الدُّنْيَا إِلاَّ مَا قُدِّرَ لَهُ﴾ رواهُ التّرمذي، هەر کەسێك هەموو هەوڵێکی بۆ قیامەت بێ، خوای گەوره دەوڵەمەندیی ئەخاتە ناو دڵی‌و هەموو کارێکی بۆ کۆ ئەکاتەوەو بۆی ڕێك دیخێ، ڕزقیشی بۆ دێ بێئەوەی هەوڵی بۆ بدا، بەڵام هەر کەسێك هەموو

(اَلْحَدِيثُ الْحادى والأَرْبَعُون: في اتِّباعِ ما جاءَ به النَّبيُّ ﷺ)

﴿ عَنْ أَبِى مُحَمَّد عَبْدالله بن عمْرو بن الْعاص رضى الله عنهما قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللهِ ﷺ: لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُم حَتَّى يَكُونَ هَواهُ تَبعاً لما جِئْتُ به ﴾

هەولّى بۆ دونيا بىّ، خواى گەورە هەژارىى ئەخاتە نێو چاوانى‌و كارەكانى لىّ پەرتەوازە ئەكاو بۆى رێك ناكەون، جگە لە بەشى خۆى رِزقى زيادى بۆ نايىّ.

٢- (وَمنْ حَيَاتكَ لمَوْتكَ): پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموىّ: ﴿إنَّ ممَّا يَلْحَقُ الْمُـؤْمنَ مـنْ عَملـه وَحَسَنَاته بَعْدَ مَوْته: علْمًا عَلَّمَهُ وَنَشرَهُ، وَوَلَدًا صَالحًا تَرَكَهُ، وَمُصْحَفًا وَرَّثَهُ، أَوْ مَسْجدًا بَنَاهُ، أَوْ بَيْتًا لاَبْنِ السَّبِيلِ بَنَاهُ، أَوْ نَهْرًا أَجْرَاهُ، أَوْ صَدَقَةً أَخْرَجَهَا منْ مَاله في صحَّته وَحَيَاته يَلْحَقُهُ منْ بَعْـد مَوْتـه﴾ رواهُ إبن ماجه، هەندێك لەو كردەوە چاكانەى ئەگەنە موسوڵمان لە دواى مردنى: زانستێكى ئايينى‌يە كە فێرى خەڵكى كردبىّ، يان بڵاوى كردبێتەوە، منداڵێكى باشە كە لە پاش مردنى دوعاى بۆ بكا، قورئانێكە بە ميرات بەجىّ هێشتبىّ، يان مزگەوتێكى دروست كردبىّ، يان خانووێكى بۆ رێبواران دروست كردبىّ، يان رِوبارێك‌و ئاوێك بۆ خواردنەوە‌و دەستنوێژ رێكى خستبىّ، يان خێرێكى بە دەستى خۆى كردبىّ لە كاتى لەش ساغى‌و ژيانى‌دا ئەويش لە دواى مردن ئەيگاتىّ.

﴿ حەديسى چل‌و يەكەم: شوێنكەوتنى ئەوەى پێغەمبەر ﷺ هێناويەتى ﴾

(عَنْ أَبِي مُحَمَّدٍ عَبْدِالله بنِ عمْرو بنِ العاصِ) رَضِىَ اللهُ عَنْهُما (عبدالله)ى كورِى (عەمر)ى كورِى (عاس) خۆى‌و باوكى سەحابەنە، يەكێكە لە چوار (عبدالله)يەكان، لە (مەككە)ى پيرۆز لە دايك بووە، بە (١١) ساڵ لە باوكى خۆى بچووكترە (٧٠٠) حەديسى گێرِاونەوە، لە ساڵى (٦٥)ى كۆچى لە (مەككە)ى پيرۆز وەفاتى كرد، تەمەنى (٧٢) ساڵ بوو.

(قَالَ) ئەفەرموىّ: (قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووى: (لاَ يُـؤْمنُ أَحَـدُكُم) ئيمان= بيروباوەرِى كەستان تەواو نابىّ بە خواو پێغەمبەرو رِۆژى دوايى (حَتَّى يَكُونَ هَـواهُ) تا واى لىّ دىّ: ئارەزوو هەوەسى خۆى (تَبعاً لما جِئْتُ بِهِ) دواى ئەو شەريعەتە ئەكەوىّ: كە من لە لاى خوا هێناومە.

واتە: ئەو كەسە موسوڵمانە‌و ئيمانى تەواوە، كە بە حوكمى خواو پێغەمبەر ﷺ رازى بىّ، ئەگەر بە هيچ جۆرێك بە حوكمى خواو پێغەمبەر ﷺ رازى نەبو، ئەوە كافرە، جا ئەگەر باوەرِى پىّ هەبوو، بەڵام ئيشى بە قورئان نەئەكرد، ئەوە فاسقە، واتە: موسوڵمانێكى ناتەواوە، باوەرِيشى ناتەواوە، بەو مەرجەى ووشەى كوفرى بە سەر زوباندا نەهاتبىّ، ئەگينا: ئەمەش هەر كافرە.

خواى گەورە لە قورئانى پيرۆزدا لەم بابەتە ئەفەرموىّ: ﴿فَلاَ وَرَبِّـكَ لاَ يُؤْمنُـونَ﴾ سوێند بە خواى تۆ ئەى پێغەمبەر ﷺ بيروباوەرِى هيچيان تەواو نيە ﴿حَتَّى يُحَكِّمُـوكَ﴾ تا ئەتۆ

حَدِيثٌ صَحِيح رَوَيْنَاهُ فِي كِتَابِ الْحُجَّة بِإِسْنَاد صَحِيحٍ.

ئەکەن بە حاکم ﴿فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ﴾ لەو کێشەی لە نێوانیاندا ڕوو ئەدا ﴿ثُمَّ لاَ يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ﴾ نەك هەر بە ئاشکرایی بە حوکمی تۆ ڕازی بن و بەس، بەڵکو ئەبێ بە دڵیش ڕازی بن و هیچ گرێیەك لە ناو دڵیاندا نەبێ بە هۆی ئەو حوکمەی تۆ کردوتە ﴿وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ ئەبێ بە تەواوی خۆیان بدەنە دەست حوکمی خواو پێغەمبەرﷺ، ئینجا بە ئیماندارو موسوڵمانی تەواو دائەندرێن.

(حَدِيثٌ صَحِيح، رَوَيْنَاهُ فِي كِتَابِ الْحُجَّة بِإِسْنَادٍ صَحِيحٍ) حەدیسێکی ڕاستە، گێڕامانەوە لە کتێبی (الْحُجَّة) کە داندراوی (نَصر بن إبراهيم المقدسي)یە، بەڵام لە زنجیرەی پیاوەکانی ئەم حەدیسەدا دوو کەسیان تێدایە، زۆر کەس لێیان ناڕازیەو ئەڵێن: حەدیسەکە لاوازە. زۆر کەسیش لێیان ڕازیەو ئەڵێن: حەدیسەکە ڕاستەو بەهێزە. ئیمامی (النـواوي) یەکێکە لەمانە، خوا لە هەموویان ڕازی بێ، ئایەتەکەش بەهێزیی حەدیسەکە بەهێزتر ئەکا.

جا بە هەر جۆرێ بێ، هەر کەسێك باوەڕی بەو بەرنامەیە نەبێ کە پێغەمبەرﷺ هێناویەتی، ئەوە کافرە ﴿عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لاَ يَسْمَعُ بِي أَحَدٌ مِنْ هَذِهِ الأُمَّةِ: يَهُودِيٌّ وَلاَ نَصْرَانِيٌّ، ثُمَّ يَمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ إِلاَّ كَانَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ﴾ رواهُ مُسْلِم، واتە: سوێند بەو خوایەی گیانی (محمد)ی بە دەستە، هەر کەسێك بانگەوازی منی بگاتێ: جولەکە بێ، یان فەلە بێ، ئینجا بمرێ و باوەڕی بەو بەرنامەیەی من نەبێ، ئەوە ئەچێتە دۆزەخ.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُم حَتَّى يَكُونَ هَوَاهُ...): ئەگەر هەواو هەوەس و پێخۆشیی دڵ گشتی نەکرێتە قوربانی ڕێبازەکەی پێغەمبەرﷺ، مرۆڤ نابێتە موسوڵمانی تەواو، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ رواهُ الشَّيْخَان، ئیمانی کەستان تەواو نابێ، تا منی خۆشتر ئەوێ: لە خۆی و دایك و باوکی و منداڵەکانی و گشت خەڵکی‌تر، واتە: فەرمانی پێغەمبەرﷺ بخاتە پێش فەرمانی ئەوانەو، لە بەر خاتری ئەوانە لە فەرمانی پێغەمبەرﷺ دەرنەچێ.

٢- (حَتَّى يَكُونَ هَوَاهُ تَبَعاً لِمَا جِئْتُ بِهِ): خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿فَإِنْ لَمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءَهُمْ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِنَ اللهِ﴾ ئەی پێغەمبەرﷺ ئەگەر فەرمانت جێبەجێ نەکەن، بزانە: ئەوان شوێن هەواو هەوەسی خۆیان ئەکەون، ئایا کێ گومڕاترە لەو کەسەی شوێن هەواو هەوەسی خۆی کەوتوە بە بێشارەزاییەك لە لای خوا؟.

(اَلْحَدِيثُ الثَّاني والأَرْبَعُون: سَعَةُ مَغْفِرَةِ اللهِ تَعالَى)

﴿عَنْ أَنسٍ رضي الله عنه قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: قَالَ اللهُ تَعَالَى: يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ مَا دَعَوْتَنِي وَرَجَوْتَنِي غَفَرْتُ لَكَ عَلَى مَا كَانَ مِنْكَ وَلاَ أُبَالِي، يَا ابْنَ آدَمَ لَوْ بَلَغَتْ ذُنُوبُكَ عَنَانَ السَّمَاءِ ثُمَّ اسْتَغْفَرْتَنِي غَفَرْتُ لَكَ وَلاَ أُبَالِي،

هەروەها پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: ﴿تَرَكْتُ فِيكُمْ أَمْرَيْنِ لَنْ تَضِلُّوا مَا تَمَسَّكْتُمْ بِهِمَا: كِتَابَ اللهِ وَسُنَّةَ نَبِيِّهِ﴾ رواهُ الإمام مالك، دوو شتم لە دوای خۆم بۆ ئێوە هێشتۆتەوە، هەتا دەستیان پێوە بگرن گومڕا نابن: قورئانی پیرۆز، حەدیسەکانی پێغەمبەر ﷺ.

کەوابوو: ڕژێمی (دیمقراطیة)و (إشتراکیة)و (ماسونیة)و (مارکسیة) گشتی گومڕاییو لادانە: لە ڕێبازی خواو پێغەمبەر ﷺ خوا بمانپارێزێ، آمین.

﴿حەدیسی چلو دووەم: لێخۆشبوونی خوا گەلێك زۆرە﴾

(عَنْ أَنسٍ رضي الله عنه قَالَ) گێڕدراوەتەوە لە (ئەنەس) خوا لێی ڕازی بێ، فەرمووی (سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ: يَقُولُ) گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو ئەیفەرموو: (قَالَ اللهُ تَعَالَى) خوای گەورە لە حەدیسێکی (قودسی)دا ئەفەرموێ: (يَا ابْنَ آدَمَ) ئەی نەتەوەی ئادەمی.

بزانە: باب (ئادەم) باوکی هەموو ئینسانێکە، دایکە (حەووا)ش دایکی هەموویانە، لە بەر ئەوەیە کە بە ئێمە ئەگوترێ: ئادەمیزاد. خوای گەورە باوکە ئادەمی لە قوڕ دروست کردوە، ئینجا گیانی هێناوەتە بەر، دایکە (حەووا)شی لە پەراسوی باب ئادەمی دروست کردوە.

(إِنَّكَ مَا دَعَوْتَنِي) ئەتۆ هەر کاتێك داوام لێبکەی لە گوناهت خۆش بم (وَرَجَوْتَنِي) تکات لێکردم داوایەکەت وەربگرم، چونکە ئەتزانی من خوایەکی بە ڕەحمو بە دەستەڵاتم (غَفَرْتُ لَكَ) منیش لێت خۆش ئەبمو گوناهەکانت دائەپۆشمو سزات نادەم (عَلَى مَا كَانَ مِنْكَ) هەرچەند گوناهیشت گەورەو زۆر بن (وَلاَ أُبَالِي) من گوێ نادەمە گەورەییو زۆری گوناهەکانت.

پێغەمبەر ﷺ لە حەدیسێکیتردا ئەفەرموێ: ﴿ئەگەر بەندەی خوا گوناهێکی کردو پەشیمان بۆوەو لە خوا پاڕایەوەو گوتی: (خوایە تاوانم کرد هەر ئەتۆش لە تاوان ئەبووریو لێم ببوورە). ئینجا خوای گەورە ئەفەرموێ: بەندەی من تاوانی کردو زانی: خوایەکی وای هەیە لە تاوانی خۆش ئەبێو سزای تاوانیشی ئەدا، ئێوە شاهید بن: من وا لێی خۆش بوم﴾. ئەی موسوڵمان هەموو دەم هەر داوا لە خوا بکە لە گوناهت خۆش بێ پشت بە کەسیتر مەبەستە، کەس ناتوانێ گوناهەکانت لە سەر لاببا.

(يَا ابْنَ آدَمَ) ئەی ئادەمیزاد (لَوْ بَلَغَتْ ذُنُوبُكَ) ئەگەر گوناهت ئەوەندە زۆر بێ، بگاتە (عَنَانَ السَّمَاءِ) هەوری ئاسمان (ثُمَّ اسْتَغْفَرْتَنِي) ئینجا تۆبەت کردو تکات لێکردم لێت خۆش بم (غَفَرْتُ لَكَ وَلاَ أُبَالِي) منیش لێت خۆش ئەبم، هەرچەند گوناهیشت زۆر بێ.

يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ لَوْ أَتَيْتَنِي بِقُرَابِ الأَرْضِ خَطَايَا، ثُمَّ لَقِيتَنِي لاَ تُشْرِكُ بِي شَيْئًا لأَتَيْتُكَ بِقُرَابِهَا مَغْفِرَةً﴾ رواهُ الترمذى وقالَ: حديث صحيح.

بەڵام ئەگەر گوناهەکە پەیوەندی بە ئادەمیزادەوە هەبوو: ئەبێ خاوەنەکەی ڕازی بکەی بۆ ئەوەی خوا تۆبەت لێوەربگرێ. ئەوەش **بزانە:** تەنها ووتنی (أَسْتَغْفِرُاللّٰه) خوایە لێم خۆش بە، بە بێتۆبەکردن گوناهەکە لانابا، بەڵام لە لای خوا بە دوعا ئەنووسرێو هێزی گوناهەکە کەم ئەکاتەوە.

(يَا ابْنَ آدَمَ) ئەی ئادەمیزاد (إِنَّكَ لَوْ أَتَيْتَنِي) ئەگەر تۆ مردیو هاتیە لای من (بِقُرَابِ الأَرْضِ خَطَايَا) پڕ بە زەمین گوناهت لەگەڵ خۆت هێنا (ثُمَّ لَقِيتَنِي) دوایێ کە گەیشتیە لای من، دەرکەوت (لاَ تُشْرِكُ بِي شَيْئًا) منت بە خوایەکی تاکو تەنها ناسیبو و هاوبەشت بۆ دانەنابوم: لە خوایەتیو لە پەرستندا (لأَتَيْتُكَ بِقُرَابِهَا مَغْفِرَةً) منیش پڕ بە زەوی لێخۆشبوونت بۆ دێنمو لە ئاگری دۆزەخ ڕزگارت ئەکەم (رواهُ الترمذى، وقالَ: حديث صحيح) ئیمامی (تیرمزی) گێڕاویەتیەوە.

بزانە: خوای گەورە تەنها لە کافر خۆش نابێ، ئیتر لە تاوانەکانی خەڵکی دی خۆش ئەبێ، ئەگەر حەز بکا.

هەروەها بزانە: هەر کەس بە ئیمانەوە بمرێو بچێتە دۆزەخ، هەر بە قەد گوناهەکانی ئەسوتێو ئینجا ڕزگاری ئەبێ، بەڵام کافر هەتا هەتایە لە ناو ئاگر دەمێنێتەوە.

ئەی موسوڵمانی خۆشەویست: پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: (سَيِّدُالإِسْتِغْفَارِ) گەورەی دوعای لێخۆشبوون، ئەم دوعایەیە: ﴿اَللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ خَلَقْتَنِي، وَأَنَا عَبْدُكَ وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ وَأَبُوءُ بِذَنْبِي، فَاغْفِرْ لِي فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ﴾ رواهُ البخاري، سبەینەو ئێواران بە دڵو زوبان ئەم دوعایە بخوێنە تاکو خوا لێت خۆش بێو بە بەهەشت شادت بکا.

﴿ چەند تێگەیشتنێك لەم حەدیسەدا ﴾

١- (مَا دَعَوْتَنِي، وَرَجَوْتَنِي): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿لَيْسَ شَيْءٌ أَكْرَمَ عَلَى اللهِ مِنَ الدُّعَاءِ﴾ رواهُ التّرمذى، هیچ خوا پەرستییەك لە لای خوا بەرێزتر نیە لە دوعا کردن.

٢- (ثُمَّ اسْتَغْفَرْتَنِي غَفَرْتُ لَكَ): پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێ: ﴿وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ لَمْ تُذْنِبُوا لَذَهَبَ اللهُ بِكُمْ وَلَجَاءَ بِقَوْمٍ يُذْنِبُونَ فَيَسْتَغْفِرُونَ اللهَ فَيَغْفِرُ لَهُمْ﴾ رواهُ مُسْلِم، سوێندم بەو خوایەی گیانی منی بە دەستە: ئەگەر ئێوە گوناه نەکەن، خوای گەورە ئێوە لائەباو گەلێکی‌تر ئەهێنێو گوناه ئەکەنو لە خوا گەورە ئەپاڕێنەوە تا لێیان خۆش ببێ، خوای گەورەش لێیان خۆش ئەبێ.

٣- (لأَتَيْتُكَ بِقُرَابِهَا مَغْفِرَةً): خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللهَ لاَ يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾ خوای گەورە لە تاوانی کافربوون خۆش نابێ، لە گوناهەکانی بەرەو خوارتر خۆش ئەبێ، لە کەسێك کە خۆی حەز بکا لێی خۆش ببێ. خودایە لێمان خۆش ببە. آمين...کۆتایی.

منیش بەندەی گوناهبار (**عبدالله عبدالعزيز هەرتەلی**)م، شوکری خودا ئەکەم کە یارمەتی دام ببم بە خزمەتکاری فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ، لە خوا ئەپاڕێمەوە کە لە خۆمو دایكو باوکمو دۆستانم خۆش ببێو بە بەهەشت شادمان بکاو خێری ڕوونکردنەوەی (چل حەدیسەکەی پێغەمبەر)مﷺ بۆ بنووسێو شادم بکا بە دیتنی زاتی پاکی خۆی، بمکا بە خزمەتکاری ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بمگەیەنێتە کاروانی شەهیدانی ڕێگای خۆی، گەلی کوردی موسوڵمانیش لە دەست زۆرداران ڕزگار بکاو لە ئوممەتی حەزرەتی (محمد المصطفیﷺ) دەریان نەکا. آمین.

تەواو بوو، پێش نیوەڕۆی ڕۆژیهەینی (٢١)ی مانگی مەولودیپێغەمبەرﷺ، ساڵی(١٤١٣)ی کۆچی، بەرامبەر (٢٧)ی مانگیگەلاوێژ ساڵی(٢٦٩٢)ی کوردی، لە شاری هەولێر-کوردستان.

وَصَلَّىاللهُ عَلَىسَيِّدنا مُحَمَّدٍ وَآلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِين، وَالْحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعالَمِينَ.

ناوەڕۆکی ڕوونکردنەوەی (الأربعین النواویة)

ناوەڕۆکی ڕوونکردنەوەی (الأربعين النواوية)